وەرزنامەی

# زمانەوانی

ژمارە ( ٥ ) ساڵی دووەم، هاوینی ٢٠٢٤

- بەرەو سیاسەتی زمانیی لە هەرێمی کوردستان.
- دەستپێشخەرییەک بۆ پرسی شکۆمەندیی زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستان.
- ڕۆڵی میدیا لە داڕشتنی سیاسەتی زماندا: زمانی کوردی بە نموونە.
- ڕۆڵی یاساکان لە داڕشتنی سیاسەتی زمانیی لە هەرێمی کوردستان و عێراق
- گرنگیی سیاسەتی زمان لە داڕشتنی ناسنامەی نەتەوەییدا.



سیاسەت و پلاندانانی زمان

# زمانەوانی

وەرزنامەی

ژمارە -٥-
هاوینی
٢٠٢٤

گۆڤارێکی وەرزی زمانەوانییە
دەزگای زمانەوانیی کوردی ـ زانکۆی جیهان دەریدەکات

خاوەنی ئیمتیاز:
د. نەوزاد یحیی باجگر
سەرپەرشتی زانستی:
پ. د. وریا عومەر ئەمین
سەرنووسەر:
د.مؤمن یاسین محمدامین
بەڕێوەبەری نووسین:
عەزیز ڕەؤوف عەبدولعەزیز

بۆردی ڕاوێژکاران:

پ. د. هۆشەنگ فاروق جواد
پ.ی.د. سەعید محەمەد عەبدوڵا
پ. د. ئومێد بەرزان برزۆ
پ.ی. بێستون عارف عەزیز

کارگێڕی و پەیوەندییەکان: هاوار نەسرەدین
دیزاین: شاهۆ عبدالرحمن

Web Site: www.sulicihan.edu.krd
Facebook: Cihan university-Sulaimaniya
Instagram: cihan_university_sulaimanyia
Email: Ling.mag@sulicihan.edu.krd
Mobile: +964 770121 0789 - +964 750121 0789

ناونیشان: زانکۆی جیهان – سلێمانی، 46001، پشت شوققەکانی صائب سیتی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان

# گۆڤاری زمانەوانی

گۆڤارێکی وەرزی، رۆشنبیری و زمانەوانییە، کە (دەزگای زمانەوانیی کوردی - زانکۆی جیهان) دەریدەکات و لە کاتی پێویستدا پاشکۆی دەبێت. پەیامی سەرەکی کارکردنە لە پێناو دارشتنی سیاسەتی زمانیی بۆ هەرێمی کوردستان.

ئامانج لە دەرکردنی ئەم گۆڤارە، هەوڵدانە بۆ دارِشتنی سیاسەت و پلاندانانی زمانیی بۆ هەرێمی کوردستان و ئاشناکردنی خوێنەری کوردە بە پرسی زمانناسی و سیاسەت و پلاندانانی زمان لە هەرێمی کوردستان، هەروەها دەمانەوێت هاوکاری دامودەزگا پەیوەندیدارەکان بین، سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ زمانە بیانییەکان لە پەروەردە و میدیا لە کۆمەڵگەی کوردییدا. گۆڤاری زمانەوانی ئامانجییەتی کۆمەڵگە لە ئەرکی تاک و کۆمەڵ بەرامبەر بە پارێزگاری لە زمانی کوردی هۆشیار بکاتەوە، هاوکات جەخت لەوە دەکەینەوە کە خوێندن بە زمانی دایک/زگماک و وەک شیری دایک بۆ منداڵ پێویستە و کاردەکەین بۆ چەسپاندنی ئەم بنەما نێودەوڵەتییە.

گۆڤاری زمانەوانی بە ئەرکی خۆی دەزانێت، کە کۆمەڵگە بە پێکهاتەی زمانی کوردی، شێوەزار و زار و بن-زارەکانی زمانی کوردی ئاشنا بکات و رِای پسپۆڕان و زمانناسان سەبارەت بە پرسی زمان لە هەرێمی کوردستان کۆبکاتەوە و هەوڵی فراوانکردنی گەنجینەی زمانەوانی لە هەرێمی کوردستان بدات، بە شێوەیەک کە بتوانرێت زۆرترین وشەی کوردی بخرێتەوە ناو پرۆگرامەکانی خوێندن و میدیا و رەوتی رۆشنبیرییەوە. گۆڤاری زمانەوانی وەک وەرزنامەیەکی ئەکادیمی و زمانەوانیی، گێڕانەوەی شکۆمەندی بۆ زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستان کردووەتە ئەرکی بنەڕەتی خۆی و هەوڵی فراوانتر دەدات بۆ روونکردنەوەی زیاتری پرسە پەیوەندیدارەکان بە سیاسەتی زمان؛ مافی زمانەوانی، ئەلفبێی کوردی، زمانی ستاندارد و زمانی فەرمی و نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان.

گۆڤارەکە دەبێتە سەکۆی بابەت و بڵاوکراوە ئەکادیمییەکان لەسەر سیاسەت و پلاندانانی زمان و هەوڵی دروستکرنی هەماهەنگی لەگەڵ ناوەندە زمانەوانییە ناوخۆیی و جیهانییەکان دەدات سەبارەت بە سیاسەت و پلاندانانی زمانیی بۆ هەرێمی کوردستان.

# پێڕست


## سەروتار

٥ بەرەو سیاسەتی زمانیی لە هەرێمی کوردستان.................................................................پ.د.ئومێد رفیق فتاح

## وتار

٩ دوو پرسی بنەڕەتیی فەلسەفەی زمان.................................................................هاوار نەسرەدین

١٧ دەستپێشخەرییەک بۆ پرسی شکۆمەندیی زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستان.............................................سەرنوسەر

٢٥ ڕۆڵی میدیا لە داڕشتنی سیاسەتی زماندا: زمانی کوردی بە نموونە...................................................عەزیز ڕەئووف

٣٣ لە بارەی پەیوەندیی نێوان جوگرافیا و زمان.....................................................................م. ی. کاظم احمد صدرالدین

٤٣ ڕەنگدانەوەی زمانی بازاڕ لە گوتاری سیاسیی کوردیدا....................................................پ. ی. د. فازل حەمەسەعید

٥١ ڕۆڵی یاساکان لە داڕشتنی سیاسەتی زمانیی لە هەرێمی کوردستان و عێراق..............پ.ی.د.اسماعیل نەجمەدین

٦٧ لێڵیی مۆرفۆسینتاکسی.................................................................................. د. وریا عمر امین

## توێژینەوە

٧٩ دەروازەیەک بۆ تێگەشتن لە دۆخی زمانی کوردی و پێویستیی سیاسەتی زمان لە هەرێمی کوردستان.د. موئمین یاسین محمدامین

١٠٣ دیدگا/ بۆچوونێکی ئابووری سابارەت بە مامەڵەکردنی زمان لە کوردستانی عێراقدا.................... وەرگێڕان: م. نەورۆز محمد

١٣١ گرنگیی سیاسەتی زمان لە داڕشتنی ناسنامەی نەتەوەییدا...............................................وەرگێڕان: شاتوو سمکۆ

## ڕانانی کتێب

١٥١ دەستوەردان لە زمان وەک کردەی سیاسی.............................................................................هاوار شاوان

## گەوهەرەکانی زمانەوانیی

١٦٥ پرۆفیسۆر دکتۆر مارف خەزنەدار زانایەکی باڵای مێژووی ئەدەبی کوردی ..................پ. ی. د. سەعید محەمەد بەرزنجی

## فەرهەنگی زمانەوانیی

١٧١ پەتیکردنی زمان ..................................................................................بەڕێوەبەری نوسین

سەروتار



# بەرەو سیاسەتی زمانیی لە هەرێمی کوردستان


پ.د. ئومێد رفیق فتاح
سەرۆکی زانکۆی جیهان-سلێمانی


زمان لە فۆرمە گشتییەکەدا پایەیەکی بنەڕەتیی شوناسی کلتوورییە، ڕەنگدانەوەی مێژووە و ئامرازێکە بۆ پاراستنی بەهاکانی کۆمەڵگە. ئەگەر ئەم ڕاستییە بۆ هەموو کۆمەڵگەکان ڕاست بێت، ئەوە زمان بۆ گەلی کورد گرنگییەکی زیاتر و ستراتیجیتری هەیە. بۆ کورد، زمان جگە لەوەی ئامرازی بەپێوەستانی نەتەوە و بەرگریی و مانەوە بووە، هۆکارێکی یەکلاکەرەوە بووە بۆ پاراستن و جیاوازیی. ئەگەر قسە لە سەر هەرێمی کوردستان بکەین، زمانی کوردیی ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگ بووەتەوە، داڕشتنی سیاسەتی زمانیی دڵنیاییدانە لەوەی زمانی کوردیی نەک هەر لە هەوڵی مانەوەدایە، بەڵکو هەوڵەکان بە ئاڕاستەی گەشەسەندنی زمانەکە دەبن وەک زمانێکی جیهانیی. داڕشتنی سیاسەتی زمانیی خۆی چییە؟ پاشان بۆ هەرێمی کوردستان دەبێت چۆن بێت؟ ئەمە ئەو دوو پرسیارە سەرەکییەیە، کە دەبێت وەڵامبدرێتەوە. سیاسەتی زمان بەشێکە لە سیاسەتی گشتیی، کە بە پلاندانان و جێبەجێکردن و هەڵسەنگاندندا تێپەڕدەبێت. بۆ هەرێمی کوردستان سیاسەتی زمان زیاترە لە تەنها ئەرکێکی تەکنیکیی، یان یاسایی و کارگێڕیی، بەڵکو پێویستییەکی کلتووریی و سیاسییە. بۆیە گۆڤاری زمانەوانیی، ئەم ژمارەیەی تەرخانکردووە بۆ گفتوگۆ لە سەر داڕشتنی سیاسەتی زمانیی لە هەرێمی کوردستان؛ لەم ژمارەیەدا تیشکدەخاتەسەر ئەو بوارە سەرەکییانەی، کە گرنگن بۆ داڕشتنی سیاسەتێکی لەو شێوەیە؛ باس لە ڕۆڵی پەروەردە، میدیا، یاسا، ناسنامەی نەتەوەیی و دۆخی زمانەوانیی لە عێراق و هەرێمی کوردستان دەکات.

دەستپێشخەرییەکی بەرچاو لەم ژمارەیەدا خراوەتەڕوو لە پێناو هەوڵدان بۆ خستنەڕووی پێگە و گرنگیی سیاسەتی زمانیی، چونکە داڕشتنی سیاسەتی زمانیی ڕەنگدانەوەی گرنگیی ئەم پرۆژەیەیە بۆ ناسنامەی نەتەوەیی و سەروەریی کلتووریی. هەر وەک سیاسەتی زمانیی نابێت پرۆسەیەکی کاردانەوەیی بێت، بەڵکو ستراتیجییەکی چالاکانە بێت، کە بە وردیی پەرەپێبدرێت بۆ دابینکردنی پێداویستییە هەنووکەییەکانی دۆخی زمانیی، بە ئامانجی پێشخستنی زمانی کوردیی لە سەرانسەری هەموو سێکتەرەکانی کۆمەڵگەدا، مسۆگەرکردنی بەکارخستنیەتی لە بوارەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا، ڕۆشنبیریی، بازارگەریی و دەرفەتی کار، یاسادانان، میدیا و تەواوی لایەنەکانی ژیانی گشتییدا بێت. بەم کارە سیاسەتی زمانیی دەبێتە هۆکارێکی بەهێزکردنی پێگەی زمانی کوردیی، کە وادەکات زمانی کوردیی لە ئاستێکی یەکساندا لەگەڵ زمانە ناوچەیی و جیهانییەکانی دیکەدا بوەستێت. ڕۆڵی میدیا لە پێشخستن و پاراستنی زماندا لایەنێکی تری چارەنوسسازە لە داڕشتنی سیاسەتی زمانیی. میدیا دەسەڵاتی داڕشتنی تێڕوانینی گشتیی و کاریگەریی لە سەر هەڵوێست و گەیشتن بە هەموو گۆشەیەکی کۆمەڵگەی هەیە و دەتوانێت وەک کەناڵێک کاربکات لە پێناو گەشەسەندنی زمانی کوردیی و بەهێزکردنی شکۆمەندیی زمانیی و بەرزکردنەوەی ئاستی بەکارهێنانی زمانی کوردیی لە کاروباری ڕۆژانە و هەوڵدان بۆ پاراستنی زاراوە و شێوەزارەکانی زمانی کوردیی و پلاتفۆرمەکانی تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، سۆشیال_میدیا، چاپ و بڵاوکردنەوە دەبێت ڕۆڵی خۆیان بگێڕن لە پشتیوانییکردن بۆ داڕشتنی سیاسەتی زمانیی، بۆ دڵنیابوون لەوەی کە زمانی کوردیی وەک زمانی باڵادەستی ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندن دەمێنێتەوە، هەروەها دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەتوانن ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕن لە بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاریی خەڵک سەبارەت بە گرنگیی پاراستنی زمان و کردنەوەی سەکۆی گفتوگۆکردن لە سەر سیاسەتی زمانیی. چوارچێوەی یاسایی، کە بنەمای سیاسەتی زمانییە، توخمێکی دیکەی گرنگە، چونکە بەبێ پارێزبەندیی یاسایی، باشترین سیاسەتە داڕێژراوەکانی زمانیش خۆناگرن و ناچنە بواری جێبەجێکردنەوە. ئەو یاسایانەی، کە بەکارهێنانی زمانی کوردیی لە دامودەزگاکانی حکومەت و پەروەردە و میدیادا تۆخدەکەنەوە، بۆ دڵنیابوون لە بەردەوامیی شکۆمەندیی زمان و دانپێدانانی فەرمیی زۆر پێویستن. ئەم جۆرە یاسا و پرۆژەیاسا و ڕێنماییانە نەک هەر زمان لە کاریگەرییە دەرەکییەکان دەپارێزن، بەڵکو چوارچێوەیەک بۆ ئاوێتەکردنی ڕۆڵی گرنگیی زمان لەگەڵ هەموو لایەنەکانی ژیانی گشتییدا دەرەخسێنن. بۆیە ئەم ژمارەیە بەدواداچوون بۆ ڕۆڵی یاسا دەکات لە دەستەبەرکردنی ئایندەی زمانی کوردیی و تیشکدەخاتەسەر نموونەی سیاسەتە

سەرکەوتووەکانی زمانیی، کە لە ڕێگەی کەناڵە یاساییەکانەوە جێبەجێدەکرێن.
لە هەرێمی کوردستان ئەرکی دەزگا فەرمیی و نافەرمییەکانە، لە چوارچێوەی سیاسەتێکی گشتیی ڕووندا کار بۆ باڵایی زمانی کوردیی بکەن. زمان پێش ئەوەی وەکو ئامراز سەیربکرێت، شکۆی نەتەوە و ڕەسەنایەتیی و مانەوەیە، بۆیە ئەرکی دەزگای یاسادانانە لە چوارچێوەی یاساکاندا، ڕۆحی باڵایی بدات بەو یاسایانەی کە بەرگریی لە بەهێزیی و مانەوەی زمانەکان بکەن. ئەرکی حکومەتە لە داڕشتن و پێشنیازە یاساییەکاندا نەخشەی زمانی کوردیی و داهاتووی زمانی کوردیی بکاتە ستراتیجی دوورمەودای خۆی لە چوارچێوەی (پەروەردە و خوێندن، ڕاگەیاندن، کلتوور و... هتد). ئەرکی دەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنییە کاربکەن و گوشاربکەن بۆ سیاسەتێکی دروست بە ئاڕاستەی پاراستن و شکۆمەندیی زمانی کوردیی.
لە کۆتاییدا، ناتوانرێت گرنگیی سیاسەتی زمانیی لە داڕشتنی ناسنامەی نەتەوەییدا چاوپۆشیلێبکرێت، چونکە زمان بۆ گەلی کورد جێگای شانازییە و شایەتی مێژووی دەوڵەمەند و میراتی فەرهەنگییە، بۆیە بوونی سیاسەتی زمانیی ئەم هەست و شوناسە بەهێزتردەکات و دڵنیاییدەدات لەوەی، کە نەوەکانی داهاتوو دەتوانن بە زمانی دایکی خۆیان بخوێنن، گەشەی هزریی و فیکریی خۆیان پێشبخەن، بۆ هەمیشە شانازیی بە زمانەکەی خۆیانەوە بکەن.
بابەتەکانی ئەم ژمارەیە تێگەشتنێکی هەمەلایەنە لە بارەی سیاسەتی زمانییەوە پێشکەشدەکەن و نەخشەڕێیەک بۆ داڕشتنی سیاسەت و پلاندانانی زمان لە هەرێمی کوردستان دەخەنەڕوو، کە زمانی کوردیی بۆ نەوەکانی داهاتوو بپارێزێت و بەرەوپێشببات. بۆیە هەرێمی کوردستان بە خستنەڕووی فاکتەرە سەرەکییەکانی پەروەردە، میدیا، یاسا و شوناسی نەتەوەیی، دەتوانێت سیاسەتێکی زمانیی دابڕێژێت، کە بە ڕاستیی ڕەنگدانەوەی خواستەکانی گەلەکەی بێت.

# بیروړا

# دوو پرسی بنەڕەتیی فەلسەفەی زمان




هاوار نەسرەدین

* بەکالۆریۆس لە فەلسەفە، زانکۆی سەلاحەدین
* ماستەر لە فەلسەفەی مۆدێرن، زانکۆی شەهید بەهەشتی_ تاران
* کاندیدی دکتۆرا، فەلسەفەی نوێ، زانکۆی ڕاپەڕین
* ڕێکخەری کارگێڕی و پەیوەندییەکانی گۆڤاری زمانەوانی
* سەرپەرشتیاری خانەی ئەرشیف و بەڵگەنامەکان، زانکۆی جیهان-سلێمانی


## پێشەکی

بیرکردنەوە لە زمان وەک دیاردەیەکی مرۆیی و ئامرازێک بۆ پەیوەندی و لەیەکتێگەیشتن، بابەتی فەلسەفەی زمانە. هەروەها دانانی زمان وەک دیاردەیەکی مرۆیی، دەروازە بۆ پرسیاری چییەتیی زمان و توانای ڕۆنانی وشە و ڕستە، ئاوەڵادەکات. هاوکات پرسی واتا لە چوارچێوەی وشە و ڕستەدا، بابەتێکی گرنگی فەلسەفەی زمانە. لەم سۆنگەیەوە فەلسەفەی زمان لە چوارچێوەی قۆناغی فەلسەفەی هاوچەرخ، جەخت لەوە دەکاتەوە زمان دیاردەیەکی مرۆییە و مرۆڤ بۆ لێکتێگەیشتن و گەیاندنی بۆچوون و ڕاز و نیاز لەگەڵ مرۆڤەکانی تردا دایهێناوە. بۆ گەیاندنی مەبەستەکان، سەرەتا سوود لە دەنگ و پاشان نیشانە، یان سیمبول وەرگیراوە. هەروەها ناوەڕۆکی دەنگ و نیشانە، بریتییە لە ناو و کردار. شت و شمەکەکانی دەوروبەری مرۆڤ ناویانلێنراوە.

## سەرەتا

مرۆڤ لە ناو جیهان و بووندا، بەرانبەر شمەک و گۆڕانکارییەکان بونەوەرێکی سەرسام و حەپەساوە. هەروەها شمەکەکانی دەوروبەر سەرنجی رادەکێشن و کاریتێدەکەن، بۆ ئەو مەبەستە پێویستی بەوە هەیە ناو لە شتەکان بنێت و باسیانبکات. هەروەها پەیوەندیی نێوان شمەکەکان، وەک (جوڵە و بزوتن، گۆڕان، گەشە، بەریەککەوتن و... هتد)ی شمەکەکان واتایان هەیە. مرۆڤ بۆ وێناکردنی ئەو پەیوەندییانە، هێما و نیشانەی دەنگی و ڕوخسارەکی ڕۆدەنێت وەک دەنگ و پیت.

کەواتە مرۆڤ جیهانێکی لۆجیکی، یان هزریی تایبەت بە خۆی هەیە و لە بەرانبەر جیهانی واقیعدا دایناوە. جیهانی واقعی، یان جیهانی دەوروبەر بریتییە لە جیهانی شمەک و شتەکان و ڕوداو و پەیوەندییەکان. زمانیش رایەڵەی نێوان ئەو دوو جیهانەیە. واتە مرۆڤ لە ڕێی زمانەوە جیهانی هزریی خۆی بە جیهانی واقعەوە دەبەستێت.

دیاریکردنی دوو جیهان (جیهانی هزریی مرۆڤ/ خود لەگەڵ جیهانی واقیع/بابەت)، لە مێژووی فەلسەفەدا پێشینەی هەیە و دەیان فەیلەسووف لە چوارچێوەی تەلارە فەلسەفییەکەیاندا، لایان لەو پرسە کردووەتەوە، بەڵام لە فەلسەفەی هاوچەرخ و لەمەڕ فەلسەفەی زمان، هیچ کەسێک هێندەی لودڤیک ڤتگنشتاین (١٨٩٩-١٩٥١) بە چڕی نەپەرژاوەتەسەر ئەو بابەتە. وێڕای ئەوەی ڤتگنشتاین یەکێکە لە فەیلەسووفە گەورەکانی لۆجیک، هاوکات بۆچوونەکانی لەمەڕ زمان، بنەمایەکی پتەوی فەلسەفەی زمانیان دارشت. هاوکات بەها و ڕووبەرێکی گەورە دەبەخشێتە زمان. بە ئاشکرا دەیگوت سنووری زمانەکەم، سنووری جیهانەکەم دەستنیشاندەکات. بە واتایەکی تر: فراوانیی زمان، ئاماژەیە بۆ فروانیی بیرکردنەوە و ئاشنابوون بە جیهانی ڕاستەقینە.

### ١. زمان؛ ڕایەڵەی نێوان هزر و جیهان

لە دیدی ڤتگنشتاین فەلسەفە بە گشتی و فەلسەفەی زمان بە تایبەتی، ئەوە نییە چەند دەستەواژەیەکی فەلسەفی دابڕێژێت و ڕۆبنرێت بۆئەوەی بخرێتەناو زمانەوە، بەڵکو بریتییە لە ڕونکردنەوەی دەستەواژەکان. بەو پێیەی دەستەواژەکان لەبەرگیراوەی واقیعین و لە هزردا نەخشاون، شرۆڤەکردنی ئەو دوو جیهانە، پێویستییە.

لە فەلسەفەی ڤتگنشتایندا حەقیقەت، یان ڕاستەقینە بریتییە لە خودی جیهان نەک حەقیقەت شمەک و شت بێت. بۆیە دوو چەمک، وەک چەمکی بنەڕەتی لەو فەلسەفەیەدا مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، ئەوانیش وێنەی جیهان و وێنەی لۆجیکییە. پەیوەندیی نێوان ئەو دوو چەمکە پەیوەستە بە بابەتەکانی هزر و زمانەوە، ئەوانیش لە مێشکدا وێنادەکرێن و ڕێسا و قانونەکانیان لە هزردایە. ئەو لێکدانەوەیە فەلسەفەی

ڤنگنشتاین دەکاتە فەلسەفەیەکی پەتی و ئەبستراکت و لە فەلسەفەی ڕیئالیستی، یان واقیعی دووریدەخاتەوە. ئەوەیش ئالۆزییەک لە شرۆڤەکردندا دەهێنێتەئاراوە.
پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان هزر و زمان، یان لۆجیک و جیهانی دەوروبەردا هەیە. بەو پێیەی مرۆڤ بونەوەرێکی ژیرە، لە ژیری و هزرەوە بەرهەمی تر دەکەوێتەوە. هزر و بیرکردنەوەیش تایبەتمەندییەکی بەرچاوی مرۆڤە. بیرکردنەوە وەک چالاکییەکی ئالۆز و هەمەڕەنگ، هەروەها بیرکردنەوە وەک پرۆسەیەکی مرۆیی، پێویستی بە ئامرازێکە بۆئەوەی هەست و خواست و ڕاز و نیاز و خولیای خۆی پێدەربڕێت. تا لەو ڕێیەوە ئامانج و ئاواتی خۆی بەوانی تر بگەیەنێت. ئەو ئامرازەیش لە زمان بەولاوە شتێکی تر نییە. زمان ئەو ئامرازەیە، کە ناوەڕۆکی هزر و بیرکردنەوەی مرۆڤ دەردەبڕێت، زمان وێنەیەکی واقیع و دەوروبەرە و لە هزردا خەت و خاڵی داوە. کەواتە زمان لە خۆیدا جیهانێکی ڕێکوپێکە و لە ئەرک و ڕوخسار و ناوەڕۆکدا، سەربەخۆییەکی ئەوتۆی هەیە. واتە زمان لەبەرگیراوەی جیهانی واقیعە و سەرەتا لە هزردا جێکەوتبووە. دواتر لە ڕێی وشە و دەستەواژەوە دەردەبڕدرێت.

> **فەلسەفەی زمان جەخت لەوە دەکاتەوە زمان دیاردەیەکی مرۆییە و مرۆڤ بۆ لێکتێگەیشتن و گەیاندنی بۆچوون و ڕاز و نیاز لەگەڵ مرۆڤەکانی تردا دایهێناوە**

### پەیوەندیی نێوان زمان و واقیع

جیهانی واقیع، لە شمەک و شتی جۆربەجۆر پێکهاتووە و پەیوەندیی تایبەتی لە نێوانیاندا هەیە. ئەو جیهانە دەبێتە کەرەستەیەک بۆئەوەی زمان بتوانێت لە هزردا وێنەیبکات و پاشان دەریانبڕێت. کەواتە لە نێوان جیهانی زمان و جیهانی واقیعدا، هەم پەیوەندییەکی پتەو هەم پەیوەندییەکی لەبەرگیراوە هەیە. چۆن زمان لە دەستەواژە و گوزارە و وشە پێکهاتووە، بەو جۆرە جیهانی دەوروبەر و واقعیش بریتییە لە شمەک و ئەو کەرەستانەی واقعیان لێدەکەوێتەوە. هەروەها چۆن جیهانی دەرەوە و دەرەهەست هەیە، بە هەمان شێوە لە هزری مرۆڤدا جیهانێکی تر هەیە، کە ناوی بۆ شمەکەکان و پەیوەندییەکانیان دۆزیوەتەوە. بۆ نموونە: ڕۆژهەڵات دەستەواژەیەکە لە جیهانی واقیعدا هەیە، بەڵام لە هزری مرۆڤدا وێنەکەی چەسپیوە و دەزانێت ڕۆژهەڵات، بریتییە لە هەڵهاتنی ڕۆژ لە کاتێکی دیاریکراودا. هەروەها زەوی و خۆر لە جیهانی واقیعدان، لەو

پەیوەندی و جوڵەیەی لە نێوان زەوی و خۆردا دەکەوێتەوە، دەمێک دروستدەبێت و درێ بە تاریکی دەدات و پێیدەڵێین ڕۆژهەڵات. چەمکی کاتی دەمەوبەیان شمەک بەشێك نییە لە واقیعدا هەبێت، بەڵکو لە پەیوەندیی نێوان شمەکەکانی ترەوە دەکەوێتەوە و مرۆڤ پێیدەزانێت و ناویلێناوە.
بۆیە شیکردنەوەی پێکهاتەکانی زمان، بەشێکی گرنگی فەلسەفەی زمانە. ئەوانەیش خۆیان لەو ڕودان و قەومانانەی لە واقیعدا هەن، دەبینێتەوە. ڕودان (چالاکییە مرۆییەکان) و قەومانەکان (چالاکییە سروشتییەکان) لە ڕێی هەستەکانەوە دەگەنە هزری مرۆڤ و پاشان لە ڕێی زمانەوە دەردەبڕدرێن.
بەو پێیە دەربڕین، یان دەستەواژە (گوزارە: عیبارة) و وشە، وێنەی ڕاستەقینەی واقیعن و لە ڕێی هەستەکانەوە گەیشتوونەتە مرۆڤ. بۆیە لێکۆڵینەوە لە زمان، لێکۆڵینەوەیە لە واقیع. تێگەیشتن لە زمان، هەمان تێگەیشتنە لە واقیع. هەروەها زمان بە دەستەواژە و دەنگەوە، وێنەی جیهانی واقیع دەردەبڕێت. ئەگەر ئەو دەنگ و دەستەواژانە شیبکرێنەوە، ئەوا وێنەیەکی ڕاستەقینەی جیهانی واقیع دەستگیردەبێت. لەم سۆنگەیەوەیە، ئەو دەربڕینەی ڤتگنشتاین واتادارتردەبێت، کە دەڵێت: "سنووری زمانەکەم، سنووری جیهانەکەم دیار و دەستنیشاندەکات". زمان بریتییە لە وێنە و ناولێنانی جیهان. ناو وێنەی ڕاستەوخۆی شمەک و شتی دەوروبەر نییە، بەڵکو دەستەواژە لە ڕێی وێنە و نواندنەوە دەتوانێت واتایەکی پوختەتر لەمەڕ شمەک و جیهان بگوازێتەوە. وێنە لە خۆیدا ئەو پەیوەندییەیە کە بەش و پێکهاتەکانی بابەتەکە پێکەوە دەبەستێتەوە و لە هزردا دەنەخشێت، بەڵام ناو سیمبولێکی سادە و ساکارە، ڕاست و ناڕاستییەکەی یەکلاناکرێتەوە. بۆیە ناو هێندەی دەستەواژە بایەخی لۆجیکی و فەلسەفی نییە. پێگەی ناو لە ناو زمانی ڕۆژانە و ڕێزماندا گەورەترە.

### ٢. واتا و ئاماژە

لە سنووری فەلسەفەی زماندا، پرسی واتا و ئاماژە، پرسێکە ڕووبەرێکی فراوانی گرتووە و بەردەوام جێی بایەخ بووە. ئەگەر لێیوردببینەوە، تێکڕای پێکهێنەرەکانی زمان لە واتا و ئاماژە بەولاوە، شتێکی تر نین. هەروەها جگە لە فەلسەفە، هیچ بوارێک ناتوانێت لە چییەتیی چەمکی واتا و ئاماژە بکۆڵێتەوە و پێناسەیانبکاتەوە. ڕاستە واتا و ئاماژە لە زمان و زانست و تەنانەت بیرکاریدا بەکاردەهێنرێت، بەڵام مانای چەمکیی (واتا و ئاماژە) چییە و چۆن پێناسەدەکرێنەوە؟ زمان پێویستە یان واتای هەبێت یان ئاماژە لە شتێک بکات، بەڵام خودی واتا و ئاماژە چین؟ لەو سۆنگەیەوە، فەلسەفەی هاوچەرخ پەرژاوەتەسەر شیکردنەوە و لێکۆڵینەوە لە پرسی واتا و ئاماژە. لە فەلسەفەی

هاوچەرخیشدا و ئەوەی پەیوەندی بە فەلسەفەی زمانەوە هەبێت، هیچ کەسێک هێندەی گۆتلۆب فرێگە (١٨٤٨-١٩٢٥) فەیلەسووفی دیاری ئەڵمانی، نەپەرژاوەتەسەر چەمکی واتا و ئاماژە لە ناو زمان و فەلسەفەی زماندا.

” مرۆڤ لە ڕێی زمانەوە؛ جیهانی هزریی خۆی بە جیهانی واقیعەوە دەبەستێتەوە “

**لقەکانی زمان لە سۆنگەی فەلسەفەی زمانەوە**

زمان وەک ئامرازی دەربڕین لە سێ لقی سەرەکی پێکهاتووە، ئەوانیش بریتین لە: ڕێزمان، دەروونزانی، لۆجیک. واتە ڕێزمان بە یاسا و ڕێساکانی ڕۆنانی وشە و ڕستەوە، دەروون بە پاڵنەر و هاندان و یادگە و هەستەوەرەکانی پشت هاتنەگۆ و پەیڤینەوە، لۆجیکیش بە بنەما بنەڕەتییەکانی هزر و بیرکردنەوەوە خەریکن. واتە ئەو وشە و دەستەواژانە پێش دەربڕین لە هزر و بیرکردنەوەوە دەکەونەوە؛ بەشدارن لە ڕۆنان و پێکهێنانی ئەو بابەتەی ئێستا بە زمان ناویدەنێین.
لە ڕاستیدا ڕێزمان بابەتی فەلسەفەی زمان نییە و بە بواری لێکۆڵینەوەی خۆی نایژمێرێت، بەڵام هەردوو لقەکەی تری زمان واتە دەروونزانی و لۆجیک، کێڵگەی لێکۆڵینەوەی فەلسەفەی زمانن. لۆجیک و دەروونزانی دوو بواری سەربەخۆ و لێکجیاوازن، چونکە دەروونزانی لە ناوەڕۆکی دیاردەکانی هزر دەکۆڵێتەوە، بەڵام لۆجیک سەربەخۆیی خۆی هەیە و لە ڕوخساری بنەماکانی هزر دەکۆڵێتەوە. پێکهاتە تایبەتییەکانی زمان کە هزر دەردەبڕن، دەکاتە پاوانی لێکۆڵینەوەی خۆی. ئەو پێکهاتەیەیش بریتییە لە (دەستەواژە: عبارة). دەستەواژەیش لەبەرئەوەی ڕاستەوخۆ لە بنەماکانی هزرەوە کەوتووەتەوە و پاشان لە ڕێی زمانەوە دەربڕدراوە، لە توانادا هەیە دروست و نادروستییەکەی پشتڕاستبکرێتەوە. واتە دەستەواژە ئەو کەرەستە سەرەکییەیە، کە توانای گواستنەوەی واتای هەیە. هەرچەندە دەستەواژە لە ڕووکەشدا لە پیت و وشە و ڕستە و ئامرازەکانی ڕێزمان پێکهاتووە، بەڵام لە کرۆکدا واتایەک لە هزرەوە دەگەیەنێت.

**واتا و ئاماژە**

لە سنوور و چوارچێوەی بابەتی واتا و ئاماژەدا، کە گۆتلۆب فرێگە وروژاندوویەتی، دەستەواژە شیکاری و لێکدراوەکان لە زماندا لە یەکتر جیادەکرێنەوە. دەستەواژە شیکارییەکان پێش_ئەزموونین و پێش ئەوەی ئەزموونبکرێن، ڕۆنراون. هەروەها هیچ زانیارییەکی نوێ بەدەستەوەنادەن و پێویستناکات لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا (واقیع) بەراوردبکرێت، چونکە هەر لە خۆیدا، پاساوی دروستییەکەی هەڵگرتووە و بە زانستە ئەزموونییەکان یەکلانابنەوە. وەک (بازنە خڕە، ژمارە بێکۆتایە)، بەڵام دەستەواژە لێکدراوەکان، بە پێچەوانەوە ئاسۆ و ڕووبەری زانین فراواندەکەن و وێنەیەکی دروستی واقیع دەگوازنەوە. پێویستی بە زانستێکی ئەزموونییە بۆئەوەی دروستییەکەی ساغبکرێتەوە. وەک (ئەستێرەی ئاسمان، کەوی کوردستان). هەر یەکێک لەم دوو دەستەواژە لێکدراوەیە، دەتوانرێت بە ئەزموون و زانست دروستی و نادروستییەکەیان ساغ و پشتڕاستبکرێتەوە، بەڵام دەستەواژە شیکارییەکان، دروستییەکەیان لە هەناوی خۆیاندا هەڵگرتووە و پێش ئەوەی ئەزموونبکرێن، ئەنجامەکەیان بەدەستەوەداوە، چونکە پێش ئەوەی مرۆڤ پێوەرێکی هەبێت، بازنە هەر خڕ بووە. پاشان لە شیکردنەوەیاندا دابەشدەبێت بۆ چێوە و تیرە و نیوتیرە. بۆیە لە زمانی کوردیدا، بەو دەستەواژانە دەگوترێت شیکاری.

> ” فراوانیی زمان، ئاماژەیە بۆ فروانیی بیرکردنەوە و ئاشنابوون بە جیهانی ڕاستەقینە “

واتا: ئەو بیرۆکەیەیە کە لە هزردایە و لە ڕێی زمانەوە دەردەبڕدرێت و دەدرێتەپاڵ وشە و ناو، بەڵام ئاماژە ئەو شمەکەیە کە ناوەکە ئاماژەی بۆ دەکات. لە هەر جێیەک دوکەڵ بینرا، ئاماژە بۆ هەبوونی ئاگر، یان لە هەر جێیەک هەست بە تەڕایی کرا، ئاماژەیە بۆ هەبوونی ئاو. بۆ ڕونکردنەوەی پرسی واتا و ئاماژە، دەستەواژەی (ئەستێرەی دەمەوبەیان) و (ئەستێرەی ئێواران) بە نموونە دەهێنینەوە. لەو نموونەیەدا، ناو (ئەستێرە) بەکارهاتووە، هاوکات لە خۆیدا دوو ئاماژەیش نێشاندەدات. ئەستێرە ناوێکی ڕوون و دیارە، بەڵام ئاماژەکان بریتین لە ئێوارە و بەیانیان. بۆیە ناو لە ئاماژە جیاوازە. ئەستێرەیەک کە بەیانیان دەردەکەوێت، ئاماژەیە بۆ کاتی بەیانیان. هەمان ئەستێرە

کە ئێواران دەردەکەوێت، ئاماژەیە بۆ کاتی ئێوارە. کەواتە ناو لە خۆیدا واتا و ئاماژەی هەیە.

بەو جۆرە هەموو دەستەواژەیەکی پڕواتا و بەسوود، واتا و ئاماژەی هەیە. بۆیە زمان لە سۆنگەی پرسی واتا و ئاماژەوە، سێ ڕەهەندی هەیە، ئەوانیش بریتین لە:

١. ئاستی هێما، یان نیشانە (symbol) و پێکهاتە و ڕوخسار: دەنگ و پیت لەخۆدەگرێت، کە یان زمانی پێدەردەبڕدرێت یان پێیدەنوسرێت. لە بنەمادا، وێنەیەکی دەرەکییە بۆ وێنە هزرییەکە داهێنراوە.

٢. واتا: هزر و بیری زمان دەگرێتەوە، بە سیمبول دەردەبڕدرێت.

٣. ئاماژە: لایەنی شمەکی و شت لە ناو زماندا نیشاندەدات. ئەو دەستەواژانەن کە ئاماژەدەدەن بەو شت و شمەکانەی لە دەرەوەی زمان و لە جیهانی دەرەوەن. هەموو ناو و دەستەواژەیەک، واتا و ئاماژەی هەیە. ئەگەر ناوەکە واتای هەبێت و ئاماژەی نەبێت، ئەوە لە ناوێکی پووچ بەولاوە شتێکی تر نابێت. هەروەها ئەگەر دەستەواژە ناوی هەبێت و ئاماژەی نەبێت، بە دەستەواژەی ڕاستەقینە ناژمێردرێت. کەواتە ناو دوو ئەرکی هەیە؛ واتایەک دەردەبڕێت و ئاماژەیێک نیشاندەدات.

> **”زمان لە خۆیدا جیهانێکی ڕێکوپێکە و لە ئەرک و ڕوخسار و ناوەڕۆکدا، سەربەخۆییەکی ئەوتۆی هەیە. واتە زمان لەبەرگیراوەی جیهانی واقیعە و سەرەتا لە هزردا جێکەوتبووە. دواتر لە ڕێی وشە و دەستەواژەوە دەردەبڕدرێت.“**

**ئەنجام**

مەبەستەکانی پشت دیاردەی زمان، کەرستەی لێکۆڵینەوەی فەلسەفەی زمانن. هەروەها زمان ئامرازێکی هەرەمەکی نییە و لە خۆڕا نەهاتووەتەگۆڕێ، بەڵکو توندوتۆڵ بەستراوە بە توانا و ئاستی هزریی مرۆڤەوە. تا مرۆڤ بیرنەکاتەوە ناتوانێت بێتەگۆ و قسەبکات. ئەوەش زمان دەکاتە تایبەتمەندییەکی مرۆیی. هەر لەو سۆنگەیەوە، هزری مرۆڤ لە ڕێی هەستەکانەوە ژمارەیەک داتا و دراوە دەهێنێت و کەڵەکەیدەکات. ئەو داتا و دراوەیانە وێنەی جیهانی دەرەوەن و لە هزردا دەنەخشێن و زمان لەو وێنانەوە هەڵدەقوڵێت. کەواتە سنووری جیهان و ئەزموونکردنی جیهان چەندە فراوان بێت، زمانیش هێندە فراوان و هەمەڕەنگ و فرەچەشن دەبێت. فرەوێنەیی جیهان دوای درککردن و پەیپێبردن، لە فرەوێنەیی زماندا ڕەنگدەداتەوە. بۆیە فرەیی وشە لە

گەنجینەی هەر زمانێک، ئاماژەیە بۆ فراوانیی ڕوانین و فراوانیی جیهانی ئاخێوەرانی ئەو زمانە.
ئاخێوەرانی هەموو زمانێک، وێنەیەکی واتاداری شمەک و جیهان بۆ هزریان دەگوازنەوە. بۆیە کاتێک ئەو وێنەیە دەبێتە دەربڕین و دەستەواژە، پێویستە واتا و ئاماژەی هەبێت. زمان لە دەمی ڕۆناندا، تەنیا ناوی لە شتەکان نەناوە بۆئەوەی واتاکەیان بگوازێتەوە، بەڵکو پەیوەندیی نێوان شمەکەکانیش جێی بایەخ بووە و گرنگیپێداون. بۆیە لە زماندا، ئاماژە ڕەهەندی مادیی جیهانی دەرەکی نییە، بەڵکو بریتییە لە بەریەککەوتن و پەیوەندیی نێوان شمەک و شت. واتا و ئاماژە پێکەوە، زمان دەوڵەمەند و بەپێز بەسوددەکەن. ئەوەیش وایکردووە، فەلسەفە و لۆجیکی زمان، گرنگیی تایبەت بە شیکردنەوە و ڕاڤە و لێکدانەوەی ئەو دوو چەمکە بدەن. هەروەتر دەستەواژە لە خۆیدا واتا و ئاماژەی هەیە، دەستەواژەکان لە هەندەکدا وەک دەستەواژە دەردەکەون، بەڵام لە پاڵ یەکدا، دەبنە زمانێکی تەواو. بە واتایەکی تر: هەموو زمانێکی پوخت و ڕێکوپێک، لە کۆمەڵێک دەستەواژە پیکهاتووە. فەلسەفەی زمان بنەمای ڕۆنانی دەستەواژە و واتا و ئاماژەکان دەدۆزێتەوە و لۆجیکییانە شییاندەکاتەوە.
بە سەرەنجدان لە زمانی کوردی، دەردەکەوێت هزری کوردی چۆن و چەندە توانیویەتی لە جیهانی واقیع تێبگات، لەبەرئەوەی جیهانی واقیع بۆ کورد، سنووری سروشت و ستایشی سروشت بووە، زمانەکەیش پڕە لە دەستەواژە و ئاماژەی سروشتی. دەربڕین و دەستەواژەکان لە هۆنراوە و سترانەوە بیگرە تا چیرۆکەکان، ئاماژەی سروشتی تێناپەڕێنن. تەنانەت وێنای بونەوەرە ئەفسانەیی و خەیاڵییەکان لە هزری مرۆڤی کورد، هەمان لێکدانەوەی جیهانە سروشتییەکەی خۆین. هاوکات بە هۆی ڕەنگاڵەی سروشتەوە، زمانی کوردی خاوەنی گەنجینەیەکی زۆری وشەیە.

**سەرچاوە:**
١. توێژینەوەیەکی لۆجیکی فەلسەفەیی (تراکتاتۆس): لودڤیگ ڤتگنیشتاین/ وەرگێڕانی د. حەمید عەزیز، سلێمانی - جەمال عیرفان، ٢٠١٥، چاپی یەکەم.
٢. فەلسەفەی سەردەم لە ئەوروپا: د. حەمید عەزیز، هەولێر - کتێبخانەی ئاوێر، ٢٠١٣، چاپی یەکەم.
٣. فلسفەی زبان: ویلیام آلستون/ ترجمە: احمدرضا جلیلی، احمد ایرانمنش، تهران – سهروردی، ١٣٨١، چاپ اول.
٤. درآمدی بر فلسفه معاصر غرب: آنتونی آپیا/ ترجمە: حسین واله، تهران - گام نو، ١٣٨٨، چاپ.

# دەستپێشخەرییەک بۆ پرسی شکۆمەندیی زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستان

سەرنوسەر

سیاسەت و پلاندانی زمان وەک یەکێک لە ژانرەکانی کۆزمانەوانی هەوڵدانە بۆ چۆنیەتیی کارپێکردنی زمان لە ناو کۆمەڵگەدا، کە چەند تەوەرێکی جیاواز لەخۆدەگرێت؛ ناساندنی زمان (Status planning) ، کە پلان بۆ بەفەرمیناساندن و پرۆسەی ستانداردناسینی زمانەکان دەکات، گەنجینە و پێکهاتەی زمان (Corpus planning) کە لە پێکهاتەی ڕستەی زمانەوانی، وشە، هاوواتا و گرێ دەکۆڵێتەوە، وەرگرتن و فێربوونی زمان (Acquisition planning) لە چۆنیەتیی پرۆسەی وەرگرتن و فێرکردنی زمان دەکۆڵێتەوە، دواتریش کەسایەتی/شکۆمەندیی زمان Prestige planning کە پلاندانە بۆ گۆڕینی تێڕوانینی تاک تا شانازی بەو زمانەوە بکات، کە پێیدەدوێت و بەکاریدەهێنێت.

سیاسەت و پلاندانانی زمان (LPP) چەمکێکی بەرچاوە لە بواری زمانەوانیی کۆمەڵایەتی و سیاسەتی پەروەردەی زماندا، پەیوەندی بە هەوڵە سیستماتیکییەکانی دەزگاکانی حکومەت، دامەزراوە ئەکادیمییەکان، یان ڕێکخراوە تایبەتەکانەوە هەیە بۆ کاریگەری لە سەر بەکارهێنان، فێرکردن و تێڕوانین بۆ زمانەکان لە ناو کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا (Kaplan & Baldauf, ١٩٩٧).

لە جیهانێکدا کە تا دێت جیهانگیری زیاتردەبێت، زمان زۆر جار وەک زیاتر لە تەنها

ئامرازی پەیوەندیکردن کاردەکات، لە کاتێکدا خۆی بەرجەستەکردنی کولتوور و شوناس و مێژوو و حوکمڕانییە، بە شێوەیەک کە جۆرێتی و چەندێتیی دۆخی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییەکانی دەسەڵات ڕێکدەخات. لێرەدایە کە ڕۆڵی سیاسەت و پلاندانانی زمانی (LPP) دەبێتە دیدێکی چارەنوسساز بۆ بەڕێوەبردن و داڕشتنی بەکارهێنان و پێگە و فێرکردنی زمانەکان، ڕۆڵی سیاسەت و پلاندانانی زمانی بەشداریدەکات لە هەردوو پاراستن و پێشخستنی هەمەجۆریی زمانەوانی، هەروەها لە پێکهاتنی ناسنامەی نەتەوەیی و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی (Kaplan & Baldauf, ١٩٩٧).

سیاسەت و پلاندانانی زمانی چەمکێکی فرەلایەنەیە، کە دۆمەینە جیاوازەکانی وەک پلاندانانی زمانی لە ئاستی دەوڵەت، پلاندانانی گەنجینەی زمانەوانی، پلاندانانی فێرکردن و وەرگرتنی زمان و پلاندانانی شکۆمەندیی زمانەوانی لەخۆدەگرێت (Hornberger, ٢٠٠٦).

پلاندانانی زمان لە ئاستی دەسەڵات و دەوڵەت، بریتییە لە تەرخانکردنی ڕۆڵ و ئەرکەکان بۆ زمانەکان لە ناو کۆمەڵگەیەکدا (Cooper, ١٩٨٩). ئەمەش دەتوانێت لە دەستنیشانکردنی زمانێکەوە دەستپێبکات وەک زمانی فەرمی یان نیشتمانی، میدیای فێرکردن لە دامەزراوە پەروەردەییەکان، یان زمانی کارگێڕی و دادوەری لە ئاستی حکومەت و دەسەڵاتدا.

> **”سیاسەت و پلاندانانی زمان چەمکێکی بەرچاوە لە بواری زمانەوانیی کۆمەڵایەتی و سیاسەتی پەروەردەی زماندا، پەیوەندی بە هەوڵە سیستماتیکییەکانی دەزگاکانی حکومەت، دامەزراوە ئەکادیمییەکان، یان ڕێکخراوە تایبەتەکانەوە هەیە“**

پلاندانانی بۆ گەنجینەی زمانەوانی، بریتییە لە پەرەپێدان و چاکسازی و ستانداردکردنی زمانێک بۆئەوەی لەگەڵ گۆڕانی پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکاندا بگونجێت، ئەمەش دەتوانێت بریتی بێت لە دروستکردنی وشەسازیی نوێ، ستانداردکردنی ڕێنوس و ڕێزمان، یان مۆدێرنکردنی زمان بۆ جێگیرکردنی چەمکە تەکنەلۆژی، یان زانستییە نوێیەکان (Haugen, ١٩٨٣).

پلاندانانی بۆ فێربوون یان وەرگرتنی زمانی، پەیوەندی بە چۆنیەتیی فێربوون و بەکارهێنانی زمانەکانەوە هەیە. ئەو دەسەڵاتانەی کە لەم ئاستەدا کاردەکەن ستراتیژ و سیستەمەکان دادەڕێژن بۆ پێشخستنی فێربوون و بەکارهێنانی هەندێک زمان لە چوارچێوەی تایبەتدا، وەک لە پەروەردە، کارگێڕیی گشتی، یان یەکخستنی کۆچبەران (Kaplan & Baldauf, ١٩٩٧).

پلاندانانی شکۆمەندیی زمان، لە کۆتاییدا مامەڵە لەگەڵ کاریگەری لە سەر هەڵوێست و بەهاکانی کۆمەڵگە بەرانبەر بە هەندێک زمان دەکات، ئەمەش دەتوانێت بریتی بێت لە پێشخستنی هەستکردن بە شکۆمەندی و بەها بۆ هەندێک زمان بە سەر زمانەکانی دیکەدا، زۆر جار بە بەکارهێنانی میدیای گشتی، پەروەردە و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە ڕۆڵی کاریگەریان هەیە (Eastman, ١٩٨٣).

> **" سیاسەت و پلاندانانی زمانی چەمکێکی فرەلایەنەیە، کە دۆمەینە جیاوازەکانی وەک پلاندانانی زمانی لە ئاستی دەوڵەت، گەنجینەی زمانەوانی، فێرکردن و وەرگرتنی زمان و شکۆمەندیی زمانی لەخۆدەگرێت "**

کاریگەرییەکانی سیاسەت و پلاندانانی زمانی قووڵ و دوورمەودان، چونکە لە لایەک سیاسەتە زمانییە چەواشەکراوەکان، یان بەخراپ_جێبەجێکراوەکان دەتوانن ببنە هۆی لەناوچوونی زمانەکان، پەراوێزخستنی هەندێک پێکهاتەی زمانەوانی، وەرینی کولتووری و تەنانەت ململانێی کۆمەڵایەتی، بۆ نموونە: سەپاندنی زمانێکی بیانی بە زۆر لە دامەزراوە پەروەردەییەکان لە سەر حیسابی زمانە لۆکاڵی و فەرمی و زمانە دایکییەکان، دەتوانێت ببێتە هۆی لەدەستدانی ناسنامەی کولتووری و ناتەبایی کۆمەڵایەتی (Ricento, ٢٠٠٦). لە لایەکی دیکەوە، سیاسەت و پلاندانانی گشتگیر و سەرکەوتوو و سیستەماتیکیی زمان دەتوانێت فرەزمانی، هەمەجۆریی زمانی، پاراستنی کولتووری، یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و یەکسانی بەرەوپێشببات، بۆ نموونە: سیاسەتەکانی پەرەپێدانی پەروەردەیی دووزمانی، یان فرەزمانی دەتوانن توانا مەعریفییەکان (کۆزانییەکان)، تێگەیشتن لە نێوان کولتوورەکان و هاوسەنگیی کۆمەڵایەتی بەرزبکەنەوە (Hornberger, ٢٠٠٦).

بە سەرنجدان بەم کاریگەرییە ئەگەرییانە، زۆر گرنگە کە سیاسەت و پلاندانانی

زمانی بە پلەیەکی بەرزی هەستیاری، گشتگیری و لە سەر بنەمای بڕیاردانی ئاگایانە و هۆشیارانە دابڕێژرێن. داڕێژەرانی سیاسەت و پلاندانی زمانی پێویستە چەندین هۆکاری وەک هەمەجۆریی زمانی، زەمینە کولتوورییەکان، پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکان و مافی کەمینە زمانییەکان لەبەرچاوبگرن، هەروەها پێویستە هاوکاری لەگەڵ کۆمەڵگە زمانەوانییەکان، پەروەردەکاران، زمانەوانیی کۆمەڵایەتی و لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکە لە پرۆسەی پەرەپێدانی سیاسەت و پلاندانانی زمانیدا بکەن. سەرەڕای ئەوەش، چاودێریکردنی بەردەوام و پێداچوونەوە بە سیاسەتەکان لە سەر بنەمای ڕا و سەرنجەکانی کۆمەڵگە و گۆڕانی قۆناغ و دۆخ و پێداویستییەکان گرنگیی تایبەتی خۆی هەیە (Ricento, ٢٠٠٦).

لە بنەڕەتدا سیاسەت و پلاندانانی زمانی ئامرازێکی بەهێزە بۆ بەڕێوەبردن و داڕشتنی سیستەمی زمانەوانیی کۆمەڵگە، لەگەڵ ئەوەیشدا دۆخێکی ئاڵۆزە لە نێوان ئاستی دەوڵەت و پێگە، گەنجینەی زمانەوانی، فێرکردن و وەرگرتنی زمان و پلاندانانی شکۆمەندیی زمان، کە پێویستی بە داڕشتن و جێبەجێکردنی سیاسەتی ورد و گشتگیر و ئاگادارانە هەیە، بەڵام لەگەڵ بەردەوامیی گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و ئاراستەکردنی کۆمەڵگەکان بەرەو جیهانگەرایی و دنیای پێشکەوتووی تەکنەلۆجیا، گرنگیی سیاسەت و پلاندانانی زمانی باش و گشتگیرتر دەردەکەوێت، ئەمەش پێویستی بە لێکۆڵینەوە، پراکتیک و داکۆکیکردنێکی سەرسەختانە لەم بوارەدا هەیە.

**پرسی شکۆمەندیی زمان**

کەسایەتیی زمان (پرستیژ، شکۆمەندی)، بە لای زۆرێک لە زمانەوانان و لێکۆڵەرەوانی زمانەوە بریتییە لە پلاندانان بۆئەوەی خەڵک و ئاخێوەرانی زمان، شانازی بە بەکارهێنان و گرنگیپێدانی زمانەکەوە بکەن، یان هەڵوێست و دید و تێڕوانینیان بەرانبەر بە قسەکردن و بەکارهێنانی ئەم زمانە ئەرێنی بێت، ئەمەش بە یەکێک لە فۆرمە باوەکانی پلاندانی زمانی دادەنرێت، کە کاریگەریی زۆری لە سەر سیاسەتی زمانیی نەتەوە جیاوازەکان هەبووە.

لێرەدا بە مەبەستی پێشکەشکرنی دەستپێشخەرییەک بۆ پرسی شکۆمەندیی زمانی کوردی لە داڕشتنی سیاسەت و پلاندانانی زمانی لە هەرێمی کوردستان، پێویستمان بەوەیە بە خوێندنەوەی واقیع هەنگاوهەڵبگرین.

هەنگاوی یەکەم، ئەوەیە کە حیزبە سیاسییەکان بهێنرێنە سەرخەت، تا لە ناوخۆی حیزب و ڕێکخراوەکان و فراکسیۆنەکان و میدیاکانیانەوە کار بۆ "شکۆمەندیی زمانی کوردی" بکەن، لە پەیڕەوی ناوخۆی حیزبەکاندا جێگای بۆ بکرێتەوە و فراکسیۆنەکان

کاری لە سەر بکەن. دواتر پەرلەمانی کوردستان، لە ڕێگەی هەمواری یاسای زمان و هەموارکردنی یاساکانی وەزارتی داد، خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، پەروەردە و ڕۆشنبیری کار بۆ پێشکەشکردنی پرۆژەیاسایەکی گشتگیر بکات. لە قۆناغی دواتردا حکومەتی هەرێم لە ڕێگەی وەزارەتە پەیوەندیدارەکانەوە بە کرداری کار بۆ ئەم پرسە بکات و یاسای زمان بخاتەکار، کە پەرلەمانی کوردستان هەمواریدەکاتەوە و پەسەندیدەکات.

**" پلاندانانی زمان لە ئاستی دەسەڵات و دەوڵەت، بریتییە لە تەرخانکردنی ڕۆڵ و ئەرکەکان بۆ زمانەکان لە ناو کۆمەڵگەیەکدا "**

**ڕەهەندەکانی پلاندانان بۆ شکۆمەندیی زمان**

لە پلاندانان بۆ شکۆمەندیی زمان سێ ڕەهەندی جیاواز دەخەینەڕوو:

**یەکەم:** بازارسازیی زمان، گواستنەوەی زمان لە بابەتێکی ئەکادیمییەوە بۆ پێویستییەکی بازاڕ، یان باشتر واقیع بخوێنینەوە، وابکەین زمانی کوردی لە بازاڕی کار و کایەی بازرگانی و بازارسازیدا گرنگی هەبێت، خەڵک بۆ پڕکردنەوەی پێویستییە بازرگانییەکانیان پێویستە زمان_پاڵێو بەکاربهێنن، ئەمە دوولایەنە دەبێت، هەم پێویستە حکومەت لە ڕێگەی وەزارەتەکانەوە کۆمپانیاکان ئاڕاستەبکات و ڕۆڵیانپێبدات و هەم خەڵکیش بەشداریی ئەم پرۆسەیە بن.

دووەم: گواستنەوەی پێداویستیی بازاڕ بۆ ناو پەروەردە و خوێندن: پێویستە وابکرێت خەڵکی بە وەرگرتنی بڕوانامەی بەشەکان لە زانکۆ و پەیمانگەکاندا بە زمانی کوردی بتوانن کار دەستبخەن، چونکە ئێستا ئەو کەسانەی کاریان دەستدەکەوێت ئەوانەن، کە زمانی کوردی نازانن؛ ئەمەش کارکردنی جیدی دەوێت لە پرۆسەی پەروەردە و خوێندنی باڵادا، بۆ نموونە: لە بەشەکانی زانکۆ کە لە ئێستادا بازاڕی کار پێویستیپێیانە بەشەکانی ژمێریاری، یاسا، کارگێڕی، بەڕێوەبردن و... هتد، هەتا ئێستایش پرۆگرامی خوێندنی ئەم بەشانە بە زمانی عەرەبییە، گۆڕینی زمانی خوێندنی ئەم بەشانە بۆ کوردی ڕێگاکە نزیکتردەکاتەوە.

سێیەم؛ زمانی کوردی ببێتە خاڵێکی بەهێز لە دەستخستنی کار و پێگەی بازرگانی، بۆ نموونە: هەتا ئێستایش زۆرینەی زۆری هەلی کار داوای زانینی زمانی ئینگلیزی و عەرەبی دەکریت، لە کاتێکدا زۆرێک لەو شوێنانە پێویستیان بە زمانی بیانی نییە، بەڵام لە

جیاتیی ئەوەی ئەو شانازییە بۆ زمانی کوردی بێت ئێستا کۆمپانیاکان زانینی زمانی ئینگلیزی و عەرەبی بە خاڵی بەهێز دادەنێن و گەنجان ناچارن بێکار بمێننەوە، یان هەوڵی فێربوونی زمانی بیانی بدەن.

**ئاڵەنگارییەکان**

لە هەوڵدان بۆ پلاندانانی شکۆمەندیی زمان، دوو ئاڵەنگاریی سەرەکی دێنەڕێگامان:

یەکەم: جیهانگەرایی، یان ئەوەی پێیدەوتری پرۆسەی ئەمێریکانایزەیشن و ماکدۆناڵیزەیشن، کە وایکردووە زمانی ئینگلیزی ببێتە زمانی هێز و بازاڕ و میدیا و سیاسەت، ئەگەرچی ناکرێت و ناتوانرێت هەرێمی کوردستان لە شەپۆلی زمانی ئینگلیزی بپارێزرێت، بەڵام گرنگە کە حکومەتی هەرێم بە دیدگایەکی زانستییەوە و بە داڕشتنی سیاسەت و پلاندانانی زمانی ژینگەی هەرێمی کوردستان لە بەرانبەر ئەم شەپولەدا بسازێنێت.

**دووەم:** کارلێکی کۆمەڵگە لەگەڵ هەژموونی زمانی عەرەبی، لەبەرئەوەی کە زۆرینەی کۆمەڵگەی ئێمە مسوڵمانن و زمانی قورئان و فەرمایشتەکانی پێغەمبەری ئیسلام (دروودی خودای لە سەر بێت) عەرەبییە، هەروەها پاشماوەکانی پرۆسەی تەعریبی ڕژێمی پێشوو لە سەر هەرێمی کوردستان هەتا ئێستایش کاریگەریی گەورەیان هەیە. زمانی عەرەبی هەژموونێکی فراوانی لە سەر زمانی کوردی هەیە، بۆ نموونە: لە وتارە ئاینییەکاندا زمانی عەرەبی کاریگەرترە، لە دادگا و ژینگەی یاساییدا هەژموونی زمانی عەرەبی بە ڕوونی هەستیپێدەکرێت.

> **"سیاسەت و پلاندانانی گشتگیر و سەرکەوتوو و سیستەماتیکیی زمان دەتوانێت فرەزمانی، هەمەجۆریی زمانی، پاراستنی کولتووری، یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و یەکسانی بەرەوپێشببات"**

بە مەبەستی پلاندانان بۆ شکۆمەندیی زمان و داڕشتنی سیاسەتی زمان بۆ هەرێمی کوردستان چەند پێشنیازێک دەخەینەڕوو:

١. میکانیزمێک دابنێرت، کە منداڵ تا قۆناغی سەرەتایی تەواونەکات ناچارنەکرێت تەنها

بە زمانی بیانی بخوێنێت، چونکە زمانی دایک وەک شیری دایک بۆ منداڵ پێویستە.
٢. هەر کاڵایەک کە دیتەناو کوردستانەوە پێویستە بە کوردی لە سەری بنوسریت و ڕێنمایی لە سەر بەکارهینانی بدرێت، ئەمە وادەکات هەموو تاکێکی کورد شانازی بە زمانەکەیەوە بکات کاتێک دەتوانێت بە ئاسانترین شێوە ڕێنمایی و پێکهاتەی سەر کاڵاکان بخوێنێتەوە.
٤. کۆمپانیای فڕۆکەوانی و فڕۆکەخانەکان ناچاربکرێن بە کوردی ڕێنمایی سەلامەتیی ناو فڕۆکە پیشکەشبکەن، بۆئەوەی گەشتیاران هەستی شانازیکردنیان بە زمانەکەیان لە لا تۆختربیێتەوە.
٥. تابلۆی بازاڕ و شوێنە گشتییەکان نوێبکرێنەوە و پێویستە ناوی شوێنەکە بە کوردی بنوسرێت، ئەگەر پێویست بوو وەرگێڕدراوی زمانەکانی تری بۆ دابنرێت.
٦. کۆمپانیا و وەبەرهێنەران ناچاربکرێن بەشێک لەو باجەی لێیانوەردەگرێت تەرخانبکرێت بۆ (پرسی شکۆمەندیی زمانی کوردی)، بە لایەنی کەمەوە هەر کۆمپانیایەک ساڵانە لە ١-٥ فیلمی کوردی، چاپکردنی ژمارەیەک کتێبی کوردی، چالاکیی فەرهەنگی سپۆنسەربکات کە لە ژێر چاودیریی وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکومەتدا ئاڕاستەبکرێن.
٧. وەزارەتی خوێندنی باڵا وانەی کوردۆلۆجی/کوردناسی لە قۆناغی یەکەمی زانکۆ و پەیمانگەکاندا لابدات، چونکە بە تەواوی بووەتە وانەیەکی پەراوێزخراو، لە بەرانبەردا سەنتەری زمانی زانکۆکان بۆ هەموو دەرچوویەکی زانکۆ و پەیمانگە "تاقیکردنەوەی نیشتمانیی توانستی زمانی کوردی" دابنرێت و هەموو دەرچوویەکی زانکۆ و پەیمانگە پێویستە لەو تاقیکردنەوەیە دەربچێت جا بڕوانامەکەی تەواوبکرێت.
٨. وەزارەتی پەروەردە لە ڕێگەی زنجیرە کۆنفرانسێکی تایبەتەوە هەموو مامۆستایانی زمانی کوردی لە قوتابخانەکانی کوردستاندا کۆبکاتەوە و ساڵانە لە سەر ئاستی بەڕێوەبەرایەتییەکان پێشبرکێی زانستی لە سەر توێژینەوە و بڵاوکراوەیان بۆ دابنرێت و ناچاریانبکات بە ئەنجامدانی توێژینەوە و بەشداریکردن لە پێشکەوتنە زانستییەکاندا.

٩. خانەی وەرگێڕان و موڵەتی چاپ لە وەزارەتی ڕۆشنبیری لیژنەی پێداچوونەوە دابنێت لە کەسانێک، کە بە لایەنی کەمەوە سێ شێوەزاری زمانی کوردی بزانن، بۆئەوەی کەمترین وشەی بیانی لە تێکست و کتێبەکاندا بەکاربهێنرێت، چونکە زمانی کوردی بە دیالێکتە جیاوازەکانیەوە زمانێکی زۆر دەوڵەمەندە و دەتوانرێت ڕۆڵی زانستی و ئەکادیمی پێبدرێت.
١٠. وەزارەتی پەروەردە مافی خوێندن بە زمان/شێوەزاری دایکی بۆ منداڵانی کوردستان بڕەخسێنێت لە تەواوی ناوچەکانی هەریمی کوردستاندا، ئەمەش جگەلەوەی مافێکی

یاساییە دەبێتە هۆی ئەوەی ئاخێوەرانی زمان شانازی بە زمانەکەیانەوە بکەن.
١١. میدیا ئاراستەبکرێت بە بەکارهێنانی زمانی کوردی لە نوسین و گفتوگۆ و ناوی پرۆگرامەکان و فیلمە وەرگێڕدراوەکان و ڕیکلام و تەواوی بابەتە پەخشکراوەکان، هەموو میدیایەک پێویستە وەک چۆن بەشی بەرنامەکانی هەیە بەشی پێداچوونەوەی زمانی هەبێت و لە ژێر چاودێریی وەزارەتی ڕۆشنبیریدا ئاراستەبکرێت.
١٢. لە دادگاکاندا هیچ گرێبەست بریارِ و داخوازییەک بە زمانەکانی تر ڕیگەپێنەدرێت جگە لە زمانی کوردی و زمانی کوردی سەرچاوەی سەرەکیی یاسا و ڕێساکان بێت نەک زمانێکی تر.
١٣. جگە لەو وانانەی کە زمانی فەرمییان بیانییە، قوتابی مافی ئەوەی هەبێت لە قۆناغە جیاوازەکانی خوێندنی بە زمانی کوردی وەڵامبداتەوە، ئەمەش دەبێتە پاڵنەرێکی بەهێز بۆئەوەی قوتابیی کورد گرنگی بە زمانی دایکی بدات.
١٤. لە بواری پزیشکی و تەندروستیدا گرنگیی زیاتر بە نوسینی ڕێنماییە پزیشکی و تەندروستییەکان بدرێت و ڕەچەتە پزیشکییەکان بە زمانی کوردی بنوسرێن.

## سەرچاوەکان


•Cooper, R. L. (1989). Language planning and social change. Cambridge University Press.

•Eastman, C. M. (1983). Language Planning: An Introduction. San Francisco: Chandler & Sharp Publishers.

•Haugen, E. (1983). The implementation of corpus planning: Theory and practice. In J. Cobarrubias & J. A. Fishman (Eds.), Progress in language planning: International perspectives (pp. 269-289). Mouton Publishers.

•Hornberger, N. H. (2006). Frameworks and models in language policy and planning. In T. Ricento (Ed.), An introduction to language policy: Theory and method (pp. 24-41). Blackwell Publishing.

•Kaplan, R. B., & Baldauf, R. B. Jr. (1997). Language planning from practice to theory. Multilingual Matters.

•Ricento, T. (2006). An introduction to language policy: Theory and method. Blackwell Publishing.

# ڕۆڵی میدیا لە داڕشتنی سیاسەتی زماندا: زمانی کوردی بە نموونە



عەزیز ڕەئووف

* مامۆستا لە زانکۆی جیهان/ سلیمانی
* ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان و جیهان
* خاوەنی ١٣ کتێبی وەرگێڕدراو بۆ زمانی کوردی
* کاندیدی دکتۆرا لە زمان و شیکاری گوتاری ڕەخنەگرانە

سیاسەتی زمان بە نزیکی پەیوەستە بە داینامیکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەوە. میدیا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە داڕشتنی گوتاری گشتی لە بەکارهێنانی زماندا. لەو چوارچێوەیانەی کە زمانە کەمینەکان خەبات بۆ ناساندن دەکەن، وەک ئەوەی لە زمانی کوردیدا دەیبینین، میدیا دەبێتە فاکتەرێکی سەرەکی، یان پشتیوانیکردن، یان ڕێگریکردن لە بوژانەوەی زمان و گۆڕینی سیاسەت. ئەم وتارە بەدواداچووندەکات کە میدیا چۆن کاریگەری لە سەر سیاسەتی زمانی کوردی هەیە، تیشکدەخاتەسەر ڕۆڵی لە داڕشتنی تێڕوانینەکان، پشتیوانیکردن لە مافی زمان و کاریگەری لە سەر بڕیارەکانی حکومەت سەبارەت بە زمانی کوردی لە هەر چوار پارچەکەی کوردستان لە (تورکیا، عێراق، سووریا و ئێران).

**چوارچێوەدان بە مشتومڕەکانی زمان**

میدیا لە چوارچێوەی پرسەکانی زماندا ئەوە دیاریدەکات، کە خەڵکی چۆن لە سیاسەتەکانی زمان دەڕوانن. لە ڕێگەی ڕووماڵکردنی هەڵبژێردراو، هەڵبژاردنی زمانی بەکارهێنراو لە نوسیندا، میدیاکان لایەنە تایبەتەکانی مشتومڕەکانی زمان ڕوندەکەنەوە و لە هەمان کاتدا ئەوانی دیکە پەراوێزدەخەن. ئەم چوارچێوەدانانە

کاریگەرە لە پێکهێنانی ڕای گشتیدا، زۆر جار دەبێتە هۆی پەسەندکردنی سیاسەتی زمانی تایبەت. وەک (شۆهامی، ٢٠٠٦) ئاماژەپێدەکات، چوارچێوەی زمان لە لایەن میدیاوە دەتوانێت ورد بێت و لە هەمان کاتدا بەهێز بێت، ئەوەیش دیاریبکات کە ئایا هەندێک زمان وەک زمانێکی شەرعی سەیردەکرێن، یان وەک زمانێکی کەمتر و پەراوێز؟ بۆ نموونە: لە کۆمەڵگا فرەزمانەکاندا، میدیاکان دەتوانن لە پێشینەی کارەکانی ڕووماڵکردنی زمانەکانی زۆرینە لە سەر حیسابی زمانە کەمینەکان دابنێن، ئەمەیش کاریگەری لە سەر چۆنیەتیی بەهادان بەم زمانانە لە ناو کۆمەڵگادا دەبێت.
لە باشووری ئەفریقا، میدیاکان زۆر جار زمانی ئینگلیزی و ئەفریقاییان بەرەوپێشبردووە، لە هەمان کاتدا زمانە ڕەسەنەکانی ئەفریقای دابەزاندووە بۆ پێگەیەکی کەمتر، سەرەڕای ئەوەی ئەم زمانانە لە ڕووی دەستوورییەوە دانپێدانراون (ئەلیکساندەر، ٢٠٠٣). میدیا بە خستنەڕووی زمانی زۆرینە وەک مۆدێرنتر و خوازراوتر، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کاریگەری لە سەر دارشتنی سیاسەتی زمان هەیە بەرەو پەسەندکردنی زمانی ئینگلیزی و ئەفریقایی لە پەروەردە و بازرگانی و حکومەتدا.

## ڕای گشتی و کاریگەریی سیاسەت

ڕای گشتی بزوێنەرێکی سەرەکییە لە دارشتنی سیاسەتی زماندا و میدیا ڕۆڵێکی گرینگ دەگێڕێت لە دارشتنی ئەو بۆچوونەدا. دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەتوانن سەرنج بۆ بابەتەکانی زمان ڕابکێشن، وەک پاراستنی زمانە مەترسیدارەکان، یان گرنگیی زمانە نەتەوەییەکان، کاریگەری لە سەر گوتاری سیاسی و بڕیارەکانی حکومەت هەیە.
بۆ نموونە: لە کیوبیکی کەنەدا، میدیا ڕۆڵی سەرەکی هەبوو لە پاڵپشتیکردنی پاڵنەرەکانی پاراستنی زمانی فەرەنسی، کە لە کۆتاییدا بوو بە هۆی ئەوەی سیاسەتی زمانی بە ئامانجی پاراستنی زمانی فەرەنسی وەک زمانی باڵادەست لە ناوچەکەدا (Vaillancourt & Grin, ٢٠٠٠). لە ڕێگەی سەردێڕ و ڕووماڵکردنی هەواڵ و مشتومڕی تەلەفزیۆنییەوە، میدیاکان گوتارێکی گشتییان پەروەردەکرد، کە وایکرد داڕێژەرانی سیاسەت قورس بێت، کە داواکاری پەرەسەندوو بۆ پاراستنی بەهێزی زمان پشتگوێبخەن. ئەمەیش ئەوە دەردەخات کە چۆن میدیا بە دابینکردنی سەکۆیەک بۆ مشتومڕەکانی زمان، دەتوانێت ببێتە هۆی گۆڕانکاریی کۆنکرێتی لە سیاسەتی زماندا.

## بەهێزکردنی هەژموونی زمانی

یەکێک لە گرنگترین ڕێگاکانی کە میدیا کاریگەری لە سەر سیاسەتی زمان هەیە، بەهێزکردنی هەژموونی زمانییە. زمانە باڵادەستەکان وەک ئینگلیزی، سوودمەندن لە

ڕووماڵکردنی بەرفراوان لە میدیای جیهانیدا، لەوانە تەلەفزیۆن، فیلم و ئینتەرنێت. میدیاکان بە بەردەوامی بەرەوپێشبردنی هەندێک زمان بە سەر زمانەکانی دیکەدا، ئەو بیرۆکەیە بەهێزتردەکەن کە ئەو زمانانە بەنرخترن، بەمەیش زمانە کەمینە و ڕەسەنەکان پەراوێزدەخەن.
فیلیپسۆن لە ساڵی (١٩٩٢) زاراوەی "ئیمپریالیزمی زمانەوانی" بۆ وەسفکردنی شێوازی سەپاندنی زمانی ئینگلیزی بە سەر کۆمەڵگا نائینگلیز_زمانەکاندا لە ڕێگەی چەندین ڕێگەی جیاوازەوە، لەوانەیش میدیاوە داهێنا. لە زۆرێک لە بەستێنەکانی دوای کۆلۆنیالیزمدا، ئینگلیزی وەک زمانی پێشکەوتن و مۆدێرنیتە بەرەوپێشدەچێت و میدیایش ڕۆڵێکی چارەنوسساز دەگێڕێت لە ئاساییکردنەوەی باڵادەستییەکەیدا. بۆ نموونە: لە هیندستان، میدیای زمانی ئینگلیزی بە شێوەیەکی بەرچاو لە میدیای زمانە ناوچەییەکاندا پێشکەوتووە، ئەمەیش بووە بە هۆی ئەوەی کە پەروەردەی زمانی ئینگلیزی پەسەندبکرێت و بە درێژایی ئەو سیاسەتانەی کە ئینگلیزی لە خوێندنی باڵا و ژینگە پیشەییەکاندا لە پێشینەی کارەکانیان دادەنرێت (کومار، ١٩٩٧).

> ”میدیا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە داڕشتنی گوتاری گشتی لە بەکارهێنانی زماندا“

**جیهانگیری و کاریگەری میدیا**

ڕۆڵی میدیا لە سیاسەتی زماندا بە هۆی جیهانگیرییەوە گەورەتر بووە، ئەمەیش وایکردووە ناوەڕۆکی میدیا ئاسانتر بێت بۆ بەزاندنی سنوورە نیشتمانییەکان. کۆمپانیا زەبەلاحەکانی میدیای جیهانی، وەک سی ئێن ئێن، بی بی سی و پلاتفۆرمی سۆشیال_ میدیای وەک فەیسبووک و تویتەر، زمانە باڵادەستەکان بە تایبەت ئینگلیزی بەرەوپێشدەبەن، کە بەشداریدەکەن لە بڵاوبوونەوەی سیاسەتی زمانی ئینگلیزی سەنتەری لە سەرانسەری جیهاندا.
لەگەڵ بەردەوامبوونی فراوانبوونی میدیای جیهانی، کاریگەری لە سەر سیاسەتی زمانی ناوخۆیی هەیە بە داڕشتنی ئارەزوو و ئایدۆلۆژیای زمانی خەڵک. بۆ نموونە: دیاربوونی زمانی ئینگلیزی لە میدیای جیهانیدا وایکردووە زۆرێک لە وڵاتانی غەیرە ئینگلیزی_ زمان سیاسەتی زمان بگرنەبەر، کە فێرکردنی زمانی ئینگلیزی لە قوتابخانەکاندا بەرەوپێشدەبات، زۆر جار لە سەر حیسابی زمانە ڕەسەنەکان، یان کەمینەکان (Pennycook، ١٩٩٤)، ئەم ڕەوتە ڕەنگدانەوەی کاریگەرییە بەرفراوانەکانی میدیایە لە

سەر دیمەنی سیاسەتی زمانی جیهانی، کە زمانی ئینگلیزی زیاتر وەک زمانێکی پێویست بۆ بەشداریکردن لە بازاڕە جیهانییەکان و ئاڵوگۆڕی کولتووریدا سەیردەکرێت.

### نێوەندگیریکردنی ململانێکانی زمان

ململانێی زمان، چ ڕەگ و ڕیشەی لە گرژییە نەتەوەییەکان بێت، یان ناکۆکیی سیاسی، زۆر جار بە هۆی ڕووماڵکردنی میدیاوە توندتر یان کەمدەبنەوە. ڕەنگە دەزگاکانی ڕاگەیاندن جیاوازییەکانی زمان هەستیاربکەن، ململانێکانی نێوان گرووپە زمانەوانییەکان گەورەتربکەن، یان ڕەنگە بە پێشکەشکردنی ڕووماڵێکی هاوسەنگ بخوڵقێنن و تێگەیشتن و سازشکردن بەرەوپێشببەن.

بۆ نموونە: لە ناوچەی باسکی ئیسپانیا، میدیا دوو ڕۆڵی بینیوە. لە ماوەی بەرزبوونەوەی گرژییەکاندا، زۆر جار دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەکارهێنانی زمانی باسکی و ئیسپانییان بە زاراوەی دژبەرانە داڕشتووە، کە بەشدارییان لە دابەشبوونی زمانەوانیدا کردووە (کاسانۆڤا، ٢٠٠٤). لە هەمان کاتدا، پلاتفۆڕمە میدیاییەکانی دیکە فەزای بۆ گفتوگۆکان دابینکردووە، کە پشتگیری لە دوو زمانەوانی و ڕێزگرتنی یەکتر دەکەن، بەشدارییان لەو سیاسەتانەدا کردووە، کە هەردوو زمانی ئیسپانی و باسکی وەک زمانی فەرمی دەناسن. ئەمەیش ئەوە دەردەخات، کە چۆن میدیا دەتوانێت هەم سەرچاوەی ململانێ بێت و هەم ئامرازێک بێت بۆ پێشخستنی چارەسەری ئاشتییانەی سیاسەتی زمانی.

> **”میدیا بە خستنەڕووی زمانی زۆرینە وەک مۆدێرنتر و خوازراوتر، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کاریگەری لە سەر داڕشتنی سیاسەتی زمان هەیە“**

### ڕۆڵی میدیا لە بەرەوپێشبردنی زمانی کوردی

میدیا ئامرازێکی گرینگ بووە بۆ بەرەوپێشبردنی زمان و ناسنامەی کوردی، بە تایبەتی لەو ناوچانەی کە لە مێژوودا زمانی کوردی سەرکوتکراوە. بۆ نموونە لە تورکیا، میدیای زمانی کوردی لە مێژە سنووردارکراوە، بەڵام لە سەرەتای ساڵانی ٢٠٠٠وە، گۆڕانکاریی وردە وردە بەدیدەکرێت، بە تایبەتی لەگەڵ دامەزراندنی کەناڵی تەلەفزیۆنی زمانی کوردی وەک TRT Kurdî کەناڵی دەوڵەتی، کە لە ساڵی ٢٠٠٩ دەستیپێکردووە. بوونی ئەم کەناڵە نوێنەرایەتیی هەنگاوێکی بەرچاو دەکات بەرەو ناساندنی زمانی کوردی وەک زمانێکی ڕەوا لە ژیانی گشتیدا و بەشدارە لە ئاساییکردنەوەی بەکارهێنانی لە

چوارچێوەی ڕۆژانەدا (چاندەر، ٢٠٠٩).
لە کوردستانی عێراقدا میدیای کوردی بەربڵاوترە و ڕۆڵی کارا لە بەرەوپێشبردنی زمان و کولتووری کوردیدا دەگێڕێت. کەناڵە کوردییەکان بە زمانی کوردی پەخشدەکەن، بەرزکردنەوەی ئاستی گرنگیدان بە زمانەکە و بەشداریکردن لە ستانداردکردنی کاریگەریی خۆی هەیە. ئەمەیش بە جۆرێک کاریگەریی ئەرێنی لە سەر سیاسەتی زمان هەیە بە بەهێزکردنی شوێنی زمانی کوردی لە پەروەردە و میدیا و حکومەتدا.

**"میدیاکان لە بەرەوپێشبردنی هەندێک زمان بە سەر زمانەکانی دیکەدا، ئەو بیرۆکەیە بەهێزتردەکەن کە ئەو زمانانە بەنرخترن، بەمەیش زمانە کەمینە و ڕەسەنەکان پەراوێزدەخەن."**

### چوارچێوەی میدیا و تێڕوانینی گشتی

ڕۆڵی میدیا لە چوارچێوەدان بە تێڕوانینە گشتییەکان بۆ زمانی کوردی لە دیاریکردنی چۆنیەتیی سەیرکردنی لە لایەن هەردوو دانیشتوانی کورد و غەیرە کوردەوە گرنگە. لە تورکیا کە زمانی کوردی بە جوداخوازییەوە گرێدراوە، میدیاکان لە مێژوودا زمانەکەیان بە زاراوەی نەرێنی لە چوارچێوەیەکدا داناوە و بەشدارییان لە پەراوێزخستنیدا کردووە. ئەم چوارچێوەسازییە کاریگەری لە سەر بیروڕای گشتی هەبووە و بووە بە هۆی بەرخۆدان لە دژی پەروەردە و پەخشکردنی زمانی کوردی، بەڵام چاکسازییەکانی ئەم دواییەی میدیا و هێنانەکایەی بەرنامەسازیی کوردی، ئەگەرچی بە هێواشی، دەستیانکردووە بە گۆڕینی هەڵوێستی گشتی (Zeydanlıoğlu, ٢٠١٢).
لە بەرانبەردا لە کوردستانی عێراق، کە زمانی کوردی زمانی فەرمییە، میدیا ڕۆڵێکی ئەرێنی دەگێڕێت لە بەرەوپێشبردنی بەکارهێنانی زمانی کوردی و پەروەردەکردنی هەستکردن بە ناسنامەی نەتەوەیی. میدیای زمانی کوردی لێرەدا ئامرازی چەسپاندنی زمانی کوردی وەک زمانی باڵادەست لە هەموو بوارەکانی ژیانی گشتیدا، هەر لە پەروەردەوە تا ئیدارەی حکومەت.

### ئینتەرنێت و سۆشیال_میدیا وەک پلاتفۆڕمی نوێ بۆ زمانی کوردی

سەرهەڵدانی دیجیتاڵ_میدیا و پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال_میدیا، ڕێگای نوێی بۆ پەرەپێدان و بڵاوکردنەوەی زمان و کولتووری کوردی ڕەخساندووە. پلاتفۆڕمەکانی وەک یوتیوب، فەیسبووک و تویتەر ڕێگە بە کوردزمانەکان دەدەن ناوەڕۆک بە زمانەکەیان

هاوبەشبکەن، ئەمەیش بەدەر لە کۆنترۆڵی دەوڵەت بە سەر دەزگاکانی ڕاگەیاندنی تەقلیدیدا. ئەمەیش بە تایبەتی لە وڵاتانی وەک ئێران و سووریا گرنگە، کە میدیای کوردی زۆر بەرتەسککراوەتەوە.
کەمپەینەکانی سۆشیال_میدیا بۆ پەرەپێدانی زمانی کوردی بەکارهێنراون، بە هاشتاگ و جوڵەی ئۆنلاین سەرنجیان بۆ پرسی مافی زمان ڕاکێشاوە. توانای بەرهەمهێنانی ناوەڕۆک بە زمانی کوردی بە شێوەی ئۆنلاین کاریگەرییەکی دیموکراسیخوازانەی هەبووە، وایکردووە کە زمانی کوردیی قسەکەران لە سنوورە نیشتمانییەکانەوە پەیوەندی بە یەکترەوە بکەن و سیاسەتی زمان بەرەوپێشببەن، کە پاڵپشتی فێرکردن و بەکارهێنانی زمانی کوردی لە فەزای گشتیدا دەکەن (شێخولئیسلامی ٢٠١١).

**„لە کوردستانی عێراقدا میدیای کوردی بەربڵاوترە و ڕۆڵی کارا لە بەرەوپێشبردنی زمان و کولتووری کوردیدا دەگێڕێت“**

**زمانی کوردی و هەژموونی زمانی**

سەرەڕای ئەم پێشهاتە ئەرێنییانە، میدیای کوردی زۆر جار لە دژی باڵادەستیی زمانە دەوڵەتییەکانی وەک تورکی، عەرەبی و فارسی خەباتدەکات. بۆ نموونە: لە تورکیا، هەرچەندە پەخشی کوردی ڕێگەپێدراوە، بەڵام زۆرینەی ڕەهای ناوەڕۆکی میدیایی بە زمانی تورکییە، ئەمەیش ڕەنگدانەوەی جەختکردنەوەی دەوڵەتە لە سەر یەکێتیی زمانی و پێگەی هەژموونی تورکی (حەسەنپوور، ١٩٩٨). ئەم هەژموونە زمانییە، دەستڕاگەیشتنی میدیای کوردی سنووردار دەکات و کاریگەرییەکان لە سەر سیاسەتی زمان سنووردار دەکات.
لە سووریا دۆخەکە لەوەیش بەرتەسکترە، کە میدیای زمانی کوردی قەدەغەکراوە و چالاکوانانی کورد پشت بە میدیای ژێرزەمین، یان پلاتفۆرمی نهێنی دەبەستن بۆ بەرەوپێشبردنی بەکارهێنان و مافەکانی زمانی کوردی. پاڵپشتی نەبوونی دەوڵەت بۆ میدیای کوردی، بووە بە بەربەست لە پەرەپێدانی سیاسەتێکی یەکگرتووی زمانی کوردی لەو ناوچانەدا، کە پێکهاتەکانی کوردی ناچارکردووە بۆ پاراستنی زمان پشت بە تۆڕە نافەرمییەکان ببەستن.

**سیاسەتی میدیا و زمان لە ناوچە ناکۆکییەکاندا**

لەو ناوچانەی کە ململانێیان لێکەوتووەتەوە، وەک ناوچە کوردنشینەکانی تورکیا و سووریا، میدیاکان هەم وەک بەرەوپێشبردنی مافەکانی زمانی کوردی و هەم وەک ئامرازێک بۆ کۆنترۆڵکردنی سیاسی دوو ڕۆڵ دەگێڕن. میدیای زمانی کوردی زۆر جار تیشکدەخاتەسەر پرسەکانی سەرکوتکردنی زمان و سەرنج بۆ نەبوونی خوێندن و مافی پەخشکردنی کوردی ڕادەکێشێت. ئەمەیش لە بەرانبەردا کاریگەری لە سەر سیاسەتی زمان دروستدەکات بە گوشارخستنەسەر حکومەتەکان بۆ دانانن بە مافەکانی زمانی کوردیی، بەڵام دەتوانرێت میدیا بۆ بێشەرعیەتکردنی هەوڵەکانی زمانی کوردیش بەکاربهێنرێت، وەک لە ڕوومالّی میدیای تورکیادا دەردەکەوێت، کە زۆر جار چالاکیی زمانی کوردی بە بزوتنەوەی جوداخوازەوە دەبەستێتەوە. ئەم چوارچێوەسازییە وادەکات کە سیاسەتەکانی زمانی لایەنگری کورد زەحمەت بێت بۆ بەدەستهێنانی کێشکردن، بە تایبەت لە چوارچێوەی ململانێ سیاسییەکانی نێوان دەوڵەتی تورک و یاخیبوانی کورددا (گونس، ٢٠١٣).

> ”میدیای زمانی کوردی زۆر جار تیشکدەخاتەسەر پرسەکانی سەرکوتکردنی زمان و سەرنج بۆ نەبوونی خوێندن و مافی پەخشکردنی کوردی ڕادەکێشێت. ئەوەیش کاریگەری لە سەر سیاسەتی زمان دروستدەکات“

**ئەنجام**

میدیا لە داڕشتنی سیاسەتی زمان سەبارەت بە زمانی کوردی ڕۆڵێکی ئاڵۆز دەگێڕێت. لە کاتێکدا کە میدیای کوردی هەنگاوی بەرچاوی لە بەرەوپێشبردنی زمانەکەدا بە تایبەتی لە کوردستانی عێراقدا ناوە، بەڵام هێشتا لە ناوچەکانی دیکەدا کە کۆنترۆڵی دەوڵەت و هەژموونی زمانی کاریگەریی خۆی سنووردارەدەکات، ڕووبەڕووی ئاستەنگی بەرچاو دەبێتەوە. سۆشیال_میدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان ئەگەری نوێ بۆ بەرەوپێشبردنی زمانی کوردی پێشکەشدەکەن، بەڵام بەبێ دانپێدانان و پشتیوانیی دەوڵەت، ئەم هەوڵانە لە توانایاندا سنووردارەدەمێننەوە، کە کاریگەرییان لە سەر سیاسەتی زمانی فەرمی هەبێت. لە کۆتاییدا، ڕۆڵی میدیا لە داڕشتنی سیاسەتی زمانی کوردیدا بە پێی ناوچە و چوارچێوەی سیاسیی جیاوازە، بەڵام کاریگەرییەکەی هەم لە پشتیوانیکردن و هەم لە تەحەدا/گژێی مافەکانی زماندا حاشاهەڵنەگرە.

References

•Alexander, N. (2003). Language Education Policy, National and Sub-National Identities in South Africa. Language Policy, 2(2), 141–163.

•Çandar, C. (2009). The Kurdish Question: The Reasons and Fortunes of the 'Opening.' Insight Turkey, 11(4), 13-19.

•Gunes, C. (2013). The Kurdish National Movement in Turkey: From Protest to Resistance. Routledge.

•Hassanpour, A. (1998). Satellite Footprints as National Borders: MED-TV and the Extraterritoriality of State Sovereignty. Journal of Muslim Minority Affairs, 18(1), 53-72.

•Pennycook, A. (1994). The Cultural Politics of English as an International Language. Longman.

•Phillipson, R. (1992). Linguistic Imperialism. Oxford University Press.

•Sheyholislami, J. (2011). Kurdish Identity, Discourse, and New Media. Journal of Middle Eastern Politics and Policy, 3(2), 43-55.

•Shohamy, E. (2006). Language Policy: Hidden Agendas and New Approaches. Routledge.

•Grin, F., & Vaillancourt, F. (2000). On the financing of language policies and distributive justice. In Rights to language (pp. 106-114). Routledge.

•Zeydanlıoğlu, W. (2012). Turkey's Kurdish Language Policy. International Journal of the Sociology of Language, 217, 99-125.

# لە بارەی پەیوەندیی نێوان جوگرافیا و زمان

# پرسیار لەمەڕ بایەخی جوگرافیای زمان لە سەردەمی جیهانگیریدا




کازم ئەحمەد سەدرەدین جەباری

* بەکالۆریۆس لە جوگرافیا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی پەروەردەی کەلار
* ماستەر لە جوگرافیا مرۆیی لە کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی
* توێژەر و سکرتێری نووسین لە گۆڤاری (ئەنفالناسی)، کە گۆڤارێکی و جینۆساید تایبەتمەندە بە توێژینەوە لەمەڕ پرسی ئەنفال


**دەروازە**

مرۆڤ بە سروشت بونەوەرێکە جیاواز لە بونەوەرەکانی تری سەر گۆی زەوی، لە هەر جوگرافیایەکدا بژی مەیلێکی کۆمەڵایەتی هەیە و زیاتر حەز بە قسەکردن و دواندن و ئارەزووی گفتوگۆکردن دەکات، بەو هیوایەی دەلاقەیەك بدۆزێتەوە و ژینگەیەك بسازێنێت بۆ پەیوەندی_بەسەتن لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا. بۆ ئەم مەبەستەیش وەك ئامرازێك بۆ ئاخافتن و لێکتێگەیشتن و زمان بەکاردەهێنێت و دەیکات بە کلیلی ڕزگاربوون لە گۆشەگیری و کۆنتاکت_دروستکردن. بۆیە لە دێرزەمانەوە فەیلەسووفان و حەکیمان و بیرمەندان لەمەڕ کۆمەڵایەتیبوونی مرۆڤ زۆر دواون، هەر وەك چۆن ئەرستۆ مرۆڤ بە بونەرێکی کۆمەڵایەتی دەناسێنێت، بەڵام هەر مرۆڤێك بۆئەوەی کۆمەڵایەتی بێت پێویستی بە شوێن و جوگرافیایەکە بۆ ژیان و زمانێك بۆ دەربڕین و گۆکردن و ئاخافتن و پەڤین و لێکتێگەیشتن. ئەوەی لە زانستی زماندا جێی بایەخە، زمان بە تەنها بریتی نییە لە لایەنی زارەکی و دەربڕین، بەڵکو زانستی زمان گرنگی بە لایەنی سیستمی ڕێزمانی و ئەدەبی و زمانی نوسین دەدات و زمانی ئاسایی و ئاخافتنی ڕۆژانە، لە زمانی فەرمی و ڕێزمانی جیادەکاتەوە.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدەین لەمەڕ پرسی پەیوەندیی نێوان جوگرافیا و زمان نوکی خامە چڕبکەینەوە و لەم سۆنگەیەوە جەخت لە سەر چەمکەکانی زمان و جوگرافیا و دواتر چییەتیی ڕەهەندەکانی پەیوەندیی نێوان زانستی زمان و زانستی جوگرافیا و ڕۆڵی دیاردە جوگرافییەکان لە هەنبەر زمان دەکەینەوە و تیشکدەخەینەسەر جوگرافیای زمان و نیگاکان بە ئاڕاستەی پرسیار لەمەڕ بایەخی جوگرافیای زمان لە سەردەمی جیهانگیریدا واڵادەکەین.

## جوگرافیای زمان

مەبەست لە جوگرافیای زمان، کاریگەریی ڕەوتی جوگرافیا و سنوور و شوێن و ژینگەیە بە سەر زمانەوە، دابەشبوونی جوگرافی زمانە جیاوازەکانی جیهانە لە سەر نەخشە. نەخشەگەلێك کە جوگرافیا کێشاویەتی و شوێنی ئاخێوەرانی زمانەکانی تێدا ڕەنگڕێژکراوە. مادام جۆراوجۆریەتیی زمان بەشێکە لە سیماکانی جیهانەکەمان، کەواتە پێویستمان بە جوگرافیایە بۆ پیشاندانی ئەو جیاوازییە. پێویستمان بە جوگرافیایە بۆ دەستنیشانکردنی شوێنی زمانە خۆجێییەکان و زانینی ئەو هۆکارە جوگرافییانەی کە بوونەتە فاکتەری جۆراوجۆریەتیی زمان. بۆیە پێویستە توێژینەوە لەوە بکرێت ئایا هۆکارە سروشتی و مرۆییەکان ڕۆڵیان چییە لەم کایەیەدا؟ ئەگەرچی لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم ژینگەیەکی لەبار ڕەخسا بۆ سەرهەڵدانی ڕەوتێکی نوێی زانستی لە زمانەوانیی نوێدا، ئەمەیش هەلومەرجی هاتنەپێشەوە و ئەفراندنی زانستێکی نوێی لێکەوتەوە، کە بە "زانستی زمانی جوگرافی"، یان "زانستی جوگرافیای زمانەوانی" ناوزەندکرا. بەڵام لە زانستی زمانی جوگرافیدا، لە ڕوانگەی جوگرافیاوە لە زمان دەکۆڵرێتەوە، لە زانستی جوگرافیای زماندا لە ڕوانگەی زمانەوە لە جوگرافیا دەکۆڵرێتەوە (رشيد عبدالرحمان العبيدي، ٢٠٠٢، ٣٣). وادیارە لە یەکەمیاندا جوگرافیناسەکان ئەو ئەرکە لەئەستۆدەگرن و لە دووەمیاندا زمانناسەکان ئەرکدارن. جوگرافیای زمان، ناوێکی سەردەمیانەیە بۆ زانستێك کە لە لێکۆڵینەوەکانیدا دوو زانست لەخۆدەگرێت ئەوانیش: زانستی زمان و زانستی جوگرافیان. ڕەنگە هەندێك بە "جوگرافیای زمان" و هەندێکیش بە "زمانناسیی جوگرافیا" و هەندێکی تریش بە "زمانی جوگرافی، یان جوگرافیای زمانەوانی" ناویبەن (بن عون، الزبير، محمد در، ٢٠٢٠، ١٣٧). ئەم زانستە لقێکە لە زانستە مرۆڤایەتییەکان جەخت لە دابەشبوونی زمانە جیاوازەکان دەکاتەوە لە جیهاندا و لە ڕوانگەی جوگرافیای زمانەوە خەمی لێکۆڵینەوەی زمانەکانە لە دۆخی ئێستا و داهاتوودا ئاماژەدەدات بە ژمارەی قسەکەران و بەکارهێنانی هەر زمانێك جگەلە دابەشبوونە جوگرافییەکەی و گرنگییە ئابوورییەکەی و ئەو

لایەنە زانستی و کولتووری و ڕۆشنبیرییانەی کە کاریگەرییان هەیە لە سەر ناسینەوەی زمانەکان و لە ڕووی شێوەی قسەکردن و نوسینیان (خيرة، بلجيلالي، ٢٠١٨، ١٨٧).
هەروەها زانستی جوگرافیای زمان، لێکۆڵینەوە لە هەرێمێکی جوگرافی و مێژوویی و کۆمەڵایەتی لە یەکەیەکی زمانەوانیی دیاریکراودا دەکات لە نێوان ئەو پرسە زمانییانەی بە لایەنی جوگرافییەوە پەیوەستن. ڕوویپوی بۆ زمانی ناوچە جیاوازەکان دەکات، ڕووبەری بەکارهێنانیان دەخاتەڕوو بە ئامانجی ئەوەی کاریگەریی شوێن لە سەر فرەیی و فرەچەشنیی زمان و شێوەزارەکان لە ناوچەیەکی جوگرافیی دیاریکراودا دەربخات بە لەبەرچاوگرتنی هۆکارەکانی فرەیی زمان و هەمەجۆریی جوگرافی و بەزاندنی زمان بە سەر سنووره سروشتییەکاندا و دابەشبوونی بە سەر نەخشە زمانەوانییەکاندا و سوودلێوەرگرتنیان بۆ پلاندانان و پەرەپێدانی نەخشەی جوگرافی و ئەتڵەسە زمانەوانییەکان. هەروەها نیشاندانی بڵاوبوونەوە و دابەشبوونی زمان و شێوەزارەکانە بە سەر شوێنە جیاوازەکاندا. ڕێکخستنیان بە شێوەیەك کە بگونجێت لەگەڵ سیستەمی زمان و فرەجەشنییەکەیدا (باي، ماريو، ١٩٨٠، ١١). دەشێت ئەم زانستە نەك تەنها بۆ زمان، بەڵکو پۆلێنبەندی بۆ شێوەزارەکانیش بکات لە هەرێمێکی جوگرافیی دیاریکراودا لە سەر بنەمای هۆکارە جوگرافییەکان، یان لێکۆڵینەوە لە زمانەکانی دوو دەوڵەتی دراوسێدا بکات. بۆ بەراوردکردنیان لەوەی بزانین ئەو زمانانە چۆن کاریگەرییان لە سەر یەکتر هەیە لە ڕووی ڕێزمانی و وشەسازی و قسەکردنەوە (الحميد، عبدالعزيز بن حميد، ٢٠١١، ٢٩). ئەمە جگە لەوەی جوگرافیای زمان وەك بابەتێکی مرۆیی دەتوانرێت پەیوەستبکرێت بە جوگرافیای کولتورییەوە، بەو پێیەی زمان یەکێکە لە توخمەکانی کولتوور. ئەوەیشی کاریگەری لە سەر زمان و فۆرمەکانی زمان هەیە، هەریەك لە فاکتەرەکانی (جوگرافیا، کولتوور، ژینگە)یە، کە ڕۆڵی تێدا دەبینن (سەدرەدین، کازم ئەحمەد، ٢٠١٣، ٨٣).

> **”مەبەست لە جوگرافیای زمان؛ کاریگەریی ڕەوتی جوگرافیا و سنوور و شوێن و ژینگەیە بە سەر زمانەوە، دابەشبوونی جوگرافی زمانە جیاوازەکانی جیهانە لە سەر نەخشە“**

لە جیهانی ئەمڕۆیشدا لەگەڵ پێشکەوتنی زانستی نوێدا زۆر هۆکار و بوار دەرکەوتن بۆ تۆمارکردنی داتا و زانیارییەکان و نواندنی دابەشبوونی دیاردەکان لە سەر زەوی، یەکێك

لەو هۆ و پێناوانە (Gis)ە. وەك تەکنیك و ئامرازێکی جوگرافی نەك تەنها کارئاسانی بۆ زمان کردووە، بەڵکو هەماهەنگە بۆ زۆرێك لە زانستەکانی تر. خۆ ئەگەر لە سەردەمە دێرینەکاندا بە قورسی تەماشای نواندنی دیاردەکان کرابێت لە سەر نەخشە، نەخشەکانی جوگرافیا لە چەند دیاردەیەکی دیاردا قەتیسبووبێت و نواندنی بۆ کرابێت، ئەوا لە ئەمڕۆدا کارەکە ئاسانە بە هۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و سەرهەڵدانی سیستمی زانیارییە جوگرافییەکانەوە (GIS). بە تایبەت لە بواری نەخشەسازی و کارتۆگرافیادا. بەو پێیەی یەکێك لە کارەکانی جوگرافیای زمان دابەشبوونی فرەچەشنیی زمانەکانە لە جیهاندا. بۆیە سیستەمی زانیارییە جوگرافییەکان دەتوانێت لە ڕێگەی دانانی هێمای تایبەت و مۆدێلی وەسفکردنی گرافیکی بۆ زمانە جیاوازەکان، بە باشترین شێوە و کوالێتییەکی بەرزەوە نەخشەیەکمان بۆ دروستبکات کە بە پشتبەستن بە داتا و زانیارییەکان نەك تەنها زمانە جیاوازەکانمان بۆ بخاتەسەر نەخشە، بەڵکو دەتوانێت زۆر بە ئاسانی ژمارەی قسەکەرانی هەر زمانێك و شێوەی دابەشبوون و بڵاوبوونەوەیان لە شوێنە جیاوازەکانی سەر گۆی زەویدا پیشانبدات (Zui Hu, Guoan Tang, Guonian Lu, ٢٠١٤, P:٥٦٣).

**ڕەهەندەکانی پەیوەندیی نێوان زمان و جوگرافیا**

دەتوانین ڕۆڵی جوگرافیا سەبارەت بە پەیوەندی لەگەڵ زمان پەیوەستبکەین بە کۆنتاکت (پەیوەندی) لەگەڵ زانستەکانی تردا لە زۆر ڕەهەندی جیاوازەوە. باسکردن لە خاڵە هاوبەش و خاڵە جیاوازەکانی جوگرافیا و کۆمەکوەرگرتن لە زانستەکانی تر، کایەیەکە ڕۆشنایی زیاترمان پێدەبەخشێت سەبارەت بە لێکۆڵینەوە و کارکردن لە سەر زمان. بە نموونە بۆ زانینی شێوازی ڕێزمانی و داڕشتنی ئەدەبیی هەر نەتەوەیەك سوود لە زانستی زمان و بۆ ساغکردنەوەی بوونی زمان و کردنەوەی گرێکوێرە و کودەکانی زمان و ئاوڕدانە لە ئاخێوەرانی، کۆمەک لە مێژوو وەردەگرین. بۆ پرسیارکردن لە مەڕ چییەتیی زمان و شیکردنەوەی تەونە چنراوە ئاڵۆزەکانی زمان و شکاندنی کۆدەکانی، سوود لە فەلسەفە و بۆ کۆمەڵگە و گرۆی بەکارهێنەرانی سوود لە کۆمەڵناسی وەردەگرین. بۆ پەرەپێدان بە سیاسەتی زمانەوانی و بە ئیمپراتۆریەتکردنی زمان سوود لە سیاسەت و بۆ شێوازی نزا و سرووت و پەیوەندیی یونڤێرساڵی (گەردوونی) و بڵندی و پایەداری و بەرزکردنەوەی وزەی ڕۆحی سوود لە ئاین و... هتد وەردەگرین (جەباری، کازم، ٢٠٢٤، ٨).

توێژەران هەوڵدەدەن زادەی پەیوەندی لە نێوان زانستەکاندا بخەڕوو، ئەمەش یارمەتیماندەدات بۆ دروستکردنی پەیوەندی و بەستنەوەی لایەنە هاوبەشەکانی

زانستەکان لەگەڵ یەکدی و کردنەوەی دەروازەیەکی نوێ بە ئاراستەی داهێنان و هێنانەکایەی بابەتگەلی نوێ، کە شایانی توێژینەوە بن. لەم ڕوانگەیەوە لێکۆڵینەوە لە ڕەهەندەکانی پەیوەندیی نێوان زمان و زانستەکانی تر بە تایبەت زانستە مرۆڤایەتییەکان، گرنگیی خۆی هەیە و جێگەی بایەخە بە تایبەت لەمەڕ پەیوەندیی زانستەکانی زمان و جوگرافیا. هەر وەك چۆن شوێنی جوگرافی و سروشتیی کۆمەڵگە و ژینگەکەی و باری سروشتیی ئەو زەوییەی کە کۆمەڵە خەڵکێك لە سەری دەژین و نیشتەجێن و ئەم کۆمەڵە خەڵکەیش لە ژینگەی جیاوازدا دەژین و کۆمەڵگە و وڵات و هەرێمی جیاوازیان بنیاتدەنێن. کاریگەرییەکی ڕوون و ئاشکرایش لە سەر فەرهەنگ و کولتوور و زمانی ڕۆژانە و زمانی فەرمی بەجێدەهێڵن (خۆشناو، شێروان حوسێن، ٢٠١٢، ٨٩).

**”زانستی جوگرافیای زمان، لێکۆڵینەوە لە هەرێمێکی جوگرافی و مێژوویی و کۆمەڵایەتی لە یەکەیەکی زمانەوانیی دیاریکراودا دەکات. “**

بێگومان زمان وەك هۆکارێك بۆ ئاخافتن و دواندن و نوسین و مانەوە، کاریگەریی ژینگەی سروشتی و مرۆیی لە سەرە، کە دەکرێت ئەم پەیوەندییە لە چوارچێوەی جوگرافیادا ڕەنگڕێژبکرێت، هەر وەك دەکرێت دەرفەتوەربگرین و لەم گۆشەنیگایەوە بپرسین ئایا خودی جوگرافیا چییە؟ بێجگە لە جوگرافیای کولتوور و زمان، ئەوەی لە مێژوویشدا هاتووە بە دەگمەن جوگرافیایەك هەیە کە کولتوور و زمانێك دوای زەوتکردنی، ڕەنگ و سیمای خۆیان پێنەدرابێت. ئەمە دەمانباتەوە بۆ ئەو بابەتەی لە هەر شوێنێك کولتوور و زمانێك توانیبێتیان بە هێزەوە دەربکەون و ناوەڕۆکێکی سیاسی و یەکەیەکی کارگێڕی و هەرێمێکی مرۆیی بۆ خۆیان دروستبکەن، کەواتە جوگرافیایەکیان بۆ خۆیان بنیاتناوە (سابیر، ڕەفیق، ٢٠٠٨، ١٠٩). زمانێکیان کردووە بە سیمبول و شکۆی هەرێمەکەیان. هەر وەك لە جوگرافیای سیاسیشدا یەکێك لە بنەماکانی دەوڵەت زمانە. بەو واتایەی زمان دەتوانێت کولتووری هاوبەش دروستبکات و توانستی ئەوەی هەیە هەستی هاوڵاتیبوون لە وڵاتدا بەهێزتربکات.

لە بارەی ڕەگەزی سروشتیشەوە دەکرێت بڵێین هەر لە کۆنەوە دیاردە جوگرافییەکان بە نموونە تۆبۆگرافیا و زنجیرە شاخەکان کاریگەریان هەبووە لە سەر فرەچەشنیی زمان و دابڕینی قسەپێکەرانی زمانێك لەگەڵ زمانێکی تر و دواتر مانەوەیان لەگەڵ

یەکتردا و لە چوارچێوەیەکی تەسکدا، بەمەیش جۆری قسەکردنیان شێوازێکی تایبەت بە خۆیانی وەرگرتووە، چونکە هەر کاتێك ڕادەی تێکەڵاوی کەم بوو زمان کەمتر دەگۆڕێت، هەر وەك کاتێك تێکەڵاوی زیاتر بوو گۆڕانی زیاتر لە زماندا ڕوودەدات. کەوتە دیاردە سروشتییەکان سەرەڕای هۆکارە کولتوورییەکان ڕۆڵیان هەیە لە سازدانی ژینگەی تایبەت لە دروستبوون و ڕادەی مانەوەی زماندا (خۆشناو، شێروان حوسێن، سەرچاوەی پێشوو، ٩١).

هەر وەك زانستی جوگرافیا لە ڕووی مرۆییەوە توانستی ئەوەی هەیە لە ڕێگەی جیاوازەوە پەیوەندی لەگەڵ زماندا دروستبکات، بە نموونە لە ڕێگەی جوگرافیای کولتوورییەوە شیکردنەوە بۆ زمان دەکات و نیگاکان دەباتەوەلای ئەنترۆپۆلۆژیا، ئەگەرچی زمان بە یەکێک لە توخمەکانی کولتوور دادەنرێت و کولتووریش یەکێکە لە پایە و کیڵگەکانی لێکۆڵینەوە ئەنترۆپۆلۆژییەکان، بەڵام لە جوگرافیای کولتووریدا توێژینەوە لە سەر زمان، شان بە شانی ڕەگەزە کولتوورییەکانی تری وەك ئەدەب و هونەر و دابونەریت و ئاین و... هتد. دەبێتە جێی بایەخی لێکۆڵەرانی جوگرافیا چ لە ڕووی جوگرافیای سروشتییەوە یان جوگرافیای مرۆییەوە (جەباری، کازم، سەرچاوەی پێشوو، ٨).

پرسیار لەمەڕ بایەخی جوگرافیای زمان لە سەردەمی جیهانگیریدا

لە ئێستادا مرۆڤ بۆئەوەی مێژوەکەی لێونەبێت چوارچێوەی جوگرافیاکەی لێنەشێوێت، پێویستی بە سنوور نییە، بەڵکو پێویستی بە دەرچەیەکە بۆ دواندن و زمانێکە بۆ گۆکردن، چونکە مرۆڤ کاتێک هەست بە غەریبی دەکات هاوزمانێکی شکنەبات بەرخورد و گفتوگۆی لەگەڵدا بکات. زمانێک، شێوەزارێکی دەستنەکەوێت بۆ دروستکردن و دۆزینەوەی ڕایەڵەی پەیوەندییەکانی بە دەوروبەر و ژینگەکەیەوە.

پرسیار لەمەڕ جوگرافیا لە دنیای نوێدا تەنها لە چوارچێوەی چەند بابەتێکی دیاریکراوی کلاسیکیی وەک ئاووهەوا و تۆبۆگرافیا و باکوور و باشوور و... هتدا ڕەنگرێژنابێت. هەرچەندە ئاووهەوا ڕۆڵدەبینێت لە گواستنەوەی زمان بەو واتایەی کاتێک دۆخێکی سروشتیی وەک گۆڕانکاریی ئاووهەوا زۆر_دابەزین یان نزمبوونەوەی پلەکانی گەرما تەنگ بە مرۆڤ هەڵدەچنێت، ناچار بە کۆچکردن و جێهێشتنی سنوورە جوگرافیا کلاسیکییەکەی خۆی دەکات و زمانەکە و توخمە بەکارهێنەرەکانی لەگەڵ خۆی دەبات بۆ جوگرافیا و ناوچەیەکی دی، یان لە کۆندا پێش بە شەپۆلەکانی باهۆزی جیهانگیری، تۆبۆگرافیا، وەك پارێزەرێکی زمان نەک تەنها بووبوو بە زیندانی و لە جوگرافیایەکی دیاریکراودا زۆر وڵاتی مۆڵدابوو، بەڵکو زۆر وڵاتیشی لە پەراوێزی شارستانیدا هێشبووەوە.

ڕەنگە لە ئەمڕۆدا ڕۆڵی جوگرافیای زمان تەنها لەوەدا قەتیسنەبێت، کە جوگرافیا

تەنها ئەرکی تۆخکردنەوەی سنوور و چەسپاندنی نەخشەی دابەشبوونی زمان و شێوەزارەکان بێت لە نێوان دەرخستنی شوناسی نەتەوەکان لە ناوچە جیاوازەکانی جیهاندا، بەڵکو لە سەردەمی مۆدێرندا بەجیهانیبوون، وەک تابۆشکێنێک سنووری نێوان ستراکتۆرەکانی زانستە جیاوازەکانی لەمەڕ لێکۆڵینەوە لە بابەتی زمان لە یەکتر نزیکترکردووەتەوە. ئەمە بەهانەیەکی ئەرێنی (پۆزەتیف)ە بۆ دروستکردنی پەیوەندی و سڕینەوەی بەستەڵەکی نێوان زانستە جیاوازەکان، لە ناویاندا لێکۆڵینەوە لە بابەتە زمانەوانییەکان و جەختکردنەوە لە ڕایەڵەکانی پەیوەندیی نێوان زانستەکان (جەباری، کازم، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٨). لەگەڵ ئەوەیشدا یەکێك لە دیوە دزێوەکانی جیهانگیری ئەوەیە ئەمڕۆ بە هۆی شەپۆلەکانی جیهانگیرییەوە زمانە بچووکەکانی جیهان بە خێراییەك لەناودەچن، کە پێشتر وێنەی نەبووە، پێشبینیدەکرێت کە لە ماوەی نیو سەدەی داهاتوودا نزیکەی نیوەی زمانەکانی جیهان لەناوبچن، لەم دۆخەیشدا زمان و کولتووری نەتەوەیی هەر وڵاتێك ناتوانێت خۆی لە بەردەم لێشاوی زمان و کولتووری بیانیی هاوردە، کە بە شێوەی جۆراوجۆر لە ڕێی تەکنەلۆژیای نوێ و کەناڵی جۆراوجۆرەوە خۆ بەدووربگرن (سابیر، ڕەفیق، سەرچاوەی پێشوو، ١١٠).

> **"لە نێوان ئەو پرسە زمانییانەی پەیوەستن بە لایەنی جوگرافییەوە. ڕووپیوی بۆ زمانی ناوچە جیاوازەکان دەکات بە ئامانجی ئەوەی کاریگەریی شوێن لە سەر فرەیی و فرەچەشنیی زمان و شێوەزارەکان لە ناوچەیەکی جوگرافیی دیاریکراودا دەربخات"**

جیا لەوەیش پێگەی جوگرافیا لە سەردەمی مۆدێرندا بەریەککەوتنە لەگەڵ بۆتە و فێرژنە نوێیەکانی میدیا و تەکنەلۆژیا. کارکردنە لە سەر نەک تەنها مۆرکی دابەشبوونی زمان، بەڵکو جەختکردنەوەیە لە سەر هۆیەکانی دروستبوونی جیاوازیی دابەشبوونەکە لە ناوچە جیاوازەکانی جیهاندا لە ڕووی گۆکردنەوە. هەروەها زانینی زیندوویەتی و توانستی مانەوەی زمان لە بەرانبەر ئاسۆکانی شەپۆلی توندی ڕەشەبا و گێژەڵووکەکانی جیهانگیری لە سەر نەخشەکانی دابەشبوونی زمان و پۆلێنبەندیی ژمارەی بەکارهێنەرەکانیەتی (جەباری، کازم، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٨)، چونکە مەسەلەی پاراستن و دەستگرتن بە زمانەوە وەك بابەتی ئاین و ڕەگەز نییە، کە

بەرنامەیەکی ئایدۆلۆژی و فیکری دەتوانێت بیانورژێنیت و گرووپەکان پەرت و بڵاوبکات، بەڵکو کایەی زمان کایەیەکی کولتوورییە مەسەلەی مانەوە و باڵادەستی زمانی ئاخافتن و ئەدەب و نوسین و کولتووری شوێنەکە دەنەخشێنێت. کاتێك زمان توانای مانەوەی هەبوو دەبێتە ئاوێتەیەك بۆ شانازیکردن بە ڕابروو و ئێستای چڤاکەوە (سابیر، کامیار، ٢٠١١، ٢٢).

سەرباری ئەوەی سنووری واتا و بەکاربردنی جوگرافیای دەقیش وەک ئەتمۆسفیرێک زمان بەکاردەهێنێت بۆ شیکردنەوەی سنوور و ڕووبەری بەکارهێنان و گوزارشتکردن و لێکدانەوە و دیاریکردنی چوارچێوەی واتاکانی دەق. ئەمە جگە لەوەی لە کایەی نوسین و ئەدەبدا دیسانەوە زمان وەك بەشێکی بنیات/بنەڕەتی لە داڕشتنی ڕەهەندەکانی دەق و نوسین و ئەدەبدا ڕۆڵ و بەشداریی کاریگەر دەبینێت لە ڕەنگرێژکردن و واتابەخشین بە جوگرافیای دەقدا.

**”لە هەر شوێنێك کولتوور و زمانێك توانییێتیان بە هێزەوە دەربکەون و ناوەڕۆکێکی سیاسی و یەکەیەکی کارگێڕی و هەرێمێکی مرۆیی بۆ خۆیان دروستبکەن، کەواتە جوگرافیایەکیان بۆ خۆیان بنیاتناوە“**

پرسیار لەمەڕ ڕۆڵی جوگرافیا لە سەردەمی جیهانگیریدا تەنها بە دیوە پۆزەتیڤەکەی جیهانگیرییەوە ناوەستێت، بەڵکو پەردە لە سەر دیوە نەرێنی (نێگەتیڤ)ەکەی جیهانگیری هەڵدەداتەوە و لەو ڕوانگەیەوە رەخنە لە باهۆزی جیهانگیری دەگرێت بەوەی کە جیهانگیری کارکردنە بۆ بە ئیمپراتۆریەتکردنی زمانی باوی فەرمانڕەوای دەسەڵاتداری جیهان و شێلگیرە لەگەڵ قۆرغ (مۆنۆپۆڵ)کردن و سەپاندن و بەمۆدکردنی کولتوور و فەرهەنگەکەی و سڕینەوەی کیان و قەوارە زمانییە بچووکەکان و توانەوە و لەناوبردنی جۆراوجۆریەتیی زمان و شێوەزار و فەرهەنگی زۆر نەتەوەی ژێردەستە لە ڕێگەی زۆر هۆکاری وەک کۆڵۆنیالیزەکردن و بەمۆدکردن و تەونەکانی میدیا و تەکنەلۆژیا و... هتدەوە (جەباری، کازم، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٨).

لێرەوە پەیوەندیی نێوان جوگرافیا و کایە جیاوازەکان بە زمانیشەوە پەیوەندییەکی سوودگۆڕکێیە و دەرگا لە سەر شیکردنەوە بابەتییەکان دەکاتەوە. دواجار ئاوێتەبوونی زانستە جیاوازەکان و ڕۆڵپێدان بە ئاشکراکردنی پەیوەندییەکانیان، دەبێتە هۆی گەشەپێدانی بیر و دیدی نوێ، جیا لەوەی داهێنان دەخوڵقێنێت و ژینگەیەکی لەبار بۆ لێکۆڵینەوە زانستییەکانیش فەراهەمدەکات.

## ئەنجام

١. زمان بە تەنها کردەیەکی خۆڕسك نییە، بەڵکو ئامرازێکی گرنگە بۆ ئاخافتن و دواندن، هۆکارێکیشە بۆ لێکتێگەیشتن و گۆکردن و دەربڕین. هەروەها زمان دەبێتە هۆی دروستکردنی پەیوەندی و کۆنتاکت لە نێوان مرۆڤەکاندا. بە جۆرێك هەندێك لە زانایان زمان بە هۆکاری جیاکەرەوەی نێوان مرۆڤ و بونەوەرەکانی تری سەر گۆی زەوی دادەنێن.

٢. جوگرافیا بە یەکێك لە لقەکانی مەعریفە دادەنرێت و یەکێکە لە کۆنترین زانستەکان، کە بایەخ بە دیاردە سروشتی و مرۆییەکان دەدات و لە پەیوەندیی نێوان دیاردەکان دەکۆڵێتەوە، بوار و مەودایەکی فراوانی هەیە بۆ لێکۆڵینەوە. سەروکار و لینکی لەگەڵ زۆرێك لە زانستە سروشتی و زانستە مرۆییەکاندا هەیە؛ لە ناویاندا زمان.

٣. جوگرافیای زمان لقێکە لە زانستە مرۆڤایەتییەکان و بە بەشێك لە جوگرافیای مرۆیی دادەنرێت و لەو فاکتەرە جوگرافییانە دەکۆڵێتەوە، کە کاریگەری لە سەر زمان هەیە. چ لە ڕووی دابەشبوون و بڵاوبوونەوەیان لە جیهاندا لە سەر نەخشە و ئەتڵەسەکان، یان ئەو فاکتەرە شوێنی و ژینگەیی و کولتوورییانەی کە کاریگەرییان لە سەر جیاوازی و فرەچەشنیی زمان هەیە.

٤. پەیوەندیی نێوان جوگرافیا و زمان وەك پەیوەندیی نێوان زۆرێك لە زانستە مرۆڤایەتییەکان، پەیوەندییەکی بە بایەخە و لە زۆر ڕەهەندەوە دەرگا لە بەردەم دەلاقەیەکی نوێدا دەکاتەوە بە ئاڕاستەی لێکۆڵینەوە لە دۆزینەوەی خاڵی هاوبەش و ئەو نزیکایەتی و پەیوەندییە تەواوکارییەی کە لە نێوان زانستەکانی زمان و جوگرافیادا هەیە. ئەم پەیوەندییە لە چەندین ڕەهەندی جوگرافیی سروشتی و مرۆیی وەك: کاریگەریی شوێن و ژینگە و... هتد و کاریگەریی کولتوور و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا و تەکنیکە نوێیەکانی وەك سیستەمی زانیاریە جوگرافیاکاندا دەردەکەوێت.

٥. لە سەردەمی نوێدا شەپۆلەکانی جیهانگیری گرەو لە سەر قوردەرەتی مانەوەی زمان دەکەن، ئەگەرچی ئەمڕۆ جیهانگیری و تەکنەلۆژیا و سۆسیال_میدیا، کە لە زۆر ڕەهەندەوە باڵایان بە سەر جیهاندا کێشاوە و بوون بە هۆی لەناوچوونی هەندێك لەو زمانانەی کە لە کۆندا زمانی شاهەنشا و زمانی باوی سەردەمی خۆیان بوون، بەڵام لە ئێستادا جگە لە کەمینەیەك زیاتر نین. هاوکات لە سایەی سیستەمی نوێی جیهان و هێزە باڵادەستەکانەوە لە پێناو فەرزکردنی هەژموونی سیاسی و کولتووری و فەرهەنگیی خۆیان نەك تەنها زمان، بەڵکو کولتوور و ڕەسەنایەتیی زۆر وڵات و نەتەوەی خاوەن_ شارستانیی بندەستیان خستووەتە پەراوێزەوە.

## لیستی سەرچاوەکان

### سەرچاوە کوردییەکان:

### یەکەم: کتێبەکان:


١. سابیر، ڕەفیق، ٢٠٠٨، کولتوور و ناسیۆالیزم، سلێمانی: چاپی سێیەم، چاپخانەی تیشك.
٢. سابیر، کامیار، ٢٠١١، ئەنسرۆپۆلۆجیای زمانی کوردیی پرۆسێسی ستاندەردبوونی، سلێمانی: چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاوێنە.
٣. سەدرەدین، کازم ئەحمەد، ٢٠١٣، جوگرافیای کولتووری ناوچەی جەباری، سلێمانی: چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ.


### دووەم: گۆڤارەکان:


١. خۆشناو، شێروان حوسێن، ٢٠١٢، دیالێکتی جوگرافی، گۆڤاری گزنگ، ژمارە (٩٤).
٢. جەباری، کازم، ٢٠٢٤/٢/٢٥، پەیوەندیی نێوان جوگرافیا و زمان، کوردستانی نوێ.


### سەرچاوە عەرەبییەکان:

### یەکەم: کتێبەکان:


١. بایو ماریو، ١٩٨٠، أسس علم اللغة، ترجمة: أحمد مختار عمر، عالم الکتب، القاهرة-مصر.
٢. العبیدي، رشید عبدالرحمن، ٢٠٠٢، مباحث في علم اللغة و اللسانیات، الطبعة الاولی، دار الشؤون الثقافة العامه، بغداد.


### دووەم: گۆڤارەکان:


١. بن عون، الزبیر، محمد در، ٢٠٢٠، الجغرافیا اللغویة موضوع و مجالات البحث، مجلة العلوم الاجتماعیة، المجلد ١٤، العدد ٢.
٢. الحمید، عبدالعزیز بن حمید، ٢٠١١، علم اللغة الجغرافي بین حداثة المصطلح وأصوله لدی العرب، مجلة الدراسات الغویة و الأدبیة، سنة الثانیة، عدد الثاني.
٣. خیرة، بلجیلالي، ٢٠١٨، علم اللغة الجغرافي مفهونه و أصوله عند العلماء العرب، مجلة الفکر المتوسطي للبحوث والدراسات في حوار الدیانات والحضارات، مجلد ٧، عدد ٢.


### سەرچاوە ئینگلیزییەکان:


1. Zui Hu, Guoan Tang, Guonian Lu, 2014, A new Geographical Language A perspective of GIS, Journal of Geographical Sciences 24, (3).: https://doi.org/10.1007/s11442-014-1106-2

# ڕەنگدانەوەی زمانی بازاڕ
# لە گوتاری سیاسیی کوردیدا




* ماستەر لە زمانی عەرەبی/ زانکۆی سەلاحەدین
* ماستەر لە وەرگێڕان/ زانکۆی لیۆن
* دکتۆرا لە زمانەوانی/ زانکۆی لیۆن، فەڕەنسا
* ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان.
* سەرنووسەری گۆڤاری ئاژین

پ. ی. د. فازل حەمەسەعید


سادەترین پێناسەی زمان ئەوەیە، کە ئامرازێکە بۆ پەیوەندی و لێکتێگەیشتن و گەیاندی مەبەست. بەو پێیەی پەیوەندی و مەبەستەکان جیاوازن، زمانیش جیاوازدەبێت؛ واتە مرۆڤ لە هەموو کات و شوێنێکدا بە هەمان شێواز نادوێت، بگرە هەر بابەت و مەبەستێک، هەر کات و شوێنێک، زمان و شێوازی دەربڕینی تایبەت بە خۆی هەیە، ئەمەش پێماندەڵێت کە زمان و شێوازی دەربڕین بە هەلومەرج و شوێن و کاتی قسەکردنەوە پەیوەستە، ئەمە لە لایەک، لە لایەکی تریشەوە بە پێگە و کەسایەتی و تێگەیشتن و دنیابینیی کەسی ئاخێوەرەوە پەیوەستە. بۆ نموونە: ئەو شێوازەی لە کاتی دەربڕینی خۆشحاڵیدا بەکاریدەهێنین جیاوازە لە زمانی کاتی ماتەمی و کارەسات، یان ئەو زمانەی کەسێکی ئاینی قسەیپێدەکات لە زمانی کەسێکی ئاسایی ناچێت.

جیاوازیی شێوازی دەربڕین و تایبەتمەندیی ئەو زمانەی هەر چینێک بەکاریدەهێنێت بابەتێکی سەلمێنراو و ئاشکرایە، زانایانی بواری زمان و کۆمەڵناسی کاریان لە سەر کردووە، وەک بازیل برێنشتاین، ماریۆ بای، هایڤەر سی کاری و زۆری تریش. زانستی زمان و زمانەوانیی کۆمەڵایەتییش کۆکن لە سەر ئەوەی کە زمان بە پێی هۆکار و هەلومەرجە جیاوازەکان دەگۆڕێت. بۆ نموونە:

- به گوێرەی ئەو ئەرکەی پێیدەسپێردرێت، واتە کەسی ئاخێوەر دەیەوێت چ پەیامێک بگەیەنێت؟ زمانی گێڕانـەوەی ڕوداوێکی مێژوویی جیاوازە لە زمانی بابەتێکی زانستی، هەردووکیشیان جیاوازن لە زمانێکی ئەدەبیی پڕ لە هەست و سۆز و وێنەی خەیاڵی و کاریگەر.

- به گوێرەی ئاستی تێگەیشتن و پلەی کۆمەڵایەتیی کەسی ئاخێوەر، بۆیە کەسێک کە پێگەیەکی هەیە، یان ئاستێکی بەرزی تێگەیشتن، یان بەرپرسیارێتییەکی هەیە، لە کاتی قسەکردندا هۆشیارتر و سەنگینتر دەردەکەوێت، ژیرانە دەست بۆ وشە و دەربڕینەکان دەبات، خۆ ئەگەر وانەکات، لەوانەیە کەمترین هەڵەی دەربڕین زۆرترین کاریگەریی نەرێنی لێبکەوێتەوە.

- به گوێرەی شوێن و ناوچەی جوگرافی، بۆ نموونە: چۆنیەتیی زمان و شێوازی دەربڕینی شارنشینێک جیاوازە لە گوندنشینێک، لە ڕووی وشە و بابەت و دەربڕینەوە.

- به گوێرەی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی، شیوازی قسەکردنی ئەندامانی خێزانێک لە نێوان خۆیاندا جیاوازە لەوەی لەگەڵ بێگانەیەک قسەبکەن، هەروەها چۆنیەتیی قسەکردنی دوو هاوڕێی نزیک وەک قسەکردنی مامۆستا و قوتابی نییە.

- به گوێرەی ناوەندی قسەکردن، بۆ نموونە: ئەو زمانەی لە بازاڕ و سەرشەقامدا بەکاردێت، لە دامەزراوەیەکی فەرمیدا بەدیناکرێت، یان زمانی گازینۆ و سەرشەقام هەرگیز گونجاو نییە بۆ دیدارێکی زانستی، یان کۆڕێکی ئەدەبی، یان بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنی.

کەواتە زمانی هەر بوار و کات و شوێنێک تایبەتمەندیی خۆی هەیە، پێویستە ڕەچاوبکرێت تا مەبەستی سەرەکی بگەیەنێت و ئامانج بپێکێت.

ئەوەی لە بارەی زمانەوە وترا بۆ گوتاریش هەر ڕاستە، واتە هەر گوتارێک بە چەند تایبەتمەندییەک لە گوتارێکی تر جیادەکرێتەوە، بۆ نموونە: گوتاری زانستی گوتارێکی ورد و بابەتییانەیە، دوورە لە ڕەگەزی سۆز و بابەتی کەسایەتی، بە پێچەوانەی گوتاری ئەدەبییەوە کە تەژییە لە وێنە و خەیاڵ و سۆز و بابەتی جوانکاری لە ڕوخسار و ناوەڕۆکدا. ئەمە بۆ هەموو گوتارەکانی تریش هەر ڕاستە، بە ئەندازەیەک هەریەکەیان سیمای جیاکاریی خۆی هەیە.

ئەگەر بێینەسەر گوتاری سیاسی وەک یەکێک لە گوتارە بەربڵاوەکان، دەبینین سروشتێکی جیاوازی هەیە و بە ڕوخساری تایبەت بە خۆیەوە دەردەکەوێت، ڕوخسارێک لەگەڵ جۆری ئەو بابەتانەدا بگونجێت، کە دەبنە ناوەڕۆکی ئەم گوتارە. بەشێک لە تایبەتمەندییەکانی بریتین لە:

- گوتاری سیاسی گوتارێکی جەماوەرییە، لەبەرئەوەی باس لە کێشە سەرەکییەکانی

ژیانی هاوڵاتیان دەكات، ئەمەیش وادەكات پەیوەندی بە هەموو تاكێكەوە هەبێت، بۆیە زۆرترین خەڵك گوێ لە سیاسییەكان دەگرێت، ئەمە لە لایەك؛ لە لایەكی تریشەوە سروشتی ئەم گوتارە وایە كە ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ ئاڕاستەی جەماوەر دەكرێت بە مەبەستی كارلێكردن و بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی زۆرترین كەس.

- گوتارێكی واقعییە، وەك لە سەرەوە وتمان، ئەم گوتارە باس لە بابەتە زیندوو و پەیوەستەكانی بە ژیانی خەڵكەوە دەكات، واتە گوتارێكە تێكەڵە بە ئەزموونی كردەی سیاسی، پەیوەندی بە دامەزراوە حكومی و حزبیەكانەوە هەیە. دەتوانین بڵێین ئەم گوتارە دەبێتە كرداریش، پێچەوانەی گوتارێكی ئەدەبی كە لەوانەیە زیاتر بۆ بزواندنی سۆز بێت، نەك ئەنجامدانی كارێك لە ژیانی ڕۆژانەدا.

## ” زمان بە پێی هۆكار و هەلومەرجە جیاوازەكان دەگۆڕێت “

- گوتارێكە كارلێكی لێدەكەوێتەوە، واتە تەنیا دەقێكی نوسراو نییە، بەڵكو گوتارێكە لە نێوان تاكی سیاسی و جەماوەر، یان سیاسی و نەیارەكەیدا دەگوزەرێت، ئەمەیش وادەكات گوتارێكی كراوە بێت بە سەر لایەنێك، یان چەند لایەنێكی جیاوازدا؛ بە واتایەكی تر: كاردانەوەی لێدەكەوێتەوە، یان ئەوەتا ڕەزامەندیی بەرانبەر وەردەگرێت و وەریدەگێڕێتەسەر كردە، یان ئەوەتا پەسەندیناكات و بەرپەرچیدەداتەوە چ بە قسە، یان بە كردار.

- گوتاری باوەڕپێهێنان و بەڵگاندنە: چونكە مەبەست لەم گوتارە ئەوەیە كار لە زۆرترین جەماوەر بكات، بۆ ئەم مەبەستەیش پەنادەباتەبەر بەڵگاندن تا بتوانێت مەبەستی خۆی بپێكێت.

لەبەر ئەو تایبەتمەندییانە، خاوەنی ئەم گوتارە هەوڵدەدات سەركەوتوانە پەیامەكەی بگەیەنێت، بە بەكارهێنانی زمانێكی گونجاو لەگەڵ مەبەستی گوتارەكە و جەماوەریشدا، زمانێكی ڕوون و شیاو و پەسەند.

هەرچەندە گوتاری سیاسیی زمان و خەسڵەتی تایبەت بە خۆی هەیە، بەڵام هەندێك جار كاریگەردەبێت بە جۆرەكانی تری گوتار و لە تایبەتمەندییان وەردەگرێت، وەك وەرگرتنی دەربڕین و وێنەی هونەری لە گوتاری ئەدەبی. سەرەڕای ئەوەی زمانی سیاسیی زیاتر گرنگی بە ناوەڕۆك دەدات نەك ڕوخسار، كەچی ناوبەناو پەنادەباتەبەر جوانكاریی ڕوخسار تا بنوانێت زیاترین كاریگەری لە سەر وەرگر و جەماوەر بەجێبهێڵێت.

هەر وەك چۆن دەكرێت زمانی گوتاری سیاسی تایبەتمەندیی جوانیی گوتارەكانی

تر وەربگرێت، ئاوایش دەکرێت خۆی لەبیربچێت و وەک زمانێکی نزم و زبری سەرشەقام و بازاڕ دەربکەوێت، کە زمانێکی دوورە لە ڕەوشتی کۆمەڵایەتی، دوورە لە تێگەیشتن و پێگەیشتن، بگرە ئاماژەیە بۆ نەبوونی هەستی بەرپرسیاری و کورتبینی و بەرژەوەندیخوازیی کەسی سیاسی، یان بۆ ئەو مێژوو و پاشخانەی هەیەتی. بەو پێیەی گوتاری سیاسی لە بنەمادا گوتارێکی پەیامدارە، کەسی سیاسییش هەمیشە بە دوای بردنەوە و بەدەستهێنانی زۆرترین دەستکەوتەوەیە، ئەمە وادەکات بۆ گەیشتن بە مەبەست هیچ هەلێک لەدەستنەدات، جا ئەگەر ئەو هەلە خۆی لە زمانی سەرجادە و ناوبازڕیشدا ببینێتەوە، واتە گوتارەکە لە ئاستی خۆی دێتەخوارەوە، کەسی سیاسییش دەستناپارێزێت لە هەر هێرشێکی لە ڕێی زمانەوە، خۆی ناپارێزێت لە ناوزڕاندن و شکاندنی کەسایەتیی نەیارەکانی، بە هەر بەهایەک بێت، ئامادەیە کای کۆنێش بەبابکات، بۆیە زۆر جار هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژووی کەس و لایەنی نەیار زۆرترینی لە گوتارە سیاسییەکاندا ئامادەییدەبێت. لێرەدا دەکرێت بپرسین: ئایا زمانی زبری گوتاری سیاسیی شار، درێژکراوەی شەڕی سەربازی و خویناویی شاخە؟

> **”زمانی هەر بوار و کات و شوێنێک تایبەتمەندیی خۆی هەیە، پێویستە ڕەچاوبکرێت تا مەبەستی سەرەکی بگەیەنێت و ئامانج بپێکێت“**

مێژووی شاخ، جگە لە دیوە گەشەکەی کە بریتییە لە قارەمانێتی و سەروەری و گیانفیدایی و نەبەردی، دیوێکی تری نەخوازراویشی هەیە، کە براکوژی بەشێکیەتی. هەندێک جار لە ململانێ سیاسییەکاندا بۆنی ئەو شەڕە دەکرێت، نەیارەکان بەو نەفەسەوە لە یەکتر دەدوێن. لە ڕاستیدا کاتێک سیاسی دەست بۆ مێژووی بەرانبەرەکەی ئەبات، بە ئاسانی دەتوانێت جەماوەری خۆی هانبدات و بزوێنێت، بەڵام بە هەمان ئەندازە جەماوەری بەرانبەریش تورەدەکات، جگە لەوەی کە مێژووی خۆی و حزبەکەیشی دەکەوێتەبەر تیغی نەیاران، سەرئەنجام هەردوولا پێکەوە دۆخێکی دوور لە ململانێی سیاسی دروستدەکەن، دۆخێک بۆنی پێکدادانی شاخی لێدێت، نەک کێبڕکێی شار.

مەترسیی ئەم زمانە زبر و بازاڕییە لەودایە، کە ئەگەر بە پێی تیۆری کردەی قسەیی (Speech Act) سەیری گوتاری سیاسییەکان بکەین، ئەوا دەتوانین بڵێین هەر لێدوان و گوتارێکی زبر و توندیان لەوانەیە ببێتە سوتەمەنیی ئاگرێک کە لە چاوەڕوانی داگیرساندا ئێشکیگرتووە. بەم پێیە لێداونی توند و زبر، کردەی نەخوزراوەی لێدەکەوێتەوە. واتە

مەرج نییە تەنها بە قسە بمینێتەوە، بەڵکو دەبێتە کرداری نەخوازراو، لە جۆری هاندان و پێکدادانی بنکە جەماوەرییەکان، هەر هیچ نەبێت دروستکردن و ئەستوورکردنی ڕق و کینەی هاوڵاتیان، کە بە پێی ڕۆژ کۆندەبێت، بەڵام گوتاری نابەرپرسانەی سیاسییەکان ڕوحی بەبەردادەکات و ناهێڵێت لەناوبچێت، ئەمەیش نابێت بە کەم و بێمەترسی سەیربکرێت، چونکە شەڕ بە کۆنەقین دەکرێت.

ئەوەی ئەم ڕاستییە پشتڕاستدەکاتەوە ئەوەیە کە بینیومانە چۆن ئەو زمانە توند و زبرەی لە گوتاری سیاسییەکاندا دەبینرێت، سەری بۆ کێشە و ناسەقامگیریی سایسی و کۆمەڵایەتی کێشاوە، بووە بە هۆی هاندان و بەگژیەکدادانی جەماوەر، لەوەیش زیاتر سوتاندنی بارەگا و کوشتنی نەیارە سیاسییەکانی لێکەوتووەتەوە، چونکە ئەو توندی و بێمنەتییەی لە گوتاری سیاسییەکاندا دەردەکەوێت، لە لای بنکەی جەماوەری وەک ئاماژە و ڕێگەپێدانی توندوتیژی لێکدەدرێتەوە، لەبەرئەوەیە دەڵێین ئەم گوتارە وەک قسە دەبیسترێت، بەڵام وەک کرار دەبینرێت.

> **گوتاری سیاسی گوتارێکی جەماوەرییە و کارلێکی لێدەکەوێتەوە. هەروەها گوتاری باوەڕپێهێنان و بەڵگاندنە**

چەندین هۆکار وادەکەن کە زمانی سیاسی لە ئاستێکی باڵاوە دابەزێت بۆ ئاستێکی نزم و هاوتای زمانی سەررشەقام و ناوبازاڕ دەربکەوێت، لەوانە:

- بانگەشەی حەقی ڕەها: بەشێک لە لایەن و سیاسییەکان وادەزانن ڕاستی و نەتەوایەتی لە سەر ئەوان تاپۆکراوە، بە ئەندازەیەک هەموو جوڵە و مامەڵەیەکی خۆیان بە پەسەند دەزانن، تەنانەت ئەگەر جوڵەی دژبەیەکیش بێت، بە دەربڕینێکی تر: ئەگەر ئەمڕۆ کارێک بکەن و سبەی پێچەوانەکەی، ئەوا بیانوویان بۆ هەردووکیان هەیە، لە هەموو بارێکیشدا نەیارەکان بە هەڵە دەزانن، دەست لە هیچ تۆمەتێکیش ناپارێزن، واتە لە بارە دژبەیەکەکانیشدا هەر خۆیان پێ ڕاست و بەرانبەریان پێ هەڵەیە، بەبێ هیچ سڵەمینەوەیەک ئامادەن بە بەرانبەر بڵێن خۆفرۆش و بەکرێگیراوی دوژمنان.

- یەکانگیرکردنی بەرژەوەندیی حزب و بەرژەوەندیی نەتەوە: ئەو هۆکارەی سەرەوە وادەکات ئیتر حزبێک، یان زیاتر بەرژەوەندیی خۆی و نەتەوە وەکو یەک ببینێت، دژایەتیی سایسەت و بەرژەوەندی و بەرنامەی کاری، بە دژایەتیی بەرژەوەندیی وڵات و نەتەوە نیشاندەدات، ئەمەیش دەکاتە بیانوو بۆ هەر هەڵەیەک بەرانبەر نەیارەکانی، ئەگەر نایاسایی و نادەستووریش بێت. دەکرێت داخستنی پەرلەمان لە قۆناغێکدا بە

ڕووی سەرۆک و ئەندامەکانیدا بچێتە ئەم بوارەوە، یان دوو_ئیدارەیی کە تا ئێستا زۆر کاڵنەبووەتەوە.

- لاوازیی سیاسییەکان: بەشێک لە سیاسییەکان لاوازن و وەک پێویست لە گرنگیی پێگەکانیان تێناگەن، بۆیە هەرچەندە هەوڵێشبدەن ناتوانن زمانێکی باڵا بەکاربهێنن، کەمترین زەبر توشی شڵەژانیان دەکات و هاوسەنگیی خۆیان لەدەستدەدەن، ئیتر ئەو زمانە بەکاردەهێنن کە زۆربەی کاتەکان بە زۆر شاردوویانەتەوە، ئەگەرنا لە ڕاستیدا بە سروشتی خۆیان کەسی پابەند نین، بۆیە نایشتوانن لە کاتی تێکچوون و هەڵچووندا پابەندی ئەخلاقیاتی پێگە و ئەرکە سیاسی و ئیدارییەکانیان بن. جگە لەوەیش لە کاتە ئاساییەکانیشدا زمانێکی سادە و خاڵی لە ناوەڕۆکێکی قووڵی فکری بەکاردەهێنن، ئەمەیش بەو واتایەی کە زمانی سیاسییەکان ڕەنگدانەوەی کەسایەتیی خۆیانە.

**"چەندین هۆکار وادەکەن کە زمانی سیاسی لە ئاستێکی باڵاوە دابەزێت بۆ ئاستێکی نزم و هاوتای زمانی سەرشەقام و ناوبازاڕ دەربکەوێت"**

- تێکچوونی پێوەرەکانی دانانی کەسی سیاسی: زۆر جار دانانی بەرپرس و بەرپرسەکان بە هۆی لێهاتووی و کێبڕکێی توانکانەوە نییە، بەڵکو پاڵاوتنێکە لە سەر بنەمای خزمایەتی و ناسراوی و شتی تر، ئەمەیش وادەکات کەسی شیاو نەگاتە شوێنی شیاو. لێرەوە کەسی نەشیاو ناتوانێت مامەڵەیەکی شیاو بکات، چ بە قسە چ بە کردە.

- نەبوونی چاودێری و لێپێچینەوە: ئەمەیش هۆکارێکە وایکردووە ئەم زمانە زبرە لە گوتاری سیاسیدا ببینین، چونکە کاتێک سیاسییەک نابەرپرسانە دەدوێت و زمانێکی ئاگرین بەکاردەهێنێت؛ لێپێچینەوەی لەگەڵ ناکرێت، بگرە پێگەی بەرزتردەبێتەوە، چ لە لای جەماوەر چ لە لای حزب؛ ئەمەیە وادەکات بەشێک لە کاندید و بەربژێرەکان لە ڕێی قسەوتن و زمانی توندەوە بگەنە پەرلەمان.

ئەم هۆکارانە و چەندین هۆکاری تریش زمانێکی تایبەت بە گوتاری سیاسی دەبەخشن، زمانێکی کە لێوانلێوە لە ئاماژە و بۆنی خوێنی لێدێت. ئەمەیش مەترسیی خۆی هەیە، چونکە لەم کاتانەدا زمان تەنیا واتا ڕووکەشییەکان نابەخشێت، بەڵکو پەیامی شاراوەیش دەگەیەنێت، بۆ نموونە: کاتێک ئەوروپا دەوڵەتی عوسمانی ناونابوو "پیاوە نەخۆشەکە"، ئاماژەی ئەوەی تێدابوو کە لاوازە و کات گونجاوە بۆ لەناوبردنی. واتە ئەو زمانەی لە ناوەندە سیاسییەکاندا بەکاردێت، دوور نییە لە واقع/کەتواردا ببێتە کردەی شەڕ و خوێنڕێژی. بۆ نموونە: هەر ئەو چەکەی دەوڵەتە زلهێزەکان هەیانە و

ناویدەنێن چەکی بەرگری، ئەگەر دەوڵەتێکی تر هەیبێت ئەو کاتە بە چەکی کۆمەڵکوژ ناویدەبەن، ئەمەیش بە واتای ڕێگەدان بە پەلامار و لەناوبردن دێت، وەک ئەوەی هاوپەیمانان بەرانبەر عێراق کردیان.

**" ئێمە کە هێشتا بە دەست چەندین کێشەی ژیانەوە دەناڵێنین، ئەم زمانە زبرەیش هێندەی تر برینمان بەسوێ و ئەرکمان قورستردەکات و دەبێتە باری سەر باران "**

لەوانەیە کەسێک بڵێت: ئەم زمانە توندە تەنها لە گوتاری سیاسیی کوردیدا نییە، لە وڵاتانی تریشدا هەیە. لە ڕاستیدا بوونی ئەو جۆرە زمانە لە هەر شوێنێکی تر، ڕەوایی بە بەکارهێنانی نادات، ئەمە لە لایەک؛ لە لایەکی تریش ئەگەر لە هەر وڵاتێکی خاوەن_ سەروەری و کیانی سەربەخۆ و سنووری پارێزراوەوە بەکاربێت؛ لەوانەیە زۆر نەبێتە مەترسی لە سەر ئەو وڵاتە، بەڵام بۆ ئێمە کە وەک ماستی نەمەییوین، هەر زەبرێک با کەمیش بێت زۆرترین زیانمان پێدەگەیەنێت، هێندەی تر ئاسایشی وڵات و سەقامگیریی کۆمەڵایەتیمان دەخاتەبەر مەترسییەوە، بۆیە بەرپرسیارێتیی سیاسییەکانی ئەم وڵاتەی ئێمە زۆر گەورەترە، هێندەی ئەو بەرپرسیارێتییە دەبێت وریا بن لە هەر وتە و کردەیەکیان. بۆ ئێمە کە هێشتا لە قۆناغی گاگۆڵکێداین و سەرپێنەکەوتووین، ناتوانین پێ بە پەێی خەڵکی تر برۆین. ئێمە کە هێشتا بە دەست چەندین کێشەی ژیانەوە دەناڵێنین، ئەم زمانە زبرەیش هێندەی تر برینمان بەسوێ و ئەرکمان قورستردەکات و دەبێتە باری سەر باران

# ڕۆڵی یاساکان لە داڕشتنی سیاسەتی زمانیی لە هەرێمی کوردستان و عێراق




* پرۆفیسۆری یاریدەدەر لەیاسای گشتی-یاسای کارگێڕی.
* سەرۆک بەشی یاسا لە زانکۆی جیهان-سلێمانی.
* ئەندامی دەستەی نووسینی گۆڤاری زانستی زانکۆی جیهان-سلێمانی

پ. ی. د. ئیسماعیل نەجمەدین زەنگنە


**پێشەکی**

زمانی هەر نەتەوەیەك ناسنامەی ئەو نەتەوەیەیە، ئەگەر ئەم قسەیە بۆ نەتەوە خاوەن-دەوڵەتەکان دروست بێت، ئەوا بۆ ئەو گەل و نەتەوانەی ژێردەستە یان نەتەوەی دووەم و سێیەمن لە وڵاتدا ئەوا ئەو ناسنامەیە ڕووبەڕووی مەترسیی زۆر دەبێتەوە، مەرج نییە ئەو مەترسییە لە دەرەوەی سنوورەکانەوە هاوردەبکرێت، دەگونجێت سەرچاوەی هەڕەشە جدییەکان ناوخۆی هەرێمی وڵاتەکە بێت.

لەم نێوەندەدا چەندین پێگە و ئاست دەخوازێت لە پشتەوەی سەنگەرەکانی پاراستنی زمانەوە بوەستن و بە شێوەیەکی ڕوون و لێبڕاوانە بەرپەرچی هەر جۆرە هەڕەشە و مەترسییەك بدەنەوە، کە ڕووبەڕووی زمانەکە دەبێتەوە، لە سەرووی هەموانەوە ڕۆڵی یاسادانەر پێویستە بەرجەستەتر بێت. لە ڕێگەی دەرکردنی یاساگەلێکەوە بە دیوێك پابەندی بخاتەسەر دامودەزگا و لایەنە پەیوەندیدارەکان و تاکەکانی کۆمەڵگایش بۆ هەنگاوهەڵگرتن بەرەو پاراستنی زمانی کوردی، لە دیوێکی دیکەیشدا سزای یاسایی دیاریبکات بۆ ئەو کەس و لایەنانەی بە پێچەوانەی سیاسەتی پاراستنی زمانەوە هەڵسوکەوتدەکەن.

شاراوە نییە پاراستنی زمان ئەرکی تەنها لایەنێك نییە، بەڵکو ئەرکێکە لە ئەستۆی تەواوی دامەزراوە دەوڵەتییەکان و تاکەکانی کۆمەڵگایشدایە، ئەو ئەرکەیش هەماهەنگییەکی تۆکمە و گشتگیری پێویستە، بە واتایەکی دیکە سیاسەتێکی هەمەلایەنە و گشتگیر دەخوازێت بە ئامانجی گۆڕینی باری زمانپارێزی لە هەوڵ و پڕۆژەی تاکەکەسییەوە بۆ خەم و داخوازیی گشتی.

نابێت ئەوەیش نادیدەبگیرێت کە چوارچێوەی باسکردنی بابەتی پەیپەرەکە سیاسەتی زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا دەگرێتەوە، بەو پێیەی گرفتی زمانیی کوردی بە تەنها لە هەرێمی کوردستاندا نییە، بەڵکو لە پارچەکانی دیکەی کوردستان پێگە و ڕۆڵ و باری زمانی کوردی لە ئاستێکی پێویستدا نییە، لە هەر وڵاتێکدا دەکرێت بڵێین سیاسەتی زمانیی ئەو وڵاتانە لە سەر بنەمای بەهێزکردنی زمانی باڵادەستە نەك زمانی کوردی.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاستییانەی لە سەرەوە باسکران، بە پێی پلانێکی زانستی بابەتی توێژینەوەکەمان گەنگەشەدەکەین بە پشتبەستن بە ڕێبازی زانستی شیکاریی وەسفی/ پەسنی، بەم جۆرە: تەوەری یەکەم تەرخاندەکەین بۆ ناساندنی سیاسەتی زمانی. هەرچی تەوەری دووەمە، تەرخاندەکەین بۆ ڕونکردنەوەی توانای یاسا بۆ ئاڕاستەکردن و پاراستنی سیاسەتی زمانی لە هەرێمی کوردستاندا.

**تەوەری یەکەم: چەمکی سیاسەتی زمانی و پاڵنەرەکانی داڕشتنی**

لەم تەوەرەدا هەوڵدەدەین چەمکی سیاسەتی زمانی لە چوارچێوەی دوو داواکراودا گەنگەشەبکەین:

**داواکراوی یەکەم: ناساندنی سیاسەتی زمانی**

سیاسەتی زمانی چەندین پێناسەی بۆ کراوە، بەشێك پێیانوایە سیاسەتی زمانی بریتییە لە: "هەڵوێستە فەرمییە وەرگیراوەکانی حکومەت لە بارەی بەکارهێنانی زمان و ڕەچاوکردنی". لێرەیشدا بە تەنها مەبەست هەڵوێستە بەرجەستە پاڵپشتکراوەکان نییە بە کردەیی لە وێنەی دەرکردنی یاسا و بڕیار، بەڵکو ئەو هەڵوێستە دەگونجێت پاڵپشت بێت بە هێزەوە وەك لە وتار و پەیامەکاندا بەرجەستەدەبێت، یان دەکرێت لە وێنەی ڕاسپاردە و پێشنیاز و هی دیکەدا بێت.

بەشێکی دیکە پێیانوایە سیاسەتی زمانی وەك زاراوە هەموو ئەو ڕێکارە وەرگیراوانە دەگرێتەوە، کە لە لایەن دەسەڵاتەکانەوە وەردەگیرێت و پەیوەندیدارن بە ڕێکخستن و بەکارهێنان و بڵاوکردنەوەی دەربڕینە زمانییە دڵخوازەکانەوە، بەو مەرجەی ئەو ڕێکارانە بچنەژێر ڕکێفی سیستەمی تەشریعی و ڕاوێژکارییەوە (الدريساوي و المياحي،

٢٠٢٠، ٢٢٥). بەو جۆرە ئەم تێڕوانینە سیاسەتی زمانی لە واتایەکەدا قەتیسدەکات ئەویش بریتییە لە: وەرگرتنی بڕیارگەلێك لە لایەن لایەنە دەسەڵاتبەدەستەکانەوە سەبارەت بە چەند بژاردەیەکی پەیوەندیدار بە زمانەوە، کە دەکرێت جێبەجێبکرێن، یان نا (عمارة، ٢٠٢٠، ١٣٨).

شارەزایانی بواری سیاسەتی زمانی زۆر جار ئەم زاراوەیە لەگەڵ زاراوەیەکی دیکەدا بەکاردەهێنن وەك دوو زاراوەی هاوواتا، یان وەك دوو زاراوەی تەواوکەری یەکتری، ئەو زاراوەیەیش بریتییە لە (پلاندانانی زمانی Language Planing). پلاندانانی زمانی بە هەمان شێوەی سیاسەتی زمانی چەندین پێناسەی بۆ کراوە بەو پێیەی بەشێکە لە بابەتە زمانییە کۆمەڵایەتییەکان، دەکرێت لێرەدا پێناسەیەك، یان زیاتری پلاندانانی زمانی بکەین ئەوەندەی پەیوەندیدار بێت بە بابەتەکەوە، ئەویش بریتییە لە: گۆڕانکارییەکی مەبەستدارە لە زماندا، واتە گۆڕانکارییە لە بنیاتی زمان و دەنگەکانی، یان وەزیفەکانی، یان هەردووکیاندا، هەر وەك گەڵاڵەدەبێت بۆ دۆزینەوەی چارەسەری کێشە زمانەوانییەکان و جێگرەوەکان دادەڕێژێت و هەڵیاندەسەنگێنێت بۆ چارەسەرکردنی گرفتە زمانەوانییەکان لە ڕێگەی ڕەخساندنی باشترین جێگرەوە و کاریگەرترینیان (عمارة، ٢٠٢٠، ١٣٥).

> ” پاراستنی زمان ئەرکی تەنها لایەنێك نییە، بەڵکو ئەرکێکە لە ئەستۆی تەواوی دامەزراوە دەوڵەتییەکان و تاکەکانی کۆمەڵگایشدایە “

هەرچی (ڕۆبنسۆن)، ئەوا پێناسەی پلاندانانی زمانی دەکات: "بەو چالاکییە فەرمییەی دەوڵەت ئەنجامیدەدات، بۆ بەرهەمهێنانی پلانێك کە کار لە سەر ڕێکخستنی سیستەمی زمانیی وڵاتەکە بکات، وەك هەڵبژاردنی زمانێکی فەرمی، یان زیاتر لە وڵاتدا" (الدريساوى و المياحى، ٢٢٦).

بە وردبوونەوە لە پێناسەکانی سیاسەتی زمانی و پلاندانانی زمانی پەیوەندییەکی تۆکمە و توندوتۆڵ لە نێوانیاندا بەدیاردەکەوێت، سەرباری هەوڵی دۆزینەوەی جیاواز لە نێوان هەردوو چەمکەکەدا. بۆیە هەندێك وەهای بۆ دەچن کە پەیوەندیی نێوان ئەو دوو چەمکە وەك پەیوەندیی نێوان (بەش و گشت) دەردەکەوێت، لەگەڵ ئەوەیشدا ڕای جیاواز هەیە لە سەر ئەوەی کامیان گشتە و فراوانترە و کامیان بەشە و دەچێتە چوارچێوەی ئەوی ترەوە. ڕای دروست بە بۆچوونی ئێمە سیاسەتی زمانی فراوانترە وەك لە پلاندانانی زمانی.

لەگەڵ ئەوەیشدا ئێمە بە تەواوی پشتگیری ئەو ڕایە دەکەین، کە دەڵێت هەردوو چەمك تەواکاری یەکترن، سیاسەتی زمانی واتە داڕشتنی ڕێسا و پرنسیپە گشتییەکانی سیاسەتی پاراستنی زمان، هەرچی پلاندانانی زمانییە ئەوا لایەنی دینامیکی و جێبەجێکەری ئەو ڕێسا و پرنسیپانەیە، چونکە بەبێ پلانێکی تۆکمە و گشتگیر بۆ سەرجەم کایەکان سیاسەتی زمانییش بە ڕێسا و ئاڕاستە گشتییەکانیەوە بەبێ کاریگەری دەمێنێتەوە.

**داواکراوی دووەم : پاڵنەرەکانی داڕشتنی سیاسەتی زمانی**

شارەزایانی بواری سیاسەتی زمانی تا ڕادەیەکی زۆر لەگەڵ ئەوەدا کۆکن، کە ئەم جۆرە سیاسەتە لە سێ خاڵی دەستپێکەوە سەرپێدەخرێت، ئەوانیش:

١. گرفتە زمانەوانییەکان: گرفت و کێشە زمانەوانییەکان دەبنە داینەمۆی جوڵەپێکردنی سیاسەتی زمانی، بۆ نموونە: دەکرێت باسی وڵاتی سوید بکرێت پەیوەندیکردنی ئەو وڵاتە بە یەکێتیی ئەورووپاوە دەگونجێت وەك داینەمۆی سیاسەتی زمانی لەو وڵاتە بێتەژماردن، هەر وەك گرفتی زاڵبوونی زمانی ئینگلیزی بەو هۆکارە و بە هۆکاری دیاردەی جیهانگیرییەوە کێشەگەلێکی زۆری دروستکرد پەیوەنددار بە زمانی سویدییەوە، بە جۆرێك زمانی سویدی پاشەکشەیکرد لە بەرژەوەندیی زمانی ئینگلیزی لە ناوەندەکانی ڕۆژنامەگەری و خوێندن و تا ئاستی بازاڕ و کار، ئەم گرفتە ئەنجومەنی زمانەوانیی سویدی پاڵنا تا لە ساڵی ١٩٩٨ سیاسەتێکی زمانی بۆ پاڵپشتیکردن و پاراستنی پێگەی زمانەکەیان دابڕێژێت (المحمود، ٢٢).

ئاشکرایە لە ئێستادا هەموو گرفتانەی ڕووبەڕووی زمانی کوردی بوونەتەوە، بە تایبەت کۆمەڵی کوردەواری لە هەرێمی کوردستاندا لە پاشەکشەکردنی زمانی کوردی تا ڕادەیەکی زۆر بۆ بەرژەوەندیی زمانی ئینگلیزی و زمانی عەرەبی لە ئاستەکانی خوێندن و سیاسەت و کار...، وایکردووە بە بۆچسونی ئێمە، داڕشتن و بەرەپێدانی سیاسەت و پلاندانانی زمانی کوردی یەکێك بێت لە پێویستییە هەنوکەییەکان.

٢. مافە زمانەوانییەکان: لە گرنگیی زمان بۆ هەر نەتەوەیەك زمانزانی کۆمەڵایەتیی ئەمریکایی (جەنەوا ئیسپێترمێن) ڕووبەڕووی ئەو لایەنانەی دەیانەوێت زمانی دایکی گرووپ و پێکهاتەکان بسڕنەوە دەڵێت: "ئەگەر ئێوە فێرکردن و بڵاوبوونەوەی زمانێك سنوورداربکەن، لە کۆتاییدا ئەو زمانە دەسڕنەوە و بە لەناوبردنی فەرهەنگی ئەو زمانەیش وێراندەکەن و لە دواییشدا خودی ئەو خەڵکانە لەناودەبەن. دەیشگونجێت ئەوانە لە ڕووی فیزیکییەوە لەناونەچن، بەڵام ئیتر خۆیان نین، بەڵکو گۆڕاون بۆ ئەوانی دیکە، چونکە وابەستەی فەرهەنگێکی دیکە دەبن، ئەوان ئیتر بونیان نییە" (کەنمویی،

١١٣٩٥، ١٧٥). لەمەوە بە ڕوونی دەردەکەوێت زمان مافێکی بنەڕەتی و بنچینەیی مرۆڤە و مافە زماوانەوانییەکانیش دەگونجێت ببنە پاڵنەرێکی ڕوون بۆ سەرڕێخستنی سیاسەتی زمانی لە وڵاتدا، بە تایبەت لە دوای سەرهەڵدانی ئەو بانگەشە و بانگەوازانەی لە بارەی مافی زمان وەك یەکێك لە مافەکانی مرۆڤ دەناسێنرا، ڕەنگبێت نموونەی دیار و بەرچاو لەم ڕووەوە وڵاتی ئوسترالیا بێت کاتێك دیکۆمێنتی سیاسەتی زمانی ئوسترالییە، کە تێیدا پاڵپشتی بۆ زمانی ئینگلیزی دوپاتکراوەتەوە، بە شێوەیەك پێویستە بۆ هەموان بڕەخسێندرێت، هەروەها لە تەنیشت ئەوەیشەوە گرنگی و بایەخ بە زمانێکی دیکە بدرێت لە سەر ئاستەکانی پاراستن، پێشخستن، خوێندن و ڕەخساندنی بۆ هەر کایەیەك پێویست بێت (المحمود، ٢٢).

**"سیاسەتی زمانی لە سەر بنەمای بەهێزکردنی زمانی باڵادەستە نەك زمانی کوردی"**

شیاوی باسکردنە لێرەدا ئاماژە بەوە بکرێت بۆ پاراستنی زمانی کوردی، مامەڵەکردن لەگەڵ زمانەکە وەك مافی نەتەوەیەکی بێوڵات دەبێتە پاڵنەرێکی بەهێز بۆ داڕشتن و پەرەپێدانی سیاسەتی زمانی و پلاندانانی زمانیی تۆکمە لە پێناو بەرجەستەکردنی ئەم مافە گرنگە بۆ ئەندامانی کۆمەڵگای کوردی، لە لایەکی دیکەیشەوە ببێتە ئاستەنگێك لە پێش شالاوی گرنگیپێدانی زیاتر بە زمانی ئینگلیزی لە ئاستە جیاوازەکانیدا.

٣. زمان وەك سامانێکی نەتەوەیی: زمان و سیاسەتی زمانی لە کۆمەڵگادا وەك سامانێکی گرنگ تەماشادەکرێت، بە تایبەت لە کۆمەڵگا فرەزمانەکاندا ئەوانەی زیاد لە زمانێك زمانی فەرمی دەبن تێیاندا. ئەو کات خودی ئەو زمانە فەرمییانە دەبنە سەرچاوەیەك بۆ داهات و ڕەخساندنی هەلی کاری زیاتر بۆ هاوڵاتیان. لەم بارەیشدا وڵاتی کەنەدا بە نموونە باسدەکرێت، کە تێیدا زمانی ئینگلیزی هەژموونی هەیە، لەگەڵ ئەویشدا زمانی فەرەنسی دووەمین زمانی فەرمییە، لەو وڵاتەدا سیاسەتی زمانی پیشەسازیی زمانی بەرهەمهێناوە، بە جۆرێك وەزارەتی پیشەسازیی کەنەدا لە ڕاپۆرتێکیدا بوارەکانی پیشەسازیی زمانی لەبەر ڕۆشنایی سیاسەتی زمانی لە سێ بواردا باسدەکات، ئەوانیش (وەرگێڕان، ڕاهێنانی زمانەوانی، تەکنیکەکانی زمانەوانی)، ئەم بوارانەیش وایکردووە پیشەسازیی زمانی لە وڵاتی کەنەدا بە بڕی ٢.٧ ملیار دۆلار کەندی و ڕەخساندنی ٥١٧٠٠ هەلي کار پشکدار بێت لە ئابووریی ئەو وڵاتەدا (المحمود، ٢٣).

## تــەوەری دووەم : ڕۆڵی یاسـا و دامــەزراوە یـاسـاییەکان لـە سـیاسـەتی زمـانیدا و هەڵسەنگاندنی دۆخەکە

لەم بەشەی پەیپەرەکەدا تیشکدەخرێتەسەر ڕۆڵ و کاریگەریی ڕێکخستنە یاساییەکان لەمەڕ وێناکردنی سیاسەتی زمانی، چ پەیوەنددار بێت بە دەقە دەستوورییەکانی پەیوەنددار بە بابەتەکەوە، یان ئەو دەقە یاساییانەی لە چوارچێوەی یاسا فیدراڵی و هەرێمییەکاندا هاتوون. سەرباری هەموو ئەو کار و کردەوانەی دەستە و دامودەزگا جیاوازەکان دەریدەکەن تایبەت بە بابەتی پەیپەرەکە، لە دواییشدا ئاستی جێبەجێکردنی دامودەزگا پەیوەنددارەکان بۆ جێبەجێکردنی ئەو پابەندییە یاساییانە.

داواکراوی یەکەم: سیاسەتی زمانیی زمانی کوردی لە دەقە یاساییەکاندا

بۆ باسکردنی دەقە یاساییەکانی پەیوەنددار بە سیاسەتی زمانی لە هەرێمی کوردستاندا لێماندەخوازێت تیشکبخەینەسەر دەقە یاساییەکانی لە سەر ئاستی فیدراڵی و دەقە یاساییەکان لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان:

### یەکەم: دەقە یاساییەکانی ئاستی فیدراڵی

لە سەروو هەموو دەقە یاساییەکانەوە، دەقێکی دەستووریی ڕوون هەیە پەیوەنددارە بە ناساندنی زمانی فەرمی لە عێراقدا، ئەویش دەقی مادەی (٤) (بڕگەی یەکەم: زمانی عەرەبی و زمانی کوردی هەردووکیان لە عێراقدا زمانی فەرمین). داڕشتنی ئەم مادە دەستوورییە بەو جۆرە کردنەوەی دەروازەیەکی فراوانە بۆ زمانی کوردی تا ببێتە زمانێکی فەرمی شان بە شانی زمانی عەرەبی نەك بە تەنها لە هەرێمی کوردستاندا، بەڵکو لە تەواوی عێراقدا. لە لایەکی دیکەوە دەقی ئەم مادەیە عێراق لە تاك_زمانیی فەرمییەوە دەگوازێتەوە بۆ جووت_زمانیی فەرمی، ئەوەی هەندێك لە عەرەب_زمانان بە جۆرێك لە جۆرەکان بە ئاستەنگی دایدەنێن لە بەردەم سیاسەتی زمانیی عەرەبیدا لە عێراق و لەو وڵاتانەی هاوشێوەی عێراق جگە لە زمانی عەرەبی زمانی دیکەیشیان کردووەتە زمانی فەرمی وەك مەغریب و سۆماڵ و جەزائیر (محسن الندوي، ٢٠٢٣).

ئەوەی تێبینیدەکرێت دەستووری عێراق زیاتر ڕۆچووەتەناو بابەتی زمانی فەرمییەوە، بە جۆرێك دەتوانرێت بوترێت چەند بنەمایەکی لەمەڕ داڕشتنی سیاسەتی زمانیی زمانی کوردی هاوشانی عەرەبی داڕشتووە، ئەوەتا لە برگەی دووەمی هەمان مادەی (٤)دا ئاماژەی بە بەشێك لەو بنەمایانە کردووە، لەوانە:

-دەرکردنی ڕۆژنامەی فەرمی بە هەردوو زمان.

-قسەکردن و گفتوگۆ و دەربڕین لە کایە فەرمییەکاندا، وەك ئەنجومەنی نوێنەران، ئەنجومەنی وەزیران، دادگاکان، کۆنفرانسەکان بە هەر کام لە زمانەکان.

-داننان بە دیكۆمێنتە فەرمییەكان بە هەردوو زمان، نامەكارییەكان بە هەردوو زمان و دەركردنی دیكۆمێنتە فەرمییەكان بە هەردووكیان.
- كردنەوەی قوتابخانە بە هەردوو زمان بە پێی ڕێكارە پەروەردەییەكان.
-هەر بوارێكی دیكە پرنسیپی یەكسانیی مامەڵەكردن دەخوازێت هەردوو زمان تێدا بەكاربێت، وەك دراو، پاسپۆرت و پول.
لە بڕگەی سێیەمیدا، بەكارهێنانی هەردوو زمانی عەرەبی و كوردی لە هەرێمی كوردستاندا وەك پابەندییەك دەخاتە ئەستۆی دامەزراوە فیدراڵییەكان و دامەزراوە فەرمییەكانی هەرێمی كوردستان. لەم دەقەوە دەردەكەوێت لە سنووری هەرێمی كوردستاندا ڕۆڵێكی دەستووری كێشراوە بۆ سیاسەتی زمانیی زمانی عەرەبی، كە لە هەرێمدا بوون و كاریگەریی خۆی دابنێت بە سەر كایە فەرمییەكانەوە. شان بە شانی سیاسەتی زمانیی زمانی كوردی.

**"دارشتنی مادەی ٤ دەستوور بەو جۆرە، كردنەوەی دەروازەیەكی فراوانە بۆ زمانی كوردی تا ببێتە زمانێكی فەرمی شان بە شانی زمانی عەرەبی نەك بە تەنها لە هەرێمی كوردستاندا، بەڵكو لە تەواوی عێراقدا"**

ئەوەی ماوەتەوە لە هەڵوێستی دەستووری عێراق لەمەڕ پێگە و سیاسەتی زمانیی زمانی كوردی ئەوەیە، كە ڕێگەدراوە شان بە شانی هەردوو زمانی فەرمی لە هەرێم و پارێزگاكان زمانێكی خۆجێیی بكرێتە زمانی فەرمی لە ڕێگەی ڕاپرسیی گشتیی دانیشتوانەكەیەوە. لەبەر ڕۆشنایی ئەو پابەندییە دەستوورییانەوە یاسادانەری عێراقی یاسای زمانە فەرمییەكانی ژمارە ٧ی ساڵی ٢٠١٤ی دەركرد، ئامانجی ئەم یاسایە بریتییە لە گرنتیكردنی ڕێزگرتن لە دەستوور و كاراكردنی لە ڕێگەی ڕێكخستنی بەكارهێنانی زمانە فەرمییەكان لە كۆماری عێراقدا لە پێناو بڵاوكردنەوەی هۆشیاریی زمانی. (بابان، ٢٠٢٤، ٢٩).
یاساكە لە مادەی یەكەمیدا پێناسە و چوارچێوەی زمانی فەرمی باسدەكات، بە جۆرێك زمانی فەرمی ئەو زمانەیە كە "دەوڵەت بەكاریدەهێنیت بۆ قسەكردن و گوزارشتكردن و نامەكارییە كارگێڕییەكان، پەڕاوەی دراو، پولەكان و دیكۆمێنتە فەرمییەكان لە هەموو

ئەوانەی پەیوەنددارن بە کاروباری وڵات لە ناوخۆ و لە دەرەوەیشدا، جگە لەوانەیش لە بوارەکانی دیکەیشدا".
مادەی ٣ی یاساکە دان بە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردیدا دەنێت وەك دوو زمانی فەرمی لە تەواوی عێراقدا. مادەی ٤ پێماندەڵێت ڕۆژنامەی فەرمی بە هەردوو زمان دەردەکرێت. مادەی ٥ نەخشەڕێگای کێشاوە بۆئەوەی زمانی کوردییش هاوشانی زمانی عەرەبی ببێتە زمانی گفتوگۆ لە کۆبوونەوە فەرمییەکانی ئاستی حکومڕانیی فیدراڵی لە تەواوی دەستە و دەسەڵاتەکاندا. لەوەیش زیاتر هەردوو زمان لە گفتوگۆ و نامەکاری و دەربڕینەکانی نێوان هەردوو ئاستی فیدراڵی و هەرێمیدا بەکاردەهێنرێن. مادەی ٦ و مادەی ٩ ژمارەیەك دیکۆمێنتی فەرمی ڕێزیکردووە و بە ئەرکی داناوە، دەبێت هەردوو زمانی تێدا بەکاربهێنرێت.
ئەوەی گرنگترینە لە یاساکەدا بە ڕای ئێمە ناوەڕۆکی مادەی ١٥ی یاساکەیە، کە لیژنەیەکی باڵا دروستدەبێت دەبەسترێتەوە بە ئەنجومەنی وەزیرانی فیدراڵییەوە بۆ بەدواداچوونی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە، لەمانە پێکدێت نوێنەری ئاستی حکومڕانیی فیدراڵی (ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی نوێنەران، حکومەتی هەرێمی کوردستان)، لیژنەیەکی تایبەتمەند لە زمانزان و ئەکادیمییان هاوکاریان دەبێت و نوێنەری تورکمان و سریانی و ئەرمەن و مەندائییەکانی تێدادەبێت. هەرچی کاروباری ئەم لیژنەیە و وردکارییەکانی سپێردراوەتە ئەنجومەنی وەزیرانی فیدراڵی بە ڕێنماییەك ڕێکیانبخات (م ١٦).
ئەوەی تێبینیدەکرێت ئەو لیژنە باڵایە دوابەدوای ئەوەی یاساکە دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە بە فەرمانی دیوانی ئەنجومەنی وەزیرانی فیدراڵی ژمارە ٥٠ی ساڵی ٢٠١٤ پێکدەهێنرێت بۆ پەیگیریکردنی ئەو ئەرکانەی بە گوێرەی دەقە یاساییەکەی سەرەوە پێیسپێردراوە، ئەگەرچی ئەو لیژنە باڵایە کارەکانی هەڵسپێردرا بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ! تا لە کابینەکەی محەمەد شیاع سودانی دوبارە تێهەڵچووەتەوە بە کارەکانی و لە مانگی ٣ی ٢٠٢٤دا یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجامداوە. (لیژنەی باڵای زمانە فەرمییەکان، ٢٠٢٤).

**دووەم: دەقە یاساییەکان لە سەرئاستی هەرێم**

هەرێمی کوردستان وەك قەوارەیەکی سیاسی لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵیی عێراقدا خاوەنی ڕێکخستنی دەستووري و کارگێڕیی خۆیەتی، ئەگەرچی دیکۆمێنتێکی دەستووریی نوسراو لە هەرێمدا نییە، بەڵام پەرلەمانی کوردستان وەك دەستەیەکی یاسادانان لە ڕێگەی دەرکردنی یاسای زمانە فەرمییەکانەوە، جۆرێك لە سیاسەتی زمانیی زمانی

کوردی جێکردووەتەوە و هەوڵیداوە هەماهەنگی لەگەڵ ئەو ڕێکخستنە دەستووری و یاساییەی لە ئاستی فیدراڵیدا هەن بکات کە تایبەتە بە زمانە فەرمییەکان.
پەرلەمانی کوردستان یاسای زمانە فەرمییەکان ژمارە ١٦ی ساڵی ٢٠١٤ی دەرکرد، ئەم هەنگاوەی پەرلەمان دوابەدوای دەرکردنی یاسای زمانە فەرمییەکانی عێراقەوە نرا لە هەمان ساڵدا. ئەوەیش بە ڕای ئێمە کارێکی گونجاو بوو تا یاساکەی هەرێم بتوانێت سیاسەتێکی زمانیی زمانی کوردی ڕەنگڕێژبکات دژکار نەبێت لەگەڵ ئەو پرنسیپ و ڕێسا یاساییانەی لە عێراقدا تەشریعکرابوون.

> **"زمانی فەرمی ئەو زمانەیە کە دەوڵەت بەکاریدەهێنێت بۆ قسەکردن و گوزارشتکردن و نامەکارییە کارگێڕییەکان، پەڕاوەی دراو، پولەکان و دیکۆمێنتە فەرمییەکان لە هەموو ئەوانەی پەیوەنددارن بە کاروباری وڵات لە ناوخۆ و لە دەرەوەیشدا، جگە لەوانەیش لە بوارەکانی دیکەیشدا"**

خودی یاسای زمانە فەرمییەکان چەندین دەق باش و گرنگی جێکردووەتەوە، دەگونجێت بڵێین دیزاینی سیاسەتێکی زمانیی زمانی کوردی لە هەرێمدا کردووە زۆرێك لە دەستە و دامەزراوە فەرمییەکانی لە هەرێمدا بەشدارکردووە بۆ جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتە وەك لە داواکراوی دووەمی ئەم تەوەرەدا باسیاندەکەین. یاساکە هاوشێوەی یاسا فیدراڵییەکە هەردوو زمانی کوردی وعەرەبی بە زمانی فەرمی لە هەرێمدا ناساندووە، ئەوەی تێبینیدەکرێت لێرەدا زمانی کوردی پێش زمانی عەرەبی خراوە، لە دەقە یاساییەکەدا بەم جۆرە هاتووە: "کوردی و عەرەبی دوو زمانی فەرمین لە سەرانسەری عێراقدا، لە کوردستانی عێراقدا زمانی کوردی زمانی سەرەکییە" (م ٢). بە پێی ئەم دەقە لە ڕووی داڕشتنەوە زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا زمانی فەرمی، یەکەم و سەرەکییە بە بەراورد لەگەڵ زمانی عەرەبی. هەرچی مادەکانی دیکەی یاساکەیە ئەوا تێیدا هەوڵدراوە پاساوی ئەم دەقە یاساییە بکات بە شێوەیەکی بەرچاو، نەك پاساوی دەقە دەستووری و یاساییەکانی عێراق بکات.

**داواکاری دووەم: ڕۆڵی دامەزراوە یاساییەکان و ناوەندەکانی دیکەی هەرێم لە سیاسەتی زمانیی زمانی کوردیدا**

ئەوەی بە ڕوونی دەبینرێت یاسای زمانە فەرمییەکانی هەرێم جۆرێك لە سیاسەتی زمانیی زمانی کوردی دیزاینکردووە لە ڕێگەی دیاریکردنی ئەرك و پابەندییە یاساییەکانی دەستە و دامەزراوە یاساییەکان سەبارەت بە زمانی کوردی وەك زمانێکی فەرمیی سەرەکی لە هەرێمدا:

**یەکەم: دەستەی یاسادانان (پەرلەمانی کوردستان)**

- لە هەردوو مادەی (٤ و ٥)دا یاسای زمانە فەرمییەکانی هەرێم پابەندیی یاسایی خستووەتە ئەستۆی پەرلەمانی کوردستان، بەوەی:
- پرۆژەیاسا و بڕیارە پەرلەمانییەکان بە زمانی کوردی ئامادەدەکرێن و دەردەکرێن.
- دەقی یاسا و بڕیارەکان لە ڕۆژنامەی فەرمیی وەقائیعی کوردستان بە زمانی کوردی و عەرەبی دەردەکرێن، دەقە کوردییەکە سەرچاوە و بنەمایە.

بەو پێیە زمانی فەرمیی یاسادانان لە هەرێمدا بە شێوەیەکی سەرەکی زمانی کوردی دەبێت، واتە پرۆژەیاساکان بە کوردی پێشکەشی پەرلەمان دەکرێت و لە ناو پەرلەمانیشدا گفتوگۆی ئەندامان لە سەر دەقە کوردییەکە دەبێت، لە دوای پەسەندکردنی یاساکە دەقەکە بە زمانی عەرەبی ئامادەدەکرێت و هەردووکیان لە ڕۆژنامەی فەرمیدا بڵاودەکرێنەوە.

**دووەم: دەستەی جێبەجێکار (سەرۆکایەتیی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران)**

بە هەمان شێوە پێکهاتەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و هەموو فەرمانگە پەیوەنددارەکان پێیانەوە پابەندکراون پەیڕەو و ڕێنمایی و بڕیارەکانیان بە زمانی کوردی بێت مادەی (٤ و ٥). هەروەها بەشێکی تایبەتی یاساکە تەرخانکراوە بۆئەوەی زمانی ئاخاوتن و نامەکاریی سەرجەم دامەزراوە دەستووری و یاساییەکاني هەرێم زمانی کوردی بێت. (م ٧). لەوەیشەوە یاساکە چووەتە وردەکارییەکی زیاترە بە ئامانجی ئەوەی سیاسەتی زمانیی زمانی کوردی زیاتر بەرجەستەتربێت، لەو وردەکارییانەیش بریتییەلە:

-ڕێککەوتنەکانی حکومەتی هەرێم لەگەڵ لایەنە دەرەکییەکاندا بە زمانی کوردی و بە زمانی لایەنەکە دەبێت (م ٩).

-تابلۆی سەرجەم دامەزراو و فەرمانگە حکومییەکان زمانی کوردی و عەرەبی لەخۆدەگرێت، بە ڕەچاوکردنی زمانی پێکهاتەکانی تر، بە مەرجێك نوسینە کوردییەکە لە بەشی سەرەوەی تابلۆکە بێت (م ١٠/ یەکەم).

- تابلۆی نوسینگە و نوێنەرایەتی و کونسوڵگەریی وڵاتان و ڕێکخراوە بیانییەکان لە هەرێمدا بە زمانی کوردی و عەرەبی و زمانی لایەنەکەی دیکە بێت (م ١٠/ دووەم).
-هەر دامودەزگایەکی حکومی و ناحکومیی عێراقی و بیانی کە مامەڵەی لەگەڵ هاوڵاتیانی هەرێمدا هەبێت، پێویستە لە فۆرم و نوسراوەکانیدا زمانی کوردی بەکاربهێنێت (م. ١١).
-تابلۆی ڕێنمایی شەقامەکان و دەستنیشانکردنی شوێن و دەڤەرەکان بە زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی دەبن، بە مەرجێك نوسینە کوردییەکە لە بەشی سەرەوەی تابلۆکەدا بێت و دەرکەوتووتر بێت (م ١٢/ یەکەم).
-پێویستە تابلۆی ئۆتۆمبێلەکان بە زمانی کوردی بنوسرێن (م ١٢/ دووەم)

**"پەرلەمانی کوردستان وەك دەستەیەکی یاسادانان لە ڕێگەی دەرکردنی یاسای زمانە فەرمییەکانەوە، جۆرێك لە سیاسەتی زمانیی زمانی کوردی جێکردووەتەوە"**

**سێیەم: دەستەی دادوەری (زمانی دادگاکان)**

ڕۆڵی دەستەی دادوەری و زمانی دادگاکان ناکرێت نادیدەبگیرێت لە داڕشتنی سیاسەتی زمانیی زمانی کوردیدا، بۆیە یاساکە ڕۆڵی ئەو دامەزراوەی بە گرنگ زانیوە بۆ جێگیرکردنی زمانی کوردی وەك زمانی فەرمیی سەرەکی، ئەوەتا لە مادەی ٦دا هاتووە:
یەکەم: "هەموو ڕێکارە دادوەرییەکان بە بڕیاری دادگاکانیشەوە، بە زمانی کوردی بەڕێوەدەچن و دەنوسرێن." دووەم: "ئەگەر لایەنێکی داواکە زمانی کوردی نەزانێت، پێویستە وەرگێڕێکی بۆ دابینبکرێت".

**چوارەم: ناوەندەکانی خوێندن (زمانی خوێندن)**

یاساکە بە دەقێکی ڕوون و ڕاشکاو ڕۆڵێکی بەرچاوی داوەتە زمانی کوردی لە کایەکانی خوێندن لە هەرێمی کوردستاندا، کاتێك دەڵێت: "زمانی کوردی لە پەروەردە و پرۆسەی فێرکردن و خوێندن زمانی فەرمییە لە کوردستانی عێراقدا" (م ١٣).
بە گوێرەی ئەم دەقە یاساییە ئەرکە لە ناوەندەکانی زمانی کوردی زمانی یەکەمی خوێندن بێت، دیارە دەقەکەیش جیاوازی لە نێوان ناوەندەکانی خوێندنی حکومی و ناحکومیدا نەکردووە، بەڵکو پێویستیکردووە ناوەندەکانی خوێندن نەوەیەك پەروەردە و فێربکەن کە زمانی خوێندن و خوێندنەوە و بیرکردنەوە و هزریان زمانی کوردی بێت بە پلەی یەکەم.

**پێنجەم: ناوەندەکانی بازاڕو کار**

سیاسەتی زمانیی داڕێژراو لە یاساکەدا یەکێك لە ناوەندە گرنگەکانی لەبیرنەکردووە و پێویستیکردووە زمانی کوردی تێیدا بەهەندوەربگیرێت، ئەویش ناوەندی بازاڕ و کار و بازرگانییە. ئەو ناوەندی بە هۆی کاڵا و براند و شتەومەکی بیانییەوە تا ڕادەیەکی زۆر زمانی کوردی پاشەکەشەی تێداکردووە، ئەگەرچی دەقە یاساییەکان ئەوەی لەبەرچاوگرتووە بەکارهێنانی زمانی دیکە بە تەواوی فەرامۆشنەکرێت، واتە سیاسەتێکی نەرمي پەیڕەوکردووە بەرانبەر ئەو کایانە، ئەوەیش هەڵوێستێکی گونجاوە بە بۆچوونی ئێمە، بەڵام بە ڕوونی جێگیریکردووە کە دەبێت زمانی کوردی وەك زمانێکی فەرمی ئامادەیی بەرچاوی هەبێت، لەو دەقانەی پەیوەنددارن بەم بابەتەوە:

- پێویستە گشت کۆمپانیا و دامەزراوەکانی کەرتی تایبەت زمانی کوردی بەکاربهێنن، بەکارهێنانی زمانی بیانی بە پێی پێویستیی خزمەتگوزاری و زمانی بەکارهێنەران ئازادە (م ١٤).
- بۆ دامەزراندن، یان کارکردن بە گرێبەست لە هەر شوێن و کارێکدا ئەوانەی زمانی کوردی دەزانن دەرفەتی وەرگرتنیان زیاتردەبێت، بە ڕەچاوکردنی پسپۆڕی و تایبەتمەندیی کارکردن لە سێکتەرە جیاجیاکاندا (م ١٥).
- پێویستە لە پەیوەندیی نێوان خاوەن_کار و کارمەندەکانیدا (بە گرێبەستیشەوە)، زمانی کوردی بەکاربهێندرێت، دەکرێت لە پاڵیدا زمانێکی دیکەیش بەکاربهێندرێت (م ١٦).
- پێویستە هەموو جۆرە ڕێکلام و بانگەشە و ئاگادارییەکی کار و بازرگانی لە هەرێم، بە زمانی کوردی بێت و دەکرێت لەگەڵیدا زمانی دیکەیش بەکاربهێندرێت (م ١٧).
- پێویستە هەموو شتومەك و کەلوپەل و کاڵایەك کە لە هەرێم بەرهەمدەهێندرێت، ڕێنمایی بە زمانی کوردی لە سەری بنوسرێت (م ١٨).
- دەزگا پەیوەندیدارەکان و کۆمپانیاکانی هاوردەکردنی خواردن و دەرمان بە وەرگێڕانی ڕێنماییەکان بۆ زمانی کوردی پابەنددەکەن (م ١٩).
- پێویستە فۆرمی داواکاری و پارەدان و وەرگرتن لەگەڵ هەموو دەزگایەکی خزمەتگوزاریی بازرگانی و پسوولە و زەرف و... هتد بە زمانی کوردی بن، بەکارهێنانی زمانێکی دیکە لە پاڵیدا ڕێگەپێدراوە (م ٢٠).

**شەشەم: ناوەندە ڕۆشنبیري و فەرهەنگییەکان**

بە هەمان شێوە لە ناوەندە ڕۆشنبیری و فەرهەنگییەکاندا ناکرێت زمانی کوردی نائامادە بێت، بەڵکو دەبێت ئامادەگیی بەرچاوی هەبێت، واتە سیاسەتی زمانیی زمانی

کوردی پەلدەکێشێت بەرەو کایە ڕۆشنبیرییەکان، ئەوەیش کارێکی تەواو گونجاو و بەجێیە لەبەر گرنگیی زمان بە شێوەیەکی گشتی لەو کایانەدا و کاریگەریی ئەو کایانە لە سەر بڵاوبوونەوەی زمان و زاراوە زمانەوانییەکان بە شێوەیەکی دروست لە سەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەیشدا. لە یاساکەدا چەند لایەنێکی ئەو کایەی دەستنیشانکردووە و پێویستیکردووە زمانی کوردی زمانی فەرمی بێت تێیدا، ئەوانیش:

- میدیا و ناوەندی کولتووری لە هەرێم بە زمانی کوردی دەبێت، لە کاتی پێویست زمانی دیکە بەکاردەهێندرێت (م ٢٠/ یەکەم).

- لە کاتی ئەنجامدانی هەر چالاکییەکی هونەری و کولتووریی بیانی لە هەرێمدا دەبێت پۆستەر و پڕوپاگەندەی کارەکە کوردی تێدا بێت لە پاڵ زمانە بیانییەکەدا (م ٢١/ یەکەم).

> **"یاسای زمانە فەرمییەکان چەندین دەقی باش و گرنگی جێکردووەتەوە، دیزاینی سیاسەتێکی زمانیی زمانی کوردی لە هەرێمدا کردووە زۆرێك لە دەستە و دامەزراوە فەرمییەکانی لە هەرێمدا بەشدارکردووە بۆ جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتە"**

- هەر کارێکی هونەری و کولتووری کە لە هەرێم بەرهەمدەهێندرێت، یان نمایشدەکرێت دەبێت بە کوردی بێت، یان وەرگێڕانی کوردی هەبێت (م ٢١/ دووەم).

داواکراوی سێیەم: هەڵسەنگاندنی دۆخی سیاسەتی زمانیی زمانی کوردی لە هەرێمدا

وەك لە پێشدا باسکرا دەقە یاساییەکان بە شێوەیەکی تا ڕادەیەك باش دیزاینی سیاسەتێکی زمانییان بۆ زمانی کوردی کردووە وەك زمانێکی فەرمی لە عێراق و هەرێمیشدا، بەڵام بە وردبوونەوە لە بەشێك لە دەقەکان و واقیعی لێکەوتەی سیاسەتەکە لە سەرزەمین بۆمان ڕوندەبێتەوە هەڵەیەك یان زیاتر هەیە وایکردووە ئەو سیاسەتی زمانی وەك پێویست جێگەی خۆی نەگرتبێت، لە خوارەوە بە دوو بڕگە باسیاندەکەین:

**یەکەم: گرفت لە دەقە یاساییەکاندا**

وەك باسکرا دەقە یاساییەکانی پەیوەندار بە سیاسەتی زمانیی زمانی کوردی لە سەر دوو ئاست داڕێژراون، ئاستی فیدراڵی و ئاستی هەرێم، لە هەردوو ئاستەکەدا

کەموکورتییان تێدایە، وەك تەشریعکاری و وەك جێبەجێکردنیش. سەبارەت بە لایەنی یاسادانان ئەوا بە ڕوونی دەردەکەوێت یاسای زمانە فەرمییەکانی عێراق بەکارهێنانی زمانی کوردی وەك زمانی عەرەبی لە بەشێك لە دامەزراوە و ناوەندەکان بە دەق باسنەکردووە، بۆ نموونە: زمانی کوردی وەك زمانی دادگاکان لە ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بە ڕوونی باسنەکراوە، ئەگەرچی لە مادەی ٥ی یاساکەدا باس لەوە دەکات زمانی عەرەبی و کوردی زمانی فەرمی دەبن لە لای دامەزراوە دەستوورییەکان لە ناو ئەوانەیشدا ئەنجومەنی دادوەریی فیدراڵی، بەڵام لە واقیعدا ئەم دەقە نەك هەروا ڕاڤەنەکراوە کە زمانی دادگاکان کوردییشی تێدا بەکاربێت، بەڵکو لە نوسراوکاریی فەرمییشدا ئەو بابەتە نابینرێت! بە جۆرێك بەکارهێنانی زمانی کوردی وەك زمانی فەرمی لە عێراقدا دەکرێت بڵێین لە نوسینی هەندێک ناونیشان و لە سەر هەندێك دیکۆمێنتی فەرمی قەتیسبووە و هیچی تر.

واتە دەقە دەستووری و یاساییەکانی پەیوەندار بە جێبەجێکردنی سیاسەتی زمانیی زمانی کوردی لە سەر ئاستی فیدراڵی وەك پێویست جێبەجێنەکراوە (بابان، ٢٠٢٤، ٣٢)، بەڵکو دامودەزگا فەرمییەکانی هەرێم داواکراون نامەکارییەکانیان بە زمانی عەرەبی بێت لەگەڵ دامودەزگاکانی ئاستی فیدراڵی. هەرچی پەیوەندار بە ئاستی هەرێمەوە، ئەوا یاسای زمانە فەرمییەکان بە بەشی جێبەجێکراوە، بەشێك لە دامەزراوەکان ئەرکی یاسایی خۆیان تا ڕادەیەکی باش جێبەجێکردووە و هەوڵەکانیان خستووەتە خزمەتی جێبەجێکردنی سیاسەتی زمانیی دیزاینکراو بە پێی یاساکە، نموونەی دیاریش لەم بارەیەوە پەرلەمانی کوردستانە، سەرباری هەندێک کەموکورتیی زمانی، یاسا و بڕیارەکانی و نامەکارییەکانی بە زمانی کوردی ئامادە و دەردەکات، بەڵام ئەمە مەرج نییە بۆ دامەزراوەکانی دیکە ڕاست و دروست بێت، چونکە بەشێك لەو دامەزراوانە هێشتا بەکارهێنانی زمانی عەرەبی تێیدا ماوەتەوە، نموونەی ئەمەیش بڕیارە دادوەرییەکانە، سەرباری هەوڵی ئەنجومەنی دادوەری بۆ بەکوردیکردنی زمانی دادبینی لە دادگاکاندا، هێشتا دەرەچەیەك ماوەتەوە کە زمانی عەرەبی بەکاربهێنرێت (زەنگنە، ٢٠٢٣، ٧٧). بە هەمان شێوە زمانی خوێندن لە چوارچێوەی ئەو سیاسەتە زمانییە نەماوەتەوە، کە دەقە یاساییەکان ڕەنگڕێژیانکردووە، بەڵکو لە ئێستا زمانی ئینگلیزی بە پلەی یەکەم و زمانەکانی دیکە کێبڕکێی زمانی کوردی دەکەن لەو بوارەدا.

خاڵێکی دیکەی بنچینەیی کە جێی ڕەخنەیە بە بۆچوونی ئێمە، ئەوەیە یاساکەی هەرێم ئەرکی پاراستنی سیاسەتی زمانی سپاردووەتە ئەنجومەنی وەزیران و ئەکادیمیای کوردی و لایەنە پەیوەندارەکان، ئەوەیش بە پێی دەقی مادەی ٢٥ کە تێیدا هاتووە: "پێویستە لە سەر ئەنجومەنی وەزیران بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەکادیمیای کوردی و

لایەنە پەیوەندیدارەکان، حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێبکەن". ڕووی ڕەخنەکەیش خۆی لەوەدا دەبینێتەوە ئەنجومەنی وەزیران دەسەڵاتێکە لە چوارچێوەی دەسەڵاتە فەرمییەکانی هەرێم، بۆیە بە قورس دەبینرێت ئەو دەسەڵاتانە ملکەچی بڕیارەکانی ئەنجومەنی وەزیران بن. باشتر دەبوو ئەرکی جێبەجێکردنی دەقە یاساییەکانی هاتوو لە یاساکە، لەویشەوە سیاسەتی زمانیی زمانی کوردی چڕاو بەو دەقانە بسپێردرێتە لیژەیەکی باڵا، کە نوێنەری تەواوی دەستە و دامەزراوەکانی تێدا بێت (پەرلەمانی کوردستان، سەرۆکایەتیی هەرێم، ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی دادوەری، ئەکادیمیای کوردی و... هتد)، لە پێناو ئەوەی بڕیار و ڕاسپاردەکانی ئەو لیژنەیە بە ئاسانی ڕێگای جێبەجێکردنی هەبێت، هەروەها ئاستی هەماهەنگیی زیاتر لە نێوان دامەزراوەکان بێتەئاراوە.

> **"زمانی فەرمیی یاسادانان لە هەرێمدا بە شێوەیەکی سەرەکی زمانی کوردییە، پڕۆژەیاساکان بە کوردی پێشکەشی پەرلەمان دەکرێت و لە ناو پەرلەمانیشدا گفتوگۆی ئەندامان لە سەر دەقەکە کوردی دەبێت، لە دوای پەسەندکردنی یاساکە دەقەکە بە زمانی عەرەبی ئامادەدەکرێت"**

**کۆتایی**

لە دوای کۆتاییهێنانی باسکردنی بابەتەکە، دەکرێت بە چەند خاڵێك ئەنجامگیرییەکی کورت بۆ ناوەڕۆکی پەیپەرەکە بکەین:

- سیاسەتی زمانی شان بە شانی پلاندانانی زمانی دوو پڕۆسەی گشتگیر و هەمەلایەنن بۆ پاراستنی زمان و زیاتر گەشەکردن و گرنگپێدانی. یەکەمیان بنەما و پرنسیپە گشتییەکان وێنادەکات و دووەمیان ئەو بنەمایانە بە پێی ئامرازگەلێك دەخاتە بواری جێبەجێکردنەوە.

- دەقە یاساییە پەیوەندداەرەکان ڕۆڵی کاریگەریان هەیە لەمەڕ دارشتنی سیاسەتی زمانیی تۆکمە و ڕەنگڕێژکردنی پابەندییەکان و بەرپرسیارێتییەکان بۆ ئەو مەبەستە، دەگونجێت ئەو دەقانە دەستووری بن، یان یاسای ئاسایی، یان یاسای لاوەکی.

- سیاسەتی زمانیی زمانی کوردی لە سەر دوو ئاست پێویستە کاربکات، ئاستی فیدراڵی و ئاستی هەرێمی کوردستان، لە ئاستی فیدراڵیدا سیاسەتی زمانیی زمانی کوردی دەکرێت

بوترێت لاوازە، تا ئێستا ئەو بنەمایانەی دەستوور و یاسای فیدراڵی بۆ زمانی کوردییان داناوە هێشتا لە سەر زەمین جێبەجێکردنی وەك پێویست نییە.

- هەرچی ئاستی هەرێمی کوردستانە ئەوا یاسای زمانە فەرمییەکان ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠١٤ سیاسەتێکی زمانیی گونجاوی لەخۆگرتووە، بەڵام ئەو یاسایە وەك پێویست جێبەجێنەکراوە.

- یاسا دەتوانێت ڕۆڵی هەبێت لە تۆکمەکردنی سیاسەتی زمانیی زمانی کوردیدا، لە ڕێگەی دارشتنی بنەماگەلێکی پێویستەوە لە سەر هەمو ئاستەکاندا، بەڵام بۆ پاراستنی ئەو سیاسەتە وادەخوازێت ئەو بنەمایانە بواری جێبەجێکردنیان بە باشی بۆ بڕەخسێندرێت.

- هۆشیاریی زمانی لە ناو ئەندامانی کۆمەڵگەدا گرەنتیی جێبەجێکردنی هەر سیاسەتێکی زمانییە، تا زۆرینەی تاکەکانی کۆمەڵگە لە زمانی دایك و زمانی فەرمیی کوردی وەك بەهایەکی بەنرخ نەڕوانن، ئەستەمە بتوانرێت سیاسەت و پلانی زمانی لە سەرجەم ئاست و ناوەندەکاندا بە شێوەیەکی هاوشێوە و گونجاو جێبەجێبکرێت.


## سەرچاوەکان

### کوردییەکان

•دەستووری کۆماری عێراق ساڵی ٢٠٠٥.

•یاسای زمانە فەرمییەکانی عێراق ژمارە ١٦ی ساڵی ٢٠١٤ .

•یاسای زمانە فەرمییەکان هەرێمی کوردستان ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠١٤.

•د. ئیسماعیل نەجمەدین زەنگنە، ئاڵنگارییەکانی بەردەم زمانی کوردی؛ وەك زمانی یاسا، وتارێکی زانستیی بڵاوکراوە لە گۆڤاری (وەرزنامەی زمانەوانی) لە لایەن زانکۆی جیهان - سلێمانی دەردەکرێت، ژمارە ٢، پایزی ٢٠١٣.

•کاروان ئەوڕەحمان ئیسماعیل بابان، یاسای زمانە فەرمییەکان لە عێراقدا –بەشی دووەم-، توێژینەوەیەکی بڵاوکراوەیە لە گۆڤاری ناوەندی یاسایی، ژمارە ٩، ساڵی سێیەم، ٢٠٢٤/٢/٢٢.

### عەرەبییەکان

•فوزية طيب عمارة، التخطيط اللغوي وعلاقته بالسياسة اللغوية، مجلة العمدة في اللسانيات وتخطيط الخطاب، ع ٣، ٢٠٢٠.

•د. محمود بن عبدالله المحمود، التخطيط اللغوي والسياسة اللغوية -تأصيل نظري-، رسالة المشرق.

•د. اسعد عباس كاظم المياحي، مريم حسن يوسف الدريساوي، السياسة اللغوية و التخطيط اللغوي عند الغرب.

•محسن الندوى، السياسات اللغوية في الوطن العربي بين المرجعية الدستورية وتحديات الواقع، مقال علمي متاح على الرابط التالي:
https://arabaffairsonline.com

# لێڵیی مۆڕفۆسینتاکسی



پ.د.وریا عمر أمین

* ١٩٤٧/٣/١٥ لەشاری کۆیە لەدایک بووە.
* ١٩٧١ بەکالۆریۆسی لەزمان و ئەدەبی کوردیی لە زانکۆی بەغداد بە پلەی یەکەم تەواوکردووە.
* ١٩٧٢–١٩٨٠ لە زانکۆکانی مۆسکۆ و لەندەن خوێندوویەتی و بڕوانامەی بەکالۆریۆس و دبلۆم و ماجستێر و دکتۆرای وەرگرتووە.
* ١٩٩٢ پلەی پڕۆفیسۆریی وەرگرتووە، یەکەم کەسە پلەی پرۆفیسۆری لە زمانی کوردیدا بەدەستبێنێت.
* ٢٠٠٤ دکتۆرای دووەمی لە مێژوودا وەرگرتووە.
* پڕۆفیسۆری زمانەوانییە لەزانکۆی بەغداد و پرۆفیسۆری وانەبێژە لە زانکۆکانی سەلاحەددین و سلێمانی و کۆیە و گەرمیان و ڕاپەڕین.

لێڵی Ambiguity ئەو دەربڕینە زمانییەیە، کە زیاتر لە واتایەک دەگەیەنێت. بە لایەنی کەمەوە پێنج جۆری هەیە[١]:

١. لێڵیی فۆنۆلۆجی

٢. لێڵیی مۆڕفۆلۆجی

٣. لێڵیی سینتاکسی

٤. لێڵیی مۆڕفۆسینتاکسی

٥. لێڵیی پڕاگماتیکی

ئەم باسە تەرخانە بۆ دەرخستنی هۆی سەرهەڵدانی لێڵیی مۆڕفۆسینتاکسی لە زمانی کوردیدا(٢).

مۆڕفۆسینتاکس: ئەو پێکهاتە زمانییەیە، کە مۆڕفۆلۆجیا و سینتاکس بەشداریدەکەن لە پێکهێنانی ئەو داڕشتنانەی ڕستەیەکی تەواوی بە (بکەر و بەرکار و بەرکاری ناڕاستەوخۆ)وە بە وشەیەک دەردەبڕدرێت(٣)، وەک:

دەیانبینم - من ئەوان دەبینم.
ناردبووتانن - ئێوە ئەوانتان ناردبوو.
دەماندانیتێ - ئێمە ئەوانمان دەدا بە تۆ.
هەندێک داڕشتەی مۆرفۆسینتاکسی هەن لێڵن، واتە زیاتر لە یەک واتا دەگەیەنن، وەک (دەیانناسین)، ئەم دوو واتایە دەگەیەنێت:




بۆ دەستنیشانکردنی یاساکانی ئەم لایەنەی زمانی کوردی، دەبێت سیستەمی ڕاناو بخرێتەڕوو.

### سیستەمی ڕاناو لە زمانی کوردیدا

لە زمانی کوردیدا (باشوور)، یەک دەستە ڕاناوی جودا و دوو دەستە ڕاناوی لکاو هەن (A) و (B). دەستەی (A) ئەرکی بکەری لەگەڵ کاتی (ڕابردوو)دا و ئەرکی (بەرکاری) لەگەڵ کاتی (داهاتوو)دا دەبینێت. دەستەی (B) ئەرکی بکەری لەگەڵ کاتی (داهاتوو) و ئەرکی (بەرکاری) لەگەڵ کاتی (ڕابردوو)دا دەبینێت. ئەرکی بکەری و بەرکاریی هەردوو دەستەی (A) و (B) لەگەڵ کاتی (ڕابردوو) و (داهاتوو)دا لەم خشتەیەدا ڕونکراوەتەوە:

یاسا ژمارە (١)

| ڕێکەوتن | | ڕاناو | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | کەس | جودا | لکاو | | | |
| | | | ڕابردوو | | داهاتوو | |
| | | | بکەر A | بەرکار B | بکەر B | بەرکار A |
| ١ | تاک | من | م | م | م | م |
| ٢ | | تۆ | ت | یت | یت | ت |
| ٣ | | ئەو | ی | - | ێت/ات | ی |
| ١ | کۆ | ئێمە | مان | ین | ین | مان |
| ٢ | | ئێوە | تان | ن | ن | تان |
| ٣ | | ئەوان | یان | ن | ن | یان |

یاسا - ١

**شوێنی ڕاناوە لکاوەکان لە ڕستەدا:**

١. دەستەی (B) هەمیشە بە ڕەگی کردارەوە دەلکێت.

٢. دەستەی (A) بەم بەشانەی ڕستەوە دەلکێت، بەم ڕیزبەندییە:




یاسا – ٣

**واتا**

١. ئەگەر بەرکاری ڕاستەوخۆ لە ڕستەکەدا ئامادەبوو، ڕاناوە لکاوەکە بەمەوە دەلکێت.

**ئەو (تۆ-ی) بۆ ئەو نەدەنارد.**

٢. ئەگەر بەرکاری ڕاستەوخۆ نەبوو، بە بەرکاری ناڕاستەوخۆوە دەلکێت.

**تۆ بۆ (ئەو-ت) نەدەنارد.**

٣. ئەگەر بەرکاری ناڕاستەوخۆیش نەبوو، بە پێشبەندەوە دەلکێت.

**ئەو (بۆ-ی) نەدەنارد.**

٤. ئەگەر پێشبەندیش نەبوو، بە یەکەم پێشگرەوە دەلکێت.

**تۆ (ڕا–ت) کرد / ئێمە (نە-مان) دەنارد.**

٥. ئەگەر پێشگریش نەبوو، ئەوە بە ڕەگی کردارەکەوە دەلکێت.

**ئەوان نارد–یان**

**یاسای جێگیرکردنی ڕاناوی جودای بەرکاری بە ڕاناوێکی لکاو:**

١. سەیری ڕاناوە بکەرییەکە دەکەین سەر بە کام دەستە بێت، بۆ بەرکاری ڕوو لە دەستەکەی تر دەکەین. ئەگەر سەر بە (A) بوو ڕوو لە (B) دەکەین. ئەگەر سەر بە (B) بوو ڕوو لە (A) دەکەین.

٢. بە پێی کەس و ژمارەی ڕاناوە جوداکە، لکاوی بەرانبەر دەستنیشاندەکرێت.

٣. بە پێی یاساکانی شوێن ڕاناوە لکاکاوەکە شوێنی خۆی دەگرێت.

وەک لە ڕستەی:

**ئێمە تۆمان دەترساند.**

١. (مان) ڕاناوی لکاوی بکەرییە، سەر بە دەستەی (A)یە. بۆ بەرکاری ڕوو لە دەستەی (B) دەکەین.
٢. (تۆ) بەرکارە لە کەسی دووەمی تاکدایە، ڕاناوی لکاوی بەرانبەری لە دەستەی (B)دا (یت)ە.
٣. بە پێی یاساکانی شوێن دەستەی (B) بە ڕەگی کردارەکەوە دەلکێت. (مان) بەرەڵلابوو، سەر بە دەستەی (A)یە، بە پێی یاساکانی شوێن تاکە پەناگەیەک بۆی پێشگرەکەیە، بەمەوە دەلکێت.
لە ئەنجامدا ڕستەکە دەبێت بە:

**ئێمە دەمانترساندیت.**




دوای ئەمە بە یاسای بکەرلادانی بەئارەزوو SDR بکەرەکە لادەبرێت. ڕستەکە دەبێت بە:

**دەمانترساندیت.**

بۆ لێکدانەوەی هۆی لێڵی لە داڕشتە مۆڕفۆسینتاکسییەکاندا:
**یەکەم:** داڕشتە لێڵەکان دەگەڕێنینەوە بنجەکانیان، بۆ نموونە (دەماننناسی) ئەم دوو بنجەی هەیە:




**دووەم:** ڕستەکان دوبارە بە پێی یاساکانی لە سەرەوە خرانەڕوو، دەگەڕێنینەوە داڕشتە مۆڕفۆسینتاکسییەکانیان.
لە ئەنجامدا دەبینین دەقاودەق دەبنەوە یەک.
**ڕستەی یەکەم:**

**ئێمە تۆمان دەناسی**

١. کاتی کردارەکە (ڕابردووە)، (مان) ڕاناوی لکاوی بکەرییە، سەر بە دەستەی (A)یە. بۆ بەرکاری ڕوو لە دەستەی (B) دەکەین.

٢. (تۆ) بەرکارە، لە کەسی دووەمی تاکدایە. ڕاناوی لکاوی بەرانبەری لە دەستەی (B) دا، (یت)ە.

٣. (یت) جێی (تۆ) دەگرێت و بە پێی یاساکانی شوێن دەستەی (A) هەمیشە بە ڕەگی کردارەکەوە دەلکێت. لێرە دوو (ی) دەکەونە پاڵ یەکتر (ناسی – یت). بە یاسای فۆنۆلۆجیی تێکچڕژان (ی + ی = ی) لە ناو یەکتردا دەتوێنەوە و دەبن بە یەک (ی).

٤. (مان) بەڕەڵلا بوو. بە پێی یاسای شوێن بە پێشگرەکەوە دەلکێت.

٥. بە یاسای فۆنۆلۆجیی بەئارەزوو (ت)ی (یت) لادەبرێت.

٦. بە یاسای بکەرلادان (ئێمە) لادەبرێت.

لە ئەنجامدا ڕستەکە دەبێت بە: **(دەماننناسی)**




**ڕستەی دووەم:**

**تۆ ئێمە دەناسیت**

١. کاتی کردارەکە (داهاتووە)، (یت) ڕاناوی بکەرییە، سەر بە دەستەی (B)یە. بۆ بەرکاری ڕوو لە دەستەی (A) دەکەین.

٢. (ئێمە) بەرکارە، لە کەسی یەکەمی کۆدایە، ڕاناوی لکاوی بەرانبەری لە دەستەی (A) دا (مان)ە.

٣. (مان) جێی (ئێمە) دەگرێت و بە پێی یاساکانی شوێن بە پێشگری (دە)وە دەلکێت.

٤. بە یاسای بکەرلادان (تۆ) لادەبرێت.

**لە ئەنجامدا ڕستەکە دەبێت بە:**

**دەماننناسی**




وەک ڕستەی یەکەمی لێهات و لێڵی سەریهەڵدا.

نموونەیەکی تر:

**دەیبیستیت**




**ڕستەی یەکەم:**

**ئەو تۆی دەبیست**

١. کاتی کردارەکە (ڕابردووە)، (ی) ڕاناوی بکەرییە سەر بە دەستەی (A)یە. بۆ بەرکاری ڕوو لە دەستەی (B) دەکەین.

٢. (تۆ) بەرکارە، لە کەسی دووەمی تاکدایە. ڕاناوی لکاوی بەرانبەری لە دەستەی (B) دا، (یت)ە.

٣. (یت) جێی (تۆ) دەگرێت و بە پێی یاساکانی شوێن بە ڕەگی کردارەکەوە دەلکێت.

٤. (ی) بەرەڵلا بوو. بە پێی یاسای شوێن بە پێشگرەکەوە دەلکێت.

٥. بە یاسای بکەرلادان (ئەو) لادەبرێت.

لە ئەنجامدا ڕستەکە دەبێت بە: دەیبیستیت:

**ئەو تۆی دەبیست.**




**ڕستەی دووەم:**

**تۆ ئەو دەبیستیت**

١. کاتی کردارەکە (داهاتووە)، (یت) ڕاناوی بکەرییە، سەر بە دەستەی (B)یە. بۆ بەرکاری ڕوو لە دەستەی (A) دەکەین.

٢. (ئەو) بەرکارە، لە کەسی یەکەمی تاکدایە، ڕاناوی لکاوی بەرانبەری لە دەستەی (A) دا، (ی)ە.

٣. (ی) جێی (ئەو) دەگرێت و بە پێی یاساکانی شوێن بە پێشگری (دە)وە دەلکێت.

٤. بە یاسای بکەرلادان (تۆ) لادەبرێت.

لە ئەنجامدا ڕستەکە دەبێت بە: دەیبیستیت.




دەقاودەق وەک ڕستەی یەکەمی لێهات و لێڵی سەریهەڵدا.

**لێلی سێقۆڵی**

(دەیبینین) ئەم سێ واتایە دەگەیەنێت:




**ڕستەی یەکەم:**

**ئێمە ئەو دەبینین**

١. کاتی کردارەکە (داهاتووە)، (ین) ڕاناوی بکەرییە، سەر بە دەستەی (B)یە. بۆ بەرکاری ڕوو لە دەستەی (A) دەکەین.

٢. (ئەو) بەرکارە، لە کەسی سێیەمی تاکدایە، ڕاناوی لکاوی بەرانبەری لە دەستەی (A) دا (ی)یە.

٣. (ی) جێی (ئەو) دەگرێت و بە پێی یاساکانی شوێن بە پێشگری (دە)وە دەلکێت.

٤. بە یاسای بکەرلادان (ئێمە) لادەبرێت.

لە ئەنجامدا ڕستەکە دەبێت بە: دەیبینین.

**ئێمە ئەو دەبینین**




**ڕستەی دووەم:**

**ئەو ئەوانی دەبینی**

١. کاتی کردارەکە (ڕابردووە)، (ی) ڕاناوی بکەرییە سەر بە دەستەی (A)یە. بۆ بەرکاری ڕوو لە دەستەی (B) دەکەین.

٢. (ئەوان) بەرکارە، لە کەسی سێیەمی کۆدایە. ڕاناوی لکاوی بەرانبەری لە دەستەی (B)دا، (ن)ە.
٣. (ن) جێی (ئەوان) دەگرێت و بە پێی یاساکانی شوێن بە ڕەگی کردارەکەوە دەلکێت.
٤. (ی) بەرەڵلا بوو. بە پێی یاسای شوێن بە پێشگرەکەوە دەلکێت.
٥. بە یاسای بکەرلادان (ئەو) لادەبرێت.

لە ئەنجامدا ڕستەکە دەبێت بە: دەیبینین، کە دەقاودەق وەک ڕستەی یەکەمی لێهات.

**ئەو ئەو انی دەبینی**




دەقاودەق وەک ڕستەی یەکەمی لێهات و لێڵی سەریهەڵدا.

**ڕستەی سێیەم:**

**ئەو ئێمەی دەبینی**

١. کاتی کردارەکە (ڕابردووە)، (ی) ڕاناوی بکەرییە سەر بە دەستەی (A)یە. بۆ بەرکاری ڕوو لە دەستەی (B) دەکەین.
٢. (ئێمە) بەرکارە، لە کەسی یەکەمی کۆدایە. ڕاناوی لکاوی بەرانبەری لە دەستەی (B) دا، (ین)ە.
٣. (ین) جێی (ئێمە) دەگرێت و بە پێی یاساکانی شوێن بە ڕەگی کردارەکەوە دەلکێت. لێرەدا دوو (ی) دەکەونەپاڵ یەکتر. بە یاسای فۆنۆلۆجیی (ی + ی = ی) لە ناو یەکتردا دەتوێنەوە و دەبن بە یەک (ی).
٤. (ی)ی بکەری بەرەڵلا بوو. بە پێی یاسای شوێن بە پێشگرەکەوە دەلکێت.
٥. بە یاسای بکەرلادان (ئەو) لادەبرێت.

لە ئەنجامدا ڕستەکە دەبێت بە: **دەیبینین.**




دەقاودەق وەک ڕستەی یەکەم و دووەمی لێهات و لێلی لەگەڵ هەردوو ڕستەکەی پێشوو سەریهەڵدا.

## پەراوێزەکان

١. بۆ چەمکی لێڵی و جۆرەکانی سەیری ئەم باسەم بکەن:
-لێڵی لە زمانی کوردیدا - گ. ڕۆشنبیری نوێ، ژ. ١٩٩٥/١٣٦، ل: ٦٦–٦٩.
٢. لە کوردیی باشووردا.
٣. مۆرفۆسینتاکس ڕستەیەکی تەواوە لە چوارچێوەی وشەیەکدا دادەڕێژرێت. لەم ئاستەدا پێناسەی (وشە) و (ڕستە) تێکدەشکێت و پەکیاندەکەوێت. ئایا (بینیبوومانن) وشەیە، یان ڕستە؟ ئەگەر (وشە) بێت نابێت ڕستە بێت، ئەگەر (ڕستە) بێت نابێت وشە بێت. لە ڕێزمانی چاولێکەریدا بەر پێناسەی هەردووکیان دەکەوێت. ڕێبازی گوێزانەوە ئەم کێشەیە چارەسەردەکات. بۆ پێناسینی وشە و یاساکانی گوێزانەوە سەیری ئەم باسانەم بکەن:
- مردنی وشە – گ. کاروان ژ ٤٥ ساڵی ١٩٨٦، ل: ٨–١٤. دوبارە لە کتێبی ئاسۆیەکی تری زمانەوانیدا ل: ١١٢–١٢١ بڵاوکراوەتەوە.
- لە ڕووەکانی ڕێبازی گوێزانەوە - گۆڤاری ئەکادیمی، ژ ٣ ساڵی ٢٠٠٥. دوبارە لە کتێبی پیتۆکەکانی زمانەوانیدا ل: ٢٥–٣٥ بڵاوکراوەتەوە.

## سەرچاوەکان


١. min W. O. (١٩٧٦) Some fundamental Rules of Kurdish Syntaxs structure. London.
٢. ---------------- (١٩٧٩) Aspects of Verbal construction in Kurdish. (SOAS، University of London.
٣. وریا عمر امین (١٩٩٥) لێڵی لە زمانی کوردیدا - گ. ڕۆشنبیری نوێ، ژ. ١٣٦ ل: ٦٦-٦٩.
٤. ------------- (١٩٩٩)، (ێت)ی شێوێنەر - گۆڤاری ڕامان، ژ ٣٩ ساڵی ١٩٩٩، ل: ٢٣٤–٢٣٥.
٥. ------------ (٢٠٠٥)، لە ڕووەکانی ڕێبازی گوێزانەوە - گۆڤاری ئاکادیمی، ژ ٣ ساڵی ٢٠٠٥.
٦. ------------ (٢٠٢٣)، ڕێزمانی ڕاناو بە ڕێبازی گوێزانەوە - لە بڵاکراوەکانی زانکۆ جیهان.

# توێژینەوە

# دەروازەیەک بۆ تێگەشتن لە دۆخی زمانی کوردی و پێویستیی سیاسەتی زمانی لە هەرێمی کوردستان



د. موئمین یاسین محمدأمین

* ماستەر لە زمان و ئەدەبی ئینگلیزی و دکتۆرا لە سیاسەت و پلاندانانی زمان.
* سەرۆکی بەشی وەرگێڕانە لە زانکۆی جیهان-سلێمانی.
* سەرنووسەری گۆڤاری زمانەوانی لە زانکۆی جیهان-سلێمانی.

## پێشەکی

زۆربەی وڵاتانی دنیا سیاسەتی زمانییان هەیە، بۆئەوەیشیان داڕشتووە کە پشتیوانی لە زمانێك یان چەند زمانێك بکەن، یان کۆسپ بخەنەبەریان. هەرچەندە نەتەوەکان لە مێژوودا، زۆر جار سیاسەتی زمانییان بۆ ئەوە داڕشتووە، کە زمانێك لە سەر حیسابی زمانەکانی دیکە پێشبخەن، ئێستا زۆر لە وڵاتان سیاسەتی زمانییان بۆ پێشخستنی داڕشتووە، ئەو زمانە خۆجێیی و نەتەوەییانەی هەڕەشە لە سەر مانەوەیان هەیە. حکومەت بە فەرمی سیاسەتی زمانی دادەڕێژێت لە ڕێگەی یاساکاری یان بڕیارە دادوەرییەکان بۆئەوەی دیاربکرێت چۆن زمانەکان بەکاربێن؟ یان ئەو توانا زمانییە ببوژێندرێتەوە، کە پێویستن بۆئەوەی پرسە هەرە لە پێشە نیشتمانییەکان بەڕێوەببرێن، یان بۆ دیاریکردنی مافی تاکەکەس یان گرووپەکان لە بەکارهێنان و پارێزگاریکردن لە زمانەکانیان. پارێزگاری لە هەمەجۆریی کولتوور و زمان لە جیهانی ئەمڕۆدا گرنگییەکی زۆری پێدەدرێت لە لایەن زانا و هونەرمەند و نوسەر و سیاسەتوان و ڕێبەرانی کۆمەڵگا زمانەوانییەکان و داکۆکیکاران لە مافی زمانەوانیی مرۆڤ.. ئەم لێکۆڵینەوە لە سەر پێگەی زمانی کوردی لە مێژووی عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەڕوانێت و هەوڵدەدات لایەنە جیاوازەکانی دەرکەوتنی زمانی کوردی ڕونبکاتەوە، هاوکات باس لە سیاسەتی زمانیی حکومەتە جیاوازەکان دەکرێت، کاریگەرییەکانی زمان لە سەر سێکتەرەکانی ژیان ڕۆشندەکرێنەوە و پیشنیازی پێویست دەخرێنەڕوو:

## ١. زمانی کوردی لە یەکەم ڕابوونی کوردیدا

کورد نەتەوەیەکی دێرینە، کە بە زمانی کوردی دەدوێت کە پێکهاتەی ژمارەیەک دیالێکتی جیاواز بە پێی دیمۆگرافیای هەرێمە جیاوازەکان دابەشبووە، کوردەکان لەبەرئەوە پاش خەباتی سەدان ساڵە هێشتا نەبوون بە خاوەنی کیانی خۆیان بە سەر وڵاتانی تورکیا، ئێران، عێراق و سووریادا دابەشبوون و ژمارەیەکی زۆریشیان وەک پەنابەر ڕوویان لە وڵاتە جیاوازەکانی جیهان کردووە، بە شێوەیەک کەم وڵاتی سەرزەوی هەیە ژمارەیەک کوردی تێدا نەژی.

ساڵی ١٨٩٨ بە خاڵێکی درەوشاوەی مێژووی کورد دادەنرێت، کە تەکانێکی گەورەی بە دەرکەوتنی زمانی کوردی داوە، چونکە لە ڕۆژی ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨ میقداد مدحەت بەدرخان لە شاری قاهیرەی میسر دەرگایەکی پڕمەینەت و زەحمەت بەڵام دەرگایەکی شارستانی بۆ گەلە ستەمدیدەکەی خۆی خستەسەرپشت و یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بە ناوی "کوردستان"ەوە دامەزراند؛ لەو ڕۆژەوە کاروانی خەبات و تێکۆشان بەڕێوەیە بۆ بەدیهێنانی ئاوات و ئامانجەکانی بەدرخان بۆ ئازادی و ڕزگاریی کورد و کوردستان. بە پێی سەرچاوەکان ڕۆژنامەکە ٣ هەزار دانەی لێچاپدەکرا، ٢٠٠٠ دانەی بە خۆڕایی لە کوردستان دابەشدەکرا.

ئەگەرچی دەرچواندنی ڕۆژنامەی کوردستان لە قاهیرە دوور لە خاک و خەڵکی کوردستان بە هۆی زوڵم و گوشاری ناحەزانی گەلی کورد بووە، چەندین جاریش جێگۆڕکێی پێکراوە، ئەو پیشەیە ئەگەر لە مێژوودا بە ناوی "پیشەی گەڕان بە دوای سەرئێشەدا" ناویدەرکردبێت، ڕۆژنامەگەریی کوردی تا ئەمڕۆیش گەڕان بووە بە دوای مەرگدا! (ڕابەر، ٢٠١٤).

هەندێک لە شۆڕەسوارەکانی مەیدانی ڕۆژنامەگەریی کوردی، ئەوانەی کۆچیدواییان کردووە میقداد مەدحەت بەدرخان خاوەنی "ڕۆژنامەی کوردستان ١٨٩٨"، عەبدولکەریم ئەفەندی خاوەنی گۆڤاری "ڕۆژی کورد ١٩١٣"، مستەفا پاشا یاملکی خاوەنی "گۆڤاری بانگ کوردستان ١٩٢٢"، مێژوونوس حسێن حوزنی موکریانی خاوەنی "گۆڤاری زاری کرمانجی ١٩٢٦"، ماموستا ئیبراهیم ئەحمەد خاوەنی "گۆڤاری گەلاوێژ ١٩٣٩"، ماموستا عەلائەدین سەجادی خاوەنی "گۆڤاری نزار"، ماموستا ئەنوەر مائی خاوەنی "گۆڤاری ڕۆناهی"، پیرەمێردی شاعیر خاوەنی "ڕۆژنامەی ژین"، مەلا شەریف ڕەنگەڕێژی خاوەنی "ڕۆژنامەی ئازادی ١٩٤٥، مامۆستا گیو موکریانی خاوەنی "گۆڤاری هەتاو ١٩٥٤"، جگە لە سەدان نوسەر و ڕۆشنبیر و هونەرمەند دڵسۆزانە لە ڕۆژگاری خۆیدا بەشدارییانکردووە لە گەشەپێدانی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا وەکو ماموستا عەبدوڵڵا گۆران، مەعرووف بەرزنجی، غەفوور میرزا کەریم، جەلالی میرزا

کەریم، ئەمینی میرزا کەریم، ئەحمەد غەفوور، مەلا ئەنوەر مائی، شاعیری بەناوبانگ قانیع، ماموستا شاکر فەتاح، محەمەد تۆفیق وردی، محەمەد مەولود مەم، ساڵەح حەیدەری و دەیانی تر.

ئەم ڕەوتە ڕۆژنامەوانییانە بەردەوامییان هەبووە و لەگەڵ دەرچوونی هەر ژمارەیەکدا گوڕوتینی زیاتر بە نوسەران و ڕۆژنامەڤانانی کوردەوە زیاتر بینراوە بۆ کارپێکردن و نوسین بە زمانی کوردی، ئەگەر سەرنجی ژمارە سەرەتاییەکانی ڕۆژنامەی "کوردستان" بدەیت، دەردەکەوێت کە زمانی عەرەبی بە سەر زمانی کوردیدا زاڵترە، ئەوەیش بە هۆی ئەوەی ڕۆژنامەکە لە قاهیرەی پایتەختی میسر دەرچووە، ئەم گەشەکردنەیش لە زاراوە و زمان و دەستەواژەی کوردیدا دواتر فراوانتربووە.

> **"حکومەت بە فەرمی سیاسەتی زمانی دادەڕێژێت لە ڕێگەی یاساکاری یان بڕیارە دادوەرییەکان بۆئەوەی دیاربکرێت چۆن زمانەکان بەکاربێن"**

**٢. مێژووی سیاسەتی زمانیی زمانی کوردی و ئەلفبێی کوردی**

ئەگەرچی ئەم توێژینەوەیە قسەی جیدی دەبێت لە سەر خاوەندارێتیی ئەلفوبێی کوردی، کە مایەی شانازییە بۆ کوردەکان کە ئەم ئەلفوبێیەیان هەیە و دواتریش ئاڕاستە جیاوازەکان ڕوندەکەینەوە، بەڵام دەبێت ئاماژە بەوەیش بکرێت، کە بە هۆی ئەوەی کوردەکان لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانی و سەفەویدا بوون و ئەلفوبێی فەرمی ئەو دوو وڵاتە ئەلفوبێی عەرەبی بوو، کوردەکانیش تا پێش (٣٠)ەکان تەنیا ئەلفوبێی عەرەبییان بۆ نوسینی کوردی بەکاردەهێنا.

لە تورکیا، لە دوای بەفەرمیکردنی ئەلفوبێی لاتینی بۆ زمانی تورکی، جەلادەت عەلی بەدرخان لە ساڵی ١٩٣٢ ئەلفوبێیەکی لاتینی بۆ زمانی کوردی داهێنا، کە ئێستا بە ناوی "ئەلفوبێی هاوار" یان "بەدرخان" دەناسرێت، بەڵام لەگەڵ هەژموونە سیاسییەکەدا دەردەکەوێت، کە بەکارهێنانی ئەلفوبێ جیاوازەکانی بۆ زمانی کوردی کەوتووەتە ژێر کاریگەریی حوکمڕانەکانەوە، لە تورکیا و بەشێکی سووریا کوردەکان بە لاتینی نوسینیان هەبووە، لە عێراق و ئێرانیش ئەلفوبێی کوردی (ئارامی)، کە هاوشێوەی عەرەبی و فارسییە بەکاردەهێنرێت.

مێژووی زمانی کوردی، دەقگرتوو نییە و هەمیشە ئاڵوگۆڕی بە خۆیەوە دیتووە. هەنووکە زیاتر لە ٤٠ ملیۆن کورد لە ئاستی جیهانیدا بە شێوەزارە جۆربەجۆرەکانی زمانی کوردی دەدوێن. لەبەرئەوەی نیشتمانی کورد لە ناو دڵی جوگرافیای ڕۆژهەڵاتی

ناوەڕاستدا دابەشکراوە و کورد یەک لە نەتەوە هەرە گەورەکانی بێدەوڵەتە، پەیوەندیی نێوان کوردان لەگەڵ یەکتری و لەملا و ئەولای سنووران هەمیشە ئەستەم بووە. تەنها لە دوای کۆتایی (٧٠)کاندا گونجاوە ئاخێوەرانی شێوەزارە جۆربەجۆرەکانی کوردی لەمبەر ئەوبەری سنووری ئەو دەوڵەتانەی کوردستان بەڕێوەدەبن پەیوەندی لەگەڵ یەکدی بکەن. هەرچی ئەو دواییانە، لە سەردەمی تۆڕی پەیوەندیی ئەنتەرنێتدا، کوردەکان دەستیان بە هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی نوێ لە مێژووی زمانی خۆیان کردووە، کە دەکرێت هەلی ئەوەیان بۆ بڕەخسێنێت لە ئاستی نەتەوەییدا خۆیان وەگەڕبخەن بۆ دەستەبەرکردنی ئەوەی زمانی کوردی وەکو زمانی سەرەکی لە لایەن منداڵەکانیانەوە بەکاربهێندرێت. پاشەڕۆژی زمانی کوردی لە جیهانێکی ئەلیکترۆنیدا کە هەتا دێت گەورەتردەبێتەوە، بەستراوەتەوە بە توانای خۆدەربڕین بە زمانی خۆ و گەیاندی پێداویستییەکانی هەنووکەیی و ئەو بابەتانەی وا لە بەردەم ئەو خەڵکەی، کە قسەیپێدەکەن قوتدەبنەوە. لە هەمان کاتدا گەنجانی کورد کە زۆر دوور لە کوردستان دەژین توانایی ئەوەیان هەیە نەریتێکی پەیوەندیگرتن بە زمانی خۆیان بە ڕێگەی ئینتەرنێت دابمەزرێنن. ئێستا کوردەکان چوار سیستمی ناستانداردی ڕێنوس بەکاردەهێنن.

کوردەکانی باکوور ئەلفوبێیەکی ئاڵوگۆڕکراوی تورکی لە سەر بنەمای خەتی لاتینی بەکاردەبەن، کوردەکانی مەڵبەندە ناوەندییەکانی کوردستان ئەلفوبێیەکی ئاڵوگۆڕکراوی عەرەبی بەکاردەهێنن، کوردەکانی سۆڤیەتی پێشوو لە ئەلفوبێی ئاڵوگۆڕکراوی سیریلی بۆ نوسینی کوردی کەڵکوەردەگرن و کوردەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان هێشتا تا ڕادەیەکی بەربڵاو کوردی بە ئەلفوبێی فارسی دەنوسن. نەبوونی سیستمێکی یەکگرتووی ڕێنوس بڵاوکردنەوە و میدیای بەشێکی کوردستان لە بەشەکانی دیکەی کوردستان بێسوددەکات، بۆیە ڕێککەوتنێکی گشتیی دەستبەجێ بۆ هەبوونی سیستمێکی هاوبەش بۆ نوسینی هەموو زاراوەکانی زمانی کوردی لە گۆڕێدایە.

بە گوێرەی وتارێک کە ماڵپەڕی فەرمیی ئەکادیما بڵاویکردووەتەوە: "ئاکادێمی زمانی کوردی [کال] لە کەموکووڕیی زۆری ئەو سیستمانەی نوسینی زمانی کوردی، کە ئێستا کەڵکیان لێوەردەگیرێت ئاگادارە". ئەو کەموکورتییانە بریتین لە: لەکارهاتووی، بەکارهاتن لە ناو زاراوەکاندا و نەبوونی ستانداردەکانی نێونەتەوەیی لە سەر بنەمای ئای تی و نوێنەرایەتینەکرانی زمانی کوردی لەو بوارانەدا. بۆ ڕزگاربوون لەو بەرهەڵستانەی کە هەبوونی سیستمە جۆربەجۆرەکانی ڕێنوسی کوردی پێکیانهێناوە، کال ئەلفوبێیەکی یەکگرتووی ستانداری کوردی (ئەلفوبێی یەکگرتوو) هێناوەتەگۆڕێ لە سەر بنەمای ستانداردە نێونەتەوەییەکانی ئای. ئێس. ئۆ-٨٨٥٩–١.

ئەو ئەلفوبێیە مۆدێرنە کوردییە ئاڵوگۆڕێکی کەمی لەو سیستمە ڕێنوسەی کە لە سەر بنەمای خەتی لاتینی هەڵنراوە پێکهێناوە و چەند نیشانەیەکی نوێی وەخۆ کردووە. ئەو نیشانە نوێیانە بە مەبەستی باشترکردنی دەرفەتی جموجوڵی دەزگای ڕێنوسی کوردی زیادکراون. ئەو هەوڵدانە وەک بەشێک لە تێکۆشانی بەربڵاوی کال بۆ بوژاندنەوە و پێشخستنی بەکارهێنانی زمانی کوردییە لە ناو نەوەی نوێدایە. ئەو سیستمەی لە لایەن ئاکادێمی زمانی کوردییەوە داهێندراوە و پێشکەشکراوە هەم ئاسانە، هەم لەگەڵ پەروەدەی هاوچەرخ دەگونجێت و هەم کارایی زمانی کوردی لە هەموو بوارەکانی پەیوەندی بە ڕێگەی ئینتەرنێت یان هەر مێدیایەکی دیکەی ئەلیکترۆنیدا زیاتردەکات.

> **”کوردەکان لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانی و سەفەویدا بوون و ئەلفوبێی فەرمیی ئەو دوو وڵاتە ئەلفوبێی عەرەبی بوو، کوردەکانیش تا پێش (٣٠)ەکان تەنیا ئەلفوبێی عەرەبییان بۆ نوسینی کوردی بەکاردەهێنا “**

### ٣. هەوڵەکانی گۆڕینی ئەلفبای کوردی

ئەم ڕێنوسە کوردییەی، کە ئێستا لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، زمانی کوردی پێدەنوسرێت و تەواوی گەنجینەی فەرهەنگ و هزری کوردی چەند سەدەیەکی پێنوسراوەتەوە، گەلێک بەرچاو و تۆخکراوە و گۆڕانکاری بە سەردا هاتووە؟ ئەگەر نوسین بە ئەلفبێی عەرەبی لە سەدەی حەوتەمی زاینەوە هاتبێتە کوردستان، ئەوا ئەودەمە نوسین بە زمانی کوردی نەبووە و هەرچییش نوسرابێت، هەر بە عەرەبی یان فارسی نوسراوە، چونکە ئەوانە زمانی دەسەڵاتداران و فەرمانڕەوایانی کوردستان بوون.

کورد ئەو دەمیش وەک ئێستا بۆ خۆی خاوەنی خۆی نەبووە، بەڵام ئیدی لە دەستپێکی بەکوردی_نوسینەوە، کە نزیکەی شەش-حەوت سەدەیەکە، کورد توانیویەتی ئەلفبێ عەرەبی-فارسییەکە بەرەبەرە هەمواربکات و لەگەڵ تایبەتمەندێتیی زمانی کوردیدا بیگونجێنێت. ئەلفبێ و زمان دوو شتی جیاوازن. ئەلفبێ نیشانە و هێمایەکە بۆ ئەو فۆنێم و دەنگانەی، کە لە زماندا دێنە دەراندن. ئەو نیشانە و هێمایانەیش، کە ناوی ئەلفبێیان لێدەنرێن، مرۆڤ بۆ خۆی دروستیاندەکات و دایاندەنێت و لە سەریان پێکدێت و ڕێکدەکەوێت (شاکەلی، ٢٠١٣).

ئەگەر زمان تایبەت بێت بە گەلێک یان کۆمەڵە مرۆڤێک، کە پێیدەپەیڤن و لە

یەکتر تێدەگەن و مۆرک و موڵک و ناسنامەیەکی نەتەوەیی هەبێت، ئەوا ئەلفبێ ئەو تایبەتمەندییەی نییە. هەموو ئەلفبێیەک، بە هەندێک دەسکاری و گونجاندن لەگەڵ هەر زمانێکدا، دەتوانێت لە بارەی ئەو زمانە و هەموو جۆرە زمانێک بێت و هەموو جۆرە دەنگێک بدەرێنێت و مرۆڤیش هەر کاتێک ویستی و بە پێویستی زانی، دەتوانێت بۆ هەر دەنگێک هێمایەك چێبکات. ئەو ڕێنوسەی ئەمڕۆ کورد بەکاریدەبات، بۆ خۆی خاوەنی پێگەیەکی ئابووری و سیاسیی بەهێز و کاریگەرە.

هەرچی فراواننەبوون و پێشنەکەوتنی ڕێنوس و زمانی کوردییە لە ناو کورددا و نەبوونی ئەم ڕێنوس و زمانە، بە زمانی هەموو کورد، ئەوە گەلێک هۆی هەن: ژێردەستەیی کورد وەک نەتەوەیەک، پارچەپارچەیی و دابەشبوونی خاکەکەی و خۆی بە سەر چوار-پێنج دەوڵەتدا، نەبوونی دەستگا و سیستمێکی خوێندن و بارهێنانی سەرتاسەری، نەبوونی دەستگای میدیای سەرتاسەری و زۆریی شێوەزار و بنزاری کورد لە یەکدی، کاڵفامی و سستی هەستی نەتەوەیی و چێکردنی تیپی لاتینی بۆ زمانی کوردی و... هتد، هەموو ئەمانە کارێکی وایان کردووەتەسەر ئەوەی، کە زمانی کوردی بە ڕادەی پێویست و بە گوێرەی سەردەم، پێشکەوتن و فراوانبوون بە خۆیەوە نەبینێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا و سەرباری ئەو هەلومەرجەی زمانی کوردی تێدابووە، گرفت و ئاستەنگیی هێندە گەورەی نەهاتووەتەپێش و گۆڕانی زۆری بە سەردا هاتووە و گەلێک چووەتەپێش و ئێستا تا ڕادەیەک هەموو شتێکی پێدەنوسرێت و لە هەموو بوارێکدا بەکاردەبرێت (شاکەلی، ٢٠١٣).

ئەوانەی بانگەشەی گۆڕینی ئەلفبێی کوردی بۆ لاتینی دەکەن، باس لە هەندێک گیروگرفت و کێشەی ئەلفبێی کوردی (تیپی عەرەبی) دەکەن و بۆ لاتینییاندنی ئەلفبێی کوردی دەهێننەوە. ئەوەی ئەوان دەیگێڕن لە پاساو زیاتر هیچی دیکە نین. ئەوان دەڵێن، بۆئەوەی بیانی فێری کوردی ببێت، تیپی لاتینی دەرمانە و چارەسەر و کارەکە فرە ئاساندەکاتەوە. من هەرگیز ئەو قسەیە بە ڕاست نازانم و بڕوام پێی نییە (شاکەلی، ٢٠١٣)، چونکە ئەگەر بیانییەک بیەوێت زمانێک فێربێت، ئەوا زۆر بە ئاسانی فێریدەبێت، سا ئیدی تیپەکەی هەرچی بێت هەزاران بیانی، بە تایبەت ئەوروپایی و ئەمریکایی هەن، کە عەرەبی، فارسی، عیبری، چینی، ڕووسی، سۆمالی، ئەمهاری، کۆریایی، ئوردوو، ئاشووری، ئەرمەنی، سانسکریت و... دەیان زمانی دیکە، کە بە تیپی لاتینییش نانوسرێن، زۆر چاک دەزانن و بە ئاسانییش فێربوون.

مەسەلەی فێربوونی زمانی کوردی لە لایەن بیانییەوە، دەگەڕێتەوە بۆ گرنگیی کورد بۆ خۆی وەک نەتەوەیەک و ڕۆڵی کورد لە پرۆسێس و ڕوداوە ئابووری و سیاسی و فەرهەنگییەکانی ئەمڕۆی جیهاندا. کورد، کە نە خاوەنی پێگەیەکی ئابووری و سیاسیی

بەهێز و کاریگەرە و نە گرنگییەکی ئابووری یان سیاسی لە سەر نەخشەی جیهان هەیە و نە گەنجینەیەکی فەرهەنگیی دەوڵەمەند و نە چ داهێنانێکی فەرهەنگیشی خستووەتەسەر فەرهەنگی جیهانی و مرۆڤایەتی و نە زمانەکەی زمانی وڵاتێکی سەربەخۆ و رووگەی گەشتیارانیشە، بۆیە بیانییان هێندە بە تەنگ فێربوونی زمانەکەیەوە نین. کەوابوو ئەو باسە هیچ پەیوەندییەکی بە تیپ و رێنوسەوە نییە. ئەگەر تەماشایەکی دەوروبەری خۆمان بکەین و بڕوانینە هاوسێیەکانی کورد، عەرەب و فارس، کە کوردی عیراق و ئێران، بە تیپێک دەنوسن، هەمان تیپی ئەوانە بە تۆزێک دەستکارییەوە، ئەوان تا چ رادەیەک فێری کوردی بوون! مامۆستایەکی ئێرانناسی (ئێرانیستیک) "Studies Iranian" بە ناوی "کاریناجەهانی Jahani Carina" لە زانستگەی "ئوپسالا" لە سوید، کە ئێستا پرۆفیسۆرە، دەیگوت: "کوردەکان زۆر زیرەکانە، گیروگرفتی ئەلفبێیان چارەسەرکردووە و خۆیان لە گرێ و سەختیی ئەلفبێی عەرەبی رزگارکردووە و دوورخستووەتەوە و ئەگەر ئەلفبێی کوردی لەگەڵ فارسییشدا بەراوردبکرێت، ئەوا کوردییەکە زیاتر پێشکەوتووە" (شاکەلی، ٢٠٠٥).

> **"مێژووی زمانی کوردی، دەقگرتوو نییە و هەمیشە ئاڵوگۆڕی بە خۆیەوە دیتووە. هەنووکە زیاتر لە ٤٠ ملیۆن کورد لە ئاستی جیهانیدا بە شێوەزارە جۆربەجۆرەکانی زمانی کوردی دەدوێن."**

ئەگەر ئاورێک لە مێژووی خواست و باسوخواسی گۆڕینی ئەلفبێی کوردی (تیپی عەرەبی) بۆ لاتینی لە لای کورد بدەینەوە، دەبینین ئەو داخوازی و هەوڵانە پتر لە خەڵکانی ناکورد و بیانییەوە بوون و ئەوان ویستوویانە ئەلفبێی کوردی بگۆڕن، دیارە بە کاریگەریی ئەو هەوڵانەی بیانییان و شان بە شانی ئەوانە لە ناو کوردیشدا، وەها داخوازی و تەقەلایەک هاتووەتەئاراوە.

### ٣.١. هەوڵە دەرەکییەکانی گۆڕینی ئەلفبێی کوردی

لە ساڵی ١٩٠٥دا "مۆرگان"، داوای گۆڕینی ئەلفبێی کوردی بۆ لاتینی کردووە. لە سەردەمی یەکەم جەنگی جیهانی و لە ساڵی ١٩١٣دا، لە لایەن "مێجەر سۆن"ەوە، هەوڵی دانانی ئەلفبێیەکی لاتینی دراوە، بەڵام ئەو ئەلفبێیە بڵاونەبووەتەوە. لە ساڵی ١٩٣٠دا، زانای ئەرمەنی "ئیسحاق مۆرگۆڵۆڤ" و "عەرەبی شەمۆ"، ئەلفبێیەکی لاتینییان داناوە و لە

ناو کوردەکانی سۆڤیێتدا، تا ساڵی ١٩٣٨ بەکاربراوە. بۆ نموونە ڕۆژنامەی "ڕێیاتەزە"، کە بە کوردی دەردەچێت، لە ژمارەی یەکەمیەوە لە ساڵی ١٩٣٠-١٩٣٨ بە لاتینی دەرچووە. لە ساڵی ١٩٣٨-١٩٥٥ "ڕێیاتەزە" دەرنەچووە و لە ١٩٥٥یشەوە تا ئێستا، بە تیپی کریلیک دەردەچێت. لە ساڵی ١٩٣١دا" ئێدمۆنز"یش هەوڵی ئەو گۆڕینەی داوە. "پییێر ڕۆندۆ"، ئەفسەری فرانسی لە شام، پێش ئەلفبێ لاتینییەکەی "جەلادەت بەدرخان"، یەکەم ئەلفبێی کوردی بە تیپی لاتینی بڵاوکردووەتەوە. "تۆما بوا"یش، هەوڵی ئەو گۆڕینەی داوە. ساڵی ١٩٣٣ "مینۆرسکی"یش هەوڵی گۆڕینی ئەلفبێی کوردی داوە. تەواوی ئەوانە بێجگە لە "عەرەبی شەمۆ"، هەموو کەسانێکی ناکورد بوون. (شاکەلی و محەمەد، ٢٠١٧)

### ٣.٢ هەوڵە ناوخۆییەکانی گۆڕینی ئەلفبێی کوردی

لە ساڵی ١٩٣١ و دوای گۆڕینی ئەلفبێی تورکی لە لایەن "مستەفا کەمال ئەتاتورک"ەوە، دەستەی "خۆیبوون" لە دیمەشق، بەکارهێنانی ئەلفبێی لاتینییان لە بریی ئەلفبێی عەرەبی بۆ زمانی کوردی دانا. "جەلادەت بەدرخان"، ئەلفبێ لاتینییەکەی خۆی، لە ساڵی ١٩٣٢دا بڵاوکردەوە. گۆڤاری "هاوار"ی لە ژمارەی ٢٤ەمیەوە ئیدی بە تیپی لاتینی دەرکرد. "عەبدوڵڵا جەودەت"، لە گۆڤاری "ڕۆژی کورد"دا، داوای گۆڕینی ئەلفبێی کوردی بۆ لاتینی کردووە و "عەبدوڕەزاق بەدرخان" داوای گۆڕینی ئەلفبێی کوردی بۆ ڕووسی کردووە. ساڵی ١٩٢٥ "محەممەد ئەمین زەکی" و "میرزا محەمەد باشقە"، کتێبچەیەک بە لاتینی بۆ خوێندنگەی سەرەتایی ئامادەدەکەن. ساڵی ١٩٣٣ "تۆفیق وەهەبی"، کتێبی "خوێندەواری باو"ی بڵاوکردەوە، کە پتر تیپی ئینگلیزی بەکاربردبوو. ساڵی ١٩٥٦ "جەمال نەبەز"، کتێبی "نوسینی کوردی بە لاتینی" دەرکردووە و دەنگی "ڵ" و "ڕ"ی بۆ ئەلفبێیەکەی بەدرخان زیادکردووە و پاشانیش دەنگی "وێ"ی خستووەتەسەر و بەو گۆڕانانە تا ڕادەیەک ئەلفبێیەکەی بەدرخانی کاراترکردووە، لێ ئەوانەی تیپی لاتینی بەکاردەبەن بۆ نوسینی کوردی، ئەو گۆڕانکارییەی "جەمال نەبەز"یان لەبەرچاونەگرتووە.

ساڵی ١٩٧٢ "گیوی موکریانی" کتێبی "ئەلفوبێی کوردیی وێنەدار بە تیپی لاتینی"ی دانا. "سادیق بەهائوددین ئامێدی"یش یەکێک بوو لەو دەنگانەی داخوازیی لاتینییاندنی ئەلفبێی کوردی دەکرد. "عەزیز ئاکرەیی" لەگەڵ گۆڕینی ئەلفبێی کوردیدا بوو بۆ لاتینی و لەو بوارەدا نوسیویەتی.

ئەگەر تەماشایەکی ئەو بیانییانە بکەین، کە ئەو خواستەیان خستووەتە بەرباس و کۆششیان بۆ وەها کارێک کردووە، دەبینین زۆرینەیان دوو جۆرە مرۆڤ بوون، بەشێکیان خەڵکی سەر بە کڵێسە و ئاینی مەسیحی بوون و بەشەکەی دیکەیشیان

ئەفسەر و دەستوپێوەندی لەشکر و وڵاتانی کۆڵۆنیالیستی بەریتانیا و فەرەنسا بوون. من هۆ و مەبەستی بنەڕەتیی ئەو باس و داخوازییەی بیانییان دەگێڕمەوە بۆ: دابەزینی کورد و نامۆکردنی لەو شوێنگە جیۆگرافیایەی تێیدایە، نەک بەوەی کورد بکەنە قەوارەیەکی سیاسی و خاوەنی خۆی، بەڵکە تەنێ بۆ ئاژاوەنانەوە و دوورخستنەوە و جویێکردنەوەیان لە گەلانی دەوروبەریان و چێکردنی کێشە لە نێوان کورد و ئەو گەلانەدا. هۆیەکی ئاینی - فەرهەنگی: کە مەبەستی مەسیحییاندنی گەلی کورد بووە و بەوەیش دابەزینی بووە لە ژینگە ئیسلامییەکەی و لە فەرهەنگی عەرەبی – فارسی - ئیسلامی.(شاکەلی و محەمەد، ٢٠١٧)

**"کوردەکان زۆر زیرەکانە، گیروگرفتی ئەلفبێیان چارەسەرکردووە و خۆیان لە گرێ و سەختیی ئەلفبێی عەرەبی ڕزگارکردووە و دوورخستووەتەوە"**

هەرچی کورد خۆیشی بووە، کە هەوای گۆڕینی ئەلفبێی کوردی بۆ لاتینی کەوتووەتەسەر، دیارە ئەو دەمە بە چاولێکەریی کردەکەی مستەفا کەمال ئەتاتورک بووە، کە ئەو دەمی و (تەنانەت ئێستا)یش بەشێکی زۆری کورد، بە چاوی ڕێز و گۆڕان و شۆڕشەوە، لە تورکیای کەمالیستیان ڕوانیوە و کۆڵێک بە ئەتاتورک و تورکیای نوێ و سیکولاریزمە گۆجەکەیانەوە سەرسامبوون.
ساڵانی دوای جیاوبوونەوەی ئەلفبێ لاتینییەکەی "جەلادەت بەدرخان"یش، بیانووی زۆریان هێنایەوە بۆ ئەو گۆڕینە، کە زۆریان دەخرێنە چوارچێوەی ناتەواوی و کێماسی و ناڕێکوپێکی و... ئەلفبێی کوردییەوە. داخوازیی ئەم کوردەی ئێستا بۆ گۆڕینی ئەلفبێی کوردی، دەکرێت بخرێتە چوارچێوەی سەرسوڕمان و واقوڕمان بە ڕۆژئاوا و ڕۆژئاواپەرستییەوە و بەشێکە لەو دەردە جیهانگەرییەی، کە هەموو جیهانی گرتووەتەوە. ئەگەر ئەو باس و داخوازییە کاریگەرییەکی جیهانگیری بێت لە سەر کوردی بچووک و بێهێز، ئەی وەها کاریگەرییەک بۆ نەکەوتووە و ناکەوێتەسەر نەک زمانانی عەرەبی، فارسی، ئوردوو، بەنگالی و...، چونکە ئەوانە زمانگەلێکی گەورەن، بەڵکە زمانانی ئەمازیغی، تیگرینی، ئەمهاری، کلدانی، ئاشووری، سریانی، ئەرمەنی، ئازەری (لە ئێران)، جۆرجی و...؟ خۆ ئەوانەیش زمانگەلێکی بچووکن و هیچ لە زمانی کوردیش بەهێزتر نین! هیچ یەکێک لە خاوەنی ئەو زمانانە ئامادە نین، ئەلفبێی

زمانەکەی خۆیان بگۆڕن و بیکەن بە لاتینی، چونکە دەزانن ئەوە لەماڵشێواندنی خۆیان زیاتر، شتێکی دیکەی لێشێنانابێت. (شاکەلی و محەمەد، ٢٠١٧)

**٤. زمانی کوردی لە سەردەمی دەسەڵاتە جیاوازەکانی عێراقدا**

پێشتر هەندێک لە هەوڵەکانی گۆڕینی ئەلفبێی کوردی خرانەڕوو، لەم بەشەیشدا زیاتر تیشکدەخەینەسەر دەرکەوتنی زمانی کوردی لە حکومەتە جیاوازەکانی عێراقدا، بەریتانییەکان لە شەڕی جەنگی یەکەمی جیهانی وردە وردە عێراقی خستەژێر دەسەڵاتی خۆیان. لە کۆنفرانسی ئاشتی لە پاریس لە ساڵی ١٩١٩ عێراق بوو بە ژێردەستەی بەریتانیا. قەرارەکەیش لە ساڵی ١٩٢٠ جێبەجێکرا. بەریتانییەکان قەراریاندا کە عێراق بکەن بە مەلیکیەت و مەلیک فەیسەڵیان دانا. مەلیک فەیسەڵ کە هاوپەیمان بووە لەگەڵ بەریتانییەکان دژی تورکەکان. ناوچەی موسڵ بوو بە پرسیارێکی ئاڵۆز لە نێوان عێراق و تورکیادا، بەڵام (نەتەوە یەکگرتووەکان) کردیان بە خاکی عێراق لە ساڵی ١٩٢٥. لە جیاتیی ئەوە بەریتانیا داوای لە عێراق کرد لە قەرارێک کە لە ساڵی ١٩٢٣دا ئیمزاکرابوو، کە بۆ ماوەی چوار ساڵ بەریتانیا لەوێ بمێنێتەوە، بەڵام دەیانویست زیادبکرێت بۆ ٢٥ ساڵ و پارێزگاری لە کوردەکان بکەن لە عێراق. (شاکەلی و محەمەد، ٢٠١٧)

> "ڕۆشنبیرەکان بەردەوامبوون بە ئاڕاستەی کارپێکردنی زمانی کوردی، بۆ نموونە شاکر فەتاح ساڵی ١٩٤٠ لە شارۆچکەی خورماڵەوە "ڕۆژنامەی خورماڵ"ی بە زمانی کوردی دەرکرد"

سەربەخۆبوونی مەلیکایەتی لە عێراق لە ساڵی ١٩٣٢ بە فەرمی دانپێدانرا، لە ساڵی ١٩٣٣ مەلیک فەیسەڵی یەک مرد و کوڕەکەی "غازی" هاتە جێگای ئەو. غازی کێشەیەکی گەورەی مەبوو لەگەڵ کوتلە ئاینییەکان و کەمەنەتەوەییەکان. غازی لە کارەساتێکی سەیارەدا لە ساڵی ١٩٣٩ گیانیلەدەستدا، کە فەیسەڵی دوو منداڵ بوو، بۆیە ئامۆزایەکی خۆی، ئەمیر عەبدوڵلای دانا بە مەلیک. نووری سەعید کە هاوڕێیەکی مەلیک فەیسەڵ بوو دەسەڵاتی وەزیرایەتی تەواوی لە دەستدا بوو لە سەردەمی مەلیکایەتیدا عێراق یەکێک بوو لە دامەزرێنەرەکانی نەتەوە یەگرتووەکانی عەرەب لە ساڵی١٩٤٥ و هەمان ساڵ بوو بە ئەندام لە وڵاتە یەکگرتووەکان. (شاکەلی و محەمەد، ٢٠١٧)

تـەواوی بەیاننامەکانی حکومەتی عێراقی بە زمانی عـەرەبی دەنـوسـران و لـە تـەواوی فـەرمانگـەکانی میرییـشـدا زمـانی عـەرەبی دەوریـــدەگێڕا، بـەڵام هـەوڵـە ئـەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانیش بەردەوامبوون بە ئاراستەی کارپێکردنی زمانی کوردی، شاکر فەتاح ساڵی ١٩٤٠ لە شارۆچکەی خورماڵەوە "ڕۆژنامەی خورماڵ"ی بە زمانی کوردی دەرکرد و ژمارەیەکی زۆر دەستەواژەی جیاوازی ناوچەی شارەزووری زیندووکردەوە.
ئەو هێزانـەی کە دژی ڕژێم بوون زۆر بە خێرایی لە زیادبووندا بـوون، بە هۆی نارەزایی دژی ڕژێـم و بە ڕازینـەبوونی هاوبەشیـکردنی ڕژێـم لـە پەیماننـامەی بـەغدا لـە سـاڵی ١٩٥٥. هـەروەها لـەبەرئەوەی ڕژێمی نـووری کەوتبووە پارەخـواردن و بەرتیلخـواردن و خەڵکی سیاسیی دژ بە ئەو ئازار و ئەشکەنجە دەدران. لە ساڵی ١٩٥٨ کودەتایەک دژی مەلیکایەتیی فەیسەڵی دوو (نووری سەعید) بەرپابوو، کە ناوی بە شۆڕشی ١٤ی تەمموز دانـرا. لە کودەتایەکەدا مەلیک فـەیسـەڵی دوو، ئـەمیر عـەبدوڵڵا کـوژران و نووری سەعید لە ڕێگای هەڵاتندا کوژرا. لە ساڵی ١٩٥٨ سەردەمی مەلیکایەتی ڕووخا و دەوڵەتی عێراق دروستبوو و عەبدولکەریم قاسم هاتەسەر حوکم. قاسم بانگەوازی بیروڕای ئازادی دەکرد و پەیماننامەی بەغدای لە ساڵی ١٩٥٩ هەڵوەشاندەوە. قاسم بارزانی بانگهێشتکردەوە بۆ خاکی عێراق لە وڵاتی دەربەدەری یەکێتیی سۆڤیەتی ئەو کاتە. قـاسم لـە سـەرەتـادا لـە لایـەن عـەرەبەکان و شـیوعییەکانەوە هاریکاریـدەکرا، هەروەها سەرۆکهۆزەکانی کورد وەک بارزانی لە حکومڕانیی خۆیدا، بەڵام ئەو هاریکارییە زۆر تەمەنی کورت بوو. گرژی لە نێوان قاسم و مستەفا بارزانیدا دروستبوو لە سەر بەڕێوەبردنی ئۆتۆنۆمیی کوردستان. هەروەها لەگەڵ کۆمۆنیستەکان بارودۆخی ئاڵۆز بوو، تا وایلێهات قاسم لە کودەتایەکی سەربازی لە ساڵی ١٩٦٣دا کوژرا. حکومەتێکی تازە بە سەرۆکایەتیی عەبدولسەلام عارف هاتەسەر حوکم. عەبدولسەلام عارف لە کارەساتێکی کۆپتەردا لە ساڵی ١٩٦٦ کوژرا. جەنەراڵ عەبدولڕەحمان عارف کە برای عەبدولسەلام بوو هاتە جێگای ئەو. لە ساڵی ١٩٦٨ عەبدولڕحمان لە کودەتایەکدا لە سەر حوکم لابرا. حزبی بەعس دەسەڵاتی گرتەدەست و جەنەڕاڵ ئەحمەد حەسەن بەکر بوو بە سەرۆککۆماری عێراق. دروشمی حزبی بەعس ئەوە بوو "یەکێتیی حزبی سۆسیالیستی عەرەبی" بوو، لە دواییشدا نیشتمانی عەرەبی قسەی سەر زاریان بوو. دانپێدانان بە فەرمی بە مافەرەواکانی کورد و ناوچە کوردییەکان، ئەوە بوو بەیانی ١١ ئازاری ١٩٧١ی لێکەوتەوە، بەڵام ڕژێمی بەعس لە پەیمانەکانی خۆی پاشگەزبووەوە و پەیمانی جەزائیریان لە ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ ئێران مۆرکرد. لە پاش مردن (کوشتن)ی ئەحمەد حەسەن بەکر لە ساڵی ١٩٧٩، سەدام حسێن هاتەسەر حوکم، کە دەمێک بوو دەسەڵاتی سەرەکی لە دەست ئەودا بوو. (شاکەلی و محەمەد، ٢٠١٧)

پاش ئەم پێکەوەبەستنە مێژووییە، گرنگە سەرنجبدەین زمانی کوردی چ پێگەیەکی لە عێراق و گۆڕانکارییەکاندا بۆ ماوەتەوە، ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دوو گەمەکەری سەرەکی لە بواری کۆمەڵایەتی هەن. لە لایەک دەوڵەتە بەفەرمی_ناسراوەکانن لە ئاستی نێودەوڵەتی و لە لایەکی دیکەیش، ئەو نەتەوانەن کە لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەدا وەک هاوڵاتی پێناسەکراون. گەلی کورد، وەک گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەت لە جیهاندا، ئێستا وەک گەمەکەرێکی چالاک لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی - سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕۆڵی هەیە. (شاکەلی و محەمەد، ٢٠١٧)

گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و مێژوویی گرنگ کە لە دەیەی نەوەدەکانەوە لەم ناوچەیە ڕوویانداوە؛ جگە لەو قەوارە سیاسی – ئابوورییەی لە وڵاتی عێراق و ناوچەکە دروستیشیانکردووە، گۆڕانکاریی کولتووری و زمانیی بەرچاویشیان لێکەوتووەتەوە. ئەم ئاڵوگۆڕانە، هەم لە ئاستی پێگەی زمانەکانی کوردی و عەرەبی و هەم لە ئاستی پەیکەرەی ئەو دوو زمانەدا ڕوویانداوە. هەروەها ئەم گۆڕانکارییانە بە شێوەی نافەرمی، یان ناڕاستەوخۆ لە سەر مانەوە و بوژانەوەی زمانی کوردی لە وڵاتانی ئێران و تورکیایش کاریگەریان هەبووە. گەشەسەندنی زمانی نەتەوەیی، دەتوانێت بەدیهاتنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانیش بەهێزتربکات و نەتەوەی کورد لە کۆمەڵە خەڵکی "سروشتی"یەوە بۆ نەتەوەی "کولتووری"، یان نەتەوەیەکی خاوەن_دەوڵەت و زمانی تایبەت بەرجەستەبکات، کە دانپێدانراوی ناوچەیی و نێودەوڵەتییش بێت.

دەسەڵاتی ئابووری، سیاسی، زانستی و لەشکریی قسەکەرانی زمانەکان ڕۆڵێکی دیاریکەر لە پاراستن و بەهێزکردن، یان لاوازکردن و لەناوبردنی زمانەکان دەبینن. لەم ڕوانگەیەوە، باڵادەستیی نەتەوەکانی عەرەب، تورک و فارس لە سەدەکانی ڕابردوودا، لەگەڵ پێکهاتنی دەوڵەت_نەتەوە نوێیەکان، بە واتای زاڵبوونی گێڕانەوی زاڵی ئەو دەوڵەت_نەتەوانەیش بوو کە لە ڕاستیدا نوێنەرایەتیی زمان و ئەدەبیاتی ئەو نەتەوە فرمانڕەواکانی دەکرد. زمانی ئەو دەوڵەت_نەتەوانە هەڵگری ئایدیۆلۆژییەک بوو و هەیە، کە ئامانجە سەرەکییەکەی بەهادان بە دەوڵەت_نەتەوەکە و دژایەتیی لەگەڵ بزوتنەوە و نەتەوە دژبەر و ناسنامەخوازەکانی وەک کورد بوو. پێشبڕکێی نایەکسانیی نێوان زمانی دایک، یان خێزان و زمانی خوێندنگەکان، دەوڵەت، میدیا، شەقام، کار و زمانی پێویست بۆ بەرزبوونەوەی پلە و پایەی پیشەیی، ئەم مانەوە یان لەناوچوونانە بەهێزدەکات. (شاکەلی و محەمەد، ٢٠١٧)

تا بەر لە دەیەی نەوەدی سەدەی ڕابردوو نواندنی زاڵ، نواندنی نەتەوە – دەوڵەتی زاڵ بە سەر عێراقدا بوو. بە پێکهاتنی ئاڵوگۆڕە ناوچەییەکان و دەستوەردانی نێودەوڵەتی و ڕاپەڕینی گەلی کورد وەک پێکهاتەیەکی نەتەوەیی بەهێز، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و زلهێزەکان ناچاربوون قبوڵیبکەن کە یەکەی سیاسیی نوێ لە ناو دەوڵەتی عێراقدا

پێکبێت. بەم پێیە، لە سەر بەشێک لە ڕووبەرە سروشتییەکە و پانتاییە ئیتنییەکە (بەستێنی زمانی کوردی و کەلتووری نەتەوەیی) یەکەیەکی سیاسی دامەزرا.
ئێستا لە ڕووی پێگەوە زمانی کوردی، لە چوارچێوەی وڵاتی عێراقدا بووەتە زمانی فەرمی و زمانی عەرەبیش پێگەی تاکزمانیی دەوڵەت_نەتەوەی لاوازبووە و بە کردەوە لە کارلێککردن و پێکدادانە زمانییەکاندا بەرەو وڵاتی "دووزمان" یان "فرەزمان" چووە. هەرچەند هەر لە حەفتاکانەوە زمانی کوردی لە عێراق، پێگەیەکی لانی کەم بۆ خوێندن پێدراوە، بەڵام لە بەفەرمی_ناسین (دانپێدانان)ی وەک یەک لە زمانە فەرمییەکانی وڵاتی عێراق، ڕۆڵی نەبووە. جگە لەوەیش لەبەر ڕەچاوکردنی مافی زمانیی کەمینە زمانی و نەتەوەییەکانی دیکە لە هەرێمی کوردستان و چالاکبوونی سیاسی و کۆمەڵایەتیی تورکمان و سریانییەکان، فرەزمانیی لە عێراقدا بوو بە ئەمری واقیع. لەم پانتاییەدا لەگەڵ جۆری جیاوازیی کەسایەتیی ئیتنی - زمانیدا بەرەوڕووین و دەکرێت بڵێین کە قەوارەکەی لە پێکهاتنێکی نوێی نیشتمانیدا و خەریکی ناسنامەسازییە. (شاکەلی و محەمەد، ٢٠١٧)

> **"گەلی کورد، وەک گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەت لە جیهاندا، ئێستا وەک گەمەکەرێکی چالاک لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی - سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕۆڵی هەیە"**

بەم پێیە، بۆمان ڕوندەبێتەوە کە زمان لە پێکهاتنی دەوڵەت و نەتەوەسازی لە کوردستان و یەکلاکردنەوەی سنووری پێکهاتە نەتەوەییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە. ڕێگەخۆشکەرە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی تری نەتەوەی کورد و پیادەکردنی ئیدارە خۆجێییەکانی کورد لە هەر ئاڵوگۆڕێکی سیاسی لە داهاتوودا، چونکە "ئەمڕۆ بۆ تێگەیشتن لەم جیهانەی وا تێیدا دەژین، لە جیاتیی جوڵان لە گەمەی دەوڵەتەکاندا (و بووکەڵەی ڕاگەیەندراو یان شاراوەی ئەوان)، دەبێت بچین بە دوای ئەو واقعیەتە ئیتنیکییە تایبەتییانەی لە هەناوی هەریەک لەم دەوڵەتانەدا متبووە و بۆئەوەی بتوانین ئەو دەرفەتانەی بۆ نەتەوەکان هەن هەڵبسەنگێنین، دەبێت بەو ڕۆڵەی ئێستا هەیانە خەریک بین، کە زمان وەک گرینگترین سیمای ئەو ئیتنیکانە دەیگێڕێت. سەرهەڵدان و چالاکبوونی زمانەکان بە واتای سەرهەڵدانی نەتەوەکانە، کە بە نۆبەی خۆیان بە بناغەی دەوڵەتەکان داندراون". هەر لەم پەیوەندییەدا دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، کە باوەڕی بە توانا سەرچاوەییەکانی

لە ڕووی سروشتی، ئیتنی، زمانی، کولتووری و سیاسیی خۆی هەبێت، لە کارلێککردنە ناوخۆییەکانیدا ژیرانە مامەڵەبکات و پلانی بۆ بوژاندنەوەی سیما نەتەوەییەکانی هەبێت، لە پەنا لەرزۆکبوونی دەوڵەتە نەیارەکانی وەک ئێراندا، دەتوانێت مسۆگەر بێت. هەڵەشەیی حاکمانی ئەو وڵاتە لە دەستوەردانیان لە دەرەوەی خۆیان، سەرەڕای ئەو هەموو ناکۆکییەی لە ناو خۆیان و لەگەڵ دەرەوەی خۆیان هەیانە، دەتوانێت دەستەخوشکی باشوور و ڕۆژئاوا زیاتر و جوگرافیای ڕزگاربوونی پارچەکانی کوردستان بەرفراوانبکات.

سەبارەت بەو فەزا جوگرافی، سیاسی و ئیتنی، زمانی و کولتوورییەی لە باشووری کوردستان پێکهاتووە، هەنگاوی یەکەم ئەوەیە کە نەتەوەی کورد لەم بەشەی کوردستان وەک پێکهاتەیەکی بەفەرمی_ناسراو و ئاگا بە بوونی خۆی، بەر لەوەی لە تێڕوانینی ئەوانی دیکەوە بناسرێت، پێویستە لە تێڕوانینی خۆی و ئاگا بە بوونی خۆیەوە بناسرێت و لە نەبوونەوە بێتە هەبوون. حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی پەروەردە لە جیاتیی سیاسەتی پەراوێزخستنی زمانی دایک، کە لە سەر بێپلانی و نەبوونی سیاسەتێکی ڕوونی زمانی لە پەروەردە و خوێندن بە کوردی هاتووەتەئاراوە، پێویستە وەک پێکهێنێکی سەرەکیی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان و ناسنامەی نەتەوەیی لێیبڕوانێت و بە شێوەیەکی پلانمەند کار بۆ گەشەپێدانی زمانی نەتەوەیی بکات.

### ٥. زمانی کوردی لە دەستووری عێراقدا

فەرمیبوونی زمانی کوردی لە عێراقدا مێژووەکەی بۆ ساڵی ١٩٥٨ دەگەڕێتەوە، کە لە مادەی ٣ی دەستووری عێراقیدا هاتووە: "عەرەب و کورد هاوبەشن لە نیشتماندا"، ئەمەیش سەرەتای ناساندنی زمانی کوردی بوو لە عێراقدا، کە بوو بە هۆی کرانەوەی بەشی کوردی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا و لە ئێزگەکاندا زمانی کوردی بەشپێدرا و لە قوتابخانەکانی باکووری عێراقیشدا ڕێگەدرا منداڵان بە زمانی کوردی بخوێنن، لە ناوچە کوردییەکانیشدا دەرفەت بۆ زمانی کوردی کرایەوە و بوو بە زمانی نوسین و خوێندنەوە. بە گوێرەی توێژینەوەیەکی (هاشم ئەمین ٢٠١٧) زمانی کوردی وەک زمانی فەرمی لە عێراقدا کارپێدەکرێت و یەکێکە لە زمانە زیندووەکانی دنیا و کۆدی ژمارە ١٤٣ی لە ناو ٣٤٢ زمانە زیندووەکانی جیهاندا هەیە، لە لایەن دەزگای خزمەتگوزاریی تاقیکردنەوەی پەروەردەی جیهانییەوە. بە پێی مادەی ٤ی دەستووری عێراقی ٢٠٠٥ بەم شێوەیە باسی زمان کراوە:

**یەکەم:** زمانی عەرەبی و کوردی دوو زمانی فەرمین لە عێراقدا، مافی سەرجەم عێراقییەکان پارێزراوە لە فێرکردنی ڕۆڵەکانیان بە زمانی دایکیان وەک تورکمانی و

سریانی لە دەزگاکانی فێرکردنی دەوڵەتدا بە پێی یاسا پەروەردەییەکان، یان بە هەر زمانێکی دیکە لە دەزگاکانی فێرکردنی تایبەتدا.

**دووەم:** سنووری دەستەواژەی زمانی فەرمی دیاریدەکرێت، چۆنیەتی جێبەجێکردنی حوکمی ئەم مادەیەیش بە یاسا ئەم خاڵانە دەگرێتەوە:

- دەرکردنی ڕۆژنامەی فەرمی بە هەردوو زمان.
- قسەکردن و وتووێژ و دەربڕین لە بوارە فەرمییەکاندا بە هەریەک لە دوو زمانەکە وەک ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی وەزیران و دادگاکان و کۆنگرە فەرمییەکان.
- دانـنان بە بەڵگەنامە فەرمییەکان و ئاڵوگۆڕکردنی نامە و دەرکردنی بەڵگەنامە فەرمییەکان بە هەردوو زمان.

> **" ئێستا لە ڕووی پێگەوە زمانی کوردی، لە چوارچێوەی وڵاتی عێراقدا بووەتە زمانی فەرمی و زمانی عەرەبییش پێگەی تاکزمانیی دەوڵەت_نەتەوەی لاوازبووە. عێراق بەرەو وڵاتی دووزمان یان فرەزمان چووە "**

- کردنەوەی قوتابخانە بە هەردوو زمانەکە بە پێی یاسا پەروەردەییەکان.
- هەر بوارێکی دیکە، کە بنەمای یەکسانی بیگرێتەوە، وەک پارە و پەساپۆرت و پوول.

**سێیەم:** دامودەزگا فیدراڵییە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان هەردوو زمانەکە بەکاردەهێنن.

**چوارەم:** زمانی تورکمانی و سیریانی دوو زمانی فەرمیی ترن لەو یەکە ئیدارییانەدا، کە تیایدا زۆرینەی دانیشتوان پێکدەهێنن.

پێنجەم: هەر هەرێم و پارێزگایەک مافی ئەوەی هەیە زمانێکی ناوخۆیی دیکە بکاتە زمانی فەرمی، ئەگەر زۆرینەی دانیشتوانەکەی لە ڕاپرسییەکی گشتیدا بڕیاریان لە سەر دا.

### ٦. زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا

پلاندانان بۆ زمان و ڕێکخستنی زمان لە یاسای زمانە فەرمییەکان و بەدواداچوون و جێبەجێکردنی ئەو پلانە لە هەموو ئاست و بوارەکاندا و چاودێریکردنی ڕێکوپێك و هەمیشەیی پلانەکە لە هەر کەموکوڕی و کەمتەرخەمی و خەمساردی و بێباکییەك، هەروەها لابردنی هۆکارەکانی یەکسەر و دەستبەجێ و گەرماوگەرم کە خەمخۆرانە

چارەسەرێکیان بۆ بدۆزرێتەوە. ئەو لایەنەی بەم ئەرکە لە ئاسایشی نەتەوەیی ستراتیژە ڕادەبێت ئەکادیمیای زمانە نەك لە وڵاتان، بەڵکو لە هەرێمەکانیش هەیە.

**یونسکۆ و بایەخدان بە زمان و شێوەزارەکان**

سیاسەتی زمانی و یاسای زمان هاوتای یەکترن، چونکە زمان هەر زمانێك دەبێت ببێتە بەشێك لە هزر و بیری هەر تاکێکی نەتەوەکە، چونکە زمان ئاسایشی نەتەوەییە و بەبێ هەستی نەتەوەیی، ئەنجامنادرێت. لە سەرتاسەری دنیا ٤٧٠ یاسای زمان هەیە کە ٣٤٥یان لە هەرێمەکانی وڵاتاندایە، لەبەرئەوەیش کە یونسکۆ زمان بە کەلەپووری مرۆڤایەتی دادەنێت، بۆیە بە هەموو شێوە و شێوازێك بایەخ و گرنگی و بەها بەم لایەنە دەدات، هەر بە نموونە زمانی چەرکەز مەترسی لەناوچوونی لێدەکرا، بۆیە لە ئوردن ئەم ڕێکخراوە بە پلاندانان هەوڵی بوژاندنەوەی دا تا بەرەو لەناوچوون نەچێت. هەروەها لە ویلایەتی ئۆرۆناشال برادیش لە باکووری ڕۆژهەڵاتی هیندستان زمانێك دۆزرایەوە (زمانی کۆرو) کە تەنها (٨٠٠) کەس قسەیپێدەکات، پڕۆژەیەك دانراوە تا پارێزگاری لەم زمانە بکرێت و پڕۆژەی (دەنگە نەمرەکان) بۆ کۆکردنەوەی ئەرشیفی دەنگ و قامووسی زمانەکە لە سەر ئەنتەرنێت دانرا، تا سەرنجی هەموو دنیا ڕابکێشرێت بۆئەوەی بەردەوام بەکاربهێنرێت و لەناونەچێت، چونکە زمان گیانلەبەرێکە ئەگەر پلانی بۆ دانەنرێت و بە یاسای زمان ڕێکنەخرێت و ساڵانە بژارنەکرێت و وشەی نوێی بۆ دانەڕێژرێت ئەوا لە جیاتیی بوژاندنەوە، زمانەکە توشی کزی و سستی و لاوازی دەبێت و دواتر بەرەو هەڵدێر و پووکانەوە دەچێت، چونکە دوو هەفتە جارێك زمانێك لە سەرتاپای دنیادا نامێنێت و ساڵانەیش ٥٢ زمان لەناودەچن، لەبەر جیهانگیریی ئەنتەرنێت و سەتەلایت و ئەوانی دیکە وەها مەزندەدەکرێت کە لەو شەش هەزار زمانەی سەر گۆی زەوی هەر تەنیا (٢٠٠ - ٥٠٠) زمان دەتوانێت خۆی لە بەردەم گۆڕانکارییە خێرا و بەلەزەکانی هەموو لایەنەکانی ژیان ڕابگرێت، بۆیە هەرچەند زمان لە بواری خوێندن و نوسین و لە کەناڵەکانی بینراو و بیستراو و خوێنراو بەکاربهێنرێت ئەوا پتر دەبوژێتەوە، بە مەرجێک تاکی ئەو نەتەوەیە زمانەکەی بە خوێندن و نوسین لە هەر کوێیەکی دنیا بێت بە ئەرکی هەبوونی خۆی بزانێت، نەك فێرببێت، بەڵکو منداڵەکانیشی وەها ڕابهێنێت کە پێویستە زمانەکە فێرببن.

**حکومەتی هەرێمی کوردستان و زمانی کوردی**

ئەگەر بڵێیت لە هەرێمی کوردستان یاسا و بڕیارەکان بە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی دەردەچن، دەربچێت و ژمارەی ئەو قوتابخانانەی بە زمانی کوردین لە وەزارەتی

پەروەردەی حکومەتی کوردستان (٥٧٤٠) خوێندنگا و قوتابخانەیە و سەدان بەرهەمی چاپەمەنی لە چاپخانەکانی حکومەت و ئەهلی بە زمانی کوردی چاپکراون و لە دەسەڵاتی دادوەرییش زمانی کوردی بەکاردەهێنرێت و سەدان کەناڵی بینراو و بیستراو و خوێنراو هەن کە مرۆڤ پێدا ڕاناگات هەموویان خوێنێتەوە و گوێیانلێبگرێت و سەیریانبکات، ئەمانە هەموو هەنگاوی باش و خاسن، بەڵام ئایا سیاسەتی زمانییان بۆ دانراوە؟ نەك هەر لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان، بەڵکو لە کارنامەی کابینەی حکومەت و لایەنە سیاسییەکانیشدا تا چ ڕادەیەك ئەو تابلۆ و نوسینانەی لە سەر دەزگاکانی حکومەت و کەرتی تایبەت دەنوسرێن ڕەچاوی زمانی کوردییان تێدا کراوە، کە بە کوردییەکی پاراو بنوسرێن؟ ئایا ئەکادیمیای کوردی کە پێشتر کۆڕی زانیاری کوردستان بوو بە ئەرکی پێویستی سەرشانی ڕابووە؟

> **"زمان لە پێکهاتنی دەوڵەت و نەتەوەسازی لە کوردستان و یەکلاکردنەوەی سنووری پێکهاتە نەتەوەیییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە"**

**پێویستیی ئەکادیمیایەک بۆ زمانی کوردی**

ئەمڕۆ پێویستیمان بە ئەکادیمیای زمانی کوردی هەیە و دەتوانین سوود لە ئەزموونی وڵاتان و هەرێمەکانی (فرەزمان) وەربگرین، کە سیاسەتی زمانی لە کرۆکی ئاسایشی نەتەوەییانە، بۆیە لە کارنامەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان و کابینەکانی حکومەت و لایەنەکان جەختی لە سەر دەکەن، نەك بە چەند وشەیەکی بێسیاسەتی زمان، بەڵکو زمان بووە بە خەمێکی وڵاتپارێزانە و تا ئەو ڕادەیەی ئەوانەی بواری فێربوونی زمانیان نەداوە، یان لە وڵاتەکەیاندا فێربوونی زمان قەدەغەیە، ئەوا لەماڵەوە نەك خۆی فێردەکات، بەڵکو منداڵەکانیشی هاندەدات کە فێریببن و بە ناوی نەتەوەیی خۆیان ناویاندەنێن.

زمان لە ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەییە، با بزانین لە بارەی سیاسەتی زمانیی زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستان لەم بارەوە چ کراوە و چ بکرێت بۆئەوەی سیاسەتی زمانیمان هەبێت؟ لە بەرەی کوردستانی، واتا لە (دیفاکتۆوە) بۆ پەرلەمانی کوردستان سەرکردایەتیی سیاسیی بەرەی کوردستانی - عێراق ساڵی ١٩٨٨ لە هەشت لایەنی

گۆڕەپانی کوردستان پێکهاتبوو، لە یەکەمین کۆبوونەوەی سەرکردایەتیی سیاسی لە حوزەیرانی ١٩٨٨دا، بڕیاری بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆی بەرەی کوردستانی - عێراق، ئەگەرچی لە شێوەی نامیلکەیەك بە زمانی کوردی لە ٣٧ لاپەڕەی قەوارە مامناوەندیدا دەرچووە و لە بەردەستدایە، بەڵام ناوی زمانەکان ناهێنێت و پلان و نەخشە چییە لەم بوارەدا؟ باسیلێوەناکرێت (جامباز، ٢٠٠٩).

دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ بەرەی کوردستانی بوو بە دەسەڵاتی دیفاکتۆ، هەر ئەویش لیژنەیەکی پێکهێنا بە ناوی "لیژنەی پرۆژەی یاسایی" و هەر ئەو لیژنەیە دوو یاسای نوسییەوە و لە سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانییش بڕیاریان لە سەر درا:

١. یاسای ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە ١/ ١٩٩٢ لە ٦١ مادە پێکهاتووە.

٢. یاسای هەڵبژاردنی سەرکردەی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، ژمارە ٢/ ١٩٩٢ لە ١٥ مادە پێکهاتووە.

هەردوو یاساکە لە ڕۆژنامەی بەرەی کوردستانیدا بڵاوکراونەتەوە و لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەیان کاریانپێکرا و لە هەردوو یاساکەدا باسی زمان نەکراوە، ئەگەرچی هەردوو یاساکە بە زمانی عەرەبی و کوردی بڵاوکراونەتەوە. دەبوایە لە بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆی بەرەی کوردستانی و لە هەردوو یاساکەیشدا مادەی تایبەت بۆ زمان تەرخانبکرایە. با ئەم خاڵە بە وردی بخوێنینەوە: سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانی لیژنەیەکی پێکهێنا بۆ پرۆژەیاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، لە ڕاپۆرتی کۆتاییان کە ئاڕاستەی سەرکردایەتیی سیاسیی بەرەی کوردستانییان کردووە لە ساڵی (١٩٩١–١٩٩٢) لە خاڵی (١) لە بارەی زمانەوە نوسیویانە: "وامان بە پەسەند زانی یاساکە لە سەرەتاوە بە زمانی عەرەبی دابڕێژرێت، دوای ئەوەی لە لایەن سەرکردایەتیی سیاسیی بەرەی کوردستانییەوە پەسەنددەکرێت و بڕیاری لە سەر دەدرێت و لە لایەن پسپۆڕانی یاسا و زمانەوە وەرگێڕدرێتە سەر زمانی کوردی، هەروەها وەرگێڕانی یاساکە بۆ سەر زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەڵمانی کارێکی پیرۆزە" (جامباز، ٢٠٠٩).

### بۆچی هەرێم یاسایەکی هەمیشەیی دەرنەچواند؟

لێرەدا دوای سێ دەیە دەپرسین بۆچی ئەوسا سەرکرایەتیی سیاسیی بەرەی کوردستانی - عێراق یاسایەکی پێویستی هەمیشەیی دیرۆکی دەرنەچواند؟ ئەویش یاسای زمانە و لە مادە و بڕگەکانیدا کە بە وردی و قووڵی باسی بەکارهێنانی لە هەموو ئاست و بوارەکان بکردبایە (لە وڵاتان و هەرێمەکانیان ئەم یاسایە هەیە، بە نموونە هەر لە هەرێمی

کیبیك چوار یاسای زمان تا ساڵی ١٩٩٣ دەرچووە و هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بە پێی یاسای ژمار ١/١٩٩٢، هەروەها هەڵبژاردنی سەرکردەی ڕزگاریخوازی بزوتنەوەی کورد بە پێی یاسای ژمارە ٢/١٩٩٢ ئەنجامدرا، دواتر یاسای ژمارە ١/١٩٩٢ چەندین جار هەموارکرا، بەڵام لەمانیش ناوی زمان نەهێنراوە و کارنامەی هەڵمەتی لایەنەکانی سیاسی بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان هەر لە ١٩٩٢ تا ٢٠٠٩ لە هەردوو خولی پەرلەمانی کوردستان یەکەمین ١٩٩٢-٢٠٠٥، دووەمین ٢٠٠٥-٢٠٠٩ (بەشداربووم لە هەموویان زۆر بە پەلە و بەلەز باسی زمان کراوە و ئەگەر بڵێن ئەمەیان -تحصیل حاصلە-، لەبەرئەوەی دیارە و ڕوون و ئەگەر بە وەرگێڕانی هەموو دەقە کوردییەکانی یاسا و بڕیارەکانی پەرلەمانی کوردستان ١٩٩٢–٢٠٠٩دا بچینەوە، ئەوا جیاوازییەکی زۆر لە نێوان وەرگێڕانەکاندا هەیە. با بزانین چ لایەنێك ئێستا بەرپرسە لە داڕشتنی پڕۆژەیاساکان؟ (جامباز، ٢٠٠٩).

> **”سەرهەڵدان و چالاکبوونی زمانەکان بە واتای سەرهەڵدانی نەتەوەکانە، کە بە نۆبەی خۆیان بە بناغەی دەوڵەتەکان دانراون“**

**کێ بەرپرسە؟**

ژمارەی ئەو یاسا و بڕیارانەی لە ١٩٩٢-٢٠١٠، کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچوێندراون سەرجەمیان (شەشسەد پترە)، بەڵام یەکجار کەم باسی زمانیان تێدا کراوە. هەر بۆ نموونە:

نموونەی یەکەم: لە یاسای ژ ١٠/٢٠٠٨ خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی باسی زمان نەکرابوو، بۆیە بە پێویستم زانی لە لیژنەی یاسایی لەو کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆکی زانکۆکانی کوردستان و پەیمانگاکانی سەر بە زانکۆکان یان لە لیژنەی هاوبەشی یاسایی و پەروەردە و خوێندنی باڵا باسیبکەم و لە هەردوو کۆبوونەوەیش وەزیر ئامادەبوو، جەختم لە سەر ناوهێنانی زمانی کوردی کردەوە، دەرئەنجام توانیمان کە بۆ یەکەمین جار لە یاسای وەزارەت لە بڕگەی دوازدەهەم لە مادەی دووەمی دابنرێت، کە ئەمە دەقەکەیەتی: "کارکردن لە پێناو کردنی زمانی کوردی بە زمانی فێرکردن و خوێندن لە قۆناغەکانی خوێندنی باڵا لە زانستە مرۆییەکاندا و هاندانی وەرگێڕان و دانان و چاپەمەنییە زانستی و ڕۆشنبیری و ئەکادیمییەکان بۆ زمانی کوردی" (جامباز، ٢٠٠٩).

لە بەیاننامەیەکی پەرلەمانی کوردستان بە ژ (١٦٢٨ لە ٢٠١٠/٩/٢٣) بەم جۆرە باسی زمانی کوردی کراوە: "لەبەرئەوەیش کە نوسخە عەرەبییەکە بە ئەسڵ دادەنرێت، بەو پێیەی کە دەقێکی ئەسڵییە و لە لایەن پەرلەمانەوە دەنگی لە سەر دراوە و نوسخەی کوردییەکە وەرگێڕانی دەقە ئەسڵییەکەیە دەبێت وەك ئەو بێت. بۆئەوەی ئەمە ڕەچاوبکرێت و بە پێی ئەو دەقەی لە نوسخە عەرەبییەکەدا هاتووە پشت بە مادەی (٤٤)ی یاسای ناوبراو ببەسترێت، بە پێویستمان زانی ئاماژەپێبدەین و ئەم بەیاننامەیە دەربکەین" (جامباز، ٢٠٠٩).

نموونەی دووەم: کۆتایی ساڵ ٢٠١٠ پرۆژەی یاسای زانکۆ تایبەتییەکانی هەرێمی کوردستان-عێراق لە ئەنجومەنی وەزیران نێردرا بۆ پەرلەمانی کوردستان، بەڵام لە ٢٠١٠/١١/٢٩ بڕیاردرا دوابخرێت. لە مادەی ٧ لەم پرۆژەیەدا ئەگەر وردبینەوە کە ئەمە دەقەکەیەتی: "زمانی وانەگوتنەوە لە زانکۆ و کۆلێژی زانکۆ ئینگلیزییە لەگەڵ ڕەچاوکردنی هەندێک پسپۆڕیی مرۆیی بە ڕێژەیەکی دیاریکراو کە وەزارەت دەستنیشانیدەکات بە زمانە ناوخۆییەکان دەبێت". دەستخۆشی لە دواخستنی پرۆژەکە لە پەرلەمانی کوردستان دەکەین، چونکە ئەم مادەیە بە پێچەوانەی مادەی چوارەمی دەستووری کۆماری عێراق ٢٠٠٥ە، کە لە سەرتاسەری عێراق دوو زمانی فەرمی (عەرەبی و کوردی) هەیە، ئەمە لە لایەك و لە لایەکی دیکە دەپرسین لە کام کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان جگە لە بەشی (زمانی ئینگلیزی) سەرتاپای وانەکانی خوێندنیان تێدا بە زمانی ئینگلیزییە و ناوهێنانی زمانەکانیش زمانە خۆجێییەکانە؟ ئەمەیان یاسای ژ ٧٤/ ١٩٣١ بەبیردەهێنێتەوە کە پێش هەشتا ساڵ دەرچووە (جامباز، ٢٠٠٩). حکومەتی کوردستان ١٩٩٢–٢٠٠٩ (ئەگەر کارنامەی کابینەکانی حکومەتی کوردستان) یەکگرتوو، دووئیدارەیی، یەکگرتوویی بخوێنینەوە، ئەوا بە چەند وشەیەك باسی زمانیان تێدا کراوە، لەبەرئەوە پلان و نەخشەڕێگایەك دانەنراوە، کە بە ڕێکوپێکی (بە دامەزراوەیی) کابینە دوای کابینە پتر گرنگی و بایەخ و بەهای پێبدرێت، بەڵام نابێت ئەوەیش لەبیربکەین کە لە وەزارەتی پەروەردە بۆ هەموو قۆناغەکانی خوێندن پرۆگرامەکانی بەچاپگەیاندراوە، خوێندن لە قۆناغەکانی بنەڕەتی و ئامادەیی لە هەرێم سەرەڕای زمانی کوردی و عەرەبی، بە زمانی تورکمانی، سریانی و ئەرمەنییش هەیە. ژمارەی ئەو خوێندنگا و قوتابخانانەی کە تا قۆناغی ئامادەیی لە هەرێمی کوردستان بە زمانی کوردی دەخوێنن ٤٩٧ لە بەرانبەردا ١٧ بە زمانی عەرەبی هەیە، ئەگەر هەر لە ١٩٩٢ تا ٢٠٠٩ بە پلانێکی درێژخایەن لە لایەن وەزارەتەوە دەتوانرا لە هەر بەشێکی زانستە مرۆڤایەتییەکان ساڵانە تەنیا دوو کتێب بە (نوسین یان وەرگێڕان یان ئامادەکردن) ئەنجامبدرایە، ئەمڕۆ تێکڕا و پێکڕای (بابەتەکانی بڕیارلەسەردراو بۆ خوێندن) بە زمانی شیرینی کوردی دەخوێندران،

چونکە هیچ بەشێك پرۆگرامی ئەو بابەتانەی دەخوێندرێت لە چل ناونیشان پتر نابن (٢×١٩) = ٣٨، واتە خوێندن بە ڕێکوپێکی بە زمانی کوردی بەڕێوەدەچوو، نەك وەکو ئەمڕۆ (هەندێک مامۆستای زانکۆ بەبێ لێوردبوونەوە (دەڵێن) وەڵامدانەوە بە زمانی کوردی قەدەغەیە!) گەرچی کوردن و دەتوانن پرسیارەکان بە زمانی کوردی دابنێن و وەڵامەکانیش بخوێننەوە، هەندێک جاریش لەبەرئەوەی پرسیارەکان بە زمانی عەرەبین و ئەوانەی خوێندنیان بە زمانی کوردی تا زانکۆ تەواوکردووە لە واتای پرسیارەکان ناگەن.

ئەنجومەنی دادوەری (دەسەڵاتی دادوەری) ئەگەرچی لە یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژ ١٤/ ١٩٩٢ لە بارەی بەکارهێنانی زمانی کوردی لە مادەی پێنجەمیدا هاتووە، کە ئەمەیش دەقەکەیەتی: "زمان لە دادگاکاندا کوردی دەبێت، بەڵام دادگا بۆی هەیە بە هۆی وەرگێڕەوە دوای سوێنددانی گوێ لە قسەی دژکاران (الخصوم) و شایەتەکان بگرێت"، بەڵام دەقنووسەکە جێبەجێنەدەکرا، بەڵکو لە جیاتیی ئەوەی ڕێکارەکانی دادگاکان بە خێرایی بەڕێوەبچن، زمانی کوردی دەکرایە زمانی عەرەبی ئینجا لە تۆمارگاکان تۆماردەکرا، ئەگەر بەڵگەکانیش بە زمانی کوردی بوونایە ئەوا بڕە پارەیەك دەدرا بە وەرگێڕ تا بیکاتە زمانی عەرەبی.

> **”زمانی عەرەبی و کوردی دوو زمانی فەرمین لە عێراقدا، مافی سەرجەم عێراقییەکان پارێزراوە لە فێرکردنی ڕۆڵەکانیان بە زمانی دایکیان“**

میدیاکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی میدیاکان (بینراو، بیستراو، خوێنراو) تا چ ڕادەیەك ڕۆڵیان لەم بارەوە هەبوو؟ ئاماژە بە ژمارەی ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانە دەکەین، کە لە هەرێمی کوردستان دەردەچن و ژمارەیان (٦٣٣)یە، زۆربەی زۆریان بە زمانی کوردی دەردەچن، سەرەڕای ٨٠ ئێزگەی ڕادیۆ کە بە شەپۆلە جیا جیاکان و (١٠٠) تەلەفزیۆنی لۆکاڵییش پەخشدەکرێن، هەروەها ٢٠ کەناڵی ئاسمانی و سایتەکان لە ئینتەرنێت بە زمانی کوردی پەخشدەکرێن و دەخوێنرێتەوە، میدیاکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئاستی پێویستدا نین و دەبێت بە خۆیاندا بچنەوە، چونکە زمان ستراتیژە، ئاسایشی نەتەوەییە، بەزاندنی هێڵی سوورە، تا کەی لەم بوارەدا زمانی کوردی بشێوێنرێت و لایەنەکانی پەیوەنداریش بەدەنگنەیەن؟

**ئەنجامگیری**

لە ساڵی ١٩٩٢ەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزرێنراوە و پایتەختەکەی هەولێرە. پەرلەمانی هەرێم بە لایەنگرێکی زۆرەوە هەڵبژێردراو ناوی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراقە و کابینەیەکی حکومەت پێکهێنرا. بە هۆی ناکۆکیی نێوان دوو هێزە سەرەکییەکی کوردستانەوە کە پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی مەسعوود بارزانی و یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتیی جەلال تاڵەبانی، حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەر دوو زۆنی زەرد و سەوز دابەشکرا و دوو حکومەتی خۆجێیی دانران، یەکەمیان پایتەختی هەولێر بوو و دووەمیشیان سلێمانی، لە هەردوو حکومەتەکەدا وەزارەتەکانی رۆشنبیری، پەروەردە و خوێندنی باڵا سەروکاریان لەگەڵ پێگەی زماندا هەبووە.

دوای ڕزگاریی عێراق لە ٢٠٠٣، سیاسییەکانی کورد بوون بە ئەندام لە ئەنجومەنی حوکمی عێراق. لە ٣٠ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٥ سێ هەڵبژاردن ئەنجامدرا: ١. بۆ ئەنجومەنی نیشتیمانیی ئینتیقالی. ٢. بۆ ئەنجومەنی نیشتیمانیی کوردستانی عێراق. ٣. بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان. یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ سەردەمی ئینتیقالی، حکومەتی هەرێمی کوردستانی ئۆتۆنۆمی سەلماند بە "سەروەریی تەواو" و ڕێزگرتن لە دەستووری هەمیشەیی. حکومەتی هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی دەستووری هەیە بە سەر پارێزگاکانی هەولێر، دهۆک و سلێمانی و چەند ناوچەیەکی دیالە و نەینەوا و کەرکوک.

> **"زمانی کوردی لە حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستانیشدا بە پێی یاسا و دەستوور پێگەی خۆی دیاریکراوە، بەڵام هێزە سیاسییەکان بە تایبەت کوردییەکان کەمترین بایەخیان بە سیاسەتی زمانیی زمانی کوردی داوە"**

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٥ەوە تا ئێستا لەگەڵ ئەوەی کە نەبووەتە خاوەنی سیاسەتێکی زمانی بۆ زمانی کوردی، کە بە شێوەی نوسراو هەبێت، بەڵام لە بەڵگەنامە فەرمییەکان و نوسراوە فەرمییەکاندا زمانی کوردی پەیڕەودەکات. مادەی ١٤ی ڕەشنوسی دەستووری هەرێمی کوردستان - ٢٠٠٥ پێگەی زمانی بەم شێوەیەی

دیاریکردووە: لە بڕگەی یەکەمدا هاتووە: کوردی و عەرەبی دوو زمانی فەرمیی هەرێمی کوردستانن و ئەم دەستوورە مافی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان دەستەبەردەکات لە فێرکردنی منداڵەکانیان لە دامووەدزگا فێرکارییەکانی حکومەتدا بە پێی مەرج و ڕێکارە پەروەردەییەکان بە زمانی زگماکی خۆیان. هەروەها لە بڕگەی سێیەمدا هاتووە: لە هەرێمی کوردستان کار بە حکموکانی مادەی ٤ی دەستووری عێراقی دەکرێت لە بارەی زمانی فەرمییەوە لە هەر جێیەک بواری یاسایی هەبێت بۆ جێبەجێکردنی.

بە پێی دەستووری عێراق زمانی کوردی هاوکات لەگەڵ زمانی عەرەبیدا زمانی فەرمیی عێراقە و دەبێت لە هەموو دامووەدزگایەکدا نیشانبدرێت، بەڵام چەندین هەوڵ هەبوون و بەردەوامییان هەیە بۆ پەراوزخستنی زمانی کوردی لە عێراقدا، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لەو ڕووەوە هەڵوێستێکی وای نەبووە، دوایین هەوڵیش ئەوە بوو کە لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٧دا حکومەتی عێراقی نوسینەکانی زمانی کوردی لە سەر فۆڕمی خۆراک لادا، لەو بارەیەیشەوە ئارام شێخ محمەد جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کە کوردە، داوای ڕونکردنەوەی کرد، بە پێی نوسراوێکی نوسینگەی ئارام شێخ محەمەد جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ڕۆژی ٢٨ی دیسامبەری ٢٠١٧، بە نوسراوی فەرمی و ژمارە (م. ن/ ٢٩٦) داوای لە فەرمانگەی پلانانداندن و بەدواداچوونی سەر بە وەزارەتی بازرگانیی عێراق کردووە لە بارەی هۆکاری بەکارنەهێنان و لابردنی زمانی کوردی لە سەر پسووڵەی خۆراکی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان ڕونکردنەوە بدات، ئەو کارە پێشێلکردنی مادەی ٤ی دەستووری عێراقە. هەمان ڕۆژ فەرمانگەی ناوبراو بە دوو نوسراوی جیاواز، وەڵامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراقی داوەتەوە، کە لە نوسراوی یەکەمیاندا ئاماژەی بەوە کردووە، کە بە هۆی نەبوونی پەیوەندییان لەگەڵ فەرمانگەکەکانی پسووڵەی خۆراکی هەرێم، بەبێ مەبەست زمانی کوردی لە سەر پسووڵەکان نەنوسراوە، هاوکات پەیوەندییانکردووە بە چاپخانەی (نەهرەین) کە ئەرکی چاپکردنی پسووڵەکانی لە ئەستۆیە بۆ چارەسەرکردنی ئەو پرسە و دڵنیایانکردووەتەوە کە ئەو داوایە بۆ ساڵانی داهاتوو بەهەندوەردەگرن.

لە ئێستادا زۆرینەی زۆری نوسراوە فەرمییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە زمانی کوردی دەنوسرێن، کە دیالێکتی کوردیی ناوەڕاستە و حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانیش هەمان دیالێکتی کوردی بەکاردەهێنن. ئەگەر وردتر سەرنجبدەین، لە ڕووی سیاسییەوە زمانی کوردی لە حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستانیشدا بە پێی یاسا و دەستوور پێگەی خۆی دیاریکراوە، بەڵام هێزە سیاسییەکان بە تایبەت کوردییەکان کەمترین بایەخیان بە سیاسەتی زمانیی زمانی کوردی داوە، هەروەها لە وەزارەتەکانی خوێندنی باڵا و پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا زمانی کوردی

بایەخی کەمتر کراوەتەوە و زمانی ئینگلیزی لە پێشترە لە گرنگیپێداندا، ئەوەیش بە هۆی هەژموونی زمانی ئینگلیزییەوە کە بووەتە زمانی گلۆباڵ، هەر وەک لە ڕووی بازرگانییەوە زمانی کوردی پێگەی دیاریکراوی نییە، چونکە کورد دەوڵەتنییە و ئەو خواردن و شتومەکانەیشی هەناردەی دەرەوە دەکرێن بە زمانی ئینگلیزی و عەرەبی لە سەریان دەنوسرێت، هاوکات بۆ گەشتیاران کە ڕوودەکەنە هەرێمی کوردستان کۆرسی زمانی کوردی نییە، میدیاکانیش دابەشبوون بە سەر هەردوو بەرەی ئەلفوبێی کوردی و لاتینیدا و زمانی کوردییان زیاتر پەرتەوازەکردووە.

**سەرچاوەکان:**

١.ئەمجەد شاکەلی، ڕەوشت محەمەد، ئەلفبێی لاتینی و زمانی ستاندارد، (٢٠١٧)، ناوەندی تیشک، سلێمانی، چاپخانەی سیما.

٢. ئەمجەد شاکەلی، ئەوەی نابێت بگوترێت دەبێت بگوترێت، چاپی دووەم، ٢٠١٣.

٣. ئەمیر حەسەن پوور (د)، دەربارەی کێشە هەنوکییەکانی زمانی کوردی، (٢٠١٢)، سیمینار، لە کتێبخانەی کوردی لە ستۆکهۆڵم، سوید.

٤. تارق جامباز، یاسای زمانە ڕەسمییەکان، گ. پارێزەر، (٢٠٠٣)، ژ. (٥-٦).

٥. جەعفەر شێخولئیسلامی (د)، زمانی ستاندارد و زمانی یەکگرتوو... هاوڵاتی، ٢٠٠٨/٧/٢، ژ (٤٣٦).

٦. دەستووری کۆماری عێراق، ئابی (٢٠٠٥).

٧. سەلام ناوخۆش (د)، ستانداردبوونی زمانی کوردی لە نێوان زمانی سیاسەت و سیایەتی زمانی، (٢٠١٠)، لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی زمانناسی، منارە، هەولێر.

٨. عەبدولەناف ڕەمەزان ئەحمەد، ئەتڵسی زمان هەرێمی کوردستان، (٢٠٠٩)، وەک نموونە، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین.

٩. غازی عەلی خورشید، زمانی فەرمی بۆ هەرێمی کوردستان، (٢٠١١)، سەردەم، سلێمانی.

١٠. فوئاد محەمەد خورشید، زمانی کوردی و دابەشبوونی جوگرافیی شێوەزارەکانی، (١٩٨٥)، بەغداد، ئافاق عەرەبی.

١١. قەیس کاکل تۆفیق (د)، ئاسایشی نەتەوەیی و پلانی زمان، (٢٠٠٧)، چ. یەکەم، موکریان، هەولێر.

١٢. محەمەد مەعرووف فەتاح (د)، زمانەوانی، (١٩٩٠)، دار الحکمە، بەغدا.

١٣. محەمەد مەعرووف فەتاح (د)، زمانی ستاندارد و زمانی یەکگرتووی کوردی، (٢٠٠٨).

١٤. محەمەدی مەحوی (د)، مەنامە، دەروازەی یەکەم، (٢٠١٦)، سلێمانی.

١٥. محەمەدی مەحوی، (د)، زمان و زانستی زمان، سەرەتایەک بۆ زانستی زمان، (٢٠١١)، بەرگی یەکەم، سلێمانی.

١٦. نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو (د)، زمانی ستانداردی کوردی، (٢٠١٣)، چاپی یەکەم، هەولێر.

١٧. هاشم ئەمین، زمانی کوردی و پێگەی زمان لە زمانە جیهانییەکاندا، گۆڤاری زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی، ٢٠١٧.

# بۆچوونێکی ئابووری سابارەت بە مامەڵەکردنی زمان لە کوردستانی عێراقدا



* بەکالۆریۆسی لە بەشی وەرگێڕانی زانکۆی سلێمانی خوێندووە.
* ماستەر لە لێکۆڵینەوەی وەرگێڕان لە زانکۆی چەرمۆ بەدەستهێناوە.
* مامۆستایە لە بەشی وەرگێڕان لە زانکۆی جیهان سلێمانی

**توێژینەوەی:** محەمەد قادر سەعید
**و:** م. ی. نەورۆز محەمەد

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە باس لە دیدگا/بۆچوونێکی ئابووری سەبارەت بە زمان لە کوردستانی عێراقدا دەکات و پەیوەندیی نێوان زمان و ئابووری لە زۆرێک لە زمانەکان بەهەندوەرگیراوە بۆ ئەم مەبەستە. بە داخەوە، بارودۆخی زمانەوانیی زمانی کوردی لە ڕووی ئابورییەوە لە حاڵەتێکی زۆر ناڕێکدایە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات بارودۆخی زمانی کوردی لە ڕوانگەی ئابوورییەوە بخاتەڕوو/پیشانبدات لە ڕێگەی ئەو زاراوانەی، کە پەیوەستن بەو بابەتەوە وەک ئابووریی زمانی و وەبەرهێنانی زمان و پیشەسازیی زمان و پەیوەندی بە پلان و سیاسەتی زمانەوە. بە ڕەچاوکردنی ئامانجێک کە وێناکردنی هەندێک لایەنی شیاوە و بە هۆیانەوە بوارێک بۆ وەبەرهێنان لە زمانی کوردیدا دەڕەخسێت. ئەم توێژینەوەیە لێکۆڵینەوە لە چەند حاڵەتێکی هەنووکەیی وەبەرهێنانی زمانەوانی لە چەند بەشێکی جیا جیای جیهان وەک بەریتانیا و فەرەنسا و کەنەدا ئەنجامدەدات. لە هەمان کاتدا، جەختدەکاتەوە لە سەر دیارترین بەربەستەکان، کە لە بەرانبەر پرۆسە/کرداری وەبەرهێنان دەوەستنەوە لە زمانی کوردیدا، کە بریتین لە کەمیی هۆشیاری و نەبوونی هاندانی ڕێکخراو و ژینگەی وەبەرهێنان و بارودۆخی ئابووری و زمانەوانیی ناجێگیر لە ناوچەکەدا. ئەم توێژینەوەیە گەیشتووەتە ئەو دەرئەنجامەی،

کە چەندین وڵات بە شێوەیەکی گەورە وەبەرهێنانیان لە زماندا ئەنجامداوە تا ئەم لایەنە چاکتربکەن بە مەبەستی ڕێخۆشکردن بۆ وەدەستهێنانی داهاتی ئابووریی گەورە و ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ. پێویستییەکی زۆر هەیە بۆ پشتگیریکردنی توێژینەوە ئەزموونییەکان لە زمانی کوردیدا بۆ ئاماژەکردن/ئاشکراکردنی تواناکانی وەبەرهێنان لە زمانی کوردیدا تا کەموکورتییە هەنووکەییەکانی پەیوەست بە بارودۆخەکانی وەبەرهێنانی زمانی کارا دەستنیشانبکرێن.

**کلیلەوشەکان:** ئابووریی زمان، وەبەرهێنانی زمان، پیشەسازیی زمان، پلانی زمان، سیاسەتی زمان، کەرتی ئابووری.

## ١. پێشەکی

ئابووریی زمان بوارێکی ئاڵۆزی لێکۆڵینەوەیە. پەیوەندی لە نێوان خەڵکدا بە هۆی جیهانگیریی ئابووریی جیهانەوە بەرەوپێشچوونێکی گرنگی بە خۆیەوە بینیوە. لێرەوە زانایانی زمان هەندێک گرنگییان بە پرسەکانی پەیوەست بە زمان و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئابووریدا داوە. بەم شێوەیە، لێکۆڵینەوەی پرسە زمانەوانییەکان لە ڕوانگەی ئابوورییەوە بوو بە هۆی یەکێک لە توێژینەوە زانستییەکانی ئەم دونیایە، کە بە "ئابووریی زمان" ناسراوە. واتە ئابووریی زمان، وەک بابەتێکی نێوان زانستەکان، زیاتر لە چل ساڵە دانپێدانراوە. لە ڕاستیدا ئەم جۆرە بوارە وادیاربوو کە پێویستییەکانی ئەم دواییانە پڕبکاتەوە، بە وەڵامدانەوەی پرسیارە پەیوەندیدارەکان بە بوارەکە، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئێستا. لەم نێوەندەدا، گرنگیدان بە ئابووریی زمان دەبێتە یەکێک لە بوارەکانی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لە چوارچێوەی پلاندانانی زمان و سیاسەتی زمان بە هۆی ئەو ئامانجانەی، کە بواری پلاندانانی زمان و سیاسەتی زمان لە هەوڵەکانیدا بۆ گەیشتن بە دۆخی ئێستای زمان، پێشبینیکردنی خۆی داهاتوو و ئەو داهاتووە ئاڕاستەی ئەو پلانە بکات کە بۆی دانراوە.
ئەم توێژینەوەیە داوای وەبەرهێنان لە زمانی کوردی دەکات نەک ئینگلیزی، کە لە دوو دەیەی ڕابردوودا بوو بە دیاردە. زۆرێک لە قوتابخانە تایبەت و ناحکومییەکان پشت بە زمانی ئینگلیزی دەبەستن وەک میدیای فێرکردن. کێشەکە لە ژمارەیەکی زۆری خێزانەکاندایە، کە بە شێوەیەکی بەرفراوان قبوڵیدەکەن منداڵەکانیان بنێرن بۆ ئەو جۆرە قوتابخانانە، کە وەبەرهێنان لە زمانی ئینگلیزیدا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاراستەیاندەکات. لێرەوە، ئەم توێژینەوەیە ئامانجی سوودوەرگرتن لەو هەنگاوانەیە، کە ئەزموونی زمانە نێودەوڵەتییەکانی دیکەی وەک ئینگلیزی و فەرەنسی

گرتوویانەبەر بۆ ئیلهامبەخشین بە ئەکادیمییەکانی کورد بۆ گرتنەبەری هەمان ڕێکارەکان کە چاوەڕواندەکرێت زمانی کوردیش بتوانێت هەمان ڕۆڵبگێڕێت و دۆخی خۆی لە بوارە جیاوازەکانی ژیان بە تایبەتی لە کەرتی ئابووریدا. گرنگە زمانی کوردی لە هەموو کەرتەکانی ژیاندا زیندووبکرێتەوە و بتوانێت ئەو هەنگاوانە بنێت، کە زمانە سەرکەوتووەکانی تری وەک ئینگلیزی و فەرەنسی، بە تایبەتی لە ڕووی وەبەرهێنان لە زماندا پەیڕەویانکردووە.

گریمانەدەکرێت کە پشتگوێخستنی پەیوەندیی زمانی کوردی بە ئابوورییەوە کاریگەریی نەرێنی لە سەر مافە زمانەوانییەکان و هەلی کار لە کوردستانی عێراق دەبێت. هەروەها گریمانەدەکرێت کە هەوڵی تاکەکەسی و پراکتیک و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا لە ڕووی وەبەرهێنانی زمان لە بوارە جیاوازەکانی ژیاندا ئاماژە بە پراکتیک و بەڕێوەبردنی ڕاستەقینەی زمان لە ناوچەی کوردستانی عێراق دەکات.

میتۆدۆلۆژیای ئابووری ئەو شێوازە زانستییەیە، کە بۆ زیادکردنی ڕەفتار بەکاردەهێنرێت (friedman, ١٩٥٣). بەم پێیە ئەم نوسینە پشت بە ڕێبازی گوتاری مێژوویی دەبەستێت، کە لە ڕێگەیەوە هەندێک بابەتی سەردەم، هەواڵ، شرۆڤە و بەڵگەنامە فەرمییەکان، کە بە پلەی یەکەم لە جۆری سەرەکی کوردیی (کرمانجیی ناوەڕاست) بەرهەمهێنراون و بە پشتبەستن بەو داتایانە شیکراونەتەوە. لێکۆڵینەوەکە بریتییە لە وەسف/پەسنکردنی چالاکی و پراکتیکەکانی زمانی پەیوەست بە بزوتنەوەی ئابووری و گەشەپێدان لە کەرتی حکومی و ناحکومی لە سەرانسەری جیهان بە گشتی و لە کوردستانی عێراق بە تایبەتی، بە میتۆدی چۆنایەتی. بە دیاریکراوی لە ڕوانگەی بابەت و میتۆدەکانەوە، ئابووریی زمان پەیوەندی بە زمانەوانیی کۆمەڵایەتی و فەلسەفەی زمانەوە هەیە. بەم شێوەیە، مەودای لێکۆڵینەوەکە سنووردارە بە هەندێک چەمک و زاراوەی پەیوەندیدار و ئەو ڕێگایانەی کە پەیوەندییان بە پلاندانانی زمان و سیاسەتی زمانەوە هەیە، جگە لە تایبەتمەندییەکانی وەبەرهێنانی زمانەوانی لە ڕێگەی هەندێک پراکتیکی نێودەوڵەتی و ناوخۆییەوە. هاوکات تیشکدەخرێتەسەر ئەو لایەنە ستراتیژییانەی کە پاڵنەرن بۆ وەبەرهێنان لە زمانە نێودەوڵەتییەکانی ئینگلیزی و فەرەنسی، کە زمانی کوردی پێویستە لاسایی‌بکاتەوە و زاڵترین بەربەست و میکانیزمەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو جۆرە لایەنە ستراتیژییانە بگرێتەبەر.

بە تایبەتی خاڵی لێکچوون لە نێوان هەندێک لێکۆڵینەوە لە ئابووریی زمان لەگەڵ ئەوانەی لە زمانەوانیی کۆمەڵایەتیدا هەیە. ئابووریناسان و زمانناسان دەتوانن بە جۆرێک یارمەتیی یەکتر بدەن. واتە ئابووریناسان دەتوانن وا لە زمانەوانەکان بکەن، کە بتوانن دیدگاکەیان فراوانتربکەن لە کاتێکدا زمانزانان دەتوانن لە ڕێگەی پرسەکانی

زمانەوە یارمەتیی ئابووریناسان بدەن بۆ دۆزینەوەی بابەتگەلێکی نوێ. گومانی تێدا نییە، کە شیکاریی ئابووریی زمان یارمەتیدەرێکی زۆرە بۆ هەردوو زمانەوان و ئابووریناسان. بەم پێیە ئەم لێکۆڵینەوەیە گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ ئەکادیمیست و توێژەران و خوێندکارانی کورد بۆئەوەی بزانن چی پێویستە بۆ ڕێکخستنی ڕاهێنان و پراکتیکەکانی زمان جگە لەوەی درک بەوە بکەن، کە چی پێویستە بۆئەوەی لە بارەی زمانی کوردیەوە بە وردی بزانرێت بۆئەوەی بتوانێت ڕۆڵێکی کاریگەری هەبێت بەو شێوەیەی کە لە کەرتی ئابوریدا داواکراوە.

> „زمانەوانیی زمانی کوردی لە ڕووی ئابورییەوە لە حاڵەتێکی زۆر ناڕێکدایە"

**١.٢ زمان و ئابووری: پێناسە و دەستەواژە بنچینەییەکان**

لە ساڵی ١٩٦٥ "مارشال" بۆ یەکەم جار دەستەواژەی "ئابووریی زمان"ی ناساند، کاتێک هەوڵیدا کێشەی سیستەمەکانی پەیوەندیکردن بدۆزێتەوە، کە مەرجەکانی گەیشتن بە ئامانجەکە جێبەجێدەکات و دەیویست هۆکاری دیاریکردنەوەی پێگەی زمانێک، یان چەند زمانێکی دیاریکراو بزانێت بە پێی چەند کارەکتەرێکی جیاواز لە چەند کاتێکی جیاوازدا. ئەوەی لێرەدا جێگەی سەرنجە دابینکردنی ڕوانگەیەکی ئابوورییە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە لە کاتێکدا پەیوەندیی نێوان زمانی نموونەیی و ئابووری خستەڕوو (fehri, ٢٠١٣, ٢٥١).

بە شێوەیەکی جێگرەوە لە لایەن گرینەوە بەکاردەهێنرێت (٢٠٠٦، ٧٧-٩٤). پێدەچێت "ئابووریی زمان" بۆ ئەو لە ڕووی ناو و چەمکەوە هەمان کاریگەریان هەبێت. واتە بە پێی پێناسەی گرین بۆ "ئابووریی زمان"، ئەم زاراوەیە لە بنەڕەتدا لە سەر ئەو پەیوەندییانە چڕدەبێتەوە، کە تێیدا گۆڕاوە ئابوورییەکان ڕۆڵیان هەیە لە هەبوونیان، سەرەڕای بەکارهێنانی چەمک و ئامڕازەکانی ئابووری لە لێکۆڵینەوە لە پەیوەندییەکان، کە گۆڕاوە زمانەوانییەکانیان تێدایە لە لایەن ئابووریی زمانەوە. وادیارە گرین چەمکی "ئابووریی زمان"ی سنووردارکردووە بە لێکۆڵینەوە لە پەیوەندیی نێوان زمان، (یان زمانەکان) و ئابووری لە سەر حیسابی پەیوەندی لەگەڵ خودی ئابووریدا.

تا ئەو شوێنەی کە پەیوەندی بە چەمکی "وەبەرهێنانی زمان"ەوە هەیە، ئەلزیراعی (٢٠١٥، ١٤) پێیوایە زمان و وەبەرهێنان دوو گۆشەن، کە دیدگایەک لە سەریان دامەزراوە. وەبەرهێنانی زمانەوانی لە ڕوانگەی توێژەرەوە بە چالاکییەکی ئابووری

ناسراوە کە بابەتەکەی زمانە و بێبەش نییە لە پراکتیزە ئابوورییەکان، کە تێیدا تیشک لە سەر زمانە. سەرەڕای ئەوەیش، دەکرێت بزانین کە تێڕوانین بۆ وەبەرهێنانی زمانەوانی زیاتر گرنگی بە ئابووری دەدات لە سەر حیسابی لایەنە زمانەوانییەکانی پەیوەست بە وەبەرهێنانی زمانەوانی، کە تێیدا داهاتەکان هاوتان بۆ ڕەهەندێکی ستراتیژی، کە ناتوانرێت پشتگوێبخرێت.

پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت، کە چەمکی "زمانی پیشەسازی" لەم ڕۆژانەدا بە شێوەیەکی بەرفراوان بڵاوبووەتەوە و دەردەکەوێت، کە بە شێوەیەکی سەرەکی لەو ژینگەیانەی کە فرەزمانن بەکاردەهێنرێت، بە تایبەتی ئاماژەیە بۆ چالاکییە زمانەوانییەکان کە یارمەتیی خاوەن زمانە جیاوازەکان دەدەن بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ یەکتر وەک لە فیدراسیۆنی ئەوروپا، یان کەنەدا. کۆمەڵەی پیشەسازیی زمانەوانیی کەنەدا و کۆمەڵەی ئەوروپی بۆ پیشەسازیی زمانەوانی لە ناو ئەو کۆمەڵە جیاوازانەن، کە بۆ پیشەسازیی زمانەوانی دامەزراون، کە چالاکییەکانی پەیوەست بە هەموو جۆرە وەرگێڕانێک لەخۆدەگرێت جگە لە تەکنیکەکانی زمان، پرۆسێسی کۆمپیوتەری بۆ زمانەکان و فێرکردنی زمان (al-mahmoud, ٢٠١٨، ٥٧).

زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە. بە پێی (tejerina، ٢٠٠٥) "زمان وەک دامەزراوەیەک پرۆسەیەکی ئابووریی ناوەڕۆکە (لابردن، یان سادەکردنەوەی ئاڵۆزییەکان)". کاتێک باس لە بابەتەکانی لێکۆڵینەوە لە ئابووریی زمان دەکرێت، توێژینەوە تیۆرییەکان جیاوازن لە توێژینەوە کارپێکراوەکان (zhang and grenier, ٢٠١٢: ٥.p). بە کورتی جیاوازی لە نێوان ئابووریی فراوان و تەسکی زماندا هەیە. دەستەواژەی فراوانیی ئابووریی زمان لە ڕوانگەی ئابوورییەوە مامەڵە لەگەڵ خودی زماندا دەکات، (لەوانەیش سەرچاوە و گەشەکردن و گۆڕانکارییەکەی) لە کاتێکدا دەستەواژەی تەسکیی ئابووریی زمان بوارە دیاریکراوەکانی وەک زمان و پێگەی ئابووری، شیکاریی ئابووری، گەشەسەندنی دینامیکی لە زمانەکاندا لەخۆدەگرێت، شیکاریی ئابووری سیاسەتی زمان و پلاندانانی زمان، ڕێبازی تیۆری یاری بۆ زمان و تیۆری یاری و پراگماتیک. لێرەدا پێشنیازدەکرێت کە ئەولەویەت بدرێت بە ئابووریی زمان بە واتایەکی فراوان بۆ بەکارهێنانی زاراوەی "زمان و ئابووری"، کە پێدەچێت باشترین واتای خۆی ڕونبکاتەوە. لێرەدا ئەم پێناسەیەی خوارەوە پێشنیازکراوە: زمان و ئابووری لقێکی ئابوورییە، کە تیۆری ئابووری و بنەما و میتۆدەکان بەکاردەهێنێت بۆ لێکۆڵینەوە لە زمان و کردەی قسەکردن، کە وەک دیاردەی کۆمەڵایەتی و ئابووریی بەربڵاو دادەنرێت (هەمان سەرچاوە، ٢٨).

## ١.٣ پێگەی زمان و ئابووری

پەیوەندیی زمان و ئابووری هێندەی زمان و ئابووری کۆنە. زمانزانی کۆمەڵایەتیی ئەڵمانی، "فلۆریەن کوولماس"، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم پەیوەندییەی نێوان زمان و ئابووری، پشتی بە ڕەهەندی تیۆری بەستبوو. واتە کوولماس پەیوەندییەکی هاوبەشی لەو شێوەیەی لە نێوان "وشەکان" و "دراوەکەدا" کۆڵییەوە و گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە چۆن دراوەکان بارگاویدەکرێنەوە، وشەکانیش بارگاویدەکرێنەوە؛ ئەو پێیوابوو کە هاوسەنگیی زمانەوانی کەمتر نییە لە هاوسەنگیی فیزیکی. بۆ کوولماس وشەکان و کاش تەنها وەک دەمار وان لە ئەرکەکەیدا. واتە وشەکان تەنها وەک دەماری بیرکردنەوەن لە کاتێکدا پارەی کاش تەنها وەک دەماری وەبەرهێنان وایە. لەمەیش زیاتر، وشەسازی وەک ئامرازێک بۆ ئاڵوگۆڕی کاڵای ئەخلاقی کاردەکات لە کاتێکدا دراو وەک ئامرازێک بۆ ئاڵوگۆڕی کاڵای فیزیکی/مادی ڕەفتار دەکات. لە ڕوانگەی ناوەڕۆک و ئەرکەوە، وشەکان ناوەڕۆکی نامادی دەردەبڕن لە کاتێکدا پارە ئەرکی ئاڵوگۆڕی کاڵا بەدەستدەهێنێت. سەرەڕای ئەوەیش، باسکردنی تیۆری بەرفراوان وایکرد کوولماس بگاتە ئەو ئەنجامەی، کە ناتوانرێت لە نەخشەی زمانەوانیی جیهان تێبگات بەبێ تێگەیشتن لە ئابووریی جیهان. بەم شێوەیە زمانەکە وەک فاکتەری ئابووریی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت (المحمود، ٢٠١٣، ٢٠).

بەم پێیە بۆئەوەی بگەینە خاڵەکە، دوو خاڵ دەبێت ئاماژەیانپێبکرێت. یەکەم: دەتوانرێت زانینی زمانێک وەک کارامەییەک سەیربکرێت. لە ڕاستیدا، جۆرێکە لە وەبەرهێنانی سوودمەند لە سەرمایەی مرۆیی هەر کاتێک زمانێک، یان زیاتر لە زمانێک فێربوو و چەندین لێکۆڵینەوەی ئەزموونی لەم ڕووەوە هەیە. واتە بۆ پشتگیریکردن لەو ڕاستییەی کە زمان وەک سەرمایەی مرۆیی ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە دیاریکردنی داهاتدا، زۆر لێکۆڵینەوەی ئەزموونی لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە ئەنجامدراون: (Carliner, ١٩٨١; Shapiro & Stelcner, ١٩٨١; Grenier, ١٩٨٧, McManus, ١٩٨٥; Chiswick & Miller, ١٩٩٥, ١٩٩٨, ١٩٩٩, ٢٠٠٣, ٢٠٠٧; Trejo, ١٩٩٧)، بە تایبەتی بۆ کۆچبەران (Dustmann, ١٩٩٤; Dustmann & Fabbri, ٢٠٠٣; Leslie & Lindley, ٢٠٠١; Shields & Price, ٢٠٠٢; Bleakley & chin, ٢٠٠٤; Aldashev et al., ٢٠٠٩).

خاڵێکی تر هەیە، نیشاندەدات کە تا کارمەندێک زیاتر زمانڕەوان بێت، دەتوانێت کرێی زیاتر بەدەستبهێنێت. بۆ نموونە: لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، خەمڵێندرا کە لەدەستدانی موچە و جیاوازیی ڕێژەی بێکاری، کە بە هۆی نەبوونی توانای زمانی ئینگلیزییەوە دروستبووە، بە دوای یەکدا لە نێوان ٣,٨٪ و ٣٨,٦٪ و لە نێوان ١٪ و ٦,٥٪ بووە (gonzalez, ٢٠٠٥). جگە لەوەیش، کارامەییەکان (وەک قسەکردن، گوێگرتن،

خوێندنەوە و نوسین) کە کارامەیی زمانی تایبەتن ئەنجام و کاریگەریی ئەرێنییان لە سەر داهات هەیە (chiswick, ١٩٩١; carnevale et al، ٢٠٠١). بۆیە لە ڕوانگەی سەرمایەی مرۆییەوە، بە هۆی پاڵنەرە ئابوورییە پاکەکانەوەیە، کە خواست و هاندەر بۆ فێربوونی زمانێک لە لایەن خەڵکەوە بەدەستدێت (ژانگ، ٢٠٠٨). دووەم: ئەندامانی گرووپە زمانە کەمینەکان ناتوانن کارێکی باش بەدەستبهێنن و بە گشتی داهاتیان بەرز نابێت بە هۆی هەڵاواردن، کە دەبێتە هۆی پەراوێزخستنیان لە بازاڕی کاردا (ژانگ و گرێنیێر، ٢٠١٢، ٧).

**"پشتگوێخستنی پەیوەندیی زمانی کوردی بە ئابوورییەوە کاریگەریی نەرێنی لە سەر مافە زمانەوانییەکان و هەلی کار لە کوردستانی عێراق دەبێت"**

بەم پێیە زمان دوو لایەنی بنەڕەتی لەخۆدەگرێت، کە لە ڕوانگەی ئابوورییەوە لە کۆمەڵگەی معریفە جیاوازن: لایەنی یەکەم داوای سەیرکردنی زمان دەکات وەک ئامرازێک لە ئابووریدا، کە گەلان لە پرۆسەی گەشەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا پشتیانپێبەستووە. ئەوە لە ڕێگەی بەکارهێنانی زمانەوەیە، کە تاک و دامەزراوەکانی کۆمەڵگا پشتڕاستیدەکەنەوە و وا دڵنیاییدەدەن لە گواستنەوەی زانست و ئەزموون لە نێوانیاندا و لە ڕێگەی کۆنترۆڵکردنی زمانەوەیە لە لایەنی هێزی کارەوە، کە ئاسانکاریدەکات لە پرۆسەی گواستنەوەی زانست و تەکنەلۆژیا بۆ کۆمەڵگا. بەم شێوەیە زمان دەبێت وەبەرهێنانبکات بۆ بەدەستهێنانی ڕۆڵی وەرگرتنی زانست و تەکنیکەکان جگە لەوەی، کە پراکتیزەدەکرێت، بەڵام کۆمەڵگا ڕۆڵێکی لەو شێوەیە بە کاریگەر دەزانێت ئەگەر لە زمانی نەتەوەییدا بێت. لایەنی دووەم بریتییە لە گرنگیدان بە زمان وەک پیشەسازی و بەرهەمێک لە ڕێگەی پشتبەستن بە پیشەسازیی کولتووری، کە لە ئابووریی جیهانی و پرۆسەی گەشەسەندن و بەرهەمی ناوخۆیی گشتیی وڵاتەکاندا ئەولەویەتی پێدراوە وەک دەرئەنجامێک بۆ بەشدارییە دینامیکییەکانیان لە دۆزینەوەی پۆستی بەتاڵ و هەلی کار، جیاوازیی سەرچاوەی داهات جگە لە زیادکردنی هەناردەکردن. لێرەوە هەندێک وڵاتی وەک هۆڵەندا، سوید، پۆڵەندا و دانیمارک هەن، کە هاوردەکردنی پیشەسازیی کولتووری لە پێش کەرتە پیشەسازییە گەورەکانی وەک پیشەسازییەکانی خۆراک و کۆمپیوتەر و کەرتی بیناسازیدایە (mrayati, ٢٠١٤، ٨).

نەتەوە خاڵێکی دیکەیە، کە پەیوەندیی نێوان زمان و داهات نیشاندەدات (pendakur و pendakur، ١٩٩٨، ٢٠٠٢) بۆیان دەرکەوت، کە بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ هەڵاواردنەکانی بازاڕی کار دژی کەمینەکان، کە داهاتی گرووپە زمانییە کەمینەکان لە کەنەدا کەمە. لە لێکۆڵینەوە لە گەڕانەوە بۆ قسەکردن بە زمانی ئینگلیزی لە باشووری ئەفریقا لەگەڵ جیهانگیری، (لێڤینسۆن، ٢٠٠٧) گەیشتە ئەو ئەنجامەی، کە سپیپێستەکان زیاتر لە ڕەشپێستەکان دەگەڕێنەوە بۆ قسەکردن بە زمانی ئینگلیزی و ئەمەیش ئەوە نیشاندەدات کە گەڕانەوە بۆ شارەزایی زمان لە ژێر کاریگەریی ڕەگەز و جیاکاریدایە (ژانگ و گرێنیێر، ٢٠١٢، ٨).

بە تایبەتی هەندێک لە ویلایەتەکان زمان وەک کارتێکی ئابووریی کاریگەر بەکاردەهێنن. بۆ نموونە: کاتێک جاک شیراک سەرۆکوەزیرانی فەرەنسا بوو، پێشنیازێکی بۆ ئەو ٣٦ ویلایەتە فەرەنسی_زمانە کرد، کە زمانی فەرمیی فەرەنسییە، کە لێیانخۆشببێت لە پێدانی پارەی قەرزەکان هەر کاتێک زمانی فەرەنسییان بەکارهێنا لە سەر حیسابی ئینگلیزی. فەرەنسییەکان زمانەکەیان بەم شێوەیە جێگیرکرد و دابەشیانکرد و تا ئێستایش پرسیاردەکەن و پاڵنەریان هەیە سەبارەت بە کردنەوەی بەشە فەرەنسییەکان. بە هەمان شێوە دەسەڵاتدارانی ئیسپانیا هەوڵیانداوە دامەزراوە بۆ فێرکردنی زمانی ئیسپانی دابمەزرێنن. ئەگەر فەرەنسا و ئیسپانیا و بەریتانیا هەوڵی لەو شێوەیە بدەن چی بکەین؟ حکومەتی ئیسپانیا ٧٥٠٠٠٠٠٠ دۆلاری خەرجکرد بۆ پڕۆژەیەک بۆ پەرەپێدانی زمانی ئیسپانی لە دەرەوەی ئیسپانیا (tofiq، ٢٠٠٧، ٢٤).

پەیوەندیی نێوان زمان و ئابووری زیاتر لە پێشوو پەرەیسەندووە و بەرزبووەتەوە، چونکە زمان ئامرازی بەرهەمهێنان و ئاڵوگۆڕ، گەشەکردن و پیشەسازی، پارەپەیداکردن و سەرمایەداری و بودجەیە. ئاماژەیەک هەیە بۆ بازاڕە زمانەوانییەکان، دابینکردنی کاڵا و خزمەتگوزاریی زمانەوانی و کۆکردنەوەی کاڵاکان و هەڵسەنگاندنی پێویستی ئابووری بۆ هەموو سیاسەتێکی زمان. بەم شێوەیە، حکومەتی کەنەدا لەم دواییانەدا دەستیکردووە بە هەڵسەنگاندنی سیاسەتی سیستەمی دووزمانی و زمانەوانی بۆ خزمەتگوزارییەکانی. تێچووەکەی بە ٢.٤ ملیار دۆلار مەزەندەدەکرێت. سوودەکانی گەیاندنی ئینگلیزی بۆ ئینگلیزەکان بە ملیاران دۆلار مەزەندەدەکرێت (fehri, ٢٠١٣, ٨). تێچووی وەرگێڕانەکە لە یەکێتیی ئەورووپا پشت بە هەڵبژاردنی فرەزمانیی فەرمی دەبەستێت، کە زیاتر لە ٤٠٪ی بودجەی ئیدارەی سەندیکاکان لەخۆگرتووە. زمانەکە بەراوردکرا بە دراو، یان پارەی کاش لە نەختینەییدا، چونکە تا زمانەکە بەکاربهێنرێت سوودەکەی و سوودی قسەکەرانی بەرزدەبێتەوە و تێچووی دوو هێندە دەبێت. ٢٣ زمانی فەرمی هەیە (لەوانەیش هەموو زمانە نەتەوەییەکان کە زمانی فەرمین) و

ئەمەیش یەکێکە لە بەربەستەکانی پەیوەندیکردن لە دامەزراوەکانی یەکێتیی ئەوروپادا و ڕەنگدانەوەی سیاسی و ئابووری هەیە، کە زانایانی ئابووری و سیاسەت لە سەری نوسیویانە (هەمان سەرچاوە، ٤٢) و (spolsky, ٢٠٠٤: ٥٤).

بەم پێیە ئەگەر لە ڕابردوودا هیچ نەکرابێت لە ڕووی کەڵکوەرگرتن لە هۆکارە ئابوورییەکانی تایبەت بە زمانی کوردی، دەسەڵات پێویستە ڕێکارە گونجاوەکانی وەک کردنەوەی بەشی کوردی لە زانکۆکانی دەرەوەی عێراق بە تایبەت لە ئەوروپا و ئەمریکا لە داهاتوودا پەیڕەوبکات، بۆئەوەی کە بیانییەکان بتوانن زمانی کوردی فێربن و لانیکەم مرۆڤ هەستبکات کە جۆرێک لە حەماسەت و چالاکی هەیە. پێویستییەکی بەپەلە هەیە بۆ کارکردن لە سەر وەبەرهێنانی زمانی کوردی و سنووردارکردنی شێوازی وەبەرهێنانی زمانی ئینگلیزی بە تایبەتی لە دامەزراوە پەروەردەییە تایبەت و ناحکومییەکان. سەرەڕای ئەوەیش، هیچ شتێک نییە، کە لە ڕووی پەیوەندیی نێوان زمان و ئابووری لە کوردستانی عێراقیدا باسبکرێت و بنوسرێت جگە لە ئاماژەدان بە ڕۆڵی ئابووری لە بەرزکردنەوەی ئەرکی زمان جار جارە. واتە جگە لە پشتیوانی سیاسی، (ڕ. سابیر، (٢٠٠٨، ل ١١٠) پشتگیری ئابووری بە هۆکارێکی کاریگەر دەزانێت بۆ ئەوەی هەر زمانێک بتوانێت لە پشت زمانە بەهێزەکانی دیکەوە پاشەکشە نەکات. ئابووری یەکێکە لەو هۆکارانەی، کە (jambaz ٢٠١٤، ٦٠) باسیدەکات جگە لە پیشە، بازرگانی، کۆچ و ئاین بۆئەوەی لە دەرەوەی بڵاوبوونەوەی زمان بوەستێت.

> ” جیاوازی لە نێوان ئابووریی فراوان و تەسکی زماندا هەیە. دەستەواژەی فراوانیی ئابووریی زمان لە ڕوانگەی ئابوورییەوە مامەڵە لەگەڵ خودی زماندا دەکات“

**١.٤ پەیوەندیی نێوان ئابووریی زمان و سیاسەتی زمان و پلاندانان**

مۆدێرنیتی بواری پلاندانانی زمان لە لایەک جگە لە جیاوازیی فەلسەفەی تیۆری و پێکهاتنی زانستی بۆ توێژەرانی سەرەتایی لە سیاسەتی زمان و پلاندانانی زمان لە لایەکی تر وایکرد زاراوەی سیاسەتی زمان و پلاندانانی زمان بە شێوەیەکی بێکۆنترۆڵ دەربکەون، تەنانەت لە نوسینە ڕۆژئاواییەکاندا. واتە وادیارە جیادەبنەوە، هەر کاتێک نزیکدەبنەوە و هەر کاتێک جیادەبنەوە، نزیکتردەبنەوە (المحمود، ٢٠١٦، ١٧٩).

لە ڕێگەی چاوخشاندنێکەوە بە ئەدەبیاتی سیاسەتی زمان و پلاندانان و ئابووریی زمانەوەیە، کە دەتوانین ئەم پراکتیکە پراکتیکیانە لە چوارچێوەی ئابووریی زمان و

پەیوەندییەکەی بە پلاندانان و سیاسەتی زمانەوە بدۆزینەوە:
١. لە هەوڵێکدا بۆ بەدەستهێنانی داهاتی مادی و بەدەستهێنانی گەڕانەوەی بەرچاوی داهاتی نیشتمانی و هەبوونی هەلی کار، وڵات دەبێت زمان بە سەرچاوەیەکی باشی وەبەرهێنان بزانێت و بە شێوەیەکی کاریگەر سوودیلێوەربگرێت و ئەمەیش لە ڕێگەی چەندین پرۆژەی وەک: فێرکردنی زمانەکە ئەنجامدەدرێت بۆ ئەو کەسانەی کە قسەکەری خۆماڵی نین لە ناوخۆ و دەرەوە و سوودمەند بن لە تەکنەلۆژیا بۆ دانانی پرۆژەی زمان، بڵاوکردنەوەی پەروەردەیی و... هتد.
٢. ئابووری وەک لایەنگری کاروباری زمانەوانی دادەنرێت لە ڕووی ئیستغلالکردنی پێگەی ئابووریی دەوڵەت بۆ پشتگیریکردنی زمانەکەی و توانای گەیشتن بە ئامانجەکانی. وەزیری ئابووریی ئەڵمانیا وتی: "کاتێک دەتەوێت کاڵا لە ئێمە بکڕیت؛ پێویستناکات بە زمانی ئەڵمانی قسەبکەیت، بەڵام کاتێک دەتەوێت کاڵاکانمان پێبفرۆشیت، دەبێت ئەوە بکەیت" (djite، ١٩٩٤، ١٠٣) و ئەمەیش ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ بەکارهێنانی ڕەهەندی ئابووری بۆ پشتگیریکردن لە پێگەی زمانی ئەڵمانی و بۆ پێشخستنی بەهێزکردنی لە ئاڵوگۆڕە بازرگانییەکاندا، کە ئەڵمانیا وەرگری ئەو کاڵایانە بێت کە باجەکەی دەدات، ئەگەرنا دەتوانرێت ئەو دیدگایە پراگماتیکە بگۆڕدرێت لە کاتێکدا ئەڵمانیا سەرچاوەی فرۆشتنی کاڵاکانی دەبێت و پارەدراوەکان بێت.
٣. وەرگرتنی سوود لە داتا ئابوورییەکان بۆ بڕیاردانی سیاسەتی زمان و پلاندانان: دیدگای ئابووری لە ڕێگەی هەندێک چەمکی سەرەکی وەک تێچوون، میکانیزمی پاشەکەوتکردن و گەڕانەوەی ئابووریی وەبەرهێنان دەکرێت لە پێناو وەرگرتنی بڕیارەکانی پەیوەست بە سیاسەتی زمان و پلاندانانی زمان. بۆیە ڕۆڵی بنەڕەتی، کە ڕەچاوکردنی ئابووری لە توێژینەوەی سیاسەتی زماندا دەیگێڕێت ئەوەیە کە بتوانێت کارەکتەرە کۆمەڵایەتییەکان لایەنە باش و خراپەکانی ڕێگا جۆراوجۆرەکان هەڵسەنگێنن و بەشداریبکەن لە هەڵبژاردنی بنەڕەتی و شەفافدا (گرین، ٢٠٠٦، ٧٧-٩٤).
٤. بە مەبەستی سوودمەندبوون لە داتا ئابوورییەکان بۆ هەڵسەنگاندنی سیاسەتی زمان و پلاندانانی زمان: سەیرکردنی داتاکانی ئابووری لێرەدا بۆئەوەیە هەڵسەنگاندنی سیاسەتێکی زمانی هەبوو و پلاندانانی زمانی تەواوکراوبکات. ئەم داتا ئابوورییانە بەزۆری بەرەو دەستکاریکردن لە سیاسەتی زماندا ئاڕاستەدەکرێن. هەروەها دەتوانرێت لە سیاسەتی زماندا لە ئوسترالیا و کەنەدا و وڵاتانی دیکەدا بدۆزرێتەوە (المحمود، ٢٠١٥، ١٦٧).

پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت، کە دیدگای ئابووری بۆ بڕیاردان یان هەڵسەنگاندنی بڕیارەکان لە پراکتیکی سێیەم و چوارەمدا لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە لە ڕەهەندە ئابوورییە

مادییەکانە، بۆ نموونە بڕیاردان سەبارەت بە پلاندانان، یان هەڵسەنگاندنی سیستەمێکی پەروەردەیی دووزمانی، ئەو تێچووەی کە سیستەمەکە هەیەتی لەبەرچاوبگیرێت و دەبێت بەراوردبکرێت بە واقیعی جیاواز لە ڕێگەی تێچووی سیستەمێکی پەروەردەیی تاک_زمانییەوە. پاشان دەبێت مەودای کاتیی سیستەمی پەروەردەی دووزمانی جگە لە تێچوون و هەروەها داهاتە پەیوەندیدارەکان دەستنیشانبکرێت، بەم شێوەیە داهاتە چاوەڕوانکراوەکان لە بازنەی نزیک و دووردا حسابکرێت. بەم شێوەیە ئەنجامەکان بەهای بەرنامەکە نیشاندەدەن، بەڵام دەتوانرێت داهاتە هێماییە بەدەستهاتووەکانیش لەبەرچاوبگیرێن ئەگەر بتوانرێت بکرێتە داهاتی دراو، کە دەتوانرێت زیادبکرێت بۆ کۆی بەهاکە. ئەگەر سوودەکانی لە تێچوونەکە زیاتربوونایە، ئەوە چەمکێکی بەهێز و جەوهەری پێکدەهێنێت بۆ پێشنیازکردن بە پێی سیاسەتەکە و بەدەستهێنانی، یان بەردەوامبوون لە سەر بەکارهێنانی (grin & vallancourt، ٢٠١٥, ١٢٤).

> ”لە نەخشەی زمانەوانیی جیهان تێناگەین بەبێ تێگەیشتن لە ئابووریی جیهان. بەم شێوەیە زمان وەک فاکتەری ئابووریی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت“

**١.٥ لایەنەکانی وەبەرهێنانی زمانەوانی**

زۆر لایەنی وەبەرهێنانی زمانەوانی هەیە، کە دەتوانرێت لە ڕوانگە جیاوازەکانەوە دابەشبکرێت. کاتێک سەیری ئامانجی وەبەرهێنان دەکەین لە ڕوانگەی کوولماس (١٩٩٢، ٨٦) دەتوانرێت دوو بەشی سەرەکی جیابکرێتەوە، کە یەکەمیان دەتوانێت وەبەرهێنانە زمانەوانییەکان بن کە بەشدارن لە باشترکردنی بەکارهێنانی زمانەوانی، کە ئەو وەبەرهێنانانەن کە داهاتی دارایی بەدەستدەهێنن، بەڵام ئامانج نین لە پلەی یەکەمدا. سەرەڕای ئەوەیش، لە ڕێگەی ئەوەوەیە، کە بەکارهێنانی زمانەوانی ئامانج لێی بەدیهێنانە. کاری وشەیی یەکێکە لە نموونەکانی ئەم جۆرە وەبەرهێنانانە. کاری وشەیی لەوانەیش (فەرهەنگی تاکزمانی، دووزمانی، یان فرەزمانی)، کارێکی درێژخایەنە و هەوڵ و تێچوون و کاتێکی زۆری دەوێت. گەڕانەوەی دارایی دەستبەجێ و نزیکەکەی هاندەر نییە، بەڵکو تا ڕادەیەک بێزارکەرە، بۆ نموونە فەرهەنگی ئۆکسفۆرد بۆ زمانی ئینگلیزی ڕووبەڕووی چەندین کێشە بووەتەوە و نوسەرەکەی جەیمس مۆرای،

ئاشکرایکردووە کە فەرهەنگەکە بە درێژایی (٣٥) ساڵ کارکردنی بە قەیرانی داراییدا تێپەڕیوە، بەڵام زمانەکە لە ڕێگەی دەرکردنی فەرهەنگە هۆشیارەکانەوە دەگەڕێتەوە ناتوانرێت بژمێردرێت.

بەشی دووەم ئەو وەبەرهێنانە زمانییانەن، کە بەشدارن لە سوودی ئابووری، کە واتای وەبەرهێنانە لە زماندا بە ئامانجی بەدەستهێنانی گەڕانەوەی دارایی. نموونەیەکی سەرەکی وەبەرهێنانەکانە لە فێرکردنی زمانەکان بۆ ئەو کەسانەی کە قسەکەری خۆماڵی نین و ئەوان نوێنەرایەتیی پیشەسازییەکی ئابووریی گەورە دەکەن، کە کاریگەرییان لە سەر داهاتی نیشتمانی هەیە لە هەندێک وڵاتدا.

پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت، کە پەیوەندیی نێوان ئەو دوو بەشە پەیوەندییەکی بەرانبەرە. ئەو وەبەرهێنانە زمانەوانییانەی کە بەشدارن لە سوودی ئابووریدا، کاریگەریی ئەرێنییان لە سەر پشتگیریکردنی وەبەرهێنانی زمانەوانی هەیە و بە پێچەوانەیشەوە، بۆ نموونە وەبەرهێنان لە فەرهەنگەکاندا وەک ئەوەی بە پلەی یەکەم بۆ سوودێکی زمانەوانی سەیردەکرێت؛ بەڵام لە ماوەیەکی درێژخایەندا بەشدارە لە دروستکردنی دەرفەتی وەبەرهێنانی ئابووری وەک وەرگێڕان لە ڕێگەی ئامێرەوە، کە لە ڕێگەی داتابەیسی وشەییەوە بنیاتدەنرێت. بە هەمان شێوە، فێرکردنی زمانەکە بۆ ئەو کەسانەی کە قسەکەری زگماکی نین لە ناو ئەو وەبەرهێنانانەدا ئەژماردەکرێت، کە سوودی ئابوورییان هەیە، وەک میکانیزمێک بۆ پڕۆژە و وەبەرهێنانەکانی بەرژەوەندیی زمانەوانی وەک ئامادەکردنی کۆدی زمان بۆ فێرخوازانی غەیرە زمانی زگماکی و دروستکردنی زنجیرە پەروەردەییەکان ئەژماردەکرێت (هەمان سەرچاوە، ٨٨).

کاتێک سەیری پراکتیزە جیهانییەکان دەکەین لە وەبەرهێنانی زمانەوانیدا و توێژەرانی وەک [الزیراعی (٢٠١٥)؛ کوولماس (١٩٩٢)؛ ئەلئەناتی (٢٠٠٦: ل١)؛ gazzola & wickstrom (٢٠١٦: p.٦٨)] لە ئابووریی زماندا باسیانکردووە، دەتوانرێت ئەم پراکتیزە سەرەکییانەی وەبەرهێنان بکێشرێن، کە بە جۆرێک لەگەڵ واقیعی زمانی کوردیدا بگونجێت:

١. **پیشەسازیی وشەسازی:** پایەیەکی بنەڕەتییە بۆ بەڵگەنامەکردن و پاراستنی زمان جگە لە بەشداریکردنیان لە ئاسانکاریکردنی وەبەرهێنانەکانی دیکە، وەک فێرکردنی زمان بۆ کەسانی غەیرە زمانی دایکی، وەرگێڕان، تەکنەلۆژیای زمانەوانی و ئەوانی تر. ئاماژە بەوە دەکرێت، کە پیشەسازیی وشەسازیی زمانی کوردی لە ئێستادا ناتوانرێت بەراوردبکرێت لەگەڵ زمانەکانی دیکەی وەک ئینگلیزی، ئەڵمانی و فەرەنسی، کە شاهیدی بەرهەمی وشەسازیی دامەزراوەیی کاریگەرن.

٢. **فێرکردنی زمان بۆ ئەو کەسانەی کە زمانی زگماکی نین:** پیشەسازییەکی

گـەورەی وەبـەرهـێـنـانـە، کـە کاریگـەریی ئـابـووریی ڕاسـتـەوخـۆی هـەیـە، وەک هـاوردە دانپێدانراوەکان لە داهاتی نیشتمانیی هەندێک وڵاتدا هەژمارکراوە. بە هەمان شێوە، فێرکردنی زمان پەیوەندی بە چەندین لایەنی وەبەرهێنانی کاریگەرەوە هەیە وەک: فڕۆکەوانی، خانووبەرە، بەدەستهێنانی بژێویی ژیانی مرۆڤ جگە لەوەی کە لە لایەن دامـەزراوە پەیوەندیدارەکانی فێرکردنی زمانەوە بەدەستهێناوە، ئەرکە سـەرەکی و خزمەتگوزارییەکانی پەیوەستە بەوەوە. زۆر لایەنی وەبەرهێنانی پەیوەندیدار هەن، کە پەیوەندییان بە فێرکردنی زمانەکەوە هەیە بۆ ئەو کەسانەی کە زمانی خۆیان نییە وەک تاقیکردنەوەی زمان، کە سەرچاوەکانیان زۆر بەهێزبوون (بۆ نموونە: ساڵانە زیاتر لە ٤.٥٠٠ تاقیکردنەوەی تۆفڵ هەیە و ژمارەی تاقیکراوان لە (٣٠) ملیۆن کەس تێدەپەڕێت، کرێی تاقیکردنەوەکانی ئەمریکا لە (١٦٠-٢٥٠) دۆلارەوە دەگۆڕێت. فێرکردنی زمانەکە بۆ ئەو کەسانەی کە پەیوەندییان بە کەرەستە پەروەردەییەکانەوە هەیە، هەروەها لە ناو لایەنی وەبەرهێنانی پەیوەندیدار. شایەنی باسە کە چالاکییە گـەورەکـە لـە پـــەروەردەدا، یـان لـە ڕێگـەی پلاتـفـۆرمی پـەروەردەیـی، یـان لـە ڕێگـەی ئەپڵیکەیشنی مۆبایلە زیرەکەکانەوە (babble) یەکێکە لە بەرنامە بەناوبانگەکان بۆ فێرکردنی زمانەکان، ژمارەی بەکارهێنەرانی لە سەر پلاتفۆرمی ئەندرۆید نزیکە لە (٥٠) ملیۆن بەکارهێنەر (خزمەتگوزاریی پەروەردەیی پێشکەشدەکات بە پارە) (المحمود، ٢٠١٨، ٦٢). هەرچەندە هیچ بوارێک نییە بۆ ئەو جۆرە تاقیکردنەوەیانەی کوردی بۆ ئەو خوێندکارانەی، کە لە ناوەڕاست و باشووری عێراقەوە دێن و داوای خوێندن لە زانکۆ حکومی و ناحکومییەکانی کوردستانی عێراق دەکەن بۆ درێژەدان بە خوێندنی باڵا، بەڵام دەشێت تاقیکردنەوەی ئەو جۆرە خوێندکارانە بکرێت و ناچاربکرێن بۆ فێربوونی زمانی کوردی، کە دەکرێت یەکێک بێت لە هەنگاوەکان بەرەو وەبەرهێنانی زمانی کوردی.

> **"زانینی زمان وەک کارامەییەک سەیردەکرێت. لە ڕاستیدا، فێربوونی زمانی زیاتر جۆرێکە لە وەبەرهێنانی سوودمەند لە سەرمایەی مرۆیی"**

٣. **وەرگێڕان:** یەکێکە لە لایەنەکانی وەبەرهێنانی زمان بە تایبەتی لە جیهانی ئەمڕۆدا، کە شایەتحاڵی یەکگرتنی پەروەردەیی و شارستانییە، کە لەلایەن سروشتی ژیانەوە سەپێنراوە. وەرگێڕان و چالاکییە جۆراوجۆرەکانی وەک لایەنێکی وەبەرهێنان لەو

وڵاتانەدا دەردەکەون، کە فرە زمانن جگە لەو وڵاتانەی کە شایەتحاڵی جوڵەی بازرگانی، یان ئابوورین. بە هەمان شێوە، بزوتنەوەی وەرگێڕانیش لە پێناو دەوڵەمەندکردنی لایەنی زانستی و خۆجێیکردنی زانین چالاکدەبێت (جابیر، ٢٠١٤، ٧). توێژینەوەیەک کە مامەڵەی لەگەڵ یەکێتیی ئەوروپا کردووە، دەریخستووە کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ هەیە لە نێوان وەبەرهێنان لە بەڕێوەبردنی زمان و زیادبوونی فرۆشتن تا ٤٥٪، لە ڕێگەی وەرگرتنی ستراتیژی زمان، دامەزراندنی قسەکەرانی ڕەسەن لە زمانی ئامانج و دانانی ستافێک کە شارەزای زمانیان هەبێت و بەکارهێنانی وەرگێڕان (gaz, ٢٠١١: ٣.p). هەندێک ئامار لە سەر چین گەشەی دەزگاکانی وەرگێڕان بە هاوبەشی لەگەڵ گەشەسەندن و ئابووری و چوونەناو بازاڕە نوێیەکانەوە نیشاندەدەن. واتە ژمارەی دەزگاکانی وەرگێڕان لە ١٠٩ دەزگا لە ساڵی ١٩٩٨ بۆ زیاتر لە (٨٠٠) دەزگا لە ساڵی ٢٠٠٢ زیادیکردووە (ding, ٢٠٠٨: ٨.p).

**٤. تەکنۆلۆژیا زمانەوانییەکان:** تەکنەلۆجیا یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی ئەمڕۆی جیهان، شایەتحاڵی وەبەرهێنانی زمانەوانیی زەبەلاح بووە و بەردەوامە. لە ڕووی ئامانج و بوارەکانەوە جیاوازن، چونکە تەکنەلۆژیای پەروەردەیی هەن، کە زیرەکیی دەستکرد بەکاردەهێنن بۆ ڕێنماییکردنی فێرخوازان و هەڵسەنگاندنیان جگە لە هەندێک بەکارهێنانی پەروەردەیی. لەم نێوەندەدا، تەکنیکەکانی خزمەتگوزاریی گشتی هەن لەوانە ناسینەوەی ئۆتۆماتیکیی قسەکردنی مرۆڤ و کارلێککردن لەگەڵیدا، کە کۆمپانیاکان بڕە پارەیەکی زۆری تیایدا خەرجدەکەن. ئاماژە بەوە دەکرێت کە زمانی کوردی هاوسەنگەبووە لەگەڵ ئەو پێشکەوتنەی، کە لە کۆمەڵێک زماندا دەبینرێت.

> **"ئەندامانی گروپی زمانە کەمینەکان ناتوانن کارێکی باش بەدەستبهێنن و بە گشتی داهاتیان بەرز نابێت بە هۆی هەڵلواردنەوە، کە دەبێتە هۆی پەراوێزخستنیان لە بازاڕی کاردا"**

**١.٥.١ ئەزموونی نێودەوڵەتی لە وەبەرهێنانی زماندا**

ئەمڕۆ جیهان کۆمەڵێک ئەزموونی نێودەوڵەتی لە وەبەرهێنانی زمانەوانیدا هەیە، کە لە ڕووی کاریگەرییەوە جیاوازن و پێداچوونەوە بە هەموو ئەم ئەزموونانە لە لێکۆڵینەوەیەکی لەو شێوەیەدا قورسە. ئەم توێژینەوەیە زیاتر کار لە سەر ئەزموونە هەرە سەرنجڕاکێشەکان دەکات لە ڕووی وەبەرهێنانی زمانەوە لە سەرانسەری جیهاندا،

بۆئەوەی ئەوانەی کە ڕەنگە لە کوردستانی عێراق پەیوەندییان پێوەی هەبێت، بتوانن سوودیانلێوەربگرن. بۆیە ئاماژەکە سنووردارادەبێت بە هەندێک ئەزموون لە ڕێگەی دەرهێنانی هەندێک ڕاپۆرت و ئاماری فەرمی، پاشان سەرنجدان لە سەریان بە گشتی، تێبینیی ئەوەی کە هەر حاڵەتێکی وەبەرهێنانی زمان پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی ورد هەیە و دەرهێنانی دیارترین شارەزایی و ئەزموونەکان.

ئەزموونی بەریتانی پێشەنگێکە لە وەبەرهێنانی زمانەوانی لە زۆر ڕووەوە و یەکێک لە دیارترین دەرکەوتەکانی ئەم سەرکردایەتییە، وەبەرهێنانە لە فێرکردنی زمانی ئینگلیزی بۆ ئەو کەسانەی، کە قسەکەری ڕەسەنی زمانەکە نین. بە پێداچوونەوە بە ڕاپۆرتێکی ئابووریی ئەم دواییە سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی پشتگیری بۆ ئابووریی بەریتانیا لە ڕێگەی فێرکردنی زمانی ئینگلیزی (chaloner; evans & pragnell، ٢٠١٥: p.٦)، دەتوانرێت زانیاریی گرنگ لە ڕێگەی ئەم خاڵانەی خوارەوە دەربهێنرێت:

١. نزیکەی (٦٥٠٠٠٠) خوێندکار لە ئینگلتەرا زمانی ئینگلیزی دەخوێنن و ژمارەی دامەزراوە باوەڕپێکراوەکان بۆ فێرکردنی زمانی ئینگلیزی (٥٥٠)یە.

٢. بەهای ئابووریی ناوەندەکانی فێرکردنی زمانی ئینگلیزی پەیوەست نییە بە چالاکییە ڕاستەوخۆکانیانەوە، بەڵکو گەشەسەندنێکی ئابوورییە لە ڕێگەی دەستخستنی لە داهینکەرانی ناوخۆیی بۆ پشتگیریکردنی چالاکییە پەروەردەییەکانی.

٣. فێرکردنی زمانی ئینگلیزی بۆ ئەو کەسانەی کە قسەکەری زمانی ڕەسەن نین لە بەریتانیا، ساڵانە بە نزیکەی (٢٦٥٠٠) هەلی کار پشتگیریی ئابووریی بەریتانیا دەکەن.

٤. چەند هێندە کاری دامەزراندن بۆ ئەم کارانە ٩.١ە، کە واتە هەموو (١٠) کارەکان پشتگیری لە (٩) کارەکانی تر دەکەن لە ئابووریدا بە گشتی. بۆ زانیاریی زیاتر، چەند هێندە کاری دامەزراندن زاراوەیەکی ئابوورییە، کە ئاماژەیە بۆ ڕێژەی کاریگەری کە هەندێک ئەرک دەتوانن لە سەر پۆستەکانی تر لە ئابووریی گشتیدا هەیانبێت.

٥. کۆی خەرجییەکانی دامەزراوە پەروەردەییەکانی ئینگلیزی و کارمەندەکانیان لە بەریتانیا نزیکەی (٥٠٠) ملیۆن پاوەندە و نزیکەی (٣٥٠) ملیۆن بەهای زیادکراو. بۆ زانیاریی زیاتر، بەهای زیادکراو زاراوەیەکی ئابوورییە، کە ئاماژەیە بۆ ئەو قازانج، یان ئەو زەرەرەی کە دێت دوای ئەوەی تێچووی هەموو جۆرە پارەیەک کە بەکاردەهێنرێت بەرزدەکرێتەوە و قازانجی ئابووری دەپێوێت نەک ژمێریاریی قازانج و گەڕانەوەکان دەریدەخەن، کە زیانەکان دوای دانانی پارەکە بەرزدەبێتەوە.

٦. فێرکردنی زمانی ئینگلیزی بۆ ئەو کەسانەی کە قسەکەری زمانی دایکی نین لە بەریتانیا پشتگیریی ئابووریی بەریتانیا دەکات بە نزیکەی ١.١ ملیار پاوەند ساڵانە (al-mahmoud، ٢٠١٨: p.٦٣).

٧. کۆی گشتی ئەو بڕە پارەیەی کە فێرخوازانی زمانی ئینگلیزی لە بەریتانیا خەرجیانکردووە، ٢.١ ملیار دۆلارە کە کرێی خوێندن، تێچووی شوێنی نیشتەجێبوون، ژیان و... هتد لەخۆدەگرێت. ئەوە لەوە زیاترە، کە فێرخوازانی زمانی ئینگلیزی لە خزمەتگوزارییە حکومییەکان خەرجیدەکەن لەوەی کە لە خزمەتگوزارییەکانەوە وەریدەگرن و بەشداریدەکەن لە نزیکەی (١٩٤) ملیۆن پاوەند لە داهاتەکانی گەنجینەی دەوڵەت جگە لە بەشدارییەکی ڕوون لە ئابووریی بەریتانیا لە ڕێگەی ژمارەکانی سەرەوە. هەروەها فێرخوازانی زمانی ئینگلیزی لە بەریتانیا بەشداری لە ئابووریی بەریتانیادا دەکەن دوای گەڕانەوەیان بۆ وڵاتەکەیان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ.

ئەگەر کەسێک بچێتە یەکێک لە بەناوبانگترین دامەزراوەکانی بەریتانیا، کە پەیوەندی بە پەیوەندییە کولتووری و پەروەردەییە نێودەوڵەتییەکانەوە هەیە، بە زمانی ئینگلیزی و لە دەرەوەی شانشینی یەکگرتوو بڵاودەکرێتەوە، بۆی دەردەکەوێت کە ئەنجومەنی بەریتانیایە (ئەنجوومەنی بەریتانیا، ڕاپۆرتی ساڵانە و ژمێرییارییەکانی ٢٠١٦-٢٠١٧، ٢٠١٧، ٥٤). ئەمانەی خوارەوە دەتوانرێت لە دوایین ڕاپۆرتی ساڵانە دەربکەین:

- ١٤٪ی بودجەی ئەنجومەنی بەریتانیا لە حکومەتی بەریتانیاوە دێت، لە کاتێکدا ٣,٨٥٪ لە ڕێگەی هاوردەکردنی خزمەتگوزارییەکانیەوە دێت لە فێرکردنی زمانی ئینگلیزی و تاقیکردنەوەی زمان.

- هاوردەی ئەنجومەنی بەریتانیا لە ساڵی دارایی (٢٠١٦-٢٠١٧)دا نزیکەی (١٠٧٧) ملیۆن پاوەندە، واتە (٩٧) ملیۆن پاوەند زیادیکردووە بە بەراورد بە داهاتی دارایی ساڵی پێشوو (٢٠١٥-٢٠١٦).

- داهاتەکان بەم شێوەیە دابەشدەکرێن: ٦٠٪ (٦٥٠ ملیۆن) بۆ وانەوتنەوە و تاقیکردنەوە، ١٥٪ (١٥٨ ملیۆن) بەخشەر، (١٥٦ ملیۆن) (١٤٪) گرێبەست، ٨٪ (٨٤ ملیۆن) هاوبەشی و (٢٩ ملیۆن) ٣٪ لایەنەکانی تر.

- بە پێی پلانی ستراتیژیی هاوردەی ئەنجومەنی بەریتانیا تا ساڵی ٢٠٢٠ گەیشتە ٥.١ ملیار پاوەند، هەروەها ساڵانە گەشەیەکی هاوردە بە ڕێژەی ٥,٨٪ هەیە وەک ئەوەی پلانی بۆ دانراوە.

- چالاکییەکانی ئەنجومەنی بەریتانیا لە ساڵی ٢٠١٥ بەهای زیادکراوی ئابووریی بەریتانیای بەدەستهێنا، کە ٨,١ ملیار پاوەندە و بە پێی پلانەکانی پێشوو کۆی بەهای زیادکراو بۆ ئابووریی بەریتانیا ٥,٢ ملیار پاوەند تێپەڕی لە ساڵی ٢٠٢٠.

- ئەنجومەنەکە کار لە سەر تاقیکردنەوەی زمان و پڕۆفیشناڵ دەکات لەگەڵ (١٤٠) دەزگای تاقیکردنەوە لە ١٢٤) وڵات.

تاقیکردنەوەی ielts (تاقیکردنەوەی توانای زمانی ئینگلیزی) بۆ ٩.٢ ملیۆن سودمەند ئەنجامدرا.

- ئەنجومەن زیاتر لە (٢١٠٠٠٠) کەسی ڕاهێنا و زیاتر لە (٧٨٠٠) پڕۆژەی بۆ کارە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان جێبەجێکرد.
- کۆی ژمارەی سوودمەندانی خزمەتگوزارییەکانی ئەنجومەن لە ماوەی ساڵی ٢٠١٦-٢٠١٧ نزیکەی (٧٣١) ملیۆن بووە؛ (١٢) ملیۆن کەس سوودمەندبوون لە خزمەتگوزارییە ڕاستەوخۆکانی ڕووبەڕوو؛ (١٧) ملیۆن سەردانکەر بۆ پێشانگە و کۆنفرانسەکان؛ (٣٦) ملیۆن بۆ سۆشیال_میدیا؛ (٢٧) ملیۆن سوودمەند لە خوێندنی ئەلیکترۆنی (مامۆستا و خوێندکار) جگە لە (٥٠٤) ملیۆن سوودمەند لە چاپی کاغەز و دەنگی.
- خەرجییە نێودەوڵەتییەکانی خوێندکاران، کە ڕاستەوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ ئەنجومەنی بەریتانیا بە ٣.١ ملیار پاوەندی بەریتانی مەزەندەدەکرێت.
- ئەنجومەنی بەریتانیا بەشداریکردووە لە دروستکردنی (٢٠٣٠٠) هەلی کار لە نێویاندا (١٢٠٠) هەلی کار لە بەریتانیا.
- خەرجییەکانی دامەزراوە و کۆمپانیاکانی بەریتانیا لە بودجەی ئەنجومەنەکە گەیشتە (٣٣٣) ملیۆن پاوەند.

> ” تاکو زمان بەکاربهێنرێت سوودەکەی و سوودی قسەکەرانی بەرزدەبێتەوە. هەروەها تێچووی دوو هێندە دەبێت “

ئەگەر بچینە چوارچێوەی زمانی فەرەنسی، چەندین هەنگاو بەدیدەکرێت، کە مەبەست لێی بەهێزکردنی زمانی فەرەنسی و پاراستنی کاریگەرییە کولتووری و ئابوورییەکەیەتی. لە سەرووی ئەم هەنگاوانەوە ڕێکخراوی (francophonie la internationalede organization) (oif) دەبینرێت، کە لە لایەن فەرەنسا لە ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە و لە ئێستادا (٥٦) ئەندام لەخۆدەگرێت، کە زمانی فەرەنسی هاوبەشە چ وەک زمانی دایک، یان زمانی دووەم. ڕێکخراوەکە چوار ئامانجی سەرەکی هەیە، کە لە لایەن چوارچێوەی ستراتیژی دە ساڵەی فرانکۆفۆن (٢٠٠٥-٢٠١٤)ەوە دانراوە. لە سەرووی ئەمانەیشەوە پێشخستنی زمانی فەرەنسی و هەمەجۆریی کولتووری و زمانەوانییە و چەندین سندووقیش بۆ پشتگیریکردنی پرۆژەکان دامەزراوە. ئەمانە بریتین لە سندووقێکی تایبەتمەند لە بەرهەمهێنانی بینراو، سندووقێک لە وەرگێڕان و دەستکەوتە پەیوەندیدارەکانی دیکە، کە لە لایەن ڕێکخراوی فەرەنسیفۆنەوە

بەدەستهێنراوە. پشتگیریی زیاتر لە (١٤٠٠) پڕۆژەی میدیایی بە زمانی فەرەنسی کردووە، گەیشتووەتە ژمارەیەک لە ناوەندە کولتووری و زمانەوانییە پەیوەندیدارەکان بۆ (٢٩٥) ناوەند کە بە سەر (٢١) وڵاتدا دابەشکراون و هاوکارییەکە لەگەڵ (٦٧) ڕێکخراوی ناحکومیی نێودەوڵەتییە، زیاتر لە (١٠ هەزار) مامۆستای ڕاهێنراو (المحمود، ٢٠١٨، ٦٥).

لە یەکێک لەو ڕاپۆرتانەی وەزارەتی دەرەوەی فەڕەنسا (٢٠١٤، ٢) دەرچووە، کە تایبەتە بە بڵاوکردنەوەی فەرەنسی لە جیهاندا، ئاماژە بەم خاڵانە کراوە:

- جەختکردنەوە لە سەر شکۆمەندیی زمانی فەرەنسی وەک زمانێکی جیهانی، کە زیاتر لە (٢٢٠) ملیۆن قسەکەری هەیە و جەختکردنەوە لە سەر ئەوەی، کە زمانێکە بۆ ئابووریی نێودەوڵەتی، چونکە ئابووریی فەرەنسی پێنجەمە لە جیهاندا و ئەو وڵاتانەی بە زمانی فەرەنسی قسەدەکەن ١٢٪ی بازرگانیی نێودەوڵەتی پێکدەهێنن.
- (٣٠) هەزار هەلی کار لە فەرەنسا لە ئەنجامی بزوتنەوەی ئابووری لەگەڵ وڵاتانی فەرەنسی زمان دروستبوو.
- لە ساڵی ٢٠١٣وە پڕۆژەیەک دەستیپێکردووە بۆ شارەزاکردنی (١٠٠) هەزار مامۆستای زمانی فەرەنسی لە ئەفریقا و (٤٩٤) قوتابخانە لە (١٣١) وڵاتدا هەیە، کە سەرپەرشتی و پاڵپشتیدەکرێن.
- زیاتر لە (٧٠٠) ملیۆن یۆرۆ لە بودجەی ساڵانەی فەرەنسی تەرخانکراوە بۆ بڵاوکردنەوەی زمانی فەرەنسی.
- ساڵانە زیاتر لە (١٠) هەزار دیپلۆماتکاری بیانی لە فەرەنسا ڕاهێنانیان پێدەکرێت، لە ناویشیاندا خولەکانی زمان دەگرێتەوە (campus france, ٢٠١٨, ٢).

لە ڕاپۆرتێکدا سەبارەت بە کاریگەریی خوێندکارانی نێودەوڵەتی لە سەر ئابووریی فەرەنسا، دەتوانرێت ئەم زانیارییانەی خوارەوە دەربهێنرێت:

- لە ساڵی ٢٠١٤، خوێندکارانی بیانی ساڵانە نزیکەی ٦٥.٤ ملیار یۆرۆ بەشدارییان لە ئابووریی فەرەنسادا کردووە (بە کرێی خوێندنەوە، تێچووی ژیان، گەشتکردن و... هتد) و کۆی کرێی خوێندن بۆ خوێندکاری پەیمانگا پەروەردەییەکانی فەرەنسی لە فەرەنسا ساڵانە (٨٦) ملیۆن یۆرۆ بووە. ژمارەی خوێندکاری بیانی لە فەرەنسا گەیشتووەتە (٢٩٥٠٨٤) خوێندکار.

کۆنتێکستی کەنەدا کەیسێکی دیکەیە، کە شایەنی باسکردنە. کەنەدا ئەزموونی فرەزمانی پەیڕەودەکات، چونکە زمانی ئینگلیزی زمانی باڵادەستە و زمانی فەرەنسی وەک زمانی دووەم لە سەرانسەری وڵاتدا ناسراوە، هەروەها لە ڕاپۆرتێکدا، کە لە لایەن وەزارەتی پیشەسازییەوە دەرچووە بە ناوی ڕاپۆرتی ئابووریی کەنەدی بۆ هەڵسەنگاندنی

پیشەسازیی زمان لە کەنەدا (دەستەی کۆنفرانسی کەنەدا، ٢٠٠٧, p.٢٣)، دەتوانرێت ئەم خاڵانەی خوارەوە بخرێنەبەرباس:

- راپۆرتەکە بوارە سەرەکییەکانی پیشەسازیی زمانی کەنەدی لە کەنەدا لە وەرگێڕان، راهێنانی زمان و تەکنەلۆژیای زماندا دیاریدەکات.

- پیشەسازیی زمان بە نزیکەی ٧.٢ ملیار دۆلار بەشداری لە ئابووریی کەنەدا دەکات و (٥١٧٠٠) هەلی کار دەڕەخسێنێت.

- گەورەترین بەشداری لە پیشەسازیی زمانیدا کەرتی وەرگێڕانە، کە نزیکەی ٢.١ ملیار کەس بەشداری تێدادەکات و (٢٥٢٠٠) هەلی کار دەڕەخسێنێت.

**" پێویستە ڕێکارە گونجاوەکانی وەک کردنەوەی بەشی کوردی لە زانکۆکانی دەرەوەی عێراق بە تایبەت لە ئەوروپا و ئەمریکا لە داهاتوودا پەیڕەوبکرێت "**

- ساڵانە پەروەردەی زمان نزیکەی ٢.٤٣٢ ملیۆن دۆلار ڕاستەوخۆ دەداتە دەسەڵاتی کەنەدا و خەرجییەکانی فێرخوازانی زمان ساڵانە نزیکەی ملیارێک دۆلارە. بە هەمان شێوە بەشداریی پەروەردەی زمان لە کەرتی تایبەت و حکومیدا ساڵانە نزیکەی یەک ملیار و نیو دۆلار بووە.

- کەرتی پەروەردەی زمان (١٤٦٠٠) هەلی کار بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و (١١٩٠٠) هەلی کار بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بۆ کۆمەڵگەی کەنەدا دابیندەکات، بۆیە کۆی بەشداریکردنی کەرتەکە لە دامەزراندندا (٢٦٥٠٠) هەلی کارە.

- سەرەڕای گرنگیی کەرتی تەکنەلۆژیا زمانەوانییەکان، بەڵام ئامارەکانی پەیوەست بەووەوە بە شێوەیەکی ورد لە بەردەستدا نین.

لە راپۆرتێکدا کە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی وەرگێڕانی کۆمیسیۆنی ئەوروپا لە سەر بازاڕی خزمەتگوزاریی زمان لە ئەوروپا لە ساڵی ٢٠٠٩ دەرچووە، وادەردەکەوێت کە قەبارەی پیشەسازیی زمانی گەیشتووەتە ٨.٤ ملیار یۆرۆ و پێشبینیدەکرێت پیشەسازیی زمان زیاتر لە (٢٠) ملیار یۆرۆ زیاتر بێت لە ساڵی ٢٠١٥ (rinsche & porterazanottti, ٢٠٠٩: p.iv).

جێگای سەرنجە پێداچوونەوە بە هەندێک زانیاریی پەیوەست بە یەکێک لە بەناوبانگترین سایتەکانی فێربوونی زمانی ئینگلیزی لە ئینتەرنێتدا بکرێت، کە بە

(englishtown) ناسراوە، کە ناوەکەی گۆڕیوە بۆ (ef english live) وەک بەشێک لە پەرەپێدانی بەردەوام بۆئەوەی ڕەنگدانەوەی ئەوە بێت، کە خزمەتگوزارییەکانی پێشکەشکراو لە لایەن سایتەکەوە بە شیوەیەکی ڕاستەوخۆ و کارلێککارانەن لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ناوی (ئینگلیزی لایڤ)، کە واتای ئینگلیزیی ڕاستەوخۆ دەدات لە بریی ناوی شارە کۆنەکەی ئینگلیزی. بیل فیشەری ئەمریکی، لە ساڵی ١٩٩٦ ماڵپەڕەکەی دامەزراندووە و لە ڕێگەیەوە توانی بەرنامەیەکی یەکگرتوو بۆ فێرکردنی زمانی ئینگلیزی بە پێی چوارچێوەی ئەوروپی بۆ فێربوونی زمان دابینبکات، بە کرێی مانگانە. ماڵپەڕەکە بەوە جیادەکرێتەوە کە وانەکانی بە پێی چەند ئاستێک تۆمارکردووە جگە لەو پۆلە گریمانەییانەی کە فێرخواز لەگەڵ مامۆستای ڕاستەقینە و خوێندکارانی وڵاتە جیاوازەکانی جیهان بەشداریدەکات. بە پێی ئاماری ساڵی ٢٠١٠، سایتەکە نزیکەی (١٥) ملیۆن سوودمەندی بۆ خۆی ڕاکێشاوە و گرێبەستی لەگەڵ زیاتر لە (١٢٠٠) کۆمپانیا و دامەزراوە کردووە، کە هەندێکیان لە گەورەترین دامەزراوە و کۆمپانیاکانی جیهانن وەک نۆکیا، ibm و بەشێک لە وەزارەتەکانی... گەشتیاری و هەندێک بۆنە وەک ئۆڵۆمپیادی پەکینگ ٢٠٠٨. لێرەوە، گەڕانەوەکان بە دڵنیاییەوە زۆر گەورەدەبن (المحمود، ٢٠١٨، ٦٧).

پێداچوونەوە بە ئامارەکانی پێشووی وڵاتە جیاوازەکان، ئاماژە بە خواستە زۆرەکانی پرسی پیشەسازیی زمانی دەکات، ئەمەیش لە ڕاپۆرتە ساڵانەییەکانی هەندێک لە دامەزراوە حکومییەکان و دامەزراوە یاساییەکان و هەندێک لە ناوەندی توێژینەوەکاندا ڕەنگدەداتەوە. ئەمەیش ڕەنگدانەوەی بەدواداچوونی ورد و چاودێریکردنی بەردەوامە. بە هەمان شێوە ژمارەکان بە هەزاران و ملیۆنان نەماون، بەڵکو چوونەتە پۆلی ملیارەها دراوەکانەوە، کە قورسایی ئابوورییەکی زۆریان هەیە. ئەمەیش گرنگیی پیشەسازیی زمانی پشتڕاستدەکاتەوە. ئەو ڕاپۆرتانەی کە لە لایەن توێژەرەوە پێداچوونەوەیان بۆ کراوە، پەرۆشیی زۆرێک لە وڵاتان نیشاندەدەن بۆ بەڵگەنامەکردن و چاودێریکردن و ڕاپرسی بۆ بۆچوونی سوودمەندان لە پیشەسازیی زمانی و لێکۆڵینەوە لە دۆخی بازاڕی ئابووری و دڵنیابوون لە بەردەوامبوون بە برێکی باش لە گەشەسەندن لە سەر بنەمای ڕوون دیدگا و پلانی ستراتیژی بۆ بەردەوامیی کارەکە، وەک حاڵەتەکانی پێشوو جوڵە لە پیشەسازیی زمانیدا نیشاندەدەن و ئەو گەڕانەوە گەورانە بەبێ سەرمایەی بەهێز بە ڕوونیی دیدگا و پلانی باش نەدەکرا.

یەکێک لە پرسە دیارەکان، کە لە ئامارەکانی پێشوودا ڕەنگدانەوەی هەبووە، کاریگەریی ڕاستەوخۆی وەبەرهێنانی زمانەوانییە لە ڕووی گەڕانەوەی ڕاستەوخۆی ئابوورییەوە. سەرەڕای ئەوەیش زمانەکە بەهێزدەبێت و پێگەی چەسپاوە، ژمارەی قسەکەرانی

زیاددەکات و کاریگەریی کولتووری و شارستانییەکەی لە جیهانی ئەمڕۆیشدا بە هەمان شێوە چەسپاوە. هەروەها کاریگەرییە ناڕاستەوخۆکان لە ئاستی ئابووریدا وەک جوڵەی ئابووریی ناڕاستەوخۆ ئاماژەپێدەکرێت. لەم نێوەندەدا، کاریگەرییە کولتوورییەکان لە ناو گرنگترین دەستکەوتە ناڕاستەوخۆکان دادەنرێت، کە بە شێوەیەکی سروشتی لەگەڵ کاریگەرییە ئابوورییەکەدا تێکەڵبووە. واتە یەکێک لە ڕاپۆرتەکان ئاماژە بە کاریگەریی وڵاتی خوێندن دەکات لە سەر خوێندکاران تەنانەت دوای گەڕانەوەیان بۆ وڵاتی خۆیان و جۆرێک لە پەیوەندیی سۆزداری بەرانبەر بەو وڵاتەی لێیانخوێند دەمێنێتەوە، کە ڕەنگە لە لایەنە ئابوورییەکاندا ڕەنگبداتەوە وەکو ئەوەی بەرهەمەکانی ئەو وڵاتە بە سەر ئەوانی تردا بە باشتر بزانن، یان هەوڵی دووبارە سەردانکردنی وڵاتەکە بدەن (chaloner, evans & pragnell, ٢٠١٥, ١٢).

بە کورتی، ڕاپۆرتە جیاوازەکان جۆراوجۆریی دامەزراوە وەبەرهێنەرەکان و فرەیی شوێنی وەبەرهێنان نیشاندەدەن تا ئەو کاتەی بووەتە پیشەسازییەکی زمانی، کە قورسایی خۆی لە داهاتی نیشتمانیی هەندێک وڵاتدا هەیە. بە هەمان شێوە ڕاپۆرتەکانی پێشوو نیشانیدەدەن کە جۆرێک لە هەماهەنگی و یەکگرتن و مامەڵەکردن لەگەڵ دامەزراوە جیاوازەکانی حکومەت و بازرگانی و کۆمەڵگەی مەدەنی هەیە بۆ چەسپاندنی پیشەسازیی زمانی.

> **"پێویستییەکی بەپەلە هەیە بۆ کارکردن لە سەر وەبەرهێنانی زمانی کوردی و سنووردارکردنی شێوازی وەبەرهێنانی زمانی ئینگلیزی بە تایبەتی لە دامەزراوە پەروەردەییە تایبەت و ناحکومییەکان"**

### ٢.٥.١ لایەنە ستراتیژییەکانی وەبەرهێنان لە زمانی کوردیدا

چەند لایەنێکی ستراتیجی هەیە، کە پاڵنەری وەبەرهێنانن لە زمانێکی وەک کوردیدا، دیارترینیان ڕەهەندی کولتووری و شارستانی، ڕەهەندی دیمۆگرافی و جوگرافی بێجگە لە ڕەهەندی ئابووری و هەریەک لەو لایەنانە نوێنەرایەتیی سەنگێکی گەورە و هاندەرێکی بەهێز دەکەن بۆ وەبەرهێنان لە زمانی کوردیدا. هەرچەندە زمانی کوردی لە بازاڕی زماندا خاوەنی پێکهاتەکانی خۆیەتی، کە بە زمانە جیاوازەکان بەردەست نین؛ ئەمەیش وایلێدەکات هەر کاتێک دەرفەتی گونجاوی پێببەخشرێت شایستە و کێبڕکێی

هەبێت، بەڵام بارودۆخی زمانەوانیی زمانی کوردی زۆر شلۆق و باش نییە، لە ئێستادا بە هۆی چەند هۆکارێک کە گرنگترینیان دەکرێت ئەو هۆکارانە بن کە وا لە زمانی ئینگلیزی دەکات بتوانێت زمانی کوردی پەراوێزبخات جگە لە هۆکارەکانی تر، کە لەم ڕووەوە ڕۆڵی کاریگەریان هەیە. واتە مەترسیی سۆشیال_میدیا و قوتابخانە ئەهلی و ناحکومییەکان و گەشەی بەکارهێنانی وشەی ئینگلیزی بە بیانووی قەرزکردنی وشە و لاوازیی ئەدای تاکەکانی کورد و زۆربەی بڕیارەکان جگە لە پەیڕەوی ناوخۆی دەسەڵاتی کوردی، کە لە بەرژەوەندیی ئینگلیزی و پەراوێزخستنی زمانی کوردی گەورەترین ئاستەنگن، کە ڕێگرن لە گەشەسەندنی زمانی کوردی. لێرەوە زمانی کوردی ناتوانێت کێبڕکێی زمانە ڕکابەرەکانی بکات لە هەموو کەرتەکانی ژیان بە گشتی و کەرتی ئابووری بە تایبەتی.
لە ڕووی ئابوورییەوە زمانە فەرمییەکان پەیوەندییان بە داگیرکردن و کەڵکوەرگرتن لە پۆستە بەتاڵەکانەوە هەیە. بۆ نموونە: ئەو هەوڵانەی کە دایک و باوکی ئیسپانی، کە گەشتیان بۆ ئەمریکا کردووە کردوویانە، چونکە ئەوان پێیانباشە فێری زمانی ئینگلیزی ببن تەنانەت لەو ویلایەتانەی ئەمریکا کە زۆرینەی دانیشتوان ڕەگ و ڕیشەیان کۆچبەرە ئیسپانییەکانن. واتە منداڵەکانیان ناچاردەکەن بچنە قوتابخانەی ئینگلیزی نەک قوتابخانەی ئیسپانی، چونکە زمانی ئینگلیزی زمانی هەموو ویلایەتەکانی ئەمریکایە. دایک و باوکی ئیسپانی پێیانوایە نەزانینی زمانی ئینگلیزی دەبێتە هەڕەشە بۆ سەر داهاتووی منداڵەکانیان. باسکردن لە زمانی فەرمیی عێراق لە سەردەمی ڕژێمی بەعس و بەئاسایزانینی زمانی عەرەبی وەک زمانی فەرمی و زمانی زۆرینەی عێراقییەکان، (تۆفیق، ٢٠٠٧، ٥٧) ئاماژە بەوە دەکات، کە فێربوونی زمانی عەرەبی دەبێتە هۆی ڕەخساندنی هەلی کاری زیاتر. بەو پێیەی دایک و باوک هەمیشە نیگەران بوون لە دۆزینەوەی داهاتوویەکی باشتر بۆ منداڵەکانیان، فێربوونی زمانی عەرەبییان بە پێویستی زانیوە. بە داخەوە، لە ڕووی خزمەتکردن بە زمانی کوردی، بوار بۆ ئەم جۆرە سیاسەتە ئابوورییە هەبوو و ئێستایش نەماوە . دۆخی کوردستانی عێراق بە تەواوی جیاوازە بەو پێیەی خەڵکەکە هەوڵی قسەکردن بە زمانی عەرەبی دەدەن بە هۆی کڕیارە عەرەبەکانیانەوە. ئەو کەسانەی کە توانای ناردنی منداڵەکانیان هەیە بۆ قوتابخانە ئەهلییەکان، کە خوێندنی زمانیان ئینگلیزییە، گرنگی بەو تێچوونانە نادەن کە زمانی کوردی لاوازدەکەن. بەو پێیەی هەوڵە ئابوورییەکانی کوردستانی عێراق خزمەت بە زمانە بیانییەکان دەکات، دەسەڵاتی سیاسی پێویستە بڕە پارەیەک بۆ بەرزکردنەوەی دۆخی زمانەوانیی زمانی کوردی تەرخانبکات بۆئەوەی لە داهاتوودا کەمتر خەرجبکات و لە هەمان بارودۆخی دەوڵەتە عەرەبییەکانی ڕۆژئاوا نەبێت (واتە جەزائیر، مەغریب و تونس)، کە ساڵانە بڕە پارەیەک تەرخاندەکەن بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی زمانی فەرەنسی لە سەر خەڵکەکەیان لە وڵاتەکانیان (سپۆڵسکی، ٢٠٠٤، ١٣٤-١٣٥).

**٣. ٥. ١ ئاستەنگەکانی بەردەم وەبەرهێنانی زمانەوانی لە زمانی کوردیدا**

دوای پێداچوونەوەی هەندێک ئەزمونی نێودەوڵەتی لە وەبەرهێنانی زمانەوانی و ئەو داهاتە زەبەلاحانەی بەدەستیهێناوە، پرسیارێکی گەورە لە سەر ئەو ئاستەنگە سەرەکییانە دێتەئاراوە، کە رێگرن لە وەبەرهێنان لە زمانی کوردیدا و بۆچی رەهەندە ستراتیژییەکانی کوردی لە پیشەسازییەکی وەبەرهێنانی سەرکەوتوودا وەبەرهێنانناکرێت؟ بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە کارکردن لە سەر لابردنی ئەم جۆرە ئاستەنگانە لە رێگای وەبەرهێنانی زمانی کوردی باشترین هەڵبژاردنە بۆ گەیشتن بە گونجاوترین شێوەی وەبەرهێنانی زمان لە زمانی کوردی لە کوردستانی عێراق.

> ” پشتگیری ئابووری هۆکارێکی کاریگەرە بۆ ئەوەی زمانێک بتوانێت لە پشت زمانە بەهێزەکانی دیکەوە پاشەکشە نەکات “

بەم پێیە، وردەکاریی گفتوگۆکە سەبارەت بە بەربەستەکانی بەردەم وەبەرهێنانی زمانەوانی پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانیی یەکگرتوو هەیە، کە تێیدا توێژەر سەیری لایەنە پەیوەندیدارە جیاوازەکان بکات (وەبەرهێنەر، ژینگەی وەبەرهێنان، لایەنەکانی وەبەرهێنان) و ئەم بەربەستانە بە وردی دەربهێنێت بە مەبەستی گەیشتن بە دەستنیشانکردنی ورد. ئەم لێکۆڵینەوەیە ئاماژە بەوە دەکات، کە جۆرێک لە وەبەرهێنانی زمان لە کوردستانی عێراقدا هەیە، بەڵام بە داخەوە ئەو زمانەی کە وەبەرهێنانی تیادادەکرێت کوردی نییە؛ ئینگلیزییە و بە ئەگەرێکی زۆرەوە دەگەرێتەوە بۆ ئەم ئاستەنگانەی خوارەوە:

١. نەبوونی هۆشیاری لە لای بڕیاردەران و خاوەن_سەرمایە لە گرنگیی وەبەرهێنان لە زمانی کوردی و گەڕانەوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی لە لایەنی ئابووری و کولتووری و شارستانییەوە، تەنانەت لایەنی سیاسییش؛ ئەم لاوازییە بوو بە هۆی ترسی خاوەن_سەرمایە لە وەبەرهێنان لە زمانی کوردیدا.

٢. ژینگەی وەبەرهێنانی سیستماتیکیی ناهاندەر: لە زۆرێک لە شارەکانی کوردستاندا هیچ رێکارێکی بیرۆکراتی نییە بۆ کارکردن لە سەر وەبەرهێنان بە زمانی کوردی، ئاڵۆزییەکانی ناو یاسا و رێساکان کە دەدۆزرێتەوە وا لە وەبەرهێنەر دەکات لەم جۆرە وەبەرهێنانە دەربچێت و پەنابەرێتەبەر وەبەرهێنانە فیزیکییەکانی تر، کە سەرنجراکێشترن وەک

ئاڵۆزییەکانی مۆڵەتە فەرمییەکان بۆ دامەزراندنی دامەزراوەیەکی پەروەردەیی، نەبوونی ڤیزە بۆ خوێندکارانی بیانی، ڕێکار و مەرجەکانی دامەزراندن.

٣. دۆخی ئابووریی ناوچەی کوردستانی عێراق: نائارامییەکانی ناوچەی کوردستانی عێراق بە شێوەیەکی نەرێنی لە سەر وەبەرهێنانی زمانی کوردی پێچەوانەبووەتەوە.

ئەم ئاستەنگانە پێویستیان بە کردەوەیەکی جدی هەیە بۆ پەروەردەکردن و هۆشیارکردنەوەی بڕیاردەران سەبارەت بە گرنگیی وەبەرهێنانی زمانەوانی لە زمانی کوردیدا و گەڕانەوەی ستراتیژی لە ئاستی ئابووری و کولتووری و سیاسیدا. لە لایەکەوە ئەم جۆرە هۆشیارییە یارمەتیدەردەبێت لە دروستکردنی ژینگەیەکی سەرنجڕاکێشی ڕێکخراوەیی و وەبەرهێنان بۆ وەبەرهێنانەکان، هەروەها هاندەرێکی دارایی بێت کە پێویستە بۆ جوڵاندنی چەرخی وەبەرهێنان بە زمانی کوردی. لە لایەکی ترەوە گرنگە وەبەرهێنانەکان بە زمانی کوردی ببەسترێتەوە بە ئۆرگانە ئەکادیمییە تایبەتمەندەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق بە شێوەیەک، کە ئەم پڕۆژانە لە ژێر پەردەی ئەکادیمیدا بن، کە ئەم ڕێبازە زانستییە لە لایەک مسۆگەربکات، بەردەوامیی خۆی لە کۆمەڵگادا بەدەستبهێنێت و بەشدار بێت لە بنیاتنانی ڕەوتی ئەرێنیی بەرەوڕووی.

> **”وەک لایەنگری کاروباری زمانەوانی دادەنرێت لە ڕووی ئیستغلالکردنی پێگەی ئابووریی دەوڵەت بۆ پشتگیریکردنی زمانەکەی و توانای گەیشتن بە ئامانجەکانی“**

**١.٦ دەرئەنجامەکان**

ئەم خاڵانەی خوارەوە گرنگترین ئەو خاڵانەن، کە ئەم لێکۆڵینەوەیە پێیگەیشتووە:

١. وڵاتان لە پێشبڕکێدان بۆ پەمپکردنی سەرمایەی گەورە بۆ وەبەرهێنانی زمانەوانی لە بەرژەوەندیی پەرەپێدانی زمان و وەبەرهێنان، بۆ بەدەستهێنانی گەڕانەوەی گەورەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی ئابووری، لە کاتێکدا پێچەوانەکەی لە کوردستانی عێراقدا ڕاستە.

٢. لە هەرێمی کوردستانی عێراق گرنگیی زیاتر بە وەبەرهێنانی زمانی کوردی بدرێت، ئەمەیش دەتوانرێت لە ڕێگەی کەمکردنەوەی کاریگەریی زمانی ئینگلیزیەوە بکرێت، کە بە داخەوە لە سەر حیسابی زمانی کوردی وەبەرهێنراوە.

٣. پەیوەندییەکی دوولایەنە لە نێوان ئابووری و زماندا هەیە. وەبەرهێنانی زمانی زمان دەوڵەمەنددەکات و بوارەکانی بەکارهێنانی زیندوودەکات، هەروەها ژمارەی بەکارهێنەرانی زیاددەکات، هەروەها بەشداریدەکات لە دامەزراندنی بەکارهێنانی لە بوار و پانتایی گرنگدا، ئەمەیش بێگومان کاریگەریی زمانیی خۆی هەیە و بە هەمان شێوە کاریگەریی ئابووریی گەورەی هەیە.
٤. لەگەڵ ئەوەی کە بەکارهێنانی زمانەکان زیاتر و زیاتر ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە چالاکییە ئابوورییەکان لەگەڵ جیهانگیریی ئابووریی جیهانیدا، گرنگیدان بە پەیوەندیی نێوان زمان و تیۆری ئابووری پەرەدەستێنێت.
٥. بابەتەکانی پەیوەست بە زمان و پەیوەندییەکانی بە ئابوورییەوە هەندێک سەرنجی زانستی بۆ خۆی ڕاکێشاوە ئەوانەی بەرپرسی زمانی کوردین دەبێت گرنگیپێبدەن.
٦. وەک دیسیپلینێک، یان بوارێکی توێژینەوە، ئەوە تیۆری سەرمایەی مرۆیی و ئابووریی پەروەردەیە، کە پێگەیشتنی ئابووریی زمانی بەرەوپێشبرد.
٧. ئینگلیزی بووە بە زمانی جیهان، بەڵام ڕاپۆرتێکی نوێ دەریدەخات کە لە هەندێک لە ئابوورییە پێشەنگەکانی ئەوروپادا، توانای زمانی ئینگلیزی لە دابەزیندایە.
٨. ڕاپۆرتەکە پەیوەندییەک لە نێوان ئاستی توانای ئینگلیزیی وڵاتێک و سەرکەوتنەکانی لە سەر کۆمەڵێک لە پێوەرەکانی گەشەپێدان، وەک داهاتی پاک و بەرهەمهێنان نیشاندەدات.
٩. زمانە فەرمییەکان پەیوەندییان بە پیشە و کەڵکوەرگرتن لە پۆستە بەتاڵەکانەوە هەیە. سەرەڕای ئەوەیش، لە کوردستانی عێراق زمانی فەرمی کوردییە، بەڵام ئەولەویەت بە زمانی ئینگلیزی و هەندێک جاریش بە عەرەبی دەدرێت هەر کاتێک پۆستێکی بەتاڵ ڕاگەیەندرا؛ ئەمەیش ئاماژەیە بۆئەوەی کە پشتگوێخستنی پەیوەندیی زمانی کوردی بە ئابوورییەوە کاریگەریی نەرێنی لە سەر مافە زمانەوانییەکان و هەلی کار هەبووە.
١٠. هەر کاتێک هەوڵی تاکەکەسی و پراکتیکەکانی کۆمەڵگا و بەڕێوەبردن لە ڕووی وەبەرهێنانی زمان لە بوارە جیاوازەکانی ژیاندا دەرکەوت، کە نوێنەرایەتیی پراکتیک و بەڕێوەبردنی ڕاستەقینەی زمان لە ناوچەی کوردستانی عێراقدا بکات، وەڵام و کاردانەوەی ئەرێنی لە ڕووی وەبەرهێنانی زمانی لە کوردستانی عێراق دەبێت. بە داخەوە، ئەم لێکۆڵینەوەیە دەگاتە ئەو ئەنجامەی، کە شێوازی بەڕێوەبردنی زمان لە ڕووی ئابوورییەوە تەنها وەک وێنەیەکی تەمومژاوی وایە کە نە بۆ زمانی کوردی و نە بۆ ئابووریی کوردی پێشبینیی باشی نییە.

### ١.٧ پێشنیازەکان

هەنگاو و ڕێسای جۆراوجۆر هەیە، کە دەتوانرێت لە لایەن حکومەت و دامەزراوەکانەوە ئەنجامبدرێت و بگیرێتەبەر بۆ چالاککردنی ڕۆڵی زمان لە بوار و کەرتە جیاوازەکانی ژیاندا، بە تایبەتی لە کەرتی ئابووریدا. واتە ئەم خاڵانەی خوارەوە لە لایەن حکومەت و دامەزراوەکانەوە لەبەرچاوبگیرێن:

١. دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستانی عێراقدا پێویستە بڕە پارەیەک بۆ بەرزکردنەوەی دۆخی زمانیی زمانی کوردی تەرخانبکات، بۆئەوەی لە داهاتوودا کەمتر خەرجبکات.

٢. هەندێک لە حکومەتەکان زمان وەک کارتێکی ئابووریی کاریگەر بەکاردەهێنن و پێشنیازدەکرێت حکومەتی کوردییش هەمان هەنگاو بگرێتەبەر.

٣. پێشنیازدەکرێت دەسەڵاتی کوردی کار لە سەر هۆشیاری لە سەر هەموو ئاستەکان بکات بۆ ئاسانکاری بۆ دروستکردنی ژینگەی سەرنجڕاکێشی وەبەرهێنان لە کوردستانی عێراقدا.

٤. پێشنیازدەکرێت حکومەت داوا لە ئەکادیمییەکان و ئابووریناسان بکات، کە لێکۆڵینەوەی ئەزموونی زیاتر لە سەر وەبەرهێنان لە زمانی کوردیدا بکەن، بۆئەوەی بە وردی وەڵامی کەموکوڕییەکان و لێکۆڵینەوە لە هەندێک حاڵەتی سەرکەوتووی وەبەرهێنانی زمان بدەنەوە.

**References:**

-Al-Anati, W. (2006). Arabic Shares in the Linguistic Market. Afkar Journal. Vol. 207

-Al-Mahmoud, M. (2013). Language Planning through Investing Language Attitudes. Saarbrucken: Lambert Academic Publishing.

…………………. (2015). Language Planning and Language Policy in Australia: Case Study. Linguistic Studies Journal. Vol. 17

…………………. (2016). Review of the Textbook on Methods for Research in Language Policy and Planning. Language Planning and Language Policy Journal. 2nd ed. Vol. 3

……………… (2018). Economical Language Planning: Vision of Arabic Language. The Journal of Linguistic and Literary Studies. 2nd ed. 10th year.

-Al-Zira'ai, H. (2015). Investment in Arabic Language through the Economics of Language. Al-Riyath: The International Centre of King Abdulla bin Abdul-Aziz for Serving Arabic Language)

-British Council. (2017). Annual Report and Accounts 2016-2017. Manchester: British Council.

-Campus France, Beyond Influence: The Economic Impact of International Students

in France, les notes de, Campus France, N 45, 2014.
-Coulmas, F. (1992). Language and Economy. Oxford: Blackwell Publishers
-Chaloner, J.; Evans, A. & Pragnell, M. (2015). Supporting the British Economy through Teaching English as a Foreign Language: An Assessment of the Contribution of English Language Teaching to the United Kingdom Economy. London: Capital Economics.

-Ding, Z. G. (2008). Translation and Interpreting Industry and Regional Economic Development. Proceedings of 2008 Conference on Regional Economy and Sustainable Development. Liu Shuguang.

-Djite, P. (1994). From Language Policy to Language Planning: An Overview of Languages other than English in Australia. Deakin: National Languages and Literacy Institute of Australia.
-Fehri, F. A. (2013). Language Policy in Arabic States. Beirut: Dar Al-Kitab Al-Jadeed.
-Friedman, (1953). The Methodology of Positive Economics. In M. Friedman. Essays in Positive Economics (pp. 3-43). Chicago, IL:
-University of Chicago Press
-Gaz, R. (2011). Foreign Languages for Economic Development. European Universities Network on Multilingualism Symposium. Barcelona.
-Gazzola, M. and Wickstrom, B. (2016). The Economics of Language Policy. Berlin: MIT Press. ISBN: 9780262034708
-Grin, F. (2006). Economic Considerations in Language Policy. In: Ricento, Thomas (Ed.): An Introduction in Language Policy. Maiden/Oxford: Blackwell. S. 77-94
-Grin, F. & Vaillancourt, F. (2015). The Economics of Language Policy: An Introduction to Evaluation Work, in Research Methods in Language Policy and Planning: A Practical Guide, edited by Hult, F. and Johnson, D. (Hoboken: John Wiley & Sons).
-Jabir, Z. (2014). Investment in Translation, Investment in Language: Implications of Translation Strategies on Language and its Economy. In the third International Conference for Arabic Language: Investment in the Arabic Language and its National, Arabic and International Future. Dubai.
-Jambaz, T. (2014). Buni Natawa u Siyasati Zman (Nation Building and Language Policy). Hawler: Haji Hashim Publication Centre.
-Marschak, J., 1965. The Economics of Language. Behavioral Science, 10: 135-140
-Mrayati, Muhammad. (2014). Language and Sustainable Development: The Role of Language in Transforming into a Knowledge-Based Economy and a Society

Knowledge. Al-Riyath: The International Centre of King Abdulla bin Abdul-Aziz for Serving Arabic Language)

-Rinsche, A. & PorteraZanotti, N. (2009). The Size of the Language Industry in the EU. Bruxelles: European Commission Directorate General for Translation.

-Spolsky, B. (2004). Language Policy. Cambridge: Cambridge University Press.

-Sabir, R. (2008). Kultur u Nasyonalizm (Culture and Nationalism). Slaimani: Tishk Publication Centre.

-Tejerina, B. (2005). Language and economy. Market for symbolic exchange and consumption of linguistic products in Euskara. Euskal Herriko Unibertsitatea <cjptemob@lg.ehu.es>

-Timsit, A. (2019). Quartz. Politico Magazine in Washington, DC.

-Tofiq, K. F. (2007). Asayeeshi Natawayee w Plani Zman (Terwaninek) (National Security and Language Planning (An Overview). Halwer: Aras Publication Centre.

-The Conference Board of Canada. (2007). Economic Assessment of the Canadian Language Industry. Ottawa: Industry Canada.

-Zhang, W. and Grenier, G. (2012). How can Language be linked to Economics? A Survey of Two Strands of Research. Ottawa

# گرنگیی سیاسەتی زمان لە داڕشتنی ناسنامەی نەتەوەییدا



**و:** شاتوو سمکۆ
خوێندکاری قۆناغی چوارەمی بەشی وەرگێڕان
زانکۆی جیهان سلێمانی

**پوختە**

ئامانج لەم توێژینەوەیە گەڕانە بە دوای پەیوەندییەکانی نێوان سیاسەتی زمان و ناسنامەی نەتەوەیی لە ڕێگەی ماکرۆ لینگویستیکەوە بە بەکارهێنانی ڕێبازێکی جیاوازی توێژینەوە، توێژینەوەکە دەستدەکات بە شیکردنەوەی سیاسەتەکانی زمان و هەروەها لە کاریگەرییەکانیان دەکۆڵێتەوە لە سەر یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و ناسنامەی کولتووری و سەقامگیریی سیاسی لە کەنەدا و بەلجیکا و هیندستان. توێژینەوەکە لە تایبەتمەندییەکانی سیاسەتی زمان دەکۆڵێتەوە و هەڵسەنگاندن بۆ کاریگەرییەکانیان دەکات لە سەر کۆمەڵگە جیاوازەکانی ناو ئەم گەلانە، وەک دووزمانزانی لە کەنەدا و بەرنامەی زمانی هاوبەش لە بەلجیکا و پەروەردەی فرەزمان لە هیندستان. ئەنجامەکان دەریدەخەن کە سیاسەتی زمانە گشتگیرەکان بە شێوەیەکی بەرچاو یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی بەرز دەنرخێنن. لە کاتێکدا سیاسەتە تایبەتەکانی کۆمەڵگە دەتوانن ببنە هۆی دابەشبوون و پەراوێزخستن. لە کەنەدا بە بەردەوامی پشتگیری لە پەروەردەی دووزمانی دەکرێت بۆ بەهێزکردن و گرێدانی پەیوەندییەکانی نێوان گرووپە زمانەوانییەکان. لە بەلجیکا منداڵ وەها پەروەردەدەکرێت تا ڕێز لە یەکتری

بگرن لە نێوان کۆمەڵگە زمانەوانییەکاندا تا گشتگیرییە سیاسییەکان کەمببێتەوە. لە هیندستان پەروەردەی فرەزمان لە ناوچەکاندا پەرەپێدەدرێت و دەپارێزرێت تا هەستی یەکگرتوویی بچێنرێت. ئەم توێژینەوەیە سەرەنج دەخاتەسەر پێداچوونەوە لە نێوان زمان و ناسنامە، هەروەها گرنگیدان بە ڕەخنە لە سیاسەتی زمانی گشتگیر کە پەروەردەی هاوسەنگیی کۆمەڵایەتی و یەکێتیی نیشتمانی دەیخاتەڕوو. لە کۆتاییدا ئەنجامەکان تێڕوانینێکی کرداری بۆ داڕێژەرانی سیاسەت دەڕەخسێنن، جەخت لە سەر پێویستییەکانی پێکهێنەرەکان دەکەن کە دان بە فرەچەشنیی زمانیدا بنێن و لە هەمان کاتدا بۆ بەرەوپێشچوون گفتوگۆ و یەکگرتن لە نێوان کۆمەڵگەی زمانە جیاوازەکاندا بکەن. ئەم توێژینەوەیە بەشدارە لە تێگەشتن لە کاریگەرییەکانی ستراتیژی بۆ بەهێزکردنی ناسنامەی نەتەوەیی لە جیهانێکدا، کە تا دێت جیهانگیر دەبێت، ئەو بیرۆکەیە دوپاتیدەکاتەوە کە زمان دەتوانێت وەک پرد بێت نەک بەربەست.

**کلیلی وشە:** سیاسەتی زمان، ناسنامەی نەتەوەیی، یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی، ناسنامەی کولتووری، فرەچەشنیی زمانی، سیاسەتی گشتگیر.

## ١-پێشەکی

زمان تەنها ئامرازێک نییە بۆ پەیوەندیکردن، بەڵکو ناسنامەیەکی بنچینەیی گرنگە بۆ تاک و کۆمەڵگە. وێنەی گێڕانەوەی کولتوورییە (ڕەنگدانەوەی کولتوورییە)، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەگرێتەخۆ و کاریگەری لە سەر جوڵەی سیاسی هەیە. لای زۆربەی نەتەوەکان زمان وەک هێزێکی یەکگرتوو کاردەکات، کە ڕەنگدانەوەی بەها و مێژووی هاوبەشە. بە پێچەوانەوە زمان دەشتوانێت تیشک بخاتەسەر دابەشبوونەکان، بە تایبەتی لە کۆمەڵگە فرەکولتوورییەکاندا کە چەندین زمان پێکەوە دەژین. تێگەیشتن لە ڕۆڵی زمان لە پێکهێنانی ناسنامەدا زۆر گرنگە، بە تایبەت لە سەردەمی جیهانگیریدا، کە کۆمەڵگە زمانەوانییە جۆراوجۆرەکان دەخاتەبەر پەیوەندییەکی نزیکتر. کاریگەریی سیاسەتەکانی زمان لە سەر پێکهاتنی شوناسی نەتەوەیی بوارێکی بەرچاوی لێکۆڵینەوەیە. زمان وەک میدیایەکی بنەڕەتی کاردەکات، کە لە ڕێگەیەوە بەها کولتوورییەکان و مێژووە هاوبەشەکان دەگوازرێنەوە، بەمەیش ناسنامەکان لەقاڵبدەدەن. ئەم پرسیارە هەوڵدەدات ئەو میکانیزمانە ئاشکرابکات کە لە ڕێگەیانەوە ڕێساکانی زمانی دەسەڵات کاریگەرییان لە سەر تێڕوانینەکانی کۆمەڵگە بۆ ناسنامە و سەربەخۆیی و یەکگرتووی هەیە. ئەم توێژینەوەیە بە شیکردنەوەی کۆنتێکستە جۆراوجۆرەکان ئامانجی دەستنیشانکردنی کاریگەرییە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکانی سیاسەتی زمان لە سەر ناسنامەی نەتەوەیی دەخاتەڕوو.

بە تایبەتی ئەو سیاسەتە زمانییە تایبەتانەی کە لە وڵاتە جیاوازەکاندا جێبەجێدەکرێن و دەرئەنجامەکانیان لە سەر پێکهاتنی ناسنامەی نەتەوەیی دەکۆڵێتەوە. بۆ نموونە: حاڵەتەکانی پەروەردەی دووزمانی یان ڕاگەیاندنی زمانی فەرمی دەتوانن ئەوە ئاشکرابکەن، کە چۆن گشتگیری یان تایبەتمەندی لە بەکارهێنانی زماندا هەستی سەربەخۆیی لە نێوان هاوڵاتیاندا دروستدەکات. سەرەڕای ئەوەیش توێژینەوەکە لێکۆڵینەوە لە ڕۆڵی زمان دەکات لە پێشخستنی یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و ناسنامەی کولتووری لە نێوان دانیشتوانی جۆراوجۆردا. داننان بە هەمەجۆریی زمانی لە ناو گەلاندا زۆر گرنگە بۆ تێگەیشتن لەوەی کە چۆن زمان دەتوانێت کۆمەڵگەکان یەکبخات، یان دابەشیبکات. جگە لەوەیش کاریگەرییەکانی سیاسەتی زمانی گشتگیر بەرانبەر بە زمانی تایبەت لە سەر سەقامگیریی سیاسی و یەکگرتنی کۆمەڵگە هەڵدەسەنگێنێت. ئەو سیاسەتەی کە چەندین زمان لەخۆدەگرێت، ڕەنگە هاوسەنگیی کۆمەڵایەتی بەرزبکەنەوە لە کاتێکدا ئەوانەی کە یەک زمان لە پێشینەدان دەتوانرێت ببنە هۆی پەراوێزخستن.

> ” **زمان تەنها ئامڕازێک نییە بۆ پەیوەندیکردن، بەڵکو ناسنامەیەکی بنچینەیی گرنگە بۆ تاک و کۆمەڵگە** “

لە کۆتاییدا توێژینەوەکە پێشنیازەکان بۆ داڕێژەرانی سیاسەت سەبارەت بە داڕشتنی سیاسەتی زمان، کە ناسنامەی نەتەوەیی بەرزبکاتەوە لە هەمان کاتدا ڕێز لە هەمەجۆریی زمانی بگرێت، دڵنیایی لەوە دەدات، کە هەموو دەنگەکان بەشداری لە گێڕانەوەی شکۆی نیشتماندا دەکەن.

سیاسەتی زمان ڕۆڵێکی چارەنوسساز دەگێڕێت لە داڕشتنی دیمەنی پەروەردەیی نەتەوەیەکدا. ئەم سیاسەتانە بە دیاریکردنی میدیای فێرکردن لە قوتابخانەکاندا کاریگەرییان لە سەر چۆنیەتیی هەستکردن بە نەوەکانی داهاتوو ناسنامە و میراتی کولتووریی خۆیان هەیە. بۆ نموونە ئەو وڵاتانەی کە پەروەردەی دووزمانی جێبەجێدەکەن زۆر جار کاریگەریی ئەرێنی لە سەر هۆشیاریی کولتووری و قەدرزانینی هەمەجۆریی خوێندکاران دەبینن. ئەم ڕێبازە پەروەردەییە نەک هەر تواناکانی زمان بەرزبکاتەوە، بەڵکو هەستکردن بە شانازیکردن بە چەندین ناسنامە پەروەردەدەکات، بەمەیش بەشداریدەکات لە ناسنامەیەکی نەتەوەیی یەکگرتووتردا. لە بەرانبەردا ئەو گەلانەی کە یەک زمانی فەرمی لە پەروەردەدا جێبەجێدەکەن ڕەنگە بەبێ ئاگاداریی

کەمینە زمانییەکان نامۆ بن و ببێتە هۆی هەستکردن بە دوورخستنەوە و کەمبوونەوەی دەربڕینی کولتووری.
جگە لەوەیش جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی زمان دەتوانێت کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبێت لە سەر یەکگرتنی کۆمەڵایەتی لە ناو کۆمەڵگە فرەکولتوورییەکاندا. کاتێک حکومەتەکان سیاسەتی زمانی گشتگیر دەگرنەبەر، ژینگەیەک دروستدەکەن کە هەموو گرووپە زمانەوانییەکان هەست بە بەها و دانپێدانان بکەن. ئەم دانپێدانانە دەتوانێت پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەهێزبکات و بەشداریی چالاکانە لە ژیانی مەدەنیدا بەرەوپێشببات، چونکە تاکەکان زیاتر بەشداریدەکەن کاتێک ڕێز لە زمان و کولتوورەکەیان دەگیرێت. بە پێچەوانەوە سیاسەتی زمانیی تایبەت دەتوانێت دابەشبوونە کۆمەڵایەتییەکان گەورەتربکات و ببێتە هۆی دروستبوونی گرژی لە نێوان نەتەوە جیاوازەکاندا. ئەم جۆرە دابەشبوونانە دەتوانن ڕێگری لە هاوکاری و لێکتێگەیشتنی یەکتر بکەن، لە کۆتاییدا یەکگرتوویی نەتەوەیی بخەنە مەترسییەوە.
لە کۆتاییدا ناتوانرێت چاوپۆشی لە پەیوەندیی نێوان سیاسەتی زمان و سەقامگیریی سیاسی بکرێت. سیاسەتی زمانیی کاریگەر کە گشتگیری بەرەوپێشدەبات دەتوانێت وەک بناغەیەک بۆ پێکەوەژیانی ئاشتییانە لە نێوان کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکاندا بێت. دەتوانن ئەو ململانێیانەی کە لە هەڵاواردنی زمانەوانییەوە سەرهەڵدەدەن کەمبکەنەوە و هەستکردن بە ناسنامەی هاوبەش پەرەپیبدەن. لە لایەکی ترەوە سیاسەتی زمانی کە لە بەرژەوەندیی گرووپێکدایە بە سەر گرووپێکی تردا، دەتوانێت ببێتە هۆی ناڕەزایی و نائارامیی کۆمەڵایەتی. لەم چوارچێوەیەدا داڕێژەرانی سیاسەت دەبێت بە وردی کاریگەرییەکانی بڕیارە زمانییەکانیان لەبەرچاوبگرن و دڵنیا بن لەوەی کە بەشداریی کۆمەڵگەیەکی سەقامگیر و هاوسەنگ دەکەن. لە پێشینەخستنی بە هەمەجۆریی زمانی و گشتگیریی حکومەتەکان دەتوانن ناسنامەیەکی نیشتمانیی بەهێزتر بنیاتبنێن کە ڕەنگدانەوەی تابلۆی هوشیاریی دانیشتوانەکەیان بێت.

## ٢-توێژینەوەکانی پێشوو

پەیوەندیی نێوان سیاسەتی زمان و ناسنامەی نەتەوەیی لە توێژینەوەی زمانەوانی و کۆمەڵایەتیی سیاسیدا سەرنجێکی بەرچاوی بەدەستهێناوە. زانایانی جۆراوجۆر لێکۆڵینەوەیان لەوە کردووە کە چۆن زمان وەک ئامرازێک بۆ دەربڕینی ناسنامەی کولتووری و پەروەردەکردنی یەکێتیی کۆمەڵایەتی دەبینرێت. بۆ نموونە: "فیشمان" لە ساڵی ١٩٩١ جەخت لە سەر ڕۆڵی زمان دەکاتەوە لە پاراستنی میراتی کولتووریدا و دەڵێت: سیاسەتی زمان دەتوانێت یان پشتگیری لە زیندوویی زمانە کەمینەکان

بکات، یان تێکبدات کە بۆ ناسنامەی قسەکەرەکانیان زۆر گرنگن. لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە کە سیاسەتی زمانیی گشتگیر وەک پەروەردەی دووزمانی و دانپێدانانی فەرمی بە زمانە کەمینەکان مەیلیان هەیە بۆ بەرەوپێشبردنی یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و هەستکردن بە سەربەخۆیی لە نێوان دانیشتوانی جۆراوجۆردا (بەیکەر، ٢٠٠١). ئەم سیاسەتانە دەتوانن یارمەتیدەر بن لە پڕکردنەوەی ئەو دابەشبوونەی لە کۆمەڵگە فرەکولتوورییەکان بە چەسپاندنی ناسنامەی گرووپە زمانەوانییە جیاوازەکان ڕوویانداوە. لە بەرانبەردا سیاسەتە تایبەتەکانی زمان زۆر جار دەبێتە هۆی هەستکردن بە نامۆبوون و پەراوێزخستن لە ناو زمانەکاندا، وەک لە لایەن سپۆلسکی ساڵی (٢٠٠٤) ەوە ئاماژەپێکراوە، کە باس لە کاریگەرییە زیانبەخشەکانی سەرکوتکردنی زمان دەکات لە سەر یەکگرتنی کۆمەڵایەتی. جگە لەوەیش لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە، کە سیاسەتەکانی زمان دەتوانن کاریگەرییەکی بەرچاویان لە سەر سەقامگیریی سیاسی هەبێت. بۆ نموونە: شیکارییەکی بەراوردکاری لە لایەن مای ساڵی (٢٠٠٨) دەریدەخات ئەو وڵاتانەی کە بە شێوەیەکی کرداری زمانی گشتگیریان هەیە، زیاتر توشی ململانێی نەتەوەیی و سەقامگیریی سیاسی زیاتر دەبن، چونکە ژینگەیەکی ڕێزگرتن و لێکتێگەیشتنی یەکتر لە ناو تەکەکاندا پەرەپێدەدەن.

> **" ئەنجامەکان تێڕوانینێکی کرداری بۆ داڕێژەرانی سیاسەت دەرەخسێنن و جەخت لەوە دەکەنەوە کە دان بە فرەچەشنیی زمانیدا بنێن "**

لە لایەکی ترەوە سیاسەتە تایبەتەکان دەتوانن گرژییەکان زیاتربکەن و بەشدار بن لە نائارامیی کۆمەڵایەتیدا، وەک لە حاڵەتەکاندا دەبینرێت گرووپە زمانەوانییەکان هەستدەکەن ناسنامەکانیان لە مەترسیدایە. سەرەڕای ئەوەیش یەکتربڕینی جیهانگیری و سیاسەتی زمان لە گوتاری هاوچەرخدا زیاتر پەیوەندیداردەبێت، لە کاتێکدا گەلان لە ئاڵۆزییەکی جیهانگیریدا دەڕۆن، تەحەداکە لە هاوسەنگکردنی ناسنامەی نەتەوەیی لەگەڵ داواکارییەکانی پەیوەندیی جیهانیدایە. لێکۆڵینەوەکانی کاناگاراجا لە ساڵی (٢٠١٣) پێشنیازی ئەوە دەکەن کە سیاسەتی زمانییە کاریگەرەکان نەک تەنیا دەبێت ناسنامەی نەتەوەیی بەرەوپێشببەن، بەڵکو هەمەجۆریی زمانی وەک سەرچاوەیەک بۆ بەشداریکردنی جیهانیش لەباوەشبگرن. یەکتربڕینی جیهانگیری و سیاسەتی زمان بە شێوەیەکی بەردەوام بووە بە بابەتێکی پەیوەندیدار لە گوتاری هاوچەرخدا.

لە سەردەمێکدا کە جیهانگیری کاریگەری لە سەر هەموو لایەنەکانی ژیان هەیە، لەوانەیش کولتوور و ئابووری و سیاسەت، سیاسەتەکانی زمان دەبێت خۆیان لەگەڵ ئەم جوڵە گۆڕاوانەدا بگونجێنن. لەگەڵ پەیوەندیکردنی گەلان لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانی پێویستی بە چارەسەرکردنی هەمەجۆریی زمانی هەیە لە هەمان کاتدا پێویستی بە پێشخستنی ناسنامەی نەتەوەیی هەیە، کە وەک تەحەدایەکی گرنگ سەریهەڵداوە. ئەم یەکتربڕینە نەک هەر کاریگەری لە سەر چۆنیەتیی پەیوەندیکردنی وڵاتان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا هەیە، بەڵکو ناسنامەی هاوڵاتیانی خۆیان لە چوارچێوەیەکی جیهانگیریدا دادەڕێژێت.

گەشتکردن بە ئاڵۆزییەکانی جیهانگیری پێویستی بە وڵاتان هەیە، کە هاوسەنگییەک لە نێوان پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان و جێبەجێکردنی داواکارییەکانی پەیوەندییە جیهانییەکاندا دروستبکەن. زۆر جار ناسنامەی نەتەوەیی پەیوەستە بە زمانەوە وەک توخمێکی سەرەکیی میراتی کولتووری، بەڵام جیهانگیری داوای ڕێبازێکی گشتگیرتر دەکات کە گرنگە چەند زمان و زاراوەیەک بناسێت. بە پەروەردەکردنی هەستکردن بە شانازیی نەتەوەیی و لە هەمان کاتدا هەمەجۆریی زمانی، نەتەوەکان دەتوانن کۆمەڵگەیەکی یەکگرتووتر دروستبکەن کە ڕێز لە هەردوو نەریت و مۆدێرنیتە بگرێت.

لێکۆڵینەوەکانی کاناگاراجا لە ساڵی (٢٠١٣) ئاماژە بەوە دەکەن، کە سیاسەتی زمانیی کاریگەر نابێت تەنیا سەرنجی لە سەر پێشخستنی زمانێکی نەتەوەیی تاک بێت، بەڵکو پێویستە بەهای هەمەجۆریی زمانی وەک سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ بەشداریکردنی جیهانی بناسن. لەم چوارچێوەیەدا فرەزمانی دەتوانێت وەک سەرمایەیەک بێت و ڕێگە بە تاکەکان دەدات کە بە دیمەنە کولتوورییە جیاوازەکاندا بگەڕێن و بەشدارییەکی تەواوتر لە ئابووریی جیهانیدا بکەن. بە هاندانی فێربوونی چەند زمانێک، وڵاتان دەتوانن توانای کێبڕکێی هاوڵاتیانیان لە جیهانێکی بەیەکەوەبەستراودا بەرزبکەنەوە. جگە لەوەیش وەرگرتنی هەمەجۆریی زمانیدا دەتوانێت ببێتە هۆی ئاڵوگۆڕی کولتووریی دەوڵەمەندتر و لێکتێگەیشتنێکی قووڵتر لە نێوان گەلاندا. لەگەڵ هەبوونی پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکان لە پاشخانی زمانەوانیی جیاوازدا، نەک تەنها زمانەکانیان بەڵکو نەریت و جیهانبینییەکانیشیان هاوبەشە. ئەم ئاڵوگۆڕە کۆمەڵگەیەکی جیهانیی گشتگیرتر پەروەردەدەکات، کە دیدگا جۆراوجۆرەکان بەهایان پێدەدرێت. بەم پێیە ئەو سیاسەتە زمانییانەی کە فرەزمانی بەرەوپێشدەبەن دەتوانن ڕۆڵێکی سەرەکی بگێڕن لە دروستکردنی پرد لە نێوان کولتوورەکان و بەرزکردنەوەی هاوکاری لە جیهاندا.

لە کۆتاییدا یاریکردن لە نێوان جیهانگیری و سیاسەتی زماندا هەم تەحەدا و هەم

دەرفەت بۆ گەلان دەخاتەڕوو. وڵاتان بە پەرەپێدانی سیاسەتی زمان کە ناسنامەی نەتەوەیی بەرەوپێشدەبەن و لە هەمان کاتدا هەمەجۆریی زمانی لەخۆدەگرن، دەتوانن خۆیان وەک بەشداربووی چالاک لە گۆڕەپانی جیهانیدا جێگیربکەن. لەگەڵ هەنگاونان بەرەو پێشەوە داڕێژەرانی سیاسەت پێویستە کاریگەرییەکانی سیاسەتی زمانیی خۆیان لە سەر هەردوو ناسنامەی نیشتمانی و بەشداریی جیهانی لەبەرچاوبگرن، دڵنیا بن لەوەی کە بەشداریدەکەن لە جیهانێکی گشتگیرتر و بەیەکەوەگرێدراوتردا. ئەدەبیاتی ئێستا جەخت لە سەر ڕۆڵی ڕەخنەگرانەی سیاسەتەکانی زمان لە داڕشتنی ناسنامەی نەتەوەیی و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتیدا دەکاتەوە. ئەم توێژینەوەیە ئامانجیەتی لە سەر ئەم ئەنجامانە بە پشکنینی توێژینەوەی کەیسی تایبەت و پێشکەشکردنی تێگەیشتنێکی جدی لە چۆنیەتیی کاریگەریی سیاسەتی زمانە جیاوازەکان لە سەر پێکهاتنی ناسنامە لە چوارچێوە نەتەوەییە جیاوازەکاندا بنیاتبنێت.

> " لای زۆربەی نەتەوەکان زمان وەک هێزێکی یەکگرتوو کاردەکات، کە ڕەنگدانەوەی بەها و مێژووی هاوبەشە "

**٣-ڕێبازی توێژینەوە**

ئەم توێژینەوەیە دیزاینێکی شیکاریی چۆنایەتی بەکاردەهێنێت بۆ لێکۆڵینەوە لە سیاسەتی زمانیی وڵاتانی هەڵبژێردراو و تێگەیشتنێکی گشتگیر لە چۆنیەتیی داڕشتنی ئەم سیاسەتانە و کاریگەرییەکانیان بۆ کۆمەڵگە دابیندەکات. توێژینەوەکە لە سەر کۆمەڵێک نەتەوەی جۆراوجۆرە بۆ گرتنیی ڕێبازە جۆراوجۆرەکان بۆ سیاسەتی زمان لە چوارچێوەی جیهانگیریدا. کۆکردنەوەی زانیارییەکان ڕێبازێکی فرەلایەن لەخۆدەگرێت، لەوانەیش پشکنینی بەڵگەنامەکانی سیاسەتی فەرمی کە تێڕوانینێک بۆ چوارچێوە فەرمییەکان و مەبەستەکانی پشت ڕێساکانی زمان پێشکەشدەکات. سەرەڕای ئەوەیش چاوپێکەوتن لەگەڵ داڕێژەرانی سیاسەت ئەنجامدەدرێت بۆ کۆکردنەوەی دیدگای دەستی یەکەم لە سەر پاڵنەر و تەحەدیاتی پەیوەست بە جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتانەوە. ڕاپرسییەکانی هاوڵاتیان زیاتر داتاکان دەوڵەمەندتردەکەن بە گرتنیی تێڕوانین و ئەزموونە گشتییەکانی پەیوەست بە بەکارهێنانی زمان و کاریگەریی سیاسەتەوە.

لێکۆڵینەوەکە شیکاریی بابەتی بەکاردەهێنێت بۆ دەستنیشانکردن و لێکدانەوەی

نەخشەکان لە ناو داتا کۆکراوەکاندا. ئەم شێوازە دەبێتە هۆی ئەوەی توێژەر بتوانێت بابەتگەلێکی دوبارەبووەوە و کاریگەرییە بەرچاوەکانی سیاسەتەکانی زمان، وەک کاریگەرییەکانیان لە سەر ناسنامەی نەتەوەیی و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و پەیوەندیی جیهانی ئاشکرابکات. بەکۆدکردنی سیستماتیکیی داتاکان و ڕێکخستنی بۆ بابەتگەلی سەرەکی، توێژینەوەکە ئامانجیەتی ئاشکرایبکات کە چۆن سیاسەتەکانی زمان هەم وەک ئامرازێک بۆ پێشخستنی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان و هەم وەک چوارچێوەیەک بۆ وەرگرتنی هەمەجۆریی زمانی کاردەکەن. لە کۆتاییدا ئەنجامەکان بەشداردەبن لە تێگەیشتنێکی قووڵتر لە یارییە ئاڵۆزەکانی نێوان سیاسەتی زمان و جوڵەی کۆمەڵایەتی لە جیهانێکی جیهانگیریدا.

جگە لە سەرچاوە سەرەتاییەکانی داتا، توێژینەوەکە پێداچوونەوەیەک بە ئەدەبیاتی هەنووکەیی سەبارەت بە سیاسەتی زمان و جیهانگیری دەکات. ئەم پێداچوونەوەیە بە ئەدەبیات چوارچێوەیەکی تیۆری دابیندەکات کە دۆزینەوەکان بەکۆنتێکستدەکات و تیشکدەخاتەسەر بۆشاییەکانی لێکۆڵینەوەکانی ئێستا. بە یەکخستنی توێژینەوەکانی پێشوو، توێژینەوەکە ئامانجیەتی بناغەیەک بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتیی پەرەسەندنی سیاسەتەکانی زمان لە وەڵامی ڕەوتە جیهانییەکان دابمەزرێنێت. ئەم ڕێبازە گشتگیرە دڵنیاییدەدات لەوەی کە شیکارییەکە نەک تەنها ڕەنگدانەوەی پرسە هاوچەرخەکانە، بەڵکو لە سەر زانیارییە دامەزراوەکان لە بوارەکەدا بنیاتدەنرێت. دوای کۆکردنەوەی زانیاری و شیکاریی بابەتی بە شێوەیەکی ڕێکخراو ئەنجامدەدرێت بۆ گرتنی جیاوازییە قووڵەکانی پەیوەست بە سیاسەتەکانی زمانەوە. ئەم پرۆسەیە لە ڕێکخستنی ئەو زانیارییانەوە دەستپێدەکات کە لە سەرچاوە جیاوازەکانەوە بەدەستهاتوون، لەوانە بەڵگەنامەکانی سیاسەت و چاوپێکەوتن و ڕاپرسی. بەم ئامرازانە توێژەر دەتوانێت بە شێوەیەکی کارا داتاکان ڕێکبخات و شیکاریبکات، ئەمەیش ڕێگە بە دۆزینەوەی ئەو نەخشانە دەدات، کە ڕەنگە لە ڕێگەی شیکاریی دەستییەوە بەدەستبخرێن.

جەختکردنەوە لە سەر پێوانەیی سێگۆشە بۆ داتا لە سێ سەرچاوەکە -بەڵگەنامەکانی سیاسەت، چاوپێکەوتن و ڕاپرسی-، دەبێتە هۆی بەهێزکردنی ڕەوایی و متمانەپێکراوی دۆزینەوەکان. ئەم سێگۆشەیە زۆر گرنگە بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ئەنجامی شیکارییەکە تەنیا لە سەر بنەمای یەک دیدگا نییە، بەڵکو دیدگا تەواوکەرە جیاوازەکان لەخۆدەگرێت. بەم شێوەیە توێژەر دەتوانێت تێگەیشتنێکی گشتگیر لە چۆنیەتیی جێبەجێکردن و وەرگرتنی سیاسەتەکانی زمان لە لایەن کۆمەڵگەوە پێشکەشبکات. بۆ نموونە: چاوپێکەوتن لەگەڵ داڕێژەرانی سیاسەت دەتوانێت کۆنتێکست پێشکەشبکات سەبارەت بە ئامانجەکان و هۆکاری پشت سیاسەتەکان، لە کاتێکدا ڕاپرسییەکان دەتوانن تێڕوانینە فراوانەکان ئاشکرابکەن.

سەرەڕای ئەوەیش شیکاریی بابەتییەکان کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ئەم سیاسەتە زمانییانە لەبەرچاوەدەگرێت. توێژەر لێکۆڵینەوە لەوە دەکات کە ئەم سیاسەتانە چۆن کاریگەرییان لە سەر ناسنامەی نەتەوەیی و پەیوەندییەکانی نێوان گرووپەکان و داینامیکیی کۆمەڵایەتی لە ناو کۆمەڵگەدا هەیە. ئەم توێژینەوەیە بە بەستنەوەی تەوەرە سەرەڵداوەکان بە چوارچێوەیەکی فراوانترەوە، ئامانجی بەشدارییەکی بەرچاوە لە تێگەیشتن لە ڕۆڵی سیاسەتی زمان لە کۆمەڵگەیەکی جیهانیی هەمیشە پەرەسەندوودا. چاوەڕواندەکرێت ئەنجامی ئەم شیکارییە پێشنیازی بەنرخ پێشکەش بە داڕێژەرانی سیاسەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان بکات لە داڕشتنی سیاسەتی گشتگیرتر و وەڵامدەرەوەتر، کە باس لە پێداویستییەکانی کۆمەڵگە بکات. جگە لەوەیش ڕەچاوکردنی ئەخلاقی بە درێژایی پرۆسەی توێژینەوەکە لە پێش هەموو شتێکەوە دەبێت. لە ئەنجامدانی چاوپێکەوتن و ڕاپرسیدا، توێژینەوەکە ڕەزامەندیی ئاگادارانە و نهێنی بۆ هەموو بەشداربوان مسۆگەردەکات. توێژەران شەفافدەبن سەبارەت بە ئامانجی توێژینەوەکە و چۆنیەتیی بەکارهێنانی داتاکان. ئەم چوارچێوە ئەخلاقییە زۆر گرنگە بۆ پەروەردەکردنی متمانە لە نێوان توێژەران و بەشداربوان، لە کۆتاییدا بەشدارە لە یەکپارچەیی دۆزینەوەکانی توێژینەوەکە. بە لەپێشینەخستنی ستانداردە ئەخلاقییەکان، توێژینەوەکە ئامانجی بەرهەمهێنانی تێڕوانینێکی جێی متمانە و دروستە سەبارەت بە ئاڵۆزییەکانی سیاسەتی زمان.

> **”دانانی بە هەمەجۆریی زمانی لە ناو گەلاندا، زۆر گرنگە بۆ تێگەیشتن لەوەی کە چۆن زمان دەتوانێت کۆمەڵگەکان یەکبخات“**

لە کۆتاییدا توێژینەوەکە باس لە سنووردارکردنی ئەگەری دەکات، کە لە توێژینەوە چۆنایەتییەکاندا هەیە، بە دانانی بەوەی کە ڕەنگە ئەنجامەکان بۆ هەموو کۆنتێکستەکان گشتگیرنەبن، توێژینەوەکە سەرنجدەخاتەسەر پێشکەشکردنی باسێکی دەوڵەمەند و وردی ئەو حاڵەتە تایبەتانەی کە پشکنینیان بۆ کراوە. بە تیشکخستنەسەر دیمەنە کولتووری و سیاسییە ناوازەکانی وڵاتانی هەڵبژێردراو، توێژینەوەکە تێڕوانینێکی بەنرخ پێشکەشدەکات لە هەمان کاتدا دان بە سروشتی کۆنتێکستی دۆزینەوەکانیدا دەنێت. ئەم ڕێبازە ئامانجی دەوڵەمەندکردنی گوتاری فراوانترە لە سەر سیاسەتی زمان و کاریگەرییەکانی لە سەدەمی جیهانگیریدا.

## ٤-ئەنجام و گفتوگۆ

**ئەنجامی توێژینەوەی کەیسەکان بریتین لە:**

یەکەم: لە کەنەدا سیاسەتی دووزمانیی فەرمی هەردوو زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی وەک زمانی فەرمی دەناسرێت. ئەم سیاسەتە کاریگەریی قووڵی لە سەر ناسنامەی نەتەوەیی هەیە، هەستکردن بە گشتگیری لە نێوان کۆمەڵگە زمانییە جۆراوجۆرەکاندا پەروەردەدەکات، بەڵام ئاستەنگەکانیش دەوروژێنێت، وەک نایەکسانیی ناوچەیی لە بەکارهێنانی زمان و گرژییەکانی نێوان کۆمەڵگەی ئینگلیزی و فەرەنسی. توێژینەوەی کەیسەکە لێکۆڵینەوە لەوە دەکات کە چۆن دووزمانی ناسنامەی کولتووری لەقاڵبدەدات و کاریگەری لە سەر گوتاری سیاسی و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی هەیە، بە تایبەتی لە پارێزگاکانی وەک کیوبیک کە زۆرینەیان بە زمانی فەرەنسی قسەدەکەن.

دووەم: بەلجیکا بە هەمەچەشنیی زمانی دەناسرێتەوە، زمانی هۆڵندی و فەرەنسی و ئەڵمانی وەک زمانی فەرمی. دابەشبوونی نێوان پێکهاتەکانی فلاندەرزی (زمانی هۆڵندی) و والۆن (زمانی فەرەنسی) بووەتە هۆی گرژیی سیاسی و ناسنامەی ناوچەیی بەرچاو. ئەم توێژینەوەی کەیسە لێکۆڵینەوە لەوە دەکات کە چۆن زمان وەک نیشاندەرێکی ناسنامە کاردەکات، کاریگەری لە سەر ڕێکخستنە سیاسییەکان و کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان هەیە. هەروەها لێکۆڵینەوە لەوە دەکات کە چۆن سیاسەتەکانی زمان ئەم گرژییانە چارەسەردەکەن یان توندتریاندەکەن و کاریگەرییەکانیان لە سەر یەکێتیی نیشتمانی هەیە.

سێیەم: هیندستان یەکێکە لە وڵاتانی هەمەچەشنیی زمانی لە جیهاندا، کە ٢٢ زمانی فەرمیی ناسراوە و سەدان زاراوەی ناوچەیی هەیە. ئەم دیمەنە فرەزمانە ڕۆڵێکی چارەنوسساز دەگێڕێت لە دارشتنی ناسنامەی کولتووری و جوڵەی کۆمەڵایەتیدا. توێژینەوەی کەیسەکە شیکاریدەکات کە چۆن زمان کاریگەری لە سەر کارلێکەکانی کۆمەڵگە و دەربڕینی کولتووری و نوێنەرایەتیی سیاسی هەیە. هەروەها بەدواداچوون بۆ ئاستەنگەکانی پێشخستنی ناسنامەیەکی نەتەوەیی یەکگرتوو لە کۆمەڵگەیەکی فرەزمانیدا دەکات، بە تایبەتی لە چوارچێوەی بزوتنەوە و سیاسەتەکانی بنەمادار بە زمان کە هەوڵدەدەن زمانە ناوچەییەکان شانبەشانی هیندی و ئینگلیزی بەرەوپێشببەن.

**لێکدانەوەی ئەنجامەکان لە پەیوەندی لەگەڵ پرسیاری توێژینەوەکە**

**یەکەم: دووزمانی و کاریگەرییەکانی لە سەر ناسنامەی نەتەوەیی**

ئەنجامەکانی توێژینەوە کەیسەکان تیشکدەخەنەسەر پەیوەندیی ئاڵۆزی نێوان زمانی سیاسەت و ناسنامەی نەتەوەیی. لە کەنەدا، دووزمانی بەشداریکردووە لە ناسنامەیەکی

نەتەوەیی گشتگیرتر، ڕێگەی بە هەردوو کۆمەڵگەی ئینگلیزی_زمان و فەرەنسی_زمان داوە پێکەوە بژین و لە هەمان کاتدا گرژییە بنەڕەتییەکانیش ئاشکرادەکات کە تەحەدای ئەم گشتگیرییە دەکەن. لە بەلجیکا زمان هەم وەک هێزێکی یەکگرتوو و هەم وەک هێزێکی دابەشکەر کاردەکات، کە شوناسی زمانی کاریگەرییەکی بەرچاوی لە سەر پەیوەندییە سیاسییەکان و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی هەیە. لەم نێوەندەدا، فرەزمانیی هیندستان ئەو ڕێگا ئاڵۆزانە پیشاندەدات کە زمان پەروەردەی جۆراوجۆری کولتووری دەکات، بەڵام ئەگەر بە شێوەیەکی کاریگەر بەڕێوەنەچێت دەتوانێت ببێتە هۆی پارچەپارچەبوون. بە گشتی ئەم دۆزینەوانە ئەوە پیشاندەدەن کە سیاسەتەکانی زمان دەبێت بە وردی دابڕێژرێن بۆ هاوسەنگکردنی گشتگیری و ڕێزگرتن لە هەمەجۆری لە هەمان کاتدا پێشخستنی ناسنامەیەکی نەتەوەیی یەکگرتوو.

> **”سیاسەتەکانی زمان ڕۆڵێکی چارەنوسساز دەگێڕن لە داڕشتنی دیمەنی پەروەردەیی نەتەوەیەکدا“**

دۆزینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە دووزمانی لە کەنەدا نەک هەر ناسنامەی نەتەوەیی دەوڵەمەنددەکات، بەڵکو تەحەدا بۆ کارلێککردن لە نێوان کۆمەڵگەکاندا دەخاتەڕوو. لە کاتێکدا کە سیاسەتی دووزمانیی یەکسانی لە نێوان ئینگلیزی و فەرەنسیدا بەرەوپێشدەبات و گرژییەکان سەبارەت بە نوێنەرایەتیی سیاسی و دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییەکان سەرهەڵدەدەن.

بۆ نموونە: لە کیوبیک کە زمانی فەرەنسی زاڵە، هەستێک هەیە کە ناسنامەی کولتووریی ئەوان بە هۆی باڵادەستیی زمانی ئینگلیزییەوە مەترسی لە سەرە. ئەمە ئەوە دەردەخات کە هەرچەندە دووزمانی دەتوانێت ناسنامەی نەتەوەیی بەهێزبکات، بەڵام زۆر گرنگە بەردەوام مامەڵە لەگەڵ جوڵەی ناوخۆیی بکرێت بۆ ڕێگریکردن لە وەدەرنانی زمانەکە. لە بەلجیکا ئەنجامەکان دەریدەخەن کە زمان وەک شمشێرێکی دوودەم کاردەکات، لە کاتێکدا زمان دەتوانێت کۆمەڵگەکان یەکبخات، وەک لە هەوڵە هاوبەشەکانی نێوان فلاندەرزی و والۆنەکاندا دەبینرێت، بەڵام دەتوانێت دابەشبوونی توندیش دروستبکات. گرژییەکانی نێوان کۆمەڵگەی زمانی فلاندەرزی و والۆن زۆر جار ڕەنگدانەوەی جیاوازییە سیاسییە قووڵەکانە، کە زمان دەبێتە هێمایەکی بەهێزی ناسنامە. ئەو سیاسەتی زمانانەی کە هەستیار نین بەم واقیعە دەتوانن گرژییەکان زیاتربکەن،

ئەمەیش وایکردووە کە داڕێژەرانی سیاسەت ستراتیژییەکان دابڕێژن کە گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن پەرەپێبدات.
لە هیندستان شیکارییەکە ئەوە ئاشکرادەکات کە فرەزمانی نەک هەر کولتوور دەوڵەمەنددەکات، بەڵکو تەحەدا بۆ یەکێتیی نەتەوەیی دروستدەکات. فرەچەشنیی زمانی فەزای بۆ دەربڕینی دەوڵەمەندیی کولتووری دروستدەکات، لەگەڵ ئەوەیشدا ئەگەر بە شێوەیەکی کاریگەر بەڕێوەنەچێت دەتوانێت ببێتە هۆی پارچەپارچەبوون. بۆ نموونە: باڵادەستیی زمانی هیندی لە سیاسەتی پەروەردەدا دەتوانێت زمانە ناوچەییەکان پەراوێزبخات، ئەمەیش بە ئەگەرێکی زۆرەوە ناڕەزایی لە ناو ئەو کۆمەڵگەیانەی کە هەستدەکەن ناسنامەکانیان لە مەترسیدایە دروستبکات. بۆیە پێویستە ئەو سیاسەتانەی کە پاڵپشتیی پەروەردەی فرەزمانن و دان بە هەموو زمانە ناوخۆییەکاندا بنێن بۆ جێبەجێکردن و بنیاتنانی شوناسێکی نەتەوەیی گشتگیر و هاوئاهەنگ.

**دووەم: ڕۆڵی زمان لە پەروەردەکردنی گشتگیری، یان تایبەتمەندیدا**

زمان ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە داڕشتنی جوڵەی کۆمەڵایەتی لە ناو کۆمەڵگەیەکدا. لە کەنەدا دانانان بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی، بە چەسپاندنی ناسنامەی هەردوو گرووپی زمانیی گشتگیری بەرەوپێشدەبات، بەڵام تەحەدا بۆ ئەوانەی دەرەوەی ئەم گرووپانەیش دروستدەکات. لە بەلجیکادا زۆر جار دابەشبوونی زمانی دەبێتە هۆی تایبەتمەندی کە زمان دەبێتە بەربەستێک لە بەردەم یەکگرتنی کۆمەڵایەتی و بەشداریی سیاسی بۆ پێکهاتە زمانییە کەمینەییەکان. بە پێچەوانەوە لە هیندستان لە کاتێکدا فرەزمانی لە ڕێگەی یادکردنەوە بە ناسنامە کولتوورییە جۆراوجۆرەکانەوە گشتگیری پەروەردەدەکات، بەڵام دەتوانێت ببێتە هۆی تایبەتمەندی کاتێک هەندێک زمان لە پێشینەی زمانەکانی دیکەدا لە پێشینەدا بن، ئەمەیش گرژی لە نێوان گرووپە زمانییە جیاوازەکاندا دروستدەکات. بەم پێیە کاریگەریی زمان لە سەر گشتگیری یان تایبەتمەندی بە شێوەیەکی زۆر پەیوەستە بە چوارچێوەی کۆمەڵایەتیی سیاسی و جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی زمانەوە.
زمان پێکهاتەیەکی بنچینەیی جوڵەی کۆمەڵایەتییە، کاریگەری لە سەر چۆنیەتیی کارلێکی تاک و کۆمەڵگە لە ناو کۆمەڵگەیەکدا هەیە. لە کەنەدا دانپێدانانی فەرمی بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی وەک ئامرازێکی بەهێز بۆ پەروەردەکردنی گشتگیری کاردەکات. بە چەسپاندنی ناسنامەی هەردوو کۆمەڵگەی ئینگلیز و فەرەنسی، سیاسەتی زمان هاندەری ڕێزگرتن و پێکەوەژیانی یەکترە. ئەم چوارچێوە دووزمانییە نەک هەر یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی بەرزدەکاتەوە، بەڵکو هەستکردن بە سەربەخۆیی

لە نێوان قسەکەرانی هەردوو زمانەکەدا بەرەوپێشدەبات، بەڵام ئەم گشتگیرییە بێتەحەدا نییە، چونکە ئەو تاکانەی کە بە هیچ کام لە زمانە فەرمییەکان قسەناکەن، ڕەنگە هەست بە پەراوێزخستن بکەن، ئەمەیش تیشک دەخاتەسەر ئاڵۆزییەکانی زمان وەک هێزێکی یەکگرتوو.

لە بەلجیکا دۆخەکە بە شێوەیەکی بەرچاو جیاوازە، کە زمان زۆر جار وەک سەرچاوەی دابەشبوون کاردەکات نەک یەکگرتووی. دابەشبوونی زمانیی وڵاتەکە لە نێوان فلاندەرزی زمانی هۆڵندی و ولۆنیا زمانی فەرەنسی، بەربەستی بەرچاو لە بەردەم یەکگرتنی کۆمەڵایەتیدا دروستدەکات. زمان دەبێتە دەروازەپارێز، کاریگەری لە سەر دەستڕاگەیشتن بە بەشداریی سیاسی و سەرچاوە کۆمەڵایەتییەکان دروستدەکات. کۆمەڵگە زمانییە کەمینەکان، وەک دانیشتوانی زمانی ئەڵمانی زۆر جار خۆیان لە گوتاری سیاسیی سەرەکی و پرۆسەی بڕیاردان دووردەخەنەوە. ئەم تایبەتمەندییە دەتوانێت ببێتە هۆی هەستکردن بە نامۆبوون و نارەزایی، ئەمەیش جەخت لە سەر پێویستیی سیاسەتی زمانیی گشتگیر دەکاتەوە، کە هاوکاری و لێکتێگەیشتن لە نێوان گرووپە زمانییە جیاوازەکاندا بەرەوپێشدەبات. بە پێچەوانەوە هیندستان دیمەنێکی ئاڵۆزی فرەزمانی دەخاتەڕوو، کە هەم گشتگیریی پەروەردەدەکات و هەم تەحەدای بۆ دروستدەکات.

> **”کاتێک حکومەتەکان سیاسەتی زمانی گشتگیر دەگرنەبەر، ژینگەیەک دروستدەکەن کە هەموو گروپە زمانەوانییەکان هەست بە بەها و دانپێدانان بکەن. ئەم دانپێدانانە دەتوانێت پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەهێزبکات“**

تابلۆی دەوڵەمەندی وڵاتەکە لە زمانەکاندا ڕەنگدانەوەی ناسنامە کولتوورییە جۆراوجۆرەکانیەتی، ڕێگە بە کۆمەڵگە جیاوازەکان دەدات خۆیان دەرببڕن و میراتەکانیان بپارێزن، بەڵام پشتگوێخستنی هەندێک زمان بە تایبەتی زمانی هیندی لە چوارچێوەی پەروەردەیی و حکومیدا دەتوانێت ببێتە هۆی پەراوێزخستنی زمانە ناوچەییەکان. ئەمەیش دەتوانێت گرژی لە نێوان گرووپە زمانییەکاندا دروستبکات، چونکە قسەکەرانی زمانە کەمتر باڵادەستەکان ڕەنگە هەستبکەن کە ناسنامەکانیان کەمبەهایە یان مەترسی لە سەرە. بەم پێیە لە کاتێکدا فرەزمانی توانای بەرزکردنەوەی

گشتگیری هەیە، بەڵام پێویستی بە بەڕێوەبردنی ورد هەیە بۆ دڵنیابوون لەوەی هیچ گرووپێک هەست بە دوورخستنەوە ناکات.
کاریگەری زمان لە سەر گشتگیری یان تایبەتمەندی، پەیوەستە بە چوارچێوەی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە کە تێیدا کاردەکات. لە کەنەدا مشتومڕە بەردەوامەکان سەبارەت بە مافەکانی زمان و جێبەجێکردنی سیاسەتی دووزمانی و سروشتی جوڵەی زمان و ناسنامە نیشاندەدەن. بە هەمان شێوە لە بەلجیکادا گرژییە سیاسییەکان زۆر جار ڕەنگدانەوەی دابەشبوونی زمانیی بنەڕەتین، ئەمەیش پێویستی بە سیاسەت هەیە کە چارەسەری ئەم جیاوازییانە بکات. لە هیندستان تەحەداکە لە هاوسەنگکردنی بەرەوپێشبردنی زمانێکی نەتەوەیی لەگەڵ پاراستنی ناسنامە ناوچەییەکاندایە. داڕێژەرانی سیاسەت دەبێت لەگەڵ دیمەنە کولتوورییە ناوازەکانی کۆمەڵگەکانیاندا بگونجێن بۆ دروستکردنی سیاسەتی زمان کە بە ڕاستی گشتگیری بە دوای خۆیدا بهێنێت.
لە کۆتاییدا ڕۆڵی زمان لە داڕشتنی جوڵەی کۆمەڵایەتیدا قووڵ و فرەلایەنە. وەک لە کەنەدا و بەلجیکا و هیندستان دەرکەوتووە، زمان دەتوانێت وەک پردێک بێت کە گشتگیری پەرەپێبدات یان وەک بەربەستێک کە تایبەتمەندی بەردەوامدەکات. بۆ بەکارهێنانی توانای ئەرێنیی زمان زۆر گرنگە بۆ داڕێژەرانی سیاسەت، کە ستراتیژیەتێک دابڕێژن کە فرەچەشنیی زمانی بناسن و لە هەمان کاتدا یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی بەرەوپێشببەن. ئەمەش ڕەنگە جێبەجێکردنی بەرنامە پەروەردەییەکان لەخۆبگرێت کە جەخت لە سەر فرەزمانی دەکەنەوە، هاندانی گفتوگۆی نێوان کۆمەڵگەکان و دڵنیابوون بە نوێنەرایەتیکردنی زمانە کەمینەکان لە ژیانی گشتیدا. بەم کارە کۆمەڵگەکان دەتوانن کاربکەن بۆ دروستکردنی ژینگەیەک، کە هەموو تاکەکان هەست بە بەها و بەشداریکردن بکەن بەبێ گوێدانە پێشینەی زمانییان.

## سێیەم: کاریگەرییەکانی داڕێژەری سیاسەت لە بەهێزکردنی ناسنامەی نیشتمانیدا

لە ڕێگەی زمانەوە داڕێژەرانی سیاسەت ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە بەکارهێنانی زمان وەک ئامرازێک بۆ بەهێزکردنی ناسنامەی نەتەوەیی. ئەنجامەکانی توێژینەوەی کەیسەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە سیاسەتی زمانیی گشتگیر دەتوانێت یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و شانازیی نیشتمانی بەرزبکاتەوە. لە کەنەدا پشتگیریی بەردەوام بۆ پەروەردەی دووزمانی و دەستپێشخەرییە کولتوورییەکان دەتوانێت زیاتر کەلێنەکانی نێوان کۆمەڵگەکان پڕبکاتەوە. لە بەلجیکا پەروەردەکردنی کولتووری ڕێزگرتن و لێکتێگەیشتن لە نێوان گرووپە زمانییەکان لە ڕێگەی بەرنامەی زمانی هاوبەشەوە دەتوانێت گرژییە سیاسییەکان کەمبکاتەوە. لە هیندستان پێشخستنی پەروەردەی فرەزمانی لە هەمان

کاتدا دڵنیابوون لە پاراستنی زمانە ناوچەییەکان دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە دروستکردنی هەستی یەکگرتووی بەبێ سڕینەوەی ناسنامە کولتوورییەکان. بە گشتی پێویستە داڕێژەرانی سیاسەت ئامانجیان دروستکردنی چوارچێوەیەک بێت، کە نەک تەنها دان بە فرەچەشنیی زمانیدا بنێت، بەڵکو چالاکانە دیالۆگ و یەکگرتن لە نێوان کۆمەڵگە زمانییە جیاوازەکاندا بەرەوپێشببات بۆ بنیاتنانی نەتەوەیەکی بەهێزتر و گشتگیرتری خاوەن_ناسنامە.

داڕێژەرانی سیاسەت ڕۆڵێکی سەرەکییان هەیە لە بەکارهێنانی زمان وەک ئامرازێکی ستراتیژی بۆ بەهێزکردن ناسنامەی نەتەوەیی. ئەنجامەکانی توێژینەوەی کەیسە جیاوازەکان گرنگیی سیاسەتی زمانیی گشتگیر دەردەخەن، کە دەتوانێت بە شێوەیەکی بەرچاو یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی بەرزبکاتەوە و شانازیی نیشتمانی لە نێوان کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکاندا پەروەردەبکات. بە دانان بە دەوڵەمەندیی کولتووری و زمانیی نەتەوەیەک، داڕێژەرانی سیاسەت دەتوانن ژینگەیەک دروستبکەن کە بەها بە کۆی ناسنامەکان بدات و هانی هاوڵاتیان بدات بۆ هەستکردن بە پەیوەندییەکی قووڵتر بە وڵاتەکەیانەوە. ئەم ڕێبازە نەک هەر یەکگرتووی بەرەوپێشدەبات، بەڵکو تاکەکان بەهێزدەکات بۆ یادکردنەوە بە پاشخانە ناوازەکانیان وەک پێکهاتەی دانەبڕاوی گێڕانەوەی نیشتمانی.

> ” سیاسەتی زمان دەتوانێت یان پشتگیری لە زیندوویی زمانە کەمینەکان بکات، یان تێکیبدات کە بۆ ناسنامەی قسەکەرەکانیان زۆر گرنگن “

لە کەنەدا، پابەندبوون بە دووزمانی وەک نموونەیەکی بەهێز دەبینرێت، کە چۆن زمان دەتوانێت پردێک لە نێوان کۆمەڵگەکاندا دروستبکات. پشتگیریی بەردەوام بۆ پەروەردەی دووزمانی و دەستپێشخەرییە کولتوورییەکان زۆر گرنگە بۆ پەروەردەکردنی لێکتێگەیشتن و ڕێزگرتن لە نێوان دانیشتوانی ئینگلیز و فەرەنسی.

بە وەبەرهێنان لەو بەرنامانەی کە ئاڵوگۆڕ و هاوکاریی نێوان زمانی بەرەوپێشدەبەن، داڕێژەرانی سیاسەت دەتوانن یارمەتیدەر بن لە هەڵوەشاندنەوەی بەربەستەکان و بنیاتنانی پەیوەندی کە لە سەر دانان یەکتر دامەزراون. ئەم هەوڵانە نەک هەر یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی بەرزدەکەنەوە، بەڵکو هەستی شانازی لە هەردوو گرووپی زمانیدا دەچێنن، ئەو بیرۆکەیە بەهێزتردەکەن کە فرەچەشنی هێزە نەک دابەشبوون.

لە بەلجیکا چارەسەرکردنی گرژییە زمانییەکان پێویستی بە ڕێبازی جیاوازییەکی کەم هەیە، کە جەخت لە سەر هاوکاری و ڕێزگرتنی یەکتر لە نێوان کۆمەڵگە زمانییە جیاوازەکاندا دەکەنەوە. دارێژەرانی سیاسەت دەبێت بەرنامەی زمانیی هاوبەش جێبەجێبکەن، کە هاندەری گفتوگۆ و ئەزموونی هاوبەش بێت لە نێوان دانیشتوانی فلاندەرزی، والۆن و زمانی ئەڵمانی. ئەم جۆرە دەستپێشخەرییانە دەتوانن گرژییە سیاسییەکان بە پەروەردەکردنی کولتووری تێگەیشتن کەمبکەنەوە، کە تاکەکان لە پاشخانی جۆراوجۆرەوە دەتوانن کۆببنەوە بۆ فێربوونی زمان و کولتوورەکانی یەکتر. ئەمەیش نەک هەر یەکگرتنی کۆمەڵایەتی بەرەوپێشدەبات، بەڵکو ناسنامەیەکی نەتەوەیی بە کۆمەڵیش دەبەخشێت، کە هەمەجۆری وەک بەهایەک دەدات.

> ”سیاسەتە تایبەتەکانی زمان زۆر جار دەبێتە هۆی هەستکردن بە نامۆبوون و پەراوێزخستن لە ناو زمانەکاندا“

دیمەنی زمانیی هیندستان تەحەدا و دەرفەتی ناوازە بۆ بەهێزکردنی ناسنامەی نەتەوەیی لە ڕێگەی زمانەوە دەخاتەڕوو. دارێژەرانی سیاسەت دەبێت پێشخستنی پەروەردەی فرەزمانی کە گرنگیدەدات بە تابلۆی دەوڵەمەندیی وڵات لە زمانەکاندا لە پێشینەی کارەکانیدا، لە هەمان کاتدا پاراستن و ناساندنی زمانە ناوچەییەکان مسۆگەردەکات. بە دروستکردنی چوارچێوەی پەروەردەیی گشتگیر کە ڕێگە بە خوێندکاران دەدات بە زمانی دایکی خۆیان شانبەشانی زمانە نەتەوەییەکان فێربن، دارێژەرانی سیاسەت دەتوانن هەستێکی یەکگرتووی پەروەردەبکەن کە ڕێز لە ناسنامە کولتوورییەکان بگرن. ئەم ڕێبازە نەک هەر دەرئەنجامە پەروەردەییەکان بەرزدەکاتەوە، بەڵکو هاندەری شانازیکردنە بە میراتی زمانیی مرۆڤ کە بەشدارە لە ناسنامەیەکی نەتەوەیی یەکگرتووتردا.

لە کۆتاییدا ڕۆڵی دارێژەرانی سیاسەت لە دارشتنی ناسنامەیەکی نەتەوەیی لە ڕێگەی زمانەوە گرینگە. بە پەرەپێدانی چوارچێوەیەک کە فرەچەشنیی زمانی دەناسێت و پەرەپیدەدرێت، دەتوانن چالاکانە گفتوگۆ و یەکگرتن لە نێوان کۆمەڵگە زمانییە جیاوازەکاندا بەرەوپێشببەن. ئەم جۆرە دەستپێشخەرییانە دەبێت سەرنجبدەنە دروستکردنی سەکۆ بۆ بەشداریکردنی نێوان کۆمەڵگەکان و پشتگیریکردن لە ئاڵوگۆڕی کولتووری و دڵنیابوون لە نوێنەرایەتیکردنی زمانە کەمینەکان لە ژیانی

گشتیدا. بەم کارە دارێژەرانی سیاسەت دەتوانن ناسنامەیەکی نیشتمانیی بەهێزتر و گشتگیرتر بنیاتبنێن، کە ڕەنگدانەوەی دەوڵەمەندیی هەمەجۆریی نەتەوەیەک بێت، لە کۆتاییدا هەستکردن بە سەربەخۆیی بۆ هەموو هاوڵاتیان پەرەپیدەدات.

**٥-ئەنجام**

بە کورتی، ئەنجامەکانی توێژینەوەی کەیسی جۆراوجۆر جەخت لە سەر ئەو ڕۆڵە بەرچاوە دەکەنەوە، کە زمان لە دارشتنی ناسنامەی نەتەوەییدا دەیگێڕێت. سیاسەتی زمانیی گشتگیر دەتوانێت یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و شانازیی نیشتمانی بەرزبکاتەوە، وەک لە پابەندبوونی کەنەدا بە دووزمانی و پێویستیی بەلجیکا بۆ ڕێزگرتنی یەکتر لە نێوان گرووپە زمانییەکان و گرنگیدانی هیندستان بۆ فرەزمانی شانبەشانی زمانە ناوچەییەکان دەبینرێت. ئەم نموونانە ئەوە دەردەخەن کە لە کاتێکدا زمان دەتوانێت کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکان یەکبخات، بەڵام دەتوانێت تەحەدیات دروستبکات کە پێویستە بە بیرکردنەوە چارەسەربکرێن. بۆ پێشخستنی ناسنامەی نەتەوەیی لە ڕێگەی زمانەوە، دارێژەرانی سیاسەت پێویستە چوارچێوەی زمانیی گشتگیر لە پێشینەدا دابنێن کە فرەچەشنیی زمانی بناسن و گرنگییانپیبدەن. پێشنیازەکان بریتین لە پشتگیریی بەردەوام بۆ بەرنامەکانی پەروەردەی دووزمانی و پەرەپێدانی دەستپێشخەریی هاوبەش لە نێوان کۆمەڵگە زمانییە جیاوازەکاندا و دڵنیابوون لەوەی کە زمانە ناوچەییەکان پاراستن و ناساندن وەردەگرن. بە جێبەجێکردنی ئەم ڕێوشوێنانە دارێژەرانی سیاسەت دەتوانن ژینگەیەک دروستبکەن، کە هەموو هاوڵاتیان هەست بە بەها و پەیوەستبوون بە ناسنامەی نەتەوەیی خۆیانەوە بکەن. لێکۆڵینەوەی زیاتر لە سەر پەیوەندیی نێوان زمان و شوناس زۆر گرنگە بۆ قووڵکردنەوەی تێگەیشتنمان لەم جوڵانە. توێژینەوەکانی داهاتوو دەتوانن کاریگەرییە درێژخایەنەکانی سیاسەتەکانی زمان لە سەر یەکگرتنی کۆمەڵایەتی بکۆڵنەوە و لێکۆڵینەوە لە ئەزموونەکانی قسەکەرانی زمانی کەمینەکان بکەن و شیکاریبکەن، کە چۆن دەتوانرێت زمان لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی جۆراوجۆردا بەکاربهێنرێت بۆ بەهێزکردنی ناسنامەی نەتەوەیی. ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیە تێڕوانینێکی بەنرخ بۆ دارێژەرانی سیاسەت دەڕەخسێنێت و بەشداریدەکات لە گوتاری بەردەوامی دەوروبەری زمان و ناسنامە لە کۆمەڵگە هەمەچەشنەکانماندا.

# سەرچاوەکان


•Aikhenvald, A. Y., Dixon, R. M. W., & Jarkey, N. (2021). The integration of language and society. The Integration of Language and Society, 1-57. Oxford University Press. https://doi.org/10.1093/oso/9780192845924.003.0001

•Álvarez, C. H. (2024). A linguistic perspective. Mester, 52(1). California Digital Library (CDL). https://doi.org/10.5070/m352163185

•Bedadda, C. (2023). Linguistic practices from a sociolinguistic perspective. Linguistic Issues Journal, 4(1), 95-106. Scientific and Technical Research Center for the Development of Arabic Language. https://doi.org/10.61850/lij.v4i1.12

•Breyl, M. (2023). Reconsidering linguistic nativism from an interdisciplinary, emergentist perspective. Evolutionary Linguistic Theory, 5(2), 162-193. John Benjamins Publishing Company. https://doi.org/10.1075/elt.00051.bre

•Danesi, M. (2023). The cognitive linguistic perspective. In Politics, lies and conspiracy theories (pp. 92-104). Routledge. https://doi.org/10.4324/9781003349143-7

•Ferreira, R. V., & Gomes, N. dos S. (2021). Apontamentos da língua Ofaié (Macro-Jê) diante do contato linguístico. Web Revista Sociodialeto, 11(32), 70-87. State University of Mato Grosso do Sul. https://doi.org/10.48211/sociodialeto.v11i32.339

•Gelderen, E. van. (2023). Macro cycles. In The linguistic cycle (pp. 128-171). Routledge. https://doi.org/10.4324/9781003272564-5

•Golev, N. D. (2023). Macro-modeling linguistic variability: Expanding the boundaries of linguistic variation studies (A comprehensive review of Russian linguists' works). Nauchnyi Dialog, 12(8), 86-125. OOO Centr Naucnyh i Obrazovatelnyh Proektov. https://doi.org/10.24224/2227-1295-2023-12-8-86-125

•Hartmann, J. M., Mucha, A., & Trawiński, B. (2021). Introduction. Non-canonical control in a cross-linguistic perspective. Linguistik Aktuell/Linguistics Today, 1-12. John Benjamins Publishing Company. https://doi.org/10.1075/la.270.int

•Henrard, K. (2022). Linguistic human rights in relation to the administration of justice. In The handbook of linguistic human rights (pp. 227-234). Wiley. https://doi.org/10.1002/9781119753926.ch15

•Hao, J. (2020). A linguistic perspective on knowledge-building. In Analysing scientific discourse from a systemic functional linguistic perspective (pp. 3-22). Routledge. https://doi.org/10.4324/9781351241052-2

•Hao, J., & Martin, J. R. (2024). Building historical knowledge through language: A systemic functional linguistic perspective. In The discourse of history (pp. 1-15). Cambridge University Press. https://doi.org/10.1017/9781009024884.002

•Inghilleri, M. (2021). Macro social theory, linguistic ethnography, and interpreting

research. Linguistica Antverpiensia, New Series – Themes in Translation Studies, 5. Department of Applied Linguistics, Translators and Interpreters, University of Antwerp. https://doi.org/10.52034/lanstts.v5i.152

•Jacques, G. (2022). Estimative constructions in cross-linguistic perspective. Linguistic Typology, 27(1), 157-194. Walter de Gruyter GmbH. https://doi.org/10.1515/lingty-2021-0054

•Kumari, K. (2020). 'Angikan' identity: A socio-linguistic and socio-cultural perspective. In Linguistic foundations of identity (pp. 327-340). Routledge. https://doi.org/10.4324/9781003106807-25

•McCabe, A. (2021). A functional linguistic perspective on developing language. Routledge. https://doi.org/10.4324/9780429462504

•Pani, L. (2020). The role of the Japanese language in Venice: A multidisciplinary perspective on Japanese linguistic landscape. In European approaches to Japanese language and linguistics. Fondazione Università Ca' Foscari. https://doi.org/10.30687/978-88-6969-428-8/011.

•Waśniewska, M. (2022). Synonyms of twarz 'Face' in Polish from a cognitive-linguistic perspective. In Embodiment in cross-linguistic studies (pp. 127-149). BRILL. https://doi.org/10.1163/9789004521971_007

•Zattoni, A., & Ees, H. van. (2023). A multilevel perspective on corporate governance: Firm, industry, and macro environments. Oxford Research Encyclopedia of Business and Management. Oxford University Press. https://doi.org/10.1093/acrefore/9780190224851.013.415

•Zhaoguang, G. (2023). Linguistic approach and intuitive perception. In The magic cube of ancient Chinese poetry (pp. 21-38). Routledge. https://doi.org/10.4324/9781003405993-2

---

Muhammad Ali Imran1*, Nurasia Natsir2

[1]Universitas Muhammadiyah Makassar, Indonesia

[2]Sekolah Tinggi Ilmu Administrasi Yappi Makassar, Indonesia

# ڕانانی کتێب




# دەستوەردان لە زمان وەک کردەی سیاسی

## ڕامانێکی ڕەخنەییانە لە کتێبی "سەدەیێک خەبات لە پێناوی زمانی کوردیدا*"ی ئەمیر حەسەنپوور

هاوار شاوان

**سەرەتا**

ڕەوشی زمانی کوردی هەمان ڕەوشی نەتەوەکەیەتی. هەمان چارەنوسی دابەشکردن و دابڕان و ترازانە. هەروەها هەڵوەدای مانەوە و سەربەخۆیی و پاراوایيە. هاوشێوەی ژیانە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکەی، پڕە لە هەوراز و نشێوی بەرخودان و بەرەنگاری. هەر لەو سۆنگەیەوە زمانی کوردی پڕە لە شۆڕش و بەرەنگاریی زمانی. ڕووناکبیرانی ئەم بوارە، وێڕای دەرفەت و تەقەلای مانەوە و بەرگری، سەرقاڵی چالاکیی زمانی و پێشخستنی زمانی کوردی بوون. هەوڵدراوە زمانی کوردی لە هەژموون و ژێردەستەیی سەربەستبکەن و بیکەنە خاوەن_دەربڕینی پاراو و پتەو. ئەگەر لە ژیانی سیاسیی کورددا، سەربەستی ئاسۆی تێکۆشان بێت، ئەوا لە ژیانی زمانیدا، پاراویی ئاسۆ و ئاکامە. جگە لە هەوڵدان بۆ پاراوکردنی زمانی کوردی لە پێناو پاراستنی ناسنامە و ڕۆنانی پێگە، بیرمەندان و ڕووناکبیرانی کورد، هیچ دەرەتانێکی تریان نەبووە.

## ناساندن

کتێبی "سەدەیێک خەبات لە پێناوی زمانی کوردیدا: تیۆری، سیاسەت و ئیدەئۆلۆژی"، کە مامۆستا ئەمیر حەسەنپوور نوسیویەتی، تۆماری هەڵسەنگاندنی سەدەیەکی بەرەنگاران و تێکۆشەرانی بیر و زمانەوانانی ئێمەیە. ئەو کتێبە لە ڕووکاردا لە چوار بەش پێکهاتووە، دۆخەکانی زمانی کوردی و هەوڵەکان بە پێی قۆناغەکانی مێژوو هەڵسەنگێنراوە. هەروەها لە سێ قۆناغدا سەرنجدراوەتە زمانی کوردی: واتە پێش ڕاپەڕین (لە دامەزراندنی دەوڵەتی عیراق)ەوە، دوای ڕاپەڕین (١٩٩١)، دوای ڕووخانی بەعس (٢٠٠٣)، بەڵام لە ناوەڕۆکدا بە چنینی بەڵگەی یەک لە دوای یەک، دەیان پرس و کێشەی زمانەوانی و پەیوەندییان بە سیاسەتەوە، بە دیدێکی ڕەخنەگرانەوە هەڵسەنگێنراوە.

لە کتێبەکەیدا مامۆستا ئەمیر حەسەنپوور، هانای بۆ شێوازی شیکردنەوەی ڕەخنەگرانە بردووە و بە میتۆدی دیالێکتیک دۆخی زمانی کوردی لە ڕابردووەوە بۆ ئێستا لێکدەداتەوە. هەروەها زمانی کوردی لە بەستێنی زانستی زمانناسیی نوێدا، هەڵدەسەنگێنێت و لە توێی شیتەڵەکانیدا بۆچوون و پێشنیاز و چارەسەر دەخاتەڕوو.

## پێشەکی

دەستوەردان لە کاروباری زمانی کوردیدا لە لایەن ئەو ڕووناکبیرانەی بە بیرۆکە سیاسییەکان بارگاویکراون، ئاژاوە و پەشێوییان بە سەر زماندا هێناوە. ئەو بیرۆکە سیاسییانەیش بریتین لە ناسیۆنالیزم و ئیسلامیزم و سەرمایەدارە نوێیەکانی کوردستانی باشوور. هەرچەندە لە چەند بۆنەیەکدا، نوسەری کتێبەکە بە ئاشکرا ئاماژە بە هەوڵ و هەڵەی ناسیۆنالیزمەکانی کورد دەدات، بەڵام بە شاراوەیی هێما بۆ ڕوانینی ئیسلامیزم و سەرمایەداری دەکات. هەروەها ئەو خوێندەوارانەی بە زمانی تر بیردەکەنەوە و دەست لە زمانی کوردی وەردەدەن، بە تایبەت ئینگلیزی_زانەکانی کوردستان، کاریگەرییان کەمتر نییە لەو ڕەوت و گرووپانەی دۆخی زمانی کوردییان شێواندووە.

ئاکام و ئەنجامی ئەو دەستتێوەردانانە، بە تایبەت ڕەوتی پەتیکردنی زمان، بووەتە هۆی هەژاریی زمانی کوردی. بە جۆرێک ئێستا زمانی کوردی وەک پێویست دەرەقەتی زانستە مۆدێرن و نوێباوەکانی جیهانی نوێ نایەت. ئۆباڵی ئەو هەژارییەیش، دەخرێتەئەستۆی ئەو ڕووناکبیرانەی هەوڵیاندەدا زمانی کوردی پەتی و پاراوبکەن. ئەو ڕەوتە لە دەیەی بیست و سیی سەدەی ڕابردووەوە، لە تۆفیق وەهبییەوە دەستپێدەکات و تا ئێستایش بەردەوامە. ڕووناکبیرانی کورد، لە بریی ئەوەی زانستییانە و بە تیۆری تایبەتی زمانەوانی دەست لە زمانی کوردی وەربدەن، بە مۆدێلی تایبەت لاسایی تورک و فارس و عەرەبییان کردووەتەوە. بۆیە لە چەندین بۆنەدا، جەخت لەوە کراوەتەوە: "دەستتێوەردان لە کاروباری زمان، خۆی سیاسەتە". ڕووناکبیرانی کورد، لە بریی ئەوەی ڕەهەندە

دیموکراتییەکەی زمان لە ناو زمانی کوردیدا بپارێزن و ڕێگە بە وشە و چەمکی بێگانە بدەن، هەوڵیانداوە وشە و پیت و ڕێنوس و ڕێزمانی کوردی پەتیبکەن. هەروەها لە ناو شێوەزارەکانی خودی زمانی کوردییشدا، ئەو دیموکراتییە ڕەچاونەکراوە و بەها و بایەخ بە شێوەزارێکی تایبەت دراوە.

> **هەوڵدراوە زمانی کوردی لە هەژموون و ژێردەستەیی سەربەستبکرێت و بکرێتە خاوەن_دەربڕینی پاراو و پتەو**

**خستنەڕووی کێشەکە**

نوسەری کتێبی "سەدەیێک خەبات لە پێناوی زمانی کوردیدا"، پرسیارێک دەوروژێنێت و لەوێوە دەست بە شرۆڤەکانی دەکات. ئەو پرسیارەیش بریتییە لەوەی داخۆ ڕووناکبیر لە بارودۆخی ئێستادا، چۆن بەرەنگاری کێشەکانی زمان دەبێتەوە؟ لەوێوە دەستپێکی ئاریشەکە دەخاتەڕوو. پێش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ لە کوردستانی باشووردا، ناکۆکیی سەرەکی لە نێوان زمانی کوردی و دەوڵەتی عیراق، یان کوردی و عەرەبیدا بوو، لێرەوە ناکۆکیی تریش بەدیدەکرێت، ئەم جارە لە نێوان ئاخێوەرانی کوردی (لەهجەکان و ناوچەکان) و لە نێوان کوردی لە لایەک و ئینگلیزی و تورکی و فارسی لە لایەکی ترەوە. هەرچەندە ئەمڕۆ دەسەڵاتی زمانی بە شێوەیەکی ئاڵۆزتر دابەشبووە و ناکۆکیی نوێ هاتوونەتەگۆڕێ و چارەسەرکردنیان پێویستی بە تیۆری زانست و سیاسەتی ئاڵۆزتر لە جاران هەیە. لەگەڵ ئەوەیشدا ستانداردکردنی زمان پرۆسەیەکی گۆڕانی وشیارانەیە -بە بەرنامە و مەبەست-، چونکە ئەگەر بێت و دەستتێوەردان لە ئەلفوبێ، ڕێنوس، وشە و ڕێزماندا لە لایەن ئاخێوەران پەسەندنەکرێت (لە نوسین و خوێندنەوە و قسەکردندا)، دەستتێوەردانەکە توشی بەرهەڵستیی زۆر دەبێت و ئاکامێکی ئەوتۆی نابێت. هەروەها دوور نییە دەستتێوەردانەکە، بە بارێکی لاردا بەکەوێتەوە.

ئەو ئاڵۆزییە سیاسی و کولتووری و کۆمەڵایەتییەی بە سەر زمانی کوردیدا هاتووە، وایکرد ڕووناکبیرانیش کەمتر توخنی زانستەکانی زمان بکەون و زۆرتر چاویان لە ئەزموونی زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی بێت. بە جۆرێکە، ئێستا کەمتر ئاوڕ لە مێژووی سەد ساڵەی خەبات بۆ ستانداردکردنی کوردی دەدرێتەوە و تەنانەت بەشێک لە هەوڵ و تەقەلا و هەروەها بنچینەی بیرۆکەکان ونبوون.

## مەرجی پەیڤین بە کوردی

لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەت_نەتەوەی تورکیا و ئێران و عێراق و سووریا، هەروەها یەکێتیی سۆڤیەت، قۆناغێکی نوێ لە کوردستان هاتەئاراوە. لە تورکیا و سووریا و ئێران، بەکارهێنان و ئاخاوتن بە زمانی کوردی قەدەغەکرا، بەڵام لە یەکێتیی سۆڤیەت و عێراق، بە هۆی دوو هۆکاری جیاوازەوە، ڕێگەیان بە پەیڤین بە زمانی کوردی دەدا. لەو ڕووەوە، زمانی کوردی و ڕووناکبیرانی کورد، وەخۆکەوتن و چەند هەنگاوێک زمانی کوردییان بزواند.

دەستپێکی بزواندنەکە؛ لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتە بە ڕادانـدراوەکـەوە دەستپێدەکات، چونکە مەرجی سەربەخۆیی عێراق بۆ بوون بە ئەندامی "عصبە الامم" ئەوە بوو، مافی کەمایەتییەکان بە شێوەی قانوونی و بە فەرمی بناسێنرێت. کاربەدەستانی ئەو کاتەی عێراق بە هاوکاریی بەریتانیا، ڕەشنوسی قانوونی "لوغاتی مەحەللی"یان گەڵاڵەکرد، بەڵام ئەمین زەکی بەگ لە دوو عەریزەدا لە ساڵی ١٩٣٠ و ١٩٣١ ڕەخنە و تانەی لە قانوونەکە دا و عەریزەکانی ئاڕاستەی مەلیک فەیسەڵ و مەندووبی سامیی بەریتانیا لە عێراق کرد. هەروەها داوایکرد: وشەی مەحەللی لە سەردێڕی لایحەکە هەڵبگیرێت". شەرتی تەوزیفی مەئموورانی لە کوردستان دەبێت، بە پێی قەراری عصبە الامم، کوردبوون بێت نەک کوردیزانین. هەروەها کوردی بکرێت بە زمانی خوێندن لە گشت قەزاکانی کوردستان لە هەر سێ ئاستی سەرەتایی و ناوەندی و باڵادا. پاشان کوردی بکرێتە زمانی گشت کاروباری دەوڵەت. هەروەتر مادەی ٨ لاببرێت لەبەرئەوەی ئیختیاردەدات بە پێنج قەزای موسڵ بۆئەوەی: ئەگەر بیانەوێت لوغەتی کرمانجیی غەربی "بادینان" بەکاربهێنن. ئەوەیش یەکێتیی زمانی کوردی دەشێوێنێت. ئەوەیش دوای ئەوە هات، کە کاربەدەستانی عێراق لە کاتی نوسینی قانوونەکەدا لە ناکاو درکیان بەوە کرد زمانی کوردی لە عیراقدا پتر لە زاراوەیەکە و دوو زاراوەی گەورەیشی هەیە. ئەوەیشیان کرد بە بیانوو بۆئەوەی ڕێگەنەدەن زمانی کوردی بە فەرمی بناسرێت. دواتریش ڕێگەیان لەوە گرت لە سنووری بادینان خوێندن و کاروباری دەوڵەت بە کوردی بێت.

## سیاسەت و قانوون بۆ کپکردنی زمان

کاتێک ئەمین زەکی بەگ لە چاپخانەی مەریوانی لە بەغدا، عەریزەکانی چاپکرد. حکومەتی عێراق ڕێگەینەدا کتێبەکە بڵاوبێتەوە و دەنگی زەکی و داواکارییەکەی کپکرد. لە ڕاستیدا سانسۆرکردنی دەنگی زەکی، تەنیا کردەیەکی قانوونی نەبوو، بەڵکو هەم کردەوەکە و هەمیش قانوونەکە، بنچینەیەکی سیاسی هەبوو بۆئەوەی زمانی کوردی

وەک زمانی زارەکیی ماڵ و کۆڵان و عەشیرەت بمێنێتەوە و زمانی عەرەبی بە تەواوی بە سەر زمانی کوردیدا زاڵببێت. ئەوەیش خواستی حکومەتی ئینتیداب بوو.
هەر لەو سۆنگەیەوە، زمان دوو رۆڵی سیاسی هەرە گرنگی لەو دەمەدا بۆ کورد و بۆ حکومەتی ئینتیداب دەگێڕا. لەلایەکەوە ئازادیی زمانەوانی کوردی، گەلی کوردی بەرەو دابینکردنی مافی چارەنووسی خۆی دەبرد. لەولایشەوە زمانی عەرەبی، بۆ حکومەتی بەریتانیا زمانی جەیش و پۆلیس و دەوڵەت بوو، هەروەها ئامرازی هەرە گرنگ و سەرەکی دامەزراندنی دەوڵەتی عیراق بوو. بۆیە لەو بەستێنەدا، زمانی کوردی دەبووە زمانی ئەوانەی خۆیان جیادەکەنەوە و جیاوازخوازن.
سیاسەت و قانوونی پەراوێزخستن و وەلانانی زمانی کوردی، دۆخێکی نوێ و ترسناکی لە کوردستان هێنایەئاراوە، چونکە ڕۆشنبیران دەیانزانی زمان ئەگەر نەبێتە زمانی پەروەردە، داهاتوویەکی پڕ لە مەترسی دەبێت، بەڵام زمان دیاردەیەکی یەکجار ئاڵۆزە و جموجوڵەکانی لە گۆڕەپانی دەسەڵاتدا ناسرەوێت. بۆیە لە کوردستانی باشوور، تا ئەو دەمەی زمانکوژی و زوڵمی زمانی لە ئارادا بوو، وەک کێشەیەکی (ناسنامە) لە زمان دەنۆڕدرا. هاوکات دەستتێوەردانەکانیش لە زمان، هەم ڕەهەندێکی سیاسی هەیە و هەم پاڵی بە بیرۆکەیەکی سیاسیەوە داوە، کە لە سەرچاوەی کوردایەتی و نەتەوەییەوە ئاودەخواتەوە.

> **”دەستوەردان لە کاروباری زمانی کوردیدا لە لایەن ئەو ڕووناکبیرانەی بە بیرۆکە سیاسییەکان بارگاویکراون، ئاژاوە و پەشێوییان بە سەر زماندا هێناوە“**

**نوسین وەک دیاردەیەکی سیاسی**

یەکەم دەستتێوەردان لە زمانی کوردی بریتییە لە جیاکردنەوەی زمانی نوسین لە زمانی زارەکی. کورد بە چی شێوە و زارێک بنوسێت؟ هۆکاری ئەوەیش دەگەڕێتەوە بۆ کەمیی نوسین بە زمانی کوردی و جیاوازیی لە ڕێژەی ئاخێوەراندا، کە بە سەر شێوەزارەکاندا دابەشبووە. هەرچەندە بنەمای زمانی نوسین، بریتییە لە زمانی زارەکی، بەڵام زمانی نوسین دیاردەیەکی سیاسییە، چونکە پەیوەندیی نوسین و دەسەڵات وەک پەیوەندیی نێوان زار و دەسەڵات نییە. نوسین بریتییە لە دەربڕینی ئەو پرس و کێشانەی بیریلێکراوەتەوە و دواتر داڕێژراوەتەوە. پاشان توێژە تایبەت و خوێنەوارەکان دەیخوێننەوە. هەروەها پرۆسەی نوسین، بۆ مانەوە و فێرکردن و هاندان و بیرکردنەوەیە لەو پرس و کێشانەی

تۆمارکراون، بەڵام قسەی زارەکی، فرەتر بۆ کاروباری ئاسایی ڕۆژانەیە. هەرچەندە لە چەند بەشێکی کوردستاندا قسەکردن بە کوردی قەدەغە بوو، بەڵام دەسەڵاتدارانی خۆسەپێن نوسین وەک هەڕەشەیەکی گەورەتر لێکدەدەنەوە. دەسەڵاتدارانی عێراق و بریتانیا، بە دروستکردنی کێشە لە مامەڵەی نێوان زاراوە کوردییەکاندا، هێندەی تر پرسی جیاکردنەوەی زمانی نوسین لە زمانی زارەکییان ئاڵۆزکرد و ڕێگەیان لەوە گرت، کورد لە باشووری کوردستان هەنگاو بەرەو ستانداردبوونی زمانەکەی بهاوێت. هەروەها بە ڕێگرتن لە بڵاوکردنەوەی کتێب و چاپەمەنییەکان، دەرکەوت دەسەڵاتداران ترسیان لە زمانی نوسینە و خۆیان لەگەڵ زمانی زارەکی ڕاهێناوە.

### دەستوەردان لە سەپاندنی ئەلفوبێدا

دەستتێوەردانی دووەم، بریتی بوو لە هەڵبژاردنی ئەلفوبێ. زمانی کوردی لەگەڵ کام ئەلفوبێدا دێتەوە و لەگەڵ کامیاندا سازگارە؟ کورد بە سەر چەند وڵاتێکدا دابەشبووە و لە هەر وڵاتێکدا ئەلفوبێیەکی بە سەردا سەپێنراوە. ئەوانیش بریتین لە عەرەبی و فارسی، سیریلییش لە یەکێتی سۆڤیەت، بەڵام هیچ یەکێک لەو ئەلفوبێیانە بە تەواوی و پڕ بە پێستی زمانی زارەکی کوردی نین و ناتوانێت دەنگ وێنەبکات، چونکە دەنگەکان لە زمانی کوردی زیاتر و جیاوازترن لەو پیتانەی بۆ زمانی عەرەبی و فارسی و سیریلی دانراوە. لێرەوە، پرسی ئاڵۆزی لە نێوان دەنگ و پیتییش هاتەگۆڕێ و پرسیاری ئەوەی داخۆ دەنگ بۆ پیت دادەنرێت، یان پیت بۆ دەنگ دادەنرێت بەرۆکی کوردیشی گرت و تا ئێستایش هەر بەردەوامە. ڕۆشنبیرانی کورد پێش تورکیا، ئەلفوبێی لاتینییان بۆ نوسینی زمانی کوردی پێشنیازکرد. لە ساڵی ١٩٢٠ (کتابی ئەوەڵەمینی قیرائەتی کوردی- Kitabi Awalamini Qiraati Kurdi) لە لایەن محەمەد زەکی ئەفەندی و میرزا محەمەد باشکا-وە نوسرا و دایرەی مەعاریف لە بەغدا بڵاویکردەوە. ئاشکرایە ئەلفوبێی لاتینی بۆ زمانی کوردی لەگەڵ پرۆژەی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقدا، پێکنایەتەوە و ئەو پرسە پشتئاودەخرێت، بەڵام تا ئێستا لە کۆڕی ڕووناکبیری و ئەکادیمی و تەنانەت سیاسییشدا، پرسی هەڵبژاردنی ئەلفوبێیەکی گونجاو بۆ کوردی، گەرموگوڕیی خۆی هەیە. داخۆ زمان لەگەڵ ئەلفوبێ بگونجێت، یان ئەلفوبێ لەگەڵ زماندا؟ پرسێکی گەرمی ناو کۆڕی ڕووناکبیرانی زمانە.

دواتر کە حکومەتی پاشایەتی لە عێراق جێگیربوو، کوردیش بە شێوەی خۆی بەردەوامیدا بە خەبات و بەرەنگاری، پێش ئەوەی کێشەی ئەلفوبێی گونجاو بۆ زمانی کوردی چارەبکرێت، ڕادیۆ و قەوان بوونە میوانی زۆر لەماڵەکان. بیر و مەبەستەکان لە ڕێی دەنگەوە دەگەیەنران. گوێگرەکان بیریان لەوە نەدەکردەوە چ ئەلفوبێیەک لە پشت زمانی زارەکیی ڕادیۆوەیە. درەنگتر کورد وەخۆهاتەوە و هەمدیس پرسی ئەلفوبێی

شیاو کامەیە؟ برەوپەیداکردەوە. ڕووناکبیران بە پەیڕەویکردن لە پاشخانی خوێندنی خۆیان لە حوجرەکان، یان خوێندنگەکانی سەردەمی عوسمانی و لە ژێر کاریگەریی ئەدەبی فارسی بۆچوونی خۆیان دەخستەڕوو. هەروەها وەک هەڵوێستێکی سیاسی و نەتەوەیی، هەوڵیاندەدا کورد لە عەرەب و تورک و فارس جیابکەنەوە، بەڵام لە میتۆدی ئیشکردندا، لاسایی ئەوانیان دەکردەوە. لە لایەکی ترەوە، بەرەی نەریتی و مۆدێرنیش پەیدابوو، بەڵام تێکڕا هەڵوێستە نەتەوەیی و ئایدیۆلۆژی و ناسیۆنالیزمییەکانیان دەکردە بنەمای ئیشکردن، نەک بۆچوون و بیرۆکەی زانستی. یەکێک لە بۆچوونەکان، وەک هەڵوێستێکی سیاسی و تەنانەت ئاینی لە بەرانبەر عێراقی بە ڕادان دراوی عەرەبیدا، پشتیدەکردە ئەلفوبێی عەرەبی. پێیوابوو، زمانی کوردی دێرینتر و پاکژترە لەوەی بتوانرێت بە ئەلفوبێی عەرەبی دەرببڕدرێت. لە ڕاستیدا ئەمەیش تەنیا بۆچوون و هەڵوێستێکی کوردانە نییە لە بەرانبەر زمانێکی دیاریکراودا. بۆ نموونە بەشێک لە ڕووناکبیرە ئەورووپییەکان، زمانی چینی و زمانی عەرەبی بە زمانێکی نازانست و دڕندە دەزانن. هەروەها بەشێکی تر لە ڕووناکبیرەکان بە پەیڕەویکردن بە پاشخانە ئاینییەکەیان، ئەلفوبێی عەرەبی بە پیرۆز دەزانن و پێیانوایە ئەو ئەلفوبێیە پیرۆزە، چونکە لە خواوەیە، بۆ زمانی کوردییش گونجاوە و دەستدەدات.

> ”ئاکام و ئەنجامی هەندێک دەستوەردان، بە تایبەت ڕەوتی پەتیکردنی زمان،بووەتە هۆی هەژاریی زمانی کوردی“

**ڕێنوسی پیرۆز و پاکژ**

لە دەستتێوەردانی سێیەمدا، پرسی ڕێنوس بەرۆکی زمانی کوردی دەگرێت. داخۆ چۆن پیتەکانی ناو زمانی کوردی، لەبەرگیراوەی دەنگی زمانە زارەکییەکە بن؟ هەروەها دەنگە تایبەتمەندەکانی ناو زمانی دراوسێ، لە ناو زمانی کوردیدا جێیبکرێتەوە یان بپەڕێنرێت؟ داخۆ ئەو پیتانەی نانوسێنرێن بە پیتی پێش و پاشی خۆیانەوە، چۆن چارەبکرێت؟ لەم سۆنگەیەوە، بۆچوونی ناسیۆنالیزمیانەی کوردی، بەو پاساوەی بەشێک لەو دەنگانە لە زمانی کوردی پەتیدا نین، هەوڵ دەدات تەنگژە بۆ پیتەکانی <ع>، <غ>، <ح>، <ق> و... هتد دروستبکات و دەیانگۆڕێت بۆ ئەو دەنگانەی لە زمانی کوردیدا ئاسانتر گۆدەکرێن. وەک <ئ>، <ه>، <ک>. ئینجا چەند سەر و بۆرێک بۆ چەند پیتێکی عەرەبی زیاددەکەن بۆئەوەی بتوانرێت دەرەقەتی دەنگە کوردییەکان بێت. وەک: <ڵ>، <ۆ>، <ڕ>، <ڤ>، <ێ>. بەشێک لەو پیتانە لە ساڵی ١٩٠٩ لە وەرگێڕانی ئینجل لە زمانی یۆنانییەوە بۆ

کوردی دانراوە، وەک هەردوو پیتی <ڵ>، <ڕ>. پاڵنەری ئەو پەتیکردنەی زمان، جگە لە هەڵوێستی سیاسی، کە باوەڕی بە خۆماڵی/بێگانە هەیە. بۆ بۆچوونی نموونەیی و باڵایی زمانی کوردیش دەگەڕێتەوە، بەڵام زانستی زمان دەریخست هیچ ئەلفوبێیەک بە تەواوی ناتوانێت دەرقەتی هەموو زار و شێوەزارەکانی کوردی بێت. هەروەها تێکڕا زمانەکانی جیهان، لە ڕێنوس و ئەلفوبێدا کێشەیان هەیە و هیچ زمانێک نموونەیی و باڵا نییە. بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا، کە ئێستا بە زمانی زانست و سیاسەت و ئابووری و پەیوەندی ناسراوە، دەنگی /k/ بە ١٣ شێوە دەنوسرێت و زۆر جار دوو پیت یان سێ پیت، ئەرکی گواستنەوەی ئەو دەنگە لەئەستۆدەگرن، یان لە زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی و عەرەبیدا، چەند پیتێک لە وشەدا دەنوسرێت، بەڵام گۆناکرێن.

## لێڵکردنی ڕێی زمان

دەستتێوەردان لە ڕێزمان، لە سەردەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، بە جوانی دەردەکەوێت. حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە دەسەڵاتێکی نیمچە سەربەخۆیە و خەریکی کاروباری ئابووری و دیپلۆماتیکییە و ئێستا کوردستانی باشوور جێی کۆمپانیای نەوت و کونسوڵخانە و فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتییە، پەیوەندیی نێوان زمانی کوردی و زمانی نێودەوڵەتی دەچێتە قۆناغێکی ترەوە. ئاخێوەران لە گشت زمانێکدا، ڕێزمانی زمانەکەی خۆیان دەزانن، بەڵام ناتوانن لێکدانەوەی ڕێزمانی بۆ زمانەکەی خۆیان بکەن. بە تایبەتی لە زمانی زارەکیدا زانینی ڕێزمان لە لایەن ئاخێوەرانەوە بە جوانی دەردەکەوێت. ئاخێوەر خوێندەوار بێت، یان نەخوێندەوار، دەزانێت چۆن ڕستەی بێگرێ و بە پێوانەی ڕێزمانی دەربڕێت، بەڵام لە باشووری کوردستان لە سەر تابلۆ و نوسراوی حکومی و تەنانەت کتێب و ڕۆژنامە و ڕاگەیاندندا، هەڵەی زۆر زەقی ڕێزمانی دەبینرێت. بۆ نموونە: نەخۆشخانەی هەولێری فێرکاری، جەنگی جیهانیی دووەم، قوتابخانەی مەولانا خالیدی سەرەتایی، فێستیڤاڵی کەلاری نێودەوڵەتی و... هتد. ئەو هەڵانە ئاکامی دەستتێوەردانی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیە لە ڕێزمانی کوردیدا. دەستتێوەردانەکەیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، خوێنەوارانی کورد بە کوردی بیرناکەنەوە و پێکهاتەی زمانی تر دەکەن بە کوردی. هەروەها هێندە سەرنج لە سەر پەتیکردنی وشە و ڕێنوس و پیت بووە، هێندە سەرنجی ڕستەسازی و پێکهاتەی ڕستەی کوردی نەدراوە. بە هۆی گۆڕانە خێراکان لە ماوەی دوو دەیەی کۆتایی، چ لە ئاستی کوردستان و جیهان، خوێندەواران فریانەکەوتن بیر لە هێنانەئارای وشە و ڕستە و دەربڕینی کوردی بکەنەوە و فرەتر عەرەبی و فارسی و ئینگلیزییەکەیان کردووەتەوە بە کوردی. ئەوەیش کاریگەریی زمانی خوێندنی عەرەبی و فارسی و تورکی بە سەرەوە دەبینرێت. هەرچەندە

ئەو دەستتێوەردانە ڕێزمانییە، تا ڕادەیەک جیهانی و گشتییە، بەڵام بەشێکیشی بۆ پرسی نەزمی زمانەکە خۆی دەگەڕێتەوە. هەروەها ئەوانەی هەوڵی پەتیکردنی زمان و ڕێزمان دەدەن، لە باکوور دژی تورکین و لە ڕۆژهەڵات دژی فارسین و لە باشوور و ڕۆژئاوا دژی عەرەبین، بەڵام کەمتر لایان لە دەستتێوەردانی ئینگلیزی کردووەتەوە. ئەوەیش لە کاتێکدایە، ئێستا ئینگلیزی بە هۆی پێگە و کاریگەرییەکەیەوە، زمانێکی باڵادەست و باڵکێشە. لە لایەکەوە ڕێ لە زمانی دراوسێ گیراوە و لە لایەکی تریشەوە باوەش بۆ زمانی ئینگلیزی کراوەتەوە.

> ”ئێستا زمانی کوردی وەک پێویست دەرەقەتی زانستە مۆدێرن و نوێباوەکانی جیهانی نوێ نایەت. ئۆباڵی ئەو هەژارییەیش، دەخرێتەئەستۆی ئەو ڕووناکبیرانەی هەوڵیاندەدا زمانی کوردی پەتی و پاراوبکەن“

**نەزۆککردنی وشە**

دەستتێوەردان لە فەرهەنگ، پەیڕەویکردن لە سیاسەت و ئایدیۆلۆژیای تایبەت ڕۆڵە گرنگەکەی فەرهەنگی لە ستانداردکردنی زماندا لەرزۆککرد. بە جۆرێک ڕێبازی پەتیکردنی زمانی کوردی، هێز و توانای وشەخواستنی لە زمانی کوردیدا کوشت. هەروەها وشەکان لە فەرهەنگە کوردییەکاندا، واتای خۆیان بەدەستەوەنادەن و دووردەکەونەوە لە واتا ڕەسەنەکەی خۆیان. واتە لە فەرهەنگەکاندا، چەمک و وشە زانستییەکان بە جۆرێک لێکدراونەتەوە، کە واتای تەواوی خۆیان ناپێکن و خوێنەر لێیانتێناگات. ئەوەیش وادەکات زمانەکەمان بۆ کاری ڕووناکبیری و زانستی نوێباو کۆڵەوار و تەمەڵ بێت. بۆ نموونە لە فەرهەنگە کوردییەکاندا، چەمکەکانی وەک Abstract, possibility, evolution, rationalism وەک پێویست واتاکانیان بۆ زمانی کوردی نەگوازراوەتەوە. هەروەها لە فەرهەنگەکاندا، کێشەی ناو و ئاوەڵناو لەبەرچاونەگیراوە. چەمکێک وەک ناو هێنراوە، بەڵام واتاکەی وەک ئاوەڵناو لێکدراوەتەوە.

**لێکەوتەی وەکیەکلێکردن**

بە هۆی پەتیکردن و باڵادەستیی ڕوانینە ناسیۆنالیزمەییەکانی زمان، ئێستا زمانی کوردی زمانێکە دەرەقەتی زانستی نوێباو نایەت. پەتیگەری زمانەکەمان هەژاردەکات،

تەنیا زمانەکەی کۆڵەوارنەکردووە، بەڵکو هونەریشی وێرانکردووە، چونکە لە ڕۆمانە کوردییەکاندا هەموو کەس بە یەک زمان قسەدەکەن. نە زمانی منداڵ و گەورە، نە زمانی ژن و پیاو، لەبەرچاونەگیراوە. یەکێتیی زمانی تەنیا لە خەیاڵاتدا هەیە و بە جۆرێک بەرهەم و لێکەوتەی ئاینەکانە. هیچ زمانێک یەکدەست و یەکگرتوو نییە. پەتیگەری لە هزرێکەوە دێت، کە سیاسەتی وەکیەکلێکردنی هەموان پەیڕەودەکات. بە سیاسەتی پەتیکردنی زمان، ناتوانرێت بەرەنگاری دنیای نوێباوی زانست ببینەوە.

لە دەستتێوەردان لە زماندا، مۆدێل جێی تیۆری گرتووەتەوە و وایکردووە بۆچوونە زانستییەکان پشتئاوبکەون، وازهێنان لە مۆدێل و دەستگرتن بە تیۆر و زانستەوە وادەخوازێت، لێکۆڵینەوەی زماننناسییانە لەمەڕ زار و شێوزار و بنزارەکان بکرێت. هەروەها ڕێککەوتن لە سەر ڕێنوس و دانانی فەرهەنگی کوردی-کوردیی تێروتەسەل و وەرگێڕانی زانست و بوارە نوێباوەکان، پێویستییەکی هەنووکەیی زمانی کوردییە. پەرەدان بە پەخشانی ئەدەبی و زانستی بەبێ گوێدان بە پەتیکردن، زمانەکەمان پێشدەخات.

هێشتا ئاڵۆزییەکانی ڕێزمان و ڕێنوس و ئەلفوبێ چارەنەکراون و چەمک و وشەکان لە فەرهەنگەکاندا وەک خۆیان واتا نەکراونەتەوە. زمانی کوردی لە دۆخێکدایە، لە ناوخۆ یەخسیری جیهانبینیی ناسیۆنالیزمە و لە دەرەوە توشی ناسیۆنالیزمی زمانکوژانەی دەوڵەت_نەتەوەی فارس و تورک و عەرەب بووە. دەبێت لە هەمان کاتدا بەرەنگاری ئیمپریالیزمی زمانیش بێتەوە.

### هەڵسەنگاندن

هەرچەندە ڕەخنەی پەتیکردنی زمانی کوردی لە ماوەی سەدەی ڕابردوودا، لە جێی خۆیەتی، بەڵام وادەردەکەوێت ڕووناکبیرانی کورد هیچ دەرەتانێکی ئەوتۆیان جگە لەو پاراوکردن و پەتیکردنەدا نەبووە. دۆخی ئێستای زمانی کوردی، نیشانیدەدات بە لەبەرچاوگرتنی ڕەوشی سیاسی و ڕووناکبیری و کولتووری و کۆمەڵایەتی، ئەوەی کراوە دوائاستی شیاوێتی بووە.

مامۆستا ئەمیر حەسەنپوور لە چەند بۆنەیەکدا، زمانی فارسی و تورکی بە نموونە دەهێنێتەوە و ئاماژە بەوە دەدات، لە زانستی زماننناسیدا هەرکاتێک وشەی زمانێک لە لایەن زمانێکی ترەوە خوازرا، ئیتر وشەکە دەبێتە موڵکی زمانی دووەم، بەڵام ئەو دۆخەی بە سەر زمانی فارسیدا هاتووە، چ لە ڕووی ئەلفوبێ و ڕێنوسەوە چ لە ڕووی ڕێزمان و فەرهەنگەوە، دۆخێک نییە تا لاساییبکرێتەوە، یان هەوڵبدرێت ئەزموونی ئەوان دوبارەبکرێتەوە. هەروەها ئەو بۆچوونەی، کە گوایە ئێستا زمانی فارسی و تورکی بە هۆی خواستنی وشە و ئەلفوبێی عەرەبییەوە، ئاسانتر دەرەقەتی زمانی زانستی نوێباو

دێت، بۆچوونێکی لەرزۆکە. ڕاستە ئەو زمانانە دۆخیان لە زمانی کوردی باشترە، بەڵام بەشدارییەکی ئەوتۆیان لە زمانی زانستی جیهانیدا نابینرێت و تەنیا لە وڵاتەکانی خۆیان، یان ئەو وڵاتانەی هەژموونی سیاسی و سەربازییان هەیە، گرنگی بە زمانەکەیان دەدرێت. هەروەها پێشخستنی زانست بە تەنیا ڕەهەندی زمانەوانی نییە، بەڵکو ڕەهەندێکی بنچینەیی تری هەیە. ئەوەیش خۆی لە فەلسەفە و هزری فەلسەفیدا دەبینێتەوە. تا بیر و هزری فەلسەفی پێشنەکەوێت؛ زمان پێشناکەوێت. ئاکام و ئەنجامی پاراوکردنی زمانی کوردی لە ماوەی سەت ساڵی ڕابردوودا، دەرفەتی گەورەی لە بەردەم خوێندن و توێژینەوە و بیرکردنەوە بە زمانی کوردی کردووەتەوە. وێڕای سەرەنج و ڕەخنەکان، وادەدەکەوێت زمانی کوردی هێندەیش کۆڵەوار نییە.

**”ئەو ئاڵۆزییە سیاسی و کولتووری و کۆمەڵایەتییەی بە سەر زمانی کوردیدا هاتووە، وایکرد ڕووناکبیران کەمتر توخنی زانستەکانی زمان بکەون“**

ئەگەر خواستنی وشە لە زمانی بێگانەوە ڕێگە ڕاستەکە بێت، چەند ساڵێکە بەشە زانستیە پزیشکییەکان لە زانکۆکانی کوردستانی باشوور دەستیان بە دامێنی زمانی ئینگلیزییەوە گرتووە، بەڵام نەتوانراوە زمانێکی زانستیی تۆکمە ڕۆبنرێت. بگرە فرەتر پشتیان لە زمانی کوردی کردووە و زیاتر ڕوویان لە زمانی ئینگلیزی و عەرەبییە. وشە خوازراوەکان لە لایەن پزیشکانەوە نەبووەتە زمانی خەڵک. هەروەها بەشی قانوون لە زانکۆکاندا، دەستیان بە دامێنی عەرەبییەوە گرتووە و تا ئێستا بە دەگمەن نەبێت، نەتوانراوە زمانێکی تۆکمەی ئەو بوارە ڕۆبنرێت و هێمان لێکدانەوەی بڕگە و مادە قانوونییەکان بارتەقای زمانی کوردی نین. ئەو دوو بوارە هەستیارە، واتە پزیشکی کە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە لەش و تەندروستیی خەڵک و قانوون، کە پەیوەستە بە ژیانەوە. بە زمانێک لێکدەدرێتەوە، خوێنەواری بوارەکانی تریش بە ئەستەم تێیدەگەن. وشە و چەمکی بوارە تایبەتەکان، بە تەنیا لە لایەن فەرهەنگنوسەوە واتاکانیان لێکنادرێتەوە، بەڵکو بیرمەندان و توێژەران بە پەیڕەویکردن لە فەلسەفەی تایبەت بە خۆیان، چەمکەکان بە واتای نوێ و خۆماڵی بارگاویدەکەن. ئەوەیش کێشەیەکی ڕووناکبیری و ئەکادیمییە، تا ئێستا کورد تێیدا لە پاشە، بەڵام ئەگەر بۆ چەمکەکانی زانست و فەلسەفە وشەی بیانی بخوازین، پرۆسەی چەمکسازیی لە کوردیدا شکستدەهێنێت و بەو جۆرە، بەشێک لە بیرکردنەوە لە زمان و واتا و تێگەیشتن، لەرزۆک و فشۆڵدەبن. لە ڕاستیدا فەرهەنگنوسەکانی کورد، فرەتر ڕۆڵی وەرگێڕیان

هەیە و کەمتر دەرەقەتی چەمکسازیی و لێکدانەوە و ڕۆنانی چەمک هاتوون. بۆیە بە سەرەنجدان لە چەند فەرهەنگێکی کوردی، تێدەگەین واتای ڕووکەشیانەی وشە وەرگێڕاوە و بە لای واتای قووڵی چەمکدا نەچوون. ئەو وشانەی نوسەری کتێبی سەدەیەک خەبات بە نموونە هێناویەتیەوە، تێکڕا چەمکی فەلسەفین و لە بواری فەلسەفەدا لە زمانی کوردیدا، تا ڕادەیەک واتای تەواو و پڕبەپێستیان لێکدراوەتەوە، بەڵام لەو فەرهەنگانەی نوسەر ناویهێناون، ئاماژە بەو چەمکە کوردێنراوانە نەدراوە.
زمانی کوردی بە هۆی پەراوێزخستن و پشتئاوکەوتنیەوە لە لایەک و پرسی زمان وەک ناسنامە لە لایەکی ترەوە، پاراوکردن و پەتیکردنی پێویستی بە ڕوانینێکی نەتەوەیی و ناسیۆنالیزمی هەیە. ئەگەر ڕووناکبیرەکان نەتەوەیی نەبوونایە و ئەو خەمەیان لەکۆڵنەنایە، وەک زۆر نوسەر و ئەدیبی تر بە عەرەبی و فارسی و تورکی دەیاننوسی و زمانی کوردی لەو بزواندنە دەکەوت و لە جێی خۆی نەدەبزوا. بەو جۆرە ئێستا زمانی کوردی وەک کۆمەڵێک شێوەزاری بچکۆلەی ئاخێوەری لادێکان دەمایەوە، بەڵام ئێستا و لە سایەی هەوڵ و تەقەلای ئەو ڕووناکبیرە نەتەوەییانەوە، زمانی کوردی بووەتە زمانێک کتێبی فەلسەفە و زانست و ئەدەب و زمانەوانی پێدەنوسرێت. هەڵبەتە وێڕای تێبینییەکان لە پێناو چاکترکردنیدا.

*سەدەیێک خەبات لە پێناوی زمانی کوردیدا: تیۆری، سیاسەت و ئیدەئۆلۆژی: ئەمیر حەسەنپوور. بنکەی ژین، ٢٠١٥.

# گەوهەرەکانی زمانەوانیی



# پرۆفیسۆر دکتۆر مارف خەزنەدار
# زانایەکی باڵای مێژووی ئەدەبی کوردی

نووسین: پ.ی. د. سەعید محەمەد بەرزنجی

نوسین دەستکەوتێکی مەزنی مرۆڤایەتی و پەیدابوونی سەرەتای مێژووی شارستانیەتە. نوسین لە ژیانی گەلان و تێکڕای کۆمەڵ بایەخێکی گەورەی بینیوە و دەیبینێت، لەبەرئەوە توێژینەوە لە سەرەتا و مێژوو، ڕێباز و شێواز، پێکهاتن و کارکردن، ناتەواوی و کۆسپ، پێشکەوتن و گەشەکردنی نوسین کارێکی مەزن و پێویستە. لەم ڕێگەیەوە دەتوانرێت چارەسەری گەلێک کێشەی گرنگ بکرێت بە بیر و باوەڕی ڕاست و زانستانە. دکتۆر خەزنەدار وەک کەسایەتییەکی نموونەیی و پسپۆڕێکی ئەدەب، لە بواری داهێنانی ئەدەبی و توێژینەوەی زانستییدا خاوەنی بەرنامە و تێڕوانین و لێکدانەوەی تایبەتی خۆی بوو.

دکتۆر مارف خەزنەدار نموونەی چیرۆکی کوردی بە گەلان ناساند، کە بریتییە لە حەڤدە کورتەچیرۆک لە نێوان ساڵانی (١٩٦٠-١٩٦٨)دا نوسیبووی، کە "شووشە

١٩٦٩" درێژترین کورتەچیرۆکی نوسەرە. "بەهاری ١٩٦٤" لە لینینگراد نوسیویەتی و "بەرەو ڕۆژ ٢٠٠٦" سلێمانی، کە پێکهاتووە لە "کۆچیرۆکی ئەڵمان" کوردی بوو، کە "شووشە و شازادە" چیرۆکی دیکە کە یەکێکیان لە پێناو دڵپاکیدا ١٩٥٢ نوسراوە و ئەوانی دیکەیان لە نێوان سالآنی (١٩٦٥–١٩٨٤)دا نوسراون، چونکە لە سەرەتای چیرۆکی بەرەو ڕۆژدا دەڵێت: "ئەم چیرۆکانە بەشی زۆری بەرهەمی لەم بابەتەمن"، کەواتە هەمووی نین و بێجگە لەم چیرۆکانە هیی دیکەیشی هەیە.

شێوازی چنینی چیرۆک لە لای دکتۆر خەزنەدار بە گشتی لە (سەرەتا، گرێ و کۆتایی)دا بەو شێوەیەی بە دوای یەکدا دێن خۆی دەبینێتەوە، نە کات پاشوپێشدەخات نە یاری بە شوێن و کات دەکات. لە چیرۆکدا تەکنیکی (مۆنۆلۆگ)یشی بەکارهێناوە، هەروەها لە چیرۆکی مارف خەزنەداردا گرژییەک هەیە، کە ئێمەی خوێنەر بە نیگەرانی ڕادەگرێت و ناچارماندەکات دوای ڕوداوەکە بکەوین تا بزانین بە کوێ دەگات. هەروەها چیرۆکی کورتی هەیە، هەر لەو شیعرە ناسکانە دەچێت کە دەکەونە خانەی لیریکەوە.

مێژووی ئەدەبی کوردی لە لای دکتۆر خەزنەدار پیگە و بەهایە، یەکێک لە ڕێگەکانی گەڕان بە دوای ناسنامەی نەتەوەییدا مێژووە، کاتێک ئەم مێژووەیش پەیوەستدەبێت بە کولتووری ئەدەبییەوە، مێژووی ئەدەبی دروستدەکات کە دەبێتە سەرچاوەیەکی پتەوی ناسنامەی نەتەوەکە.

> **"دکتۆر مارف خەزنەدار نموونەی چیرۆکی کوردی بە گەلان ناساند، کە بریتییە لە حەڤدە کورتەچیرۆک"**

مێژووی ئەدەب پێویستییەکی نەتەوەییە لە پاڵ پێویستییە هونەری – ئەدەبییەکەیدا. ئەو ڕێبازەی کەسەکە هەڵیدەبژێرێت بۆئەوەی کارەکەی لە سەر پراکتیزەبکات، پەیوەستە بە تێڕوانینی خودی کەسەکەوە. دکتۆر خەزنەدار مێژووی ئەدەبی کوردی بە فراوانترین نوسین تۆمارکردووە، لە حەوت بەرگدا کە زەمینەخۆشکەری زانستی نوسینی مێژووی ئەدەبییە. جگە لەوەیش میتۆدی مێژووی ئەدەب و ئەرکەکەی بۆ بەکارهێنانی میتۆدی مێژووی ئەدەبی، مێژوونوسینی ئەدەب ناچارە دوو قۆناغی لە بەرچاو بێت:

١. ناسینی ئەو دەقانەی، کە کەرەستە و بابەتی توێژینەوەیە.

٢. خستنەڕووی کۆمەڵێک پرسیار، کە وەڵامەکانیان دەبن بە بناغە بۆ توێژینەوە.

کەواتە مێژووی ئەدەبی کوردیی دکتۆر خەزنەدار لەبەر ڕۆشنایی زۆرێک میتۆد نوسراوە، واتە کارکردنەکە بنەمایەکی زانستییانەی هەیە لە ڕوانگەی هەستی ئەدەبی و نەتەوەییەوە نوسرابێت. دکتۆر خەزنەدار لە ڕووی ڕەخنەی ئەدەبییەوە پڕبایەخ بووە بە تێگەیشتنە زانستییەکەی، هەڵسەنگاندنی ئەدەب و دەرخستنی بەها و بایەخەکانی لە گۆشەی باری سەرنجی بۆ بەدیهێنانی کارە ئەدەبییەکان واتا و بەهاکانی خۆیان لە ژیان وەردەگرن وەک ڕەخنەگرێکیش بۆچوون و ڕوانگەی خۆی بۆ ئەو واتا و بەهایانە لە ژیان وەردەگرێت، پێیوایە ڕەخنەگر ئەو زنجیرەیەیە، کە کاری ئەدەبی و ژیان پێکەوە دەبەستێتەوە، ئەرکی سەرشانیشی ئەوەیە ئەم پەیوەندییە دیاریبکات.

**"شێوازی چنینی چیرۆک لە لای دکتۆر خەزنەدار بە گشتی لە (سەرەتا، گرێ و کۆتایی)دا بەو شێوەیەی بە دوای یەکدا دێن خۆی دەبینێتەوە، نە کات پاشوپێشدەخات نە یاری بە شوێن و کات دەکات."**

سروشتی ئەدەب و بەها و بایەخی ئەدەبی لە سەر پەیوەندیی تێکڕای نێوان هونەر و ژیان وەستاوە، بەبێ گەیشتن بە وێنەیەکی کۆتایی سەبارەت بەم پەیوەندییە، ناتوانێت ئەنجامێکی باش بەدەستەوەبدات، چونکە ئەمە واتای دیاریکردنی بەهاکانە بە دەستوورێکی دیارینەکراو، چونکە لێکدانەوەی ژیان بێت لە وێنەی ئەدەبی جیاوازدا، ئەوا دەتوانین ڕەخنە (بە لێکدانەوەی ئەو لێکدانەوەیەیە) پێناسەبکەین. واتە لێکدانەوەی وێنە هونەرییەکانی ئەدەب، بۆیە د. خەزنەدار لە پێش هەموو شتێکدا خاوەنی فەلسەفەیەکی زانستی بوو و باوەڕی تەواوی بە بەها ئینسانییەکانی ئەدەب هەبوو. جگە لەوەیش ژیان لە وێنە هونەرییەکانیدا ڕەنگیدابووەوە. چێژێکی باڵای هەبوو بۆ سرووشتی ئەدەب و هونەر. جگە لەوەیش ڕەوشتێکی بەرز و کەسایەتییەکی بەرز و ویژدانێکی بێگەردی هەبوو، بەجورئەت و ڕاستگۆ بوو، کارەکانی خۆی بەو شێوەیە ئەنجامدەدا؛ بە واتایەکی تر ڕەخنەگرێکی بەئاگا بوو لە کارە ئەدەبییەکاندا، لە سنووری ئەو ئاگاییەدا هەڵسووکەوتی لەگەڵ کارە ئەدەبییەکاندا دەکرد لە سنووری ڕاستگۆییدا.

**پرۆفایل/زانیاریی کەسی**

ناوی تەواوی "مەعرووف عەبدولقادر مەعرووف عەزیز ئاغای خەزنەدارە ناسراوە بە (مارف خەزنەدار).

- لە ١٩٣٠/١١/١ لە شاری هەولێر لەدایکبووە.
- ساڵی ١٩٥١ دواناوەندی لە شاری هەولێر تەواودەکات.
- ساڵی ١٩٥٢ دەبێتە مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی لە هەولێر.
- ساڵی ١٩٥٧ بڕوانامەی بەکالۆرێۆس لە زمان و ئەدەبی عەرەبی لە کۆلێژی ئاداب و زانست لە زانکۆی بە غدا بەدەستهێناوە.
- لە ئاداری ساڵی ١٩٦٠ پەیوەندی بە نێردەی زانستیی عێراقەوە دەکات و بۆ خوێندنی باڵا ڕوودەکاتە وڵاتی ڕووسیا (یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو)، بۆ ماوەی نۆ مانگ وەک قوتابی لە پەیمانگەی فێربوونی زمانی ڕووسی بۆ قوتابیانی بیانی لە مۆسکۆ دەمێنێتەوە.
- لە شاری "سانت پیترس بورگ" وەک قوتابیی خوێندنی باڵا لە بەشی خوێندنی کوردی لە پەیمانگەی خوێندنی ڕۆژهەڵاتناسی لە ئەکادیمیای زانستیی ڕووسی، هەموو قۆناغەکانی خوێندنی باڵای بە سەرکەوتووی تەواوکردووە. لە ساڵی ١٩٦٣دا پلەی دکتۆرای لە بواری خوێندنی زمانەوانی و ئەدەب بەدەستهێناوە.
- تێزی دکتۆراکەی بە ناونیشانی "مێژووی ئەدەبی کوردیی نوێ ١٨٩٠-١٩٦٠"، لەبەرئەوەی بابەتی تێزەکە زۆر گرنگ بووە، بۆیە لیژنەی گفتووگۆ بڕیاریاندا تێزەکە لە دووتوێی کتێبێکدا چاپبکرێت، ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٦٧ لە لایەن دەزگای چاپی سەر بە ئەکادیمیای ڕووسی لە مۆسکۆ بە زمانی ڕووسی چاپکرا، ئەمەیش یەکەمین کتێبە لە بارەی ئەدەبی کوردییەوە، کە بە زمانێکی بێگانە چاپبکرێت.
- لە ساڵی ١٩٦٨ دەگەڕێتەوە بۆ نیشتمان و دەبێتە مامۆستای ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی لە بەشی زمانی کوردی لە کۆلێژی ئاداب لە زانکۆی بەغدا.
- ساڵی ١٩٦٩ ناسناوی (مامۆستا)ی پێدەدرێت.
- ساڵی ١٩٧٣ ناسناوی (پرۆفیسۆری یاریدەدەری) پێدەدرێت.
- لە ساڵی ١٩٧٩ ناسناوی (پرۆفیسۆر) وەردەگرێت.
- لە ساڵی ١٩٧٣دا بەشی زمانی کوردیی کۆلیژی پەروەردەی زانکۆی بەغدای دامەزراندووە.
- لە ساڵی ١٩٥٨-١٩٥٩ ئەندامی دەستەی نوسەرانی گۆڤاری شەفەق بووە.
- ساڵی ١٩٦٦-١٩٦٧ ڕۆڵی لە دەرکردنی گۆڤاری پرشنگ هەبووە.
- ساڵی ١٩٧٠ گۆڤاری دەفتەری کوردەواری دەرکردووە، کە مارف خەزنەدار و جەمال خەزنەداری برای خاوەنی ئەم گۆڤارە بوون.
- ساڵی ١٩٧٠- ١٩٧٣ سەرنوسەری گۆڤاری نوسەری کورد بووە.

- ساڵی ١٩٧١ ڕۆڵی لە دامەزراندنی گۆڤاری ڕۆژی کوردستان هەبووە.
- لە نێوان ساڵانی ١٩٦٩–١٩٧٠ ڕۆڵی لە دامەزراندنی یەکێتیی نوسەرانی کورد و کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی لە بەغدا هەبووە.
- ساڵی ١٩٥٩ ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی عێراق بووە.
- ساڵی ١٩٦٠ بووە بە ئەندام لە یەکێتیی ڕۆژنامەنوسانی جیهان.
- لە نێوان ساڵانی ١٩٨٣–١٩٨٨ ڕوودەکاتە وڵاتی جەزائیر و وەک مامۆستا لە پەیمانگای زمان و ئەدەب لە زانکۆی عەنابە دەستبەکاردەبێت.
- لەساڵی ١٩٨٨ وەک مامۆستا بە پلەی پڕۆفیسۆر لە زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر دەستبەکاردەبێتەوە.
- ساڵی ١٩٩٢ ناسناوی مامۆستای یەکەمی لە سەر ئاستی زانکۆی سەلاحەدین و زانکۆکانی عێراق لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵای عێراقەوە پێدەبەخشرێت.
- ساڵی ٢٠٠٠ ئەندامی کارای ئەکادیمیای کوردی بووە، سەرنوسەری گۆڤاری وەرزی ئەکادیمی و سەرۆکی لیژنەی ئەدەب بووە.
- ساڵی ١٩٨١ بەبێ ویستی خۆی خانەنیشیندەکرێت.
- مارف خەزنەدار بەشداربووە لە نوسین و نوسینی پێشەکی بۆ پەنجاوچوار کتێب، لە نێوان ساڵانی ١٩٨٦– ٢٠٠٧ سەرپەرشتیی نۆزدە نامەی ماستەر و نۆ تێزی دکتۆرای کردووە.
- لە ٢٠١٠/١٠/٢٥ دوای ماوەیەکی کەم لە نەخۆشکەوتن، کۆچیدوایی کردووە و لە گۆڕستانی (چراغ) لە هەولێر لە مەڕاسیمێکی پڕ شکۆدا بەخاکسپێردراوە.

# فەرهەنگی زمانەوانی

# پەتیکردنی زمان

بەڕێوەبەری نوسین

پەتیکردنی زمان وەک دیاردەیەک دەردەکەوێت، کە هەوڵدەدات بۆ پاراستنی "پاکی"ی زمانێک بە پاراستنی لە کاریگەرییە بیانییەکان، بە تایبەتی لە ڕووی وشەسازی و ڕێزمان و وتنەوە. ئەمەیش زۆر جار بە هۆی نیگەرانی لە ناسنامەی کولتووری و بەردەوامیی مێژوویی و شانازیی نەتەوەییەوە خۆی دەبینێتەوە؛ لە کاتێکدا پاڵنەر و شێوازە تایبەتەکان دەتوانن لە سەرانسەری کولتوور و قۆناغە جیاوازەکاندا بە شێوەیەکی بەرفراوان جیاواز بن، بنەمای سەرەکیی پەتیکردنی زمان کاتێک کاریگەری دەبێت کە: پاراستنی ئەوەی کە وەک فۆڕمی ڕەسەن، یان ڕەسەنیی زمانێک هەستپێبکرێت.

پەتیکردنی زمان مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە، زۆر جار لە وەڵامی قۆناغەکانی گۆڕانی زمانەوانیی بەرچاو یان کاریگەریی بیانیدا سەرهەڵدەدات. بۆ نموونە: لە سەردەمی ڕێنێسانسدا زۆرێک لە گەلانی ئەورووپی هەوڵیاندەدا زمانەکانیان لە کاریگەرییەکانی لاتینی و یۆنانی پاکبکەنەوە لە بەرژەوەندیی وشەکانی بەڕەچەڵەک_ڕەسەن. لە فەرەنسا ئەکادیمیای فرانسیس، کە لە ساڵی ١٦٣٥ دامەزرا، ڕۆڵی ڕێکخستنی زمانی فەرەنسی گرتەئەستۆ، ئەرکێک کە هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریی زاراوە بیانییەکانی لەخۆگرتبوو. بە هەمان شێوە لە سەدەی نۆزدەهەمدا و لە سەردەمی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمدا، پەتیکردنی زمان لە نزیکەوە پەیوەستبوو بە بنیاتنانی شوناسە نەتەوەییەکانەوە. لە گەلانی تازەپێکهاتوو، یان یەکگرتوو وەک ئەڵمانیا و ئیتالیا، زمان وەک پێکهاتەیەکی سەرەکیی یەکێتیی نەتەوەیی سەیردەکرا. لە ئەنجامدا هەوڵەکان بۆ ستانداردکردنی زمان و لابردنی توخمە بێگانەییەکان درا، بەمەیش هەستکردن بە جیاوازیی کولتووری و زمانی دروستکرا.

لە چوارچێوەی غەیرە ئەوروپیدا، پەتیکردنی زمانیش ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە. بۆ نموونە: لە تورکیا، چاکسازیی زمان کە مستەفا کەمال ئاتاتورک لە ساڵانی ١٩٢٠ دەستیپێکردبوو، ئامانجی پاکتاوکردنەوەی زمانی تورکی بوو لە وشە و ڕستەی عەرەبی و فارسی و لە جێگەی ئەو وشانەی کە لە ڕەشەتورکییەوە وەرگیراون. ئەمەیش بەشێک بوو لە هەوڵێکی بەرفراوانتر بۆ مۆدێرنکردن و عەلمانیکردنی کۆمەڵگەی تورکیا و شکاندن لەگەڵ ڕابردووی عوسمانی و هاوتەریبکردنی میللەت لەگەڵ ڕۆژئاوا.

پەتیکردنی زمان لە سەر چەندین بنەمای سەرەکی کاردەکات، کە ڕێنمایی جێبەجێکردنی دەکەن:

**ڕەسەنایەتیی مێژوویی:** ئەم بنەمایە جەخت لە سەر گرنگیی پاراستنی ڕەگ و ڕیشەی مێژوویی زمانێک دەکاتەوە. ئەم دیدە پێیوایە فۆڕمی ڕەسەنی زمان ڕەسەنترینە و پێویستە پارێزگاریلێبکرێت. زۆر جار ئەمە بریتییە لە زیندووکردنەوەی وشە و دەربڕینە کۆنەکان، کە لە بەکارهێنان دەرچوون و بەرەنگاربوونەوەی زاراوەی نوێ و بیانی. ڕەسەنایەتیی مێژوویی بە نزیکییەوە پەیوەستە بەو باوەڕەوە، کە زمانێک شوناسی کولتووری و مێژوویی گەلێک لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت. مرۆڤ بە پاراستنی زمانەکە، ئەو میراتە کولتوورییەیش دەپارێزێت کە نوێنەرایەتیدەکات.

> ”لە سەردەمی ڕێنێسانسدا زۆرێک لە گەلانی ئەوروپی هەوڵیاندەدا زمانەکانیان لە کاریگەرییەکانی لاتینی و یۆنانی پاکبکەنەوە لە بەرژەوەندیی وشەکانی بەرەچەڵەک_ڕەسەن“

**ناسیۆنالیزمی کولتووری:** زۆر جار پەتیکردنی زمان بە هۆی خواستی بەهێزکردنی ناسنامەی نەتەوەییەوە دەجوڵێتەوە. زمان وەک نیشانەرێکی سەرەکیی جیاوازیی نەتەوەیی سەیردەکرێت و کاریگەرییە بیانییەکان وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر ئەم ناسنامەیە هەستپێدەکرێت. ئەم دیدە پێیوایە کە بە پاککردنەوەی زمان لە توخمە بێگانەکان ئامانجیان پاراستن و بەرەوپێشبردنی ئەو تایبەتمەندییە کولتووری و نەتەوەییە ناوازانەیە، کە لە زمانەکەدا چەسپاون. ئەم بنەمایە بە تایبەتی لە بزوتنەوە ناسیۆنالیستەکاندا دیارە، کە زمان وەک ئامرازێک بۆ یەکخستنی دانیشتووانێک لە دەوری ناسنامەیەکی هاوبەش بەکاردەهێنرێت.

**بەرەنگاربوونەوەی جیهانگیری:** لە سەردەمی مۆدێرندا زۆر جار پەتیکردنی زمان کاردانەوەیەکە بەرانبەر بە بڵاوبوونەوەی زمانە جیهانییەکان، بە تایبەتی ئینگلیزی.

زاڵبوونی زمانی ئینگلیزی لە بازرگانیی نێودەوڵەتی و زانست و کولتووری باودا بووەتە هۆی وەرگرتنی وشە و دەربڕینی ئینگلیزی بە شێوەیەکی بەرفراوان لە زۆر زماندا. پاکخوازە زمانەوانییەکان وەک فۆرمێک لە ئیمپریالیزمی کولتووری سەیری ئەمە دەکەن و بانگەشە بۆ پاراستنی فرەچەشنیی زمانی دەکەن. ئەم بنەمایە پەیوەندییەکی نزیک بە نیگەرانییە بەرفراوانەکانەوە هەیە سەبارەت بە یەکسانکردنی کولتووری لە بەرانبەر جیهانگیریدا.

پاککردنەوەی وشەیی: یەکێک لە باوترین شێوازەکانی پەتیکردنی زمان بریتییە لە پرۆسەی پاککردنەوەی وشەیی، کە وشەی قەرزکراوی بیانی بە هاوتا ڕەسەنەکان دەگۆڕدرێن. ئەمەیش دەتوانێت بریتی بێت لە زیندووکردنەوەی وشە کۆنەکان، دروستکردنی وشەی نوێ لە ڕەگ و ڕیشەی ڕەسەنەوە، یان گونجاندنی وشەکانی هەبوو بۆئەوەی لەگەڵ نەخشە فۆنۆلۆژی و ڕێزمانییەکانی زمانی زگماکیدا بگونجێت. زۆر جار پاککردنەوەی وشەیی وەک ڕێگەیەک بۆ گەڕاندنەوەی "پاکی"ی زمان و کەمکردنەوەی کاریگەریی کولتوورە بیانییەکان سەیردەکرێت.

> ”لە سەردەمی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمدا، پەتیکردنی زمان لە نزیکەوە پەیوەستبوو بە بنیاتنانی شوناسە نەتەوەییەکانەوە“

**پاراستنی ڕێزمانی و فۆنۆلۆژی:** جگە لە وشەسازی، پەتیکردنی زمانیش هەوڵدەدات ڕێزمانی نەریتی و شێوازەکانی قسەکردن بپارێزێت. ئەمەیش بریتییە لە بەرەنگاربوونەوەی ئەو گۆڕانکارییانەی، کە وەک کاریگەریی زمانەکانی دیکە، یان وەک جیابوونەوە لە نۆرمەکانی مێژوویی زمانەکە هەستپێبکرێن. پاراستنی ڕێزمانی و فۆنۆلۆژی وەک پێویست سەیردەکرێت بۆ پاراستنی یەکپارچەیی پێکهاتەیی زمان و دڵنیابوون لەوەی کە ڕاستگۆیی لەگەڵ ڕەگەکانیدا بمێنێتەوە.

لە کاتێکدا پەتیکردنی زمان زۆر جار ڕووبەڕووی ڕەخنەی بەرچاو بووەتەوە. ڕەخنەگران دەڵێن: "پەتیکردنی زمان دەتوانێت لەڕادەبەدەر ڕەق و ڕێنماییکار بێت و پەرەسەندنی سروشتیی زمان بخنکێنێت". زمان لە بنەڕەتدا دینامیکی و بەردەوام لە گۆڕاندایە و هەوڵدان بۆ "بەستنی" لە خاڵێکی دیاریکراودا وەک ناڕاستەقینە و دژەبەرهەم سەیردەکرێت.

جگە لەوەیش پەتیکردنی زمان هەندێک جار دەتوانێت ببێتە هۆی وەدەرنانی نوخبەگەرایی. ئەمەیش بە یەکەمایەتیکردنی هەندێک فۆڕمی زمان بە سەر ئەوانی

دیکەدا، دەتوانێت زاراوە و سۆسیۆلێکتە و فۆڕمەکانی تری فرەچەشنیی زمانی پەراوێزبخات. ئەمەیش دەتوانێت ڕوانگەیەکی پلەبەندی بۆ زمان دروستبکات، کە هەندێک شێوازی قسەکردن وەک "ڕاست"، یان "پاک" سەیردەکرێن، لە کاتێکدا هەندێکی تر بە کەمتر دادەنرێت.

لە جیهانی هاوچەرخدا، ئاڵنگاریی پەتیکردنی زمان بەرچاودەکەوێت. بڵاوبوونەوەی زمانە جیهانییەکان، بە تایبەتی ئینگلیزی بووەتە هۆی گۆڕانکارییەکی بەرچاوی زمانەوانی لە زۆر شوێنی جیهاندا. ئێستا زمانی ئینگلیزی زمانی باڵادەستە لە بازرگانیی نێودەوڵەتی و زانست و تەکنەلۆژیا و کولتووری باودا، ئەمەیش بووەتە هۆی وەرگرتنی وشە و دەربڕینی ئینگلیزی بە شێوەیەکی بەرفراوان لە زۆر زماندا.

**"پەتیکردنی زمان لە سەر چەندین بنەمای سەرەکی کاردەکات، کە ڕێنمایی جێبەجێکردنی دەکەن"**

لە بەرانبەردا زۆرێک لە وڵاتان سیاسەتیان بۆ پاراستنی زمانەکانیان لە کاریگەریی ئینگلیزی دەرکردووە. بۆ نموونە: فەرەنسا یاسای دەرکردووە، کە بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزی لە ڕیکلامدا سنووردارەکات و داوادەکات زمانی فەرەنسی لە بەڵگەنامە فەرمییەکان بەکاربهێنرێت. بە هەمان شێوە لە ئایسلەندا نیگەرانیی بەردەوام هەیە سەبارەت بە کاریگەرییەکانی زمانی ئینگلیزی لە سەر زمانی ئایسلەندی، لەگەڵ هەوڵەکان بۆ پێشخستنی بەکارهێنانی زمانی ئایسلەندی لە هەموو بوارەکانی ژیانی گشتیدا، بەڵام بڵاوبوونەوەی زمانی ئینگلیزی تاکە تەحەدا/گژنێ نییە، کە ڕووبەڕووی پەتیکردنی زمانی دەبێتەوە. هەروەها سەرهەڵدانی پەیوەندییە دیجیتاڵییەکان و سۆشیال_میدیا بووەتە هۆی گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە بەکارهێنانی زماندا. شێوازی نافەرمی و کورتکراوەی پەیوەندیکردن، کە تایبەتمەندیی زۆرێک لە کارلێکی ئۆنلاینە، زۆر جار وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر نۆرمەکانی زمانی تەقلیدی سەیردەکرێت. ڕەنگە زۆرێک ئەم گۆڕانکارییانە وەک جۆرێک لە تێکچوونی زمانی سەیربکەن، لە کاتێکدا هەندێکی دیکە وەک پەرەسەندنێکی سروشتیی زمان سەیریانبکەن.

پەتیکردنی زمان دیاردەیەکی ئاڵۆز و فرەلایەنە، کە بە هۆکاری مێژوویی و کولتووری و سیاسی لەقاڵبدەدرێت. لە کاتێکدا زۆر جار پاڵنەرەکەی خواستی پاراستنی ناسنامەی کولتووری و پاراستنی فرەچەشنیی زمانییە، بەڵام دەتوانێت ببێتە هۆی دوورخستنەوە و دابڕانی کولتووری. لە جیهانێکدا کە تا دێت جیهانگیری فراوانتردەبێت، ئاڵنگارییەکانی

پەتیکردنی زمانی لە جاران زیاتر بەرچاودەکەوێت. لە کاتێکدا کە بەهایەک لە پاراستنی تایبەتمەندییە ناوازەکانی تاک_زمانەکاندا هەیە، بەڵام گرنگە دان بەوەدا بنێین، کە زمان بوونێکی زیندوو و دینامیکییە کە بە شێوەیەکی سروشتی بە تێپەڕبوونی کات پەرەدەسەنێت. ئەمەیش گرنگە کە هاوسەنگییەک لە نێوان پاراستنی ڕابردوو و ئامێزگرتنی داهاتوودا دروستبکەن، دڵنیابوون لەوەی زمانەکان لە جیهانێکی خێرا لە گۆڕاندا بە زیندوو و پەیوەندیدار دەمێننەوە.

## References


- Ammon, U. (1997). Language conflict and language rights. Routledge.
- Haarmann, H. (1986). Language in ethnicity: A view of basic ecological relations. Mouton de Gruyter.
- Thomas, G. (1991). Linguistic purism. Longman.

تەوەری ژمارەی داهاتوو

## تەوەری ژمارەی داهاتوو

## مێژوو، پێکهاتە، ڕێزمان و ئەدەبی شێوەزاری کرمانجی ژوروو (بادینی)

گۆڤاری زمانەوانی لە ژمارەی داهاتوودا، تەوەرێکی گرنگ و هەنووکەیی دەکاتەوە کە بریتییە لە «مێژوو، پێکهاتە، ڕێزمان و ئەدەبی شێوەزاری کرمانجی ژوروو (بادینی)»، لەم سۆنگەیەشەوە پێشوازی لە توێژینەوە و نوسینی پسپۆڕانی زمان و توێژەران دەکات، ئێمە بە جەختکردنەوەمان لەسەر پابەندبوون بە بنەمای کاری ئەکادیمی، هەوڵ دەدەین وەڵامی چەند پرسیارێکی گرنگ بدەینەوە:

- چۆن بتوانین تێگەشتنمان فراوانتر بکەین لەسەر مێژووی شێوەزاری کرمانجی ژوروو (بادینی)
- پێکهاتە و دابەشبوونی جوگرافی ناخێوەرانی شێوەزاری کرمانجی ژوروو (بادینی) لە کوردستاندا چۆن گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە.
- کامانەن ئەو جیاوازییە سەرەکییانەی ڕێزمانی شێوەزاری کرمانجی ژوروو (بادینی) لە شێوەزارەکانیتری زمانی کوردی جیا دەکەنەوە؟
- ئەدەبی دەوڵەمەندی شێوەزاری کرمانجی ژوروو (بادینی) چۆن پێناسە دەکرێت و کامانەن ناوە دیارەکانی ئەدەبی ئەم شێوەزارە؟
- چۆن بەهێزهێشتنەوەی شێوەزاری کرمانجی ژوروو (بادینی) خزمەت بە بەهێزی سیاسەت و پلاندانانی زمانی دەکات؟
- کامانەن ئەو پرسە گرنگانەی سەبارەت بە شێوەزاری کرمانجی ژوروو (بادینی) کە پێویستە گرنگی زیاتریان پێبدرێت؟

داواکارین لە توێژەران و لێکۆڵەرانی بەڕێز کە توێژینەوە و نوسینەکانیان لەسەر ئەو تەوەرانەی ئاماژەیان پێکراوە تا ڕێکەوتی ٢٠٢٤/١٢/١ بنێرن بۆ گۆڤاری زمانەوانی.

# گۆڤاری زمانەوانی

# سیاسەت و ڕێنمایی نووسین

گۆڤارێکی وەرزی، ئەکادیمی و زمانەوانییە، کە (دەزگای زمانەوانیی کوردی - زانکۆی جیهان) دەریدەکات و لە کاتی پێویستدا پاشکۆی دەبێت. پەیامی سەرەکی کارکردنە لە پێناو دارشتنی سیاسەتی زمانیی بۆ هەرێمی کوردستان.

## ڕێنمایی نووسین و وەرگێران

### ١. ڕێنمایی نووسین

١.نووسین بە تایپکراوی و بە فایلی Word وەردەگیرێت.

٢.پەیکەری نووسین و توێژینەوەکان لەم بەشانە پێکدێت: پێشەکی، ناوەڕۆك، ئەنجام، پێشنیار و ڕاسپاردە(ئەگەر هەبوو)، لیستی پەراوێز و سەرچاوەکان.

٣. پێشەکی توێژینەوە لە نێوان ١٠٠ بۆ ١٥٠ وشەدا بێت.

٤.کۆی توێژینەوەکە لە نێوان ٣٠٠٠ بۆ ٥٠٠٠ وشەدا بێت.

٥.جێهێشتنی (٢.سم) بۆشایی بۆ هەر چوارلای لاپەڕە.

٦.بۆشایی نێوان دێڕەکان (١,١٥سم) بێت.

٧.قەبارەی فۆنتی ناونیشانی سەرەکی توێژینەوە ١٦-ی بۆڵد بێت و ناونیشانە لاوەکییەکان ١٤-ی بۆڵد بێت.

٨.قەبارەی فۆنتی ناوەڕۆکی توێژینەوە ١٤ بێت.

٩.سەرجەم توێژینەوە، وەرگێڕان، ڕانان و چاوپێکەوتنەکان بە زمانی کوردی بڵاودەکرێنەوە.

١٠.پێویستە توێژەر فۆنتی یۆنیکۆد (Calibri) بەکار بهێنێت.

١١.وێنە و چارتەکان بەشێوەی (JPG) و هاوپێچی فایلی نووسراو بە جیا بنێردرێن.

١٢.توێژینەکەوە لە هیچ شوێنێکی بڵاونەکرابێتەوە و پاش بڵاوکردنەوەش مافی بۆ

گۆڤاری زمانەوانی پارێزراوە.
١٣.لە ئەگەری ڕەچاونەکردنی ڕێنماییەکان یان پێویستیی چاککردن، توێژینەکەوە بۆ توێژەر دەنێردرێتەوە.
١٤.پادداشتی توێژینەوە لە بەشی کارگێڕی گۆڤارەکە وەردەگیرێت و پێویستە توێژەر یان ڕاسپێردراوێکی بە نووسراو ئامادەی وەرگرتنی بێت.

**٢. شێوازی نووسینی پەراوێزو سەرچاوە:**

-پەراوێز و سەرچاوە پێکەوە لە کۆتایی توێژینەوەکەدا دەبێت و بە شێوازی (Insert footnote) لە پرۆگرامی (Word)دا دەبێت.
-ژمارەی هەر پەراوێزێك لە کۆتایی ڕستە یان پەرەگراف لە ناو کەوانە(...)دا دابنرێت و لە لیستی سەرچاوەکاندا بە هەمانشێوەی ڕیزبەندی ناو توێژینەوەکە دابنرێتەوە.
-پەراوێزی خوارەوەی لاپەڕە پەسەند نییە و بەکارناهێنرێت.
-لە لیستی سەرچاوەکان، بۆ هەر جۆرە سەرچاوەیەك بەمشێوە بنووسرێت و بە هەمان زمانی سەرچاوەکەش ئاماژەکانی وەك (هەمان سەرچاوە و سەرچاوەی پێشوو بۆ کوردی، همان و همانجا بۆ فارسی، مصدرالسابق و المصدر نفسە بۆ عەرەبی، Ibid بۆ ئینگلیزی) دابنرێت:

**کتێب**

-ناوی خێزانی نووسەر، نووسەر (ساڵی چاپ)، ناونیشانی کتێب، وەرگێڕ و پێداچوونەوە(ئەگەر هەبوو)، شوێنی چاپ: دەزگای بڵاوکردنەوە گەر نەبوو چاپخانە، ل (لاپەڕە).
نموونە: م.س.لازیف و ئەوانیتر (٢٠١٠)، مێژووی کوردستان، وەرگێڕان هۆشیار عبداللە سەنگاوی، هەولێر: ڕۆژهەلات، ل(لاپەڕە).
تێبینی: بەوپێیەی کە لە عێراق و هەرێمی کوردستان بە گشتی ناوی خێزانی بوونی نییە، لەم کاتەدا ناوی سیانیی نووسەر دەنووسرێت.
نموونە: توانا ڕەشید کەریم (٢٠١٢)، سلێمانی لە نێوان ساڵانی ١٩٤٥-١٩٥٨، لێکۆڵینەوەیەک لە بارودۆخی سیاسی و رۆشنبیری، سلێمانی: ئەندێشە، ل(لاپەڕە).
گۆڤار و توێژینەوە
-ناویی خێزانی نووسەر، نووسەر (ساڵی چاپ)، "ناونیشانی توێژینەوەکە"، ناوی گۆڤار، ژمارەی خول(بەرگ)، ژمارەی گۆڤار، ل (لاپەڕە).
نموونە: حضرتی، حسن و دیگران (١٣٩٥)، "جنگ ایران و عراق در گفتمان سیاسی

نهضت آزاد اسلامی"، فصلنامه ژرفا پژوه، سال چهارم، شماره ١٠، ل (لاپەڕە).

رۆژنامە

-ناوی خێزانیی نووسەر، نووسەر (ڕۆژ و مانگ و ساڵی دەرچوون)، "ناونیشانی بابەتەکە"، ناوی رۆژنامە، ژمارەی ڕۆژنامە، لاپەڕە.

تێبینی: ئەگەر بابەتەکە نووسەری نەبوو، بەمشێوەیە: ناوی ڕۆژنامە(ڕۆژ و مانگ و ساڵی دەرچوون)، "ناونیشانی بابەتەکە"، ژمارەی ڕۆژنامە، ل (لاپەڕە).

نمونە: کەنعان مەکیە (٦-٢٠٢٠/٣/٧)، "هاوڵاتیبوون و بیرۆکەی عیراق"، وەرگێڕانی: کوردەوان محەمەد سەعید، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ساڵی بیست و نۆیەم، ژمارە ٨١٠٣، ل٨.

ماڵپەڕ

-ناوی خێزانیی نووسەر، نووسەر(ڕۆژ و مانگ و ساڵی دەرچوون)، "ناونیشانی بابەتەکە"، لینکی ماڵپەڕەکە.

نمونە: Adler, Katya(٢٠٢٠/٣/٢), "Brexit: What to expect from UK-EU trade talks", https://www.bbc.com/news/world-europe-٥١٦٥٧٠٨٤, (accessed: ٢٠٢٠/٣/١١).

نمونە: ئومێد ڕەفیق فتاح (٢٠٢٠/٣/٦)، "مەترسییەکانی رۆژئاوا لە ڕێکەوتنەکەی پۆتین – ئەردۆگان"، https://www.centerfs.org/matrsekani-rozhawa-la-rekawtnakay-potin-ardoghan/، (بەردەستە: ٢٠٢٠/٣/١٤).

نمونە: الساقل، فراس (٢٠٢٠/٣/٣)، "حقيقة اللاجئين أمام أبواب أوروبا"، https://blogs.aljazeera.net/blogs/٢٠٢٠/٣/٣، (متاح على: ٢٠٢٠/٣/٦).

نمونە: محمد قراسویی، محمد (١٣٩٦/١١/٢٨)، "محور مقاومت اسلامی، ابعاد و مؤلفه¬ها"، http://alwaght.com/fa/News/١٢٤٣٨٩/، (قابل دسترسی: ١٣٩٦/١١/٣٠).

تێبینی١: بەوپێیەی کە لینکی ماڵپەر لەوانەیە دوای ماوەیەك لەبەردەست نەمێنێت و بسردرێتەوە، پێویستە لە کۆتایی لینکی سەرچاوەکە، ڕێککەوتی تەواوەتی سەردانیکردنی توێژەر بۆ ماڵپەڕەکە بنووسرێت.

تێبینی٢: ئەگەر بابەتەکە نووسەری نەبوو، بەمشێوەیە: ناوی ماڵپەڕ (ڕۆژ و مانگ و ساڵی بڵاوبوونەوە)، "ناونیشانی بابەتەکە"، لینکی ماڵپەڕ.

تێبینی٣: ئەگەڕ بابەتی ماڵپەرێك، ڕێککەوتی پێوەنەبوو، لەم کاتەدا تەنیا ڕێککەوتی سەردانکردنە دەنووسرێت.

**چاوپێکەوتن**

-چاوپێکەوتنی (ناوی ئامادەکاری دیدار) لەگەڵ ئەو کەسەی دیدارەکەی لەگەڵ کراوە، ڕێککەوتی دیدار، شوێنی دیدار.

نمونە: چاوپێکەوتنی یاسین تەها لەگەڵ هشام الهاشمی (٢٠٢٠/٢/٢٥)، سلێمانی.

ڤیدیۆ

-ناونیشانی ماڵپەڕ (ڕۆژ و مانگ و ساڵی دانانی ڤیدیۆ)، "ناونیشانی ڤیدیۆ"، لینکی ماڵپەڕ.

نمونە: یوتیوب (٢٠٢٠/٢/٢٦)، "الاتجاه المعاکس - هل ینفجر الوضع بین ترکیا وروسیا في شمال سوریا؟"، https://www.youtube.com/watch?v=MxGY٤GLu٤nw، (متاح علی: ٢٠٢٠/٣/٣).

**٣.ڕێنمایی وەرگێڕان:**

-وەرگێڕان تەنیا بە زمانی کوردی وەردەگیرێت.

-پێویستە لە پەرەگرافێکدا پرۆفایلی (٥٠) وشەیی نووسەری بابەتەکە یان ئەو سەنتەر و گۆڤارەی کە توێژینەوەی لێوەرگیراوە ئامادە بکرێت.

-وەرگێڕانی بابەت، پێویستە بە هەمان شێوازی بابەتە وەرگێڕدراوەکە بێت لە شێوازی پەراوێز و سەرچاوەدا.

زانكۆی جیهان-سلێمانی

دەزگای زمانەوانیی كوردی

# وەرزنامەی

# زمانەوانی

گۆڤارێکی وەرزی زمانەوانییە

دەزگای زمانەوانیی کوردی زانکۆی جیهان وەرزانە دەریدەکات.

ژمارە ( ٥ ) ساڵی دووەم، هاوینی ٢٠٢٤